# تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا

# (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠١٠ز)

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

بەڕێوەبەرێتیی

چاپ و بڵاوکردنەوەی

سلێمانی

# تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا

## (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠١٠ز)

حەمە مەنتک

**سلێمانی**

**٢٠١٣**

**تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا**

**(کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠١٠ز)**

- نووسەر: حەمە مەنتک
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلا
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: پەیام ئەحمەد
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- قەبارەی کتێب: A5
- ژمارەی لاپەڕە:
- زنجیرەی گشتیی کتێب: ()
- تیراژ : () دانە
- چاپ: چاپخانەی
- نرخ: () دینار
- ژمارەی سپاردنی ()ی ساڵی **٢٠١٣**ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی**

**گردی ئەندازیاران**

**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**

## پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | |
| بەشی یەکەم:<br>سەرەتایەك سەبارەت بە تەکنیکی فرەدەنگی | |
| پاری یەکەم: | |
| دووەم: بنەڕەتی مێژوویی زاراوەکە و بەکاربردنی وەك هونەرێکی نوێی ڕۆمان | |
| پاری دووەم | |
| جۆرەکانی گێڕانەوە | |
| یەکەم: گێڕانەوەی تاکدەنگی | |
| دووەم: گێڕانەوەی دوودەنگی | |
| سێیەم: گێڕانەوەی فرەوەگێڕی | |
| چوارەم: جیاوازی گێڕانەوەی تاکدەنگی و فرەدەنگی | |
| بەشی دووەم | |
| پەیوەندی توخمەکانی ڕۆمان بە فرەدەنگییەوە | |
| یەکەم: ڕووداو و فرەدەنگی | |
| دووەم: کات و شوێن و فرەدەنگی | |
| سێیەم: کارەکتەر و فرەدەنگی | |
| چوارەم: زمان و فرەدەنگی | |





| | |
|---|---|
| پێنجەم: شێوازی گێڕانەوە و فرەدەنگی | |
| بەشی سێیەم | |
| ئێستاتیکای تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا | |
| یەکەم: فرەیی لە پێشکەشکردنی ئایدیۆلۆجیاکان | |
| دووەم: فرەیی لە شێوازی هوشیاری (الوعی) | |
| سێیەم: فرەیی لە دیدی گێڕانەوە | |
| چوارەم: بونیادی ئاوێتەکردن | |
| پێنجەم: فەزای جێکات ( کرۆنۆتۆپ) | |
| شەشەم: فەزای دەروازەیی (فضاء العتبة) | |
| ئەنجام | |
| سەرچاوەکان | |
| پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی | |
| پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیسی | |

**پێشەکی:**

رۆمان لە چەندین رەگەز و توخم پێکهاتووە. ئەمەیش سنووری لێکۆڵینەوە فراوان دەکات. هەر یەك لەو رەگەز و توخم و تەکنیکانە دەکرێت بە جیا و سەربەخۆ لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. لەم سەردەمەی ئێستایشدا ئەوەندە مێتۆد و تیۆرمان لەبەردەستدایە دەتوانین، لەژێر چەتری یەك لەو مێتۆدانە لێکۆڵینەوە لە تەکنیکێك، یان توخمێکی رۆمان بکەین. هەر تەکنیکێك دەکرێت ببێت بە کەرەسەی لێکۆڵینەوە، ئێمە تەنیا یەك تەکنیکمان وەکو کەرەسەی باسەکەمان هەڵبژادووە، باسەکەمان بە ناونیشانی (تەکنیکی فرەدەنگی لە رۆمانی کوردیدا)، سنووری باسەکەمان دە ساڵ (٢٠٠٠- ٢٠١٠)، بە کەرەسەی کرمانجی خواروو (کوردستانی باشوور و رۆژهەلات) دەگرێتەوە. لە دوای راپەڕینی (١٩٩١) قۆناغێکی نوێ لە ئەدەبیاتی کوردی هاتەکایەوە. زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی دیکە نووسران. دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بە قۆناغی گەشەسەندنی رۆمانی کوردی دادەنرێت، دوای راپەڕین رۆمانی کوردی گەشەسەندنی زیاتری بە خۆیەوە بینی، بەڵام تاکو ساڵی (٢٠٠٠) ئەم گەشەسەندنە لەسەرخۆ بوو، بەڵام دوای ئەمە بەهۆی ئاشنابوونی رۆماننووسامان بە تەکنیکی نوێی رۆمان، بە شێوەیەکی دیکە رۆمانیان نووسی. هەرچەندە لەم قۆناغەی ئێمە سنووری باسەکەمان تێدا دیاریکردووە، رۆمانی زۆرمان هەن، بەڵام تەنیا کارمان لەسەر ئەوانە



کردووە، کە تەکنیکی فرەدەنگی تیایاندا بوونی هەبووە، چونکە زۆربەیان بە تەکنیکی مەنەلۆگ نووسراون.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

هەموو قۆناغێك تایبەتمەندی خۆی هەیە. واتا دیاریکردنی ماوەیەك بۆ کارکردن لەسەر رۆمانەکانی ئەو ماوەیە، بێگومان دەبێت خاڵی جیاکەرەوەی هەبێت لەگەڵ ماوەکانی پێشوتر. هەروەها ئەو کەرەسەیەی ئێمە بۆ باسەکەمان هەڵمانبژاردووە، وروژێنەری چەندین پرسیارە.

هۆی هەڵبژاردنی تەکنیکێکی وەها بەلای ئێمەوە جێی بایەخە، چونکە هیچ توخم و رەگەزێکی رۆمان نییە بە شێوەیەك لە شێوەکان باسی لێوە نەکرابێت، بەڵام تاکو ئێستا لەنێو کارە ئەکادیمی و زانستییەکاندا تەکنیکێکی گرنگی وەك فرەدەنگی باسی لێوە نەکراوە. تەنانەت لە دەرەوەی کارە ئەکادیمییەکانیش بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکراوە، تەنیا تاك و تەرا بە ئاماژەیەك، یان ناوهێنانێك نەبێت. بۆیەیش ئێمە بە گرنگمان بینی لە چوارچێوەی کارێکی ئەکادیمی هەوڵی دەرخستنی لایەنە هونەری و ئێستاتیکییەکانی ئەم تەکنیکە لە ماوەیەکی دیاریکراوی رۆمانی کوردی بدەین. ئەم ماوەیەی کارمان لەسەر کردووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە رۆمان لەم ماوەیەدا گەشەسەندنێکی بەرچاوی لە رووی تەکنیکەوە بە خۆیەوە بینیوە، چونکە لە دوای راپەڕینەوە ئەدەبیاتی کوردی زیاتر ئاشنای ئەدەبیاتی میللەتانی دیکە بوو، هەروەها رۆماننووسانمان زیاتر سوودیان لە تەکنیکی نوێی رۆمان وەرگرت.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

هەموو ئەو کەسانەی خەریکی توێژینەوەن، لە ساتی کارکردندا کۆمەڵێك ئاریشە و گیروگرفت دێتە ڕێیان. بۆیەیش ئەو گیروگرفتانە نابێت ببنە ڕێگر لەبەردەمی بۆ گەیشتن بە ئەنجام و سەرکەوتنی کارەکەی.

یەکێك لەو گیروگرفتانە، لە ساتی توێژینەوەدا تووشمان بوو، کەمیی سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بوو لەسەر ئەم تەکنیکە بە زمانی کوردی، بۆیەیش زیاتر هانامان بۆ سەرچاوەی عەرەبی و فارسی برد، تەنانەت لەنێو ئەوانیشدا وەکو لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەسەر ئەم تەکنیکە تاك و تەرا سەرچاوەی سەرەکیی تێدابوو.

بەهۆی نەبوونی فەرهەنگێکی زانستی بۆ زاراوە ئەدەبییەکان لەنێو کورد دا، تووشی گیروگرفتی زاراوە دەبین، چونکە هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنێت، بۆ ساخکردنەوەی ئەو زاراوانەی هاتوونەتە ڕێمان، هەوڵمانداوە بە ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕانی زمان کامە زاراوە کوردیتر و پەسندترە ئەوەیان بەکاربهێنین.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

بۆ هەموو کارێکی ئەکادیمی و تەنانەت لە دەرەوەی ئەکادیمیش لەسەر توێژەر پێویستە پەیڕەوی لە مێتۆدێك بکات، چونکە بەمە تووشی پەرتوبلاوی و دەرچوون لە باسەکە نابێت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە جگە لەوەی بە مێتۆدی شیکاری کارمان کردووە، هاوتا سوودمان لە مێتۆدی



فۆرمالیستی بونیادگەری وەرگرتووە و لە سنوور و چوارچێوەی دەق دەرنەچووین و تەنیا کارمان لەنێو دەقی ڕۆمانەکان کردووە.

**پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە و لە کۆتاییشدا ئەو سەرچاوانەمان نووسیوە، کە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانمان و بەڵگەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەمان بەکارمان هێناون. جگە لە پاشکۆیەك و پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**بەشی یەکەم:**

لە بەشی یەکەم بە ناونیشانی (سەرەتایەك سەبارەت بە تەکنیکی فرەدەنگی)، وەك سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی زاراوە و چەمکی فرەدەنگییەوە دواوین، چەمکی فرەدەنگی چ لای باختین کە داهێنەری ئەم تەکنیکەیە و چ لای تیۆرناسانی دیکە باسمان کردووە، هەر لەم بەشەدا بنەڕەتی مێژوویی ئەم تەکنیکەمان باسکردووە. هەر لەم بەشەدا باسمان لە جۆرەکانی گێڕانەوە کردووە، هەروەها لەگەڵ دەرخستنی جیاوازی نێوان گێڕانەوەی تاکدەنگی و گێڕانەوەی فرەدەنگی بە کۆمەڵێك خاڵ.

**بەشی دووەم:**

ئەم بەشە (پەیوەندی توخمەکانی ڕۆمان بە فرەدەنگییەوە)، بەشێکی پراکتیکییە لەبارەی پەیوەندی و کاریگەری تەکنیکی فرەدەنگی لەسەر توخمەکانی ڕۆمان وەك: (ڕووداو، کات و شوێن، کارەکتەر، زمان، شێوازی

گێڕانەوە). باسی ئەو کاریگەرییانەشمان کردووە، کە تەکنیکی فرەدەنگی لەسەر ئەو توخمانەی ڕۆمان دروستیان دەکات، لەگەڵ پراکتیککردنیان لەنێو ڕۆمانی کوردی ئەو ماوەیەی دەستنیشانمان کردووە.

**بەشی سێیەم:**

ئەم بەشە بە ناونیشانی (ئێستاتیکای تەکنیکی فرەدەنگی)، دوا بەشی لێکۆڵینەوەکەمانە لە تایبەتمەندییە ئێستاتیکییەکانی فرەدەنگی و ڕۆمانەکانی ئەو ماوەیە لە ئەدەبی کوردی دواوین.

لە کۆتاییشدا ئەنجامی باسەکەمان لە چەند خاڵێکدا خستۆتە ڕوو.

**بەهای لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە وەك بابەتێکی زانستی لە ڕووی بابەتەوە، بابەتێکی نوێیە، هەروەها بۆ ئەم بابەتە لە ڕووی پراکتیکیشەوە بە هەمان شێوە ئەوەندە بایەخ بە ڕۆمانی ئەو ماوەیە نەدراوە وەك کارێکی سەربەخۆ. بابەتەکەمان لەنێو توێژینەوەی ڕۆمانی کوردیدا نوێیە، بەوهۆیەوە خوێنەر و فێرخوازی کورد دەتوانێت ئاشنای ئەم تەکنیکە نوێیەی ڕۆمان بێت، لەهەمان ساتدا دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ماوەیەکی دیکەی ڕۆمانی کوردی.

بەهیواین توانیبێتمان خزمەتێکمان بە بواری ژانری ڕۆمان لەنێو ئەدەبی کوردیدا کردبێت.

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەک سەبارەت بە تەکنیکی فرەدەنگی

## پاری یەکەم:

## یەکەم: زاراوە و چەمکی فرەدەنگی

هەر زاراوە و چەمکێکی تازە بۆ نێو ئەدەب هاتوو، لە خۆوە دروست نەبووە، بەڵکو داهێنەر و دۆزەرەوەی ئەم زاراوەیە، پێشتر سوودی لە زاراوە و چەمکی دیکە وەرگرتووە. زاراوەی فرەدەنگیی لە ڕۆمانی نوێدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بە هونەریکردنی ئەم ژانرەدا هەیە.

زاراوەی فرەدەنگی (polyphony) لە بنەڕەتدا بۆ بواری مۆسیقا دەگەڕێتەوە. باختین کە دۆزەرەوە و داهێنەری ئەم زاراوەیەیە، لە مۆسیقاوە وەریگرت. لە زمانی ئینگلیزی (polyphony) بە واتای چەند ئاوازەیی، یان چەنددەنگی دێت. ((پۆلیفۆنی، یان چەنددەنگی لە سەدەی نۆی زایینی لە ئەورووپا پەیدابوو. ئەمە لە مۆسیقا جۆرێکی تازە بوو، کە مۆسیقای تاکدەنگی (تاکئاوازەیی) بە مۆسیقای چەنددەنگی گۆڕا. پۆلیفۆنی شێوە مۆسیقایەکە، دوو، یان چەند دەنگکێك لە میلۆدییەکدا یەکدەگرن. هەر یەك لەوانە لەم میلۆدییەدا جووڵە و دەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی یەك میلۆدییدا، هەموویان دوای یاسایەکی هارمۆنی و پۆلیفۆنی دەکەون))[1]. کەواتە بنەڕەتی زاراوەی پۆلیفۆنی بۆ بواری مۆسیقا دەگەڕێتەوە. ئەم زاراوەیە نزیك بە هەمان چەمك و واتاکەیەوە بۆ بواری ئەدەب بەگشتی و ژانری ڕۆمان بەتایبەتی

---

١. چند صدایی، پێگەی ویکیپیدیا. www.fa.wikipedia.org/wiki



سوودی لێوەرگیراوە. "یۆهان سبەستیان باخ" مۆسیقاری ناوداری ئەڵمانی، بە باوکی ئەمجۆرە مۆسیقایە (پۆلیفۆنی) دادەنرێت. لێرەدا کۆکردنەوەی دەنگی هەموو، یان چەند ئامێرێکە لە بەرهەمهێنانی ئاوازێك بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێك لەنێو دەنگەکانی تر بزر بێت. واتە هەر دەنگە و خاوەنی دەنگ و تایبەتمەندی خۆیەتی، لە هەمان کاتدا بەشدارە لە دروستکردنی ئاوازێك، وەکو ئەوەی لە پارچە مۆسیقایەك، یان کۆنسێرتێك دەبیسترێت و وەبەرچاوان دەکەوێت. ئەم زاراوەیە ((لە دوو بەش پێکهاتووە، (poly) بە واتای چەندین، فرە، هەمەڕەنگ دێت، بەشی دووەم (phony) بە واتای دەنگ دێت. بەڵام زاراوەیەکی تریش هەیە، زۆرجار بەکاردەهێنرێت، ئەویش (هترۆتۆنی-hetrotone)، کە بە واتای دەنگی جیاواز دێت))[2].

بێگومان دوای ئەوەی "میخاییل باختین"* ئەم زاراوەیەی بۆ نێو ئەدەب گواستەوە. ئەم زاراوەیە نزیك بە هەمان واتە و مەبەست

---

٢. الموسیقی والحضارة، هوجو لایختنتریت، ت: احمد حمدی محمود، القاهرة، ١٩٦٤، ص٣٦.

*میخاییل باختین: ناوی میخاییل میخاییلۆڤیچ باختینە، لە ساڵی (١٨٩٥) لە ئۆرال، لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی بە ڕەگەز ئاغاواتییەوە لەدایك بووە. باوکی فەرمانبەری بانك بوو. باختین لە ئۆرال منداڵییەتی تێپەڕکردووە. لە زانکۆی ئۆدسا لە پێترسبورگ دەستی بە خوێندنی واژەناسی کردووە. لە ساڵی ١٩١٨ بەکالۆریۆسی وەرگرت، پاشان هەر لە ئۆرال دەستی بە وانەبێژی کرد. لە ساڵی ١٩٢١ ژنی هێنا. یەکەمین ئاڵقەی (هاوڕێیانی هاوبیر) بە بەشداری چەندین شاعیر و نووسەر پێکهێنا. لە ساڵی ١٩٣٨ بەهۆی نەخۆشییەوە لاقێکی لێدەکەنەوە. چەندین کتێبی لەسەر

بەکاردەهێنرا، بەڵام وەکو تەکنیك و هونەرێکی ڕۆمان. باختین تیۆرییەکەی لەسەر بنەمای (کەرنەڤاڵ، خەندە، فرەدەنگی) بونیاد نا. ئەم سێ چەمکە لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنیسانس بەشێوەیەك بەکادەهێنرا دواتر گۆڕانکارییان تێدا کرد. باختینیش ئەم چەمکانەی بە گۆڕانکاریەکانییەوە بۆ نێو ئەدەب گواستەوە. بەهۆی ئەم گواستنەوەیە ئەدەب بەگشتی و ژانری ڕۆمان بەتایبەتی نوێبوونەوە و پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیت.

دوای هێنانەناوەوەی ئەم چەمکە بۆ نێو ئەدەب. بێگومان ڕەنگدانەوەی لەنێو کۆی ئەدەبیاتی جیهان هەبوو. بۆ نموونە لەنێو ئەدەبیاتی عەرەبیش دەیان هەوڵ بۆ پراکتیزەکردنی ئەم زاراوەیە وەکو تەکنیك بەسەر ڕۆماندا درا. ئەم زاراوەیە لە عەرەبی (تعدد الاصوات)ی پێدەڵێن. ((بەڵام ئەم زاراوەیە بە بێ وشەی ڕۆمان کەمێ ئاڵۆزی تێدەکەوێ، چونکە بۆ هەر چەمکێك چەندێ زیاتر سنووری دیاری بکرێت و کۆنکرێت بێ، ئەوەندە لە واتەکەی نزیك دەبینەوە. بۆیەیش لە عەرەبی زیاتر (الروایة متعدد الاصوات)، یان (الروایة البولیفونیة) بەکاردەهێنرێت))[1]. هەروەکو

زمان و تیۆری ئەدەب نووسیوە. بە گەورەترین تیۆردانەری ئەدەب لە سەدەی بیست دادەنرێت. تا لە ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی دەکات.

بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی بڕوانە: سەودای وتووێژ، میخاییل باختین، وەرگێڕانی: بەختیار سەجادی، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤١.

١. الصوت الأخر، فاضل ثامر، دار الشؤن والثقفة العامة، بغداد، ١٩٩٢، ص٢٠.



ڕەخنەگر (فازل ثامر) لە کتێبی (الصوت الأخر) بەمشێوەیە بەکاری دەبات.

هەموو واتەکانی ئەم چەمك و زاراوەیە بۆ تیۆرییەکانی باختین دەگەڕێتەوە، لە زمانی فارسیدا بە چەند شێوەیەك ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە، بەڵام هەموویان لەژێر چەتری یەك واتادا کۆدەبنەوە. زاراوەکانی ((رمان چند اوایی، مکالمەگری، چند صدایی))[2] بۆ بەکاردەهێنرێن، هەموویان یەك واتا، کە فرەدەنگییە، دەگەیەنن. ئەویش ((ئەو ڕۆمانەیە، کە شێوەی ڕۆمانەکانی پێشتر پێڕەو ناکات، بەڵکو لەمەدا هەریەك لە کارەکتەرەکان خاوەن دەنگی خۆیانن، لەگەڵ دەنگی کارەکتەرەکانی تر تێکەڵ دەبێت))[3].

سەرەتای گرنگیدان بەم زاراوەیە بۆ باختین دەگەڕێتەوە. باختین ئاماژە بە لێکچوونی ڕۆمانی فرەدەنگی و مۆسیقای پۆلیفۆنی دەکات، ئەویش لێکدانی چەند دەنگێکە، بە (فوغ) لە هارمۆنییەتی یەك ئاوازدا ناسراوە. یەکەم ڕۆماننووسێك، کە باختین بۆ ئەم چەمکە کاری لەسەر کرد، دیستۆیفسکی بوو، بە داهێنەری ئەم چەمکەی لەنێو ڕۆماندا دادەنێت. لەوەوە دابڕانێك لە ڕەوتی ڕۆماندا ڕوویدا.

ئەم زاراوەیە، چ وەکو زاراوە، چ وەکو چەمك زۆر درەنگ هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوە. مەبەستمان لێرەدا لە بواری ڕەخنەکارییە. تاکوتەرا

٢. واژەنامە هنر داستان نویسی، جمال میرصادقی و میمنت میرصادقی، کتاب مهناز، چاپ دوم، ١٣٨٨، ص١٥٠.

٣. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

وتاری لەبارەوە نووسراوە. تەنانەت لە عێراقیش، تا ڕەخنەگرێکی وەکو (فازل ثامر)، کە بە زنجیرە گوتارێك لە ڕۆژنامەکان لەبارەی ئەم چەمکەوە نەینووسی، باسێکی لە گۆڕێدا نەبوو.(ئەوەندەی ئێمە ئاگەداربین). دواتر لە کتێبێك بە ناوی (الصوت الأخر) بەسەر ڕۆمانی عێراقیدا پراکتیکی کرد و بڵاویکردەوە. لە زمانی کوردی زاراوەی (فرەدەنگی، چەنددەنگی) بۆ بەکاردەبردرێت، ئەویش هەمان واتای فەرهەنگی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسییەکەیە. بۆیەیش بەهۆی نەبوونی فەرهەنگێکی تایبەت بە چەمك و زاراوە ئەدەبییەکان و هەموو بوارەکانی تر، دەبێت بۆ فەرهەنگی ئەو زمانانە بگەڕێینەوە.

بیری سەرەکیی فرەدەنگی لەلای باختین لەسەر دیالۆگ وەستاوە. ئەم تێگەیشتنەی باختین بۆ ڕۆمان بەرپەرچدانەوەی ڕۆمانی تاکدەنگی بوو، کە بۆ ماوەیەکی درێژ ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانی داگیرکردبوو. ئەم شێوە گێڕانەوە نوێیە ((شێوازێکی تازەیە و داهێنانێکی تایبەت بە دیستۆیفسکییە، پێش ئەو هیچ نووسەرێك بەو فراوانییە، یان بەو دەسترەنگینییە ڕۆمانی نەنووسیوە))[١]. ئەوەیش واتای ئەوە نییە دیالۆگی زۆر لەنێو ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکییدا هەبن، بەڵکو ئەوەیە دیستۆیفسکی هات، ئازادی بە کارەکتەرەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی خودی نووسەر و بیرکردنەوە و پەیڤین و جووڵەیاندا.

١. ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، سەلاح عومەر، دەزگای موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل٩٥.



دیالۆگ لەلای باختین چەمکێکی فراوانتری وەرگرت، بەو واتایەی بەهۆی بوونی دیالۆگ خوێنەر هەست بە ڕەنگاوڕەنگی دەنگەکان دەکات، بەڵام لە بەرهەمەکانی پێشتر (پێش دیستۆیفسکی)، تاکە دەنگێك هەبوو. وەگێڕی* هەمووشتزان بوو، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کارەکتەر و جووڵە و تەنانەت بیرکردنەوەشیاندا هەبوو. بەهۆی تەکنیکی دیالۆگەوە دەنگی جیاواز، ڕەنگی جیاواز، پەیدا دەبن. ئەمەیش گورزێکی کوشندە بوو لە گێڕانەوەی تاکدەنگی، چونکە ((ژانری ڕۆمان بەهۆی مەزنی و فراوانییەوە بێگومان پێویستی بە بوونی چەند دەنگێك، یان گێڕەرەوەیەك هەیە، کە هێندەی تر ڕۆمان بەهێزتر و بەچێژتر دەکا))[٢]، بەهۆی چەمکی فرەدەنگییەوە جۆرەها دەنگ، ئایدیۆلۆجیا و بیر لەناو ڕۆمان دروست دەبێت، ئەمەیش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر چێژی خوێنەر دەبێت. ئەم ڕەنگاوڕەنگییە پەیوەندی بەوەوە هەیە، بەهۆی بوونی دیالۆگ و گفتوگۆوە ڕۆمان زیاتر لە زمان و ژیانی خەڵك نزیکە. هەر ئەمەیش بوو، وایکرد باختین بەرانبەر زمانی باڵا (پاشا، کڵێسا) زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و بەرانبەر تاکدەنگی (دەنگی پاشا و کڵێسا)، فرەدەنگی و بەرانبەر

* زاراوەی (وەگێڕ)مان لەبری (الراوي- السارد) بەکارهێناوە، هەرچەندە زۆر زاراوەی تری وەکو: (گێڕەرەوە، چیرۆکبێژ، حیکایەتبێژ، گێڕەوە، بگێڕ)ی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام ئێمە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زمانەوانی ئەوەمان بە پەسنتر و کوردیتر زانی.

٢. سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی (١٩٩١- ٢٠٠٠)، کارزان موحسین قادر، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩، ل٩٨.

تاكچەشنی، فرەچەشنی بئافرێنێت. ئەم چەمكە چەقخوازی تێكشكاند، ئەو دەنگانەی لەنێو ڕۆمانەكانی پێش دیستۆیفسكی چەق و سەنتەربوون نەمان. هەمموو كارەكتەرێك بوو بە خاوەن دەنگی خۆی. (ل.جروسمان) لە كتێبی (ڕێی دیستۆیفسكی)دا پێداگریی لەسەر گرنگی دیالۆگ وەكو ڕەگەزێكی سەرەكیی فرەدەنگی لە ڕۆمانەكانی دیستۆیفسكی دەكاتەوە. هەر ئەمەیشە جیاوازی نێوان دیستۆیفسكی و ڕۆماننووسانی پێش خۆی دەردەخات. بۆ نموونە ((كارەكتەری ڕۆمانەكانی دیكنز سادەن، بەڵام كاركتەری ڕۆمانەكانی دیستۆیفسكی دژوار و ئاڵۆزن))[١]. بەو واتایەی كارەكتەرەكانی دیستۆیفسكی لە ناخەوە خاوەن چەندین دەنگن، كێشە و گرفتەكان دەبێت خۆیان چارەی بكەن، هەرچی هی ڕۆمانەكانی دیكنزە، چ دەسەڵاتێكیان بۆ دەربڕینی دەنگی خۆیان، یان بڕیاردان لەبارەی كێشەكانی خۆیانەوە نییە.

لە هونەری گێڕانەوەدا، تاكو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، وەگێڕ، وەگێڕێكی دەرەكیی بوو. تەنانەت گۆشەنیگای وەگێڕیش تاكگۆشەنیگا بوو. بە بۆچوونی (ئۆسبنسكی) فرەدەنگی ئەو تەكنیكەیە، كە چەند گۆشەنیگایەكی جێگر و فرە لەنێو كارێكدا هەبن. هەروەها بە دیاركەوتنی فرە گۆشەنیگایە لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆجی. بۆیەیش ((ڕۆمان تەعبیر لەو ڕایە لە زماندا دەكات، وێنەی ڕایەكانی گالیلۆ، كە ڕەتیكردەوە زەوی چەقی گەردوون بێت. بەهەمان شێوە باختین ڕەتیكردەوە لە ڕۆماندا زمانێكی چەق و ڕەها (مطلق) هەبێت، بە واتایەكی تر

١. هنر داستان نویسی، ابراهیم یونسی، انتشارات نیگاه، چاپ هفتم، ١٣٨٢، ص٣٤.



ڕەتیكردەوە دان بە زمانێكی تایبەت لە ڕۆماندا بنێت، كە تاكە زمان بێ تەعبیری پێ بكرێت))[٢]. لە ڕۆماندا یەك زمان، یەك دەنگ، یەك ئایدیۆلۆجیا زاڵ نییە. لێرەوە وەگێڕیش دەگۆڕێت. وەگێڕێكی تاكدەنگیمان نابێت، بەڵكو هەر كارەكتەرە و بەهۆی ئەو ئازادییەی پێیدراوە دەبێتە وەگێڕی چیرۆكی خۆی.

گێڕانەوەی تاكدەنگی، گێڕانەوەیەكی بابەتییە. لێرەدا وەگێڕ هەمموو زانیارییەك لەبارەی كارەكتەرەكان، شوێنەكان، ڕووداوەكانەوە بە خوێنەر دەدات. واتە زانیاری تەواوی لەبارەی هەمموو كونوكەلەبەرێكی نێو ڕۆمانەكە هەیە. (تۆماشێفسكی) دەڵێت: ((لە گێڕانەوەی بابەتییدا نووسەر ئاگەداری هەمموو شتێكە، تەنانەت بیر و هەستە پەنهانەكانی كارەكتەرەكانیش))[٣]. كەواتە لەمجۆرە گێڕانەوەیەدا كارەكتەرەكان خاوەن دەنگی خۆیان نین، بەڵكو ئەوە وەگێڕە لەبری ئەوان دەپەیڤێت. ئەم نەبوونی ئازادییەی پەیڤین لە گێڕانەوەدا تا ڕادەیەكی زۆر لەگەڵ جۆری گێڕانەوەی ڕۆمانی نوێ ناتەبایە، چونكە نووسەر (وەگێڕ) ئازادییەكی بێ سنووری هەیە. كارەكتەرەكانیش وەكو كۆیلە لەژێر ئایدیۆلۆجیا و فەرمانی ئەودا دەپەیڤن و دەجووڵێن. كارەكتەرەكان ناتوانن هیچ زانیارییەكمان پێ بدەن. تەنانەت لەبارەی خۆیانەوەیش. ئەمەیش وادەكات، زانیارییەكان زیاتر لەبارەی لایەنی دەرەكیی شتەكانەوە بێت. بەو واتایەی كارەكتەر ئەو

٢. شعریة التألیف، بوریس ئوسبنسكی، ترجمة: سعید الغانمی و ناصر حلاوی، المجلس الأعلی للثقافة، القاهرة، ١٩٩٩، ص٥٩.

٣. اسالیب السرد في الروایة العربیة، د.صلاح فضل، دار المدی، ٢٠٠٣، ص٢١.

ئازادییەی نییە، تەعبیر لە دەروون و مەبەستی خۆی بکات. (میشێل بۆتۆر) پێیوایە: ((جێناوی نادیاری (ئەو) لە دەرەوە جێماندێڵێت، بەڵام جێناوی (من) بۆ ناوەوەمان دەبات))[1]. کەواتە لە گێڕانەوەی بابەتییدا ناتوانین شارەزای نێو ناخی کارەکتەرەکان لە ڕێی خۆیانەوە بین.

جۆرێکی تری گێڕانەوە، گێڕانەوەی خودییە. ئەم گێڕانەوەیە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە پەیدابوو. کاتێك (گۆستاف فلۆبێر) داوای لە ڕۆماننووسان کرد، ڕێ بە کارەکتەرەکان بدەن، خودی خۆیان دەربڕی هەست و تێڕوانینی خۆیان بن. ڕووداوەکان بگێڕنەوە. لێرەوە ئەو ڕۆڵە لە وەگێڕی دەرەکی دەستێندرێتەوە، ئەو کارەکتەرەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، خۆیشی لەنێو ڕووداوەکان بەشدار دەبێت. لەمجۆرەیاندا کارەکتەرەکان ئازادی زیاتریان هەیە. بیری کارەکتەرەکان، دەروونیان، هەر زانیارییەکی تری نێو ڕۆمانەکە لە ڕێی تەکنیکی دیالۆگەوە زیاتر دەگێڕدرێتەوە. ڕەخنەگری ئەمریکایی (لیۆن سومرلیان) ڕۆمانی فرەدەنگی بە (فرە گۆشەنیگایی) پەسن دەکات. (سۆمرلیان) تێبینی ئەوەی کردووە، ئەمجۆرەیان لە ڕۆماند زۆرترین سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. ((ئاماژە بە کۆمەڵێك کاری گێڕانەوەیی ئینگلیزی- ئەمریکایی، کە نموونەی ڕۆمانن و هەڵگری تەکنیکی فرەدەنگین دەکات، ئەو تێبینی ئەوەی کرد، (هێنری جێمس) لە ڕۆمانی (دەفری زێڕین) گۆشەنیگای دوو کارەکتەری بەکارهێناوە. هەروەها

١. الخطاب داخل الحياة والخطاب داخل الشعر: مساهمة في الشعرية السوسيولوجية، فولوشينوف/ باختين، ترجمة: قمري البشير، مجلة افاق المغرب، العدد: ١، ١٩٨٤، ص٩٨.



ئاماژە بە ڕۆمانی (خاتوو دالوی)ی (ڤێرجینا وۆلف) دەکات، کە ئەم تەکنیکەی تێدا بەکاربردووە، زیاد لە گۆشەنیگایەکی تێدایە))[2]. بە بۆچوونی (سۆمرلیان) هەر کارەکتەرە و خاوەن دید و تێڕوانینی خۆیەتی، هەر کارەکتەرە گۆشەیەکی ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. کەواتە بەشێك لە ئەرکی گێڕانەوە دەکەوێتە سەرشانی کارەکتەرەکان. وا دەبێت لە هێندێك حاڵەتدا یەك کارەکتەر خاوەنی چەند گۆشەنیگایەکە.

بۆیەیش چەمکی فرەدەنگی*، ئەو گێڕانەوە فرەکارەکتەرەیە لە ڕۆماندا، کە لە دیالۆگدان، فرەگۆشەنیگایە. تێڕوانینی ئایدیۆلۆجیای جیاوازی تێدایە. بە واتایەکی تر ڕۆمان فرەدەنگی دیالۆگئامێزە، دیموکراتییەکی تەواو لەنێو کەشی ئەمجۆرە ڕۆمانە بەدی دەکرێت. لەوێدا بە شێوەیەك لە شێوەکان هەموو بوونەکانی نێو ڕۆمان لەژێر دەسەڵاتی وەگێڕی هەمووشتزان و تاکگۆشەنیگایی، تاکزمانی، تاکچەشنی ئازاد دەبن. لێرەدا هەموو بیرەکان لە ڕێی فرەدەنگییەوە دەردەبڕدرێن. فرەدیالۆگی لەسەر ئاستی گێڕانەوەیی دروست دەبێت. باختین بەمشێوەیە پێناسەی فرەدەنگی دەکات: ((ڕۆمانی فرەدەنگی شەقڵی دیالۆگیی لە سنوورێکی فراوان لەنێو ڕەگەزەکانی بونیادی ڕۆمان هەیە، هەردەم پەیوەندیی دیالۆگی ئامادەیە، لە ڕاستیدا ئەم ڕەگەزە بەرانبەربوونی هێزێك لەگەڵ هێزێکی دیکەیە. وەکو تێکەڵبوونی کۆمەڵێك ئاوازی جیایە لە کرۆکی

٢. الصوت الاخر، فاضل ثامر، ص٢٢- ٢٣.

* لە بەکاربردنی چەمکی (فرەدەنگی) لەهەر جێیەکی ئەم نامەیە، مەبەستمان لە هەمان کاتدا گێڕانەوەی فرەدەنگە لە ڕۆماندا.

مۆسیقادا))[١]. ڕۆمانی فرەدەنگی وێنای ژیانی مرۆڤ دەکات. چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەگەر مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری دیالۆگ نەکەن. کاروباری ڕۆژانە پەکی دەکەوێت، تەنانەت ژیان دەوەستێت. چۆن ڕۆژانە لەنێو کۆمەڵگەدا چەندین جۆر ژیانمان هەیە. مرۆڤەکان هەندێك هەژارن و هەندێك دەوڵەمەند. هەریەکە خاوەن ئایدیۆلۆجیایەکە، هەریەکە و بیروبۆچوونێکی جیاوازی بۆ ژیان هەیە. ڕۆمانی فرەدەنگی دەربڕی ژیانێکی وەهایە. بۆیەیش تێڕوانینی ڕۆماننووسی فرەدەنگ، تێڕوانینێکی مرۆڤانەیە. یەکێك لە جوانییەکانی ئەم تەکنیکە پیشاندانی ژیانە، بەو واتایەی خوێنەر کاتێ ڕۆمانێکی فرەدەنگ دەخوێنێتەوە، هەست دەکات ژیانێکی واقیعی دەخوێنێتەوە. چ لێکدژییەك لەلای خوێنەر دروست نابێت، ئەوەیش بەهۆی هەبوونی دیالۆگ، بیری جیاواز، ئاستی کۆمەڵایەتی جیاوازەوەیە، بەیەکەوە کۆکردنەوەی ئەو هەموو جیاوازییانە مەگەر تەنیا لەنێو ژیاندا هەبن. ((ئەمجۆرەی ئەدەب لە بنەڕەتدا دەنگە جیاوازەکان تێکەڵ بە یەکتری دەکات. باختین لە ڕاڤەکردنی ڕۆمانی (یڤگینی ئوونگین)دا هێندێك شێوەی زمان و شێوازناسی جیاوازی ئەم ڕۆمانە دەستنیشان دەکات، کە پەیوەندییان بە سیستمە جیاوازەکانی زمانی ڕۆمانەوە هەیە. هیچ شتێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە زمانی پووشکینەوە دەرنابڕدرێت. ئەگەر ڕۆمان، سیستمی دیالۆگەکان، نواندنەوەی شێوەزارەکان، ستایلەکان، بۆچوونە کۆنکرێت و لێبەستراوەکانی زمانە.

١. شعرية دیستویفسکی، میخائیل باختین، ترجمە:د. جمیل نصیف التکریتی، دار توبقال للنشر، دار البیضاء، المغرب، ط١، ١٩٨٦، ص٥٩.



ئەگەر ڕۆمان بەردەوام خەریکی سوودوەرگرتنە لە زمانی ئەدەبی سەردەمی خۆی، ئەوا ڕۆمانی (یڤگینی ئوونگین) ڕۆمانێکی واقیعییە))[٢]. پیشاندانی ژیانێکی واقیعیانەیە، یان قەناعەتپێکردنی خوێنەرە، کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە واقیعە، تەنیا لە ڕێی تەکنیکەوە دەکرێت. (ماریۆ بارگاس یووسا) زۆر جەخت لەسەر توانای ڕۆماننووس بۆ قەناعەتپێکردنی خوێنەر لە ڕۆماندا دەکاتەوە، بۆیەیش دەڵێت: ((بۆ ئەوەی توانای قەناعەتپێکردن بدەین بە ڕۆمانێك دەبێ چیرۆکەکەی بە شێوەیەك بگێڕینەوە تا ئەوپەڕی سوود لەو ژیانە وەرگرین، کە لە ناواخنی حیکایەتەکە و کارەکتەرەکاندا شاردراوەتەوە. ئەو وەهمەیش بدەین بە خوێنەر، کە ئەو چیرۆکە سەربەخۆیە لەو جیهانە واقیعییەی ئەو کەسانە تیا دەژین، کە ئەو چیرۆکە دەخوێننەوە))[٣].

(پییەر.ڤ.زیما) یەکێك لە ڕەخنەگرە ناودارەکان، گوتارێکی بە ناوی ((خەندە، کەڕنەڤاڵ، ڕۆمانی فرەدەنگی))[٤] نووسیوە. قسەکردنی (زیما) لەسەر چەمکی فرەدەنگی لەلای (باختین)، بەستانەوەی ئەم چەمکەیە بە هەردوو چەمکی (کەڕنەڤاڵ و خەندە)، یان کەڕنەڤاڵ و پێکەنین. لە

٢. نقد ادبی در قرن بیستم، ژان ایو تادیە، ترجمە: مهشید نونهالی، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم، تهران، ١٣٩٠، ص ١٩٩.

٣. دوانزە نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو، ماریۆ ڤارگاس یوسا، و: شیرین.ك، بڵاوکراوەی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٩.

٤. دیالۆگ، خەندە، ئازادی، میخاییل باختین، و: هادی محەمەدی، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٢٢.

درێژەی گوتارەکەیدا بنەڕەتی چەمکی فرەدەنگی لەلای (باختین) بۆ ئەو فێستیڤاڵەی لە سەدەکانی ناوەڕاست سازدەکرا، بەناوی کەرنەڤاڵ دەگەڕێنێتەوە. کە لەوێدا لە ڕێی پێکەنینەوە ڕەخنە لە دەسەڵاتی پاشا و بیروبۆچوونی ئەو سەردەمە گیراوە. باس لەو بەرهەمەی (باختین)، کە لەسەر بەرهەمەکانی (ڕابلێ) نووسیویەتی دەکات، ((لە بەرهەمەکانی ڕابلێ، کە پڕاوپڕ لە چەمك و بنەمای کەرنەڤاڵێن، تێکەڵاوی و جنێوەکان و ستایشەکان مێتۆدێکی سەرەکین))[1]. چەپاندنی دەنگەکانی نێو کۆمەڵ لەلایەن دەنگی زاڵی پاشاوە، وایکردووە خەڵك لە ڕێی کەرنەڤاڵ سازکردنەوە، لەوێشدا لە ڕێی پێکەنینەوە دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە. تەنانەت جنێویش بدەن. پاساویشیان بۆ ئەم کارەیان هەبوو. (ڕابلێ) کە یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکان، ئەویش لە بەرهەمەکانی بە هەمان شێوە کاریکردووە. (زیما) لەو گوتارەیدا ئەوەندەی لە هەوڵدایە ئەم چەمکانە لە دیدی باختینەوە ڕاڤە بکات، ئەوەندە هەوڵی دەربڕینی بۆچوونی خۆی لەبارەیانەوە نادات.

(میلان کۆندێرا) یەك لە ڕۆماننووسە ناودارەکان، خاوەنی ڕۆمانەکانی وەکو (ئاهەنگی ماڵئاوایی، خاتوو تی)، لە کتێبی (هونەری ڕۆمان)دا، هاوسەنگی دەنگەکان بە بناغەی پتەوی چەمکی فرەدەنگی لە ڕۆمان دادەنێت. بە ڕای ئەو ((هیچ دەنگێك نابێ سەروەر بێ، هیچ دەنگێك

١. سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.



نابێ تەنیا وەکو دەنگ بۆ هاودەنگیی بەکاربهێندرێ))[2]. ئەمەیشیان هەمان بۆچوونی باختینە، بەڵام بە دەربڕینێکی تر. هەمان ئەو ئازادی و دیموکراتییەیە کە باختین داوا دەکات لە ڕۆماندا هەبێت. هەر دەنگێك ئازادی پەیڤینی هەیە، نابێت دەنگی تر ئەو دەنگە کپ بکات، یان لە نێوی ببات، بەڵام ئەو ئازادی پەیڤینەیش سنووری هەیە، نابێ ئازادی دەنگی تر پێشێل بکات. ئەوەی لە هەموویان گرنگترە، دەبێت ئەم دەنگانە ڕایەڵێك بە یەکتریان ببەستێتەوە، بێ ئەم ڕایەڵەیەی نێوان دەنگەکان پەرتەوازەیی دروست دەبێت. بۆیەیش (کۆندێرا) دوو مەرج بۆ ڕۆمانی فرەدەنگی دادەنێت: ((

١.هاوسەنگیی تانوپۆکان.

٢.دابەشنەبوونی گشت))[3].

هەروەکو لەسەرەوە بەرباسماندا، نابێت دەنگێك لە دەنگێکی دیکە بەرزتر بێت، تاکو هاوسەنگی ئەو دیموکراتییەی، کە تەکنیکی فرەدەنگی دروستیکردووە تێك نەچێت، چونکە زاڵبوونی هەر دەنگێك بەسەر ئەوانی تردا، زەمینەسازییە بۆ ئافراندنی دیکتاتۆرییەت. ئەمەیش ئەگەری بوونی بە ڕۆمانی تاکدەنگی زیاتر دەکات. ئەگەر دەنگێك زاڵبێت، بێگومان

٢. هونەری ڕۆمان، میلان کۆندێرا، و: کەریم پەڕەنگ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل١٢٢.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

چیرۆك و ئایدیۆلۆجیای ئەو دەنگەیش زاڵ دەبێت. ئەو گشتەی، کە بە کۆی دەنگەکان پێکهاتووە بەرەو لەناوچوون و هەڵوەشانەوە دەچێت.

(بۆریس ئوسبنسکی) ڕەخنەگری ڕووسی، گۆشەنیگا و فرەدەنگی لە ڕۆماندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بەو واتایەی دەیسەلمێنێت پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە. ئەوە باسدەکات ئەگەر گۆشەنیگاکان جۆراوجۆر نەبوون، ئەوا گۆشەنیگای وەگێڕ، یان یەك لە کارەکتەرەکان بەسەر تەواوی ڕۆمانەکەدا زاڵدەبێت. (ئوسبنسکی) چەند بنەڕەتێك بۆ ڕۆمانی فرەدەنگی دیاریدەکات: ((

١. ڕۆمانی فرەدەنگی کاتێك، کە چەند گۆشەنیگایەکی سەربەخۆ لەنێو ڕۆمانەکەدا هەبن، دروست دەبێت.

٢. نابێت هیچ پێگەیەکی تاکئایدیۆلۆجی لە دەرەوەی کەسایەتی کارەکتەرەکان هەبێت. واتا گۆشەنیگاکان لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ کارەکتەرە بەشداربووەکانی نێو ڕۆمانەکە گەشە بکەن.

٣. لە توێژینەوەی فرەدەنگییدا گۆشەنیگاکان لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆجیدا دەردەکەون، ئەمەیش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، هەر کارەکتەرێك خاوەن پێگەیەکی ئایدیۆلۆجییە لە جیهانی ڕۆمانەکەدا))[1].

ئەوەی (ئوسبنسکی) جەختی لەسەر دەکاتەوە، بوونی پەیوەندی نێوان گۆشەنیگا و فرەدەنگییە. بە دیوێکی دیکە پەیوەندی نێوان وەگێڕ و فرەدەنگییە، چونکە لە ڕۆمانێك چەند وەگێڕمان هەبێت، ئەوەندە

١. شعرية التأليف، بوريس اوسبنسكي، ترجمة: سعيد الغانمي و ناصر حلاوي، ص٢١.



گۆشەنیگامان هەیە. هەر وەگێڕێك لە گۆشەیەکەوە ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا کارەکتەرەکانیش بەشێك لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانیان دەکەوێتە سەرشان، بۆیەیش ئەوانیش بەپێی پێگەی خۆیان خاوەن گۆشەنیگای کەسیین.

پەیوەندی نێوان گۆشەنیگا و فرەدەنگی بە شێوەیەك بە نێو یەکدا ڕۆچووە، لە یەکتر جوداکردنەوەیان هەروا ئاسان نییە، چونکە هەر کارەکتەرە خاوەن گۆشەنیگای خۆیەتی. لێرەوە هەر کارەکتەرە دەتوانێت ئازادی دەربڕینی لە خۆی هەبێت. دەتوانێت ئەو چیرۆکەی هەڵگریەتی لە ڕێی دەنگی خۆیەوە بیگێڕێتەوە، نەك وەگێڕی هەمووشتزان لەبری ئەو بیگێڕێتەوە.

باختین بە یەك لە گەورەترین تیۆردانەرانی سەدەی بیستەم دادەنرێت. هەروەها داهێنەر و دۆزەرەوەی تەکنیکی فرەدەنگییە لە ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکیدا. باختین بەهۆی خوێندنەوە و تێڕامان و سوودوەرگرتنی لەو فێستیڤاڵانەی سەدەکانی ناوەڕاست، بە نێوی کەرنەڤاڵەوە، هەروەها بەهۆی هونەری دیالۆگەوە توانی تیۆریزەی تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆماندا بکات.

ئەو ڕەخنەگرە، چەند کتێبێکی لەبارەی ئەم تەکنیکەوە نووسی، ((دوو کتێبی سەرەکیی باختین وەکو هەڵگری بەرچاوترین ڕوانگە تیۆرییەکانی بریتین لە: کتێبی (پرسەکانی بوتیقای داستایۆفسکی- ١٩٦٣ و کتێبی ڕابلێ و جیهانەکەی- ١٩٦٦ نووسی. لە کتێبی یەکەمدا لەمەڕ داستایۆفسکی بە شێوەیەکی تایبەت و ژانری ڕۆمان بەگشتی

باسدەكات))[١]. باختین لە توێژینەوەكانی لەبارەی دیستۆیفسكییەوە دەڵێت: ئەو ڕۆماننووسە ڕووسییە، داهێنەری تەكنیكی فرەدەنگییە. هەمیشە لە ڕووی سۆسیۆلۆجییەوە لە ئەدەبی دەڕوانی، چونكە ئەدەب و سۆسیۆلۆجیا كاریگەرییەكی تەواویان لەسەر یەكتری هەیە. ((باختین هەوڵیدا شیعریەتی ڕۆمانەكانی دیستۆیفسكی (كە فرەدەنگە) بە سەردەم و واقیعی كۆمەڵگە و مێژوو، لە چوارچێوەی تێڕوانینی كۆمەڵناسانە بەیەكەوە ببەستێتەوە))[٢]. ڕۆمانەكانی دیستۆیفسكی ڕەنگدانەوەی سەردەمەكەیەتی، بەوەی كارەكتەرەكانی لەسەر فرەئاستی و دژیەك لە سەردەمی خۆی بونیادناوە. ئەو ئاستانەیش لە ژیانی كۆمەڵایەتی ئەوكات بوونی هەبووە. كاتێك ئەدەبیاتی ئەو سەردەمی ڕووسیا بەر باس دەدرێت، یەكراست ئەدەبیاتی ڕیالیزمی ئەوكات باس دەكرێت.

ئەو ڕیالیزمە تەنیا ڕەنگدانەوەی دەقاودەقی ژیان بووە، بەڵام هونەرێكی وای تێد بەكاربراوە، ئەدەبەكەی بە هونەریكردووە. لەلای باختین ڕۆمان توانای بەكاربردنی هەموو جۆرەكانی دیالۆگی هەیە. تەنانەت بەكاربردنی دژەكانیش. ئەمەیش لەپێناو پەیڤینی ئەوانیدیدا،

١. سەودای وتوویژ، میخاییل باختین، و: بەختیار سەجادی، دەزگای موكریان، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣.

٢. لوكاش و بختين، دراسة اجتماعية للرواية، برابها كراجها، مجلة: ديوجين، القاهرة، العدد:٧٣، ١٩٨٦، ص٧٧.

* كۆپەرنیك زانایەكی گەردوونناس بوو، لە سەدەی شازدە ژیاوە، یەكەم كەس بوو ڕایگەیاند زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، ئەمەیش وەكو شۆڕشێك بوو بەسەر بیروڕای كەنیسە لەو سەردەمەدا.



وەكو ئەوەی لە ژیانی ئاسایی شێوەی هەیە. ((ئەم ڕێبازی دیالۆگییە دەتوانێت كارەكتەر لە چاودێری نووسەر ئازاد بكات. ئازادییەكی فراوان لە جووڵە لەنێو كاری ڕۆماندا دێنێتە كایەوە. ئەمەیش لە ئایدیۆلۆجی ڕاستەوخۆی دانەر ڕزگاری دەكات. بە بۆچوونی باختین دیستۆیفسكی لە ڕۆماندا، ئافرێنەری شۆڕشێكی كۆپەرنیكییە*، بەوەی مافی بە كارەكتەردا پێناسەی خۆی بكات، پێشتر نووسەر هەموو دەسەڵاتێكی هەبوو، دیستۆیفسكی ئەو زمانە سەنتەرەی تێكشكاند))[٣]. تێكشكاندنی سەنتەر، جا لە هەر بوار و لایەنێك بێت، هەوڵێكە بۆ ڕەخساندنی بوار بۆ كەسانی دیكە. بێگومان پەیوەندی لەنێوان ئەدەب و كۆی كایەكانی دیكەی مەعریفە و ژیان هەیە. هەردوولایان سوود لە یەكتری وەردەگرن و كاریگەریشیان بەسەر یەكترەوە هەیە. بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی دیستۆیفسكی یەك دەسەڵات لە ژیانی ڕامیاری ڕووسیادا سەنتەر بوو، یەك ئایدیۆلۆجیا سەنتەر بوو، ڕێی بە دەنگی تر و ڕەنگی تر نەدەدا. هەوڵدان بۆ تێكشكاندنی ئەو سەنتەرە لە ڕێی ئەدەبەوە ئەركی نووسەران بوو. هەرچەندە ئەم تێكشكاندنە، هەم لە واقیع و هەم لە ئەدەبدا زەمینەی بۆ خۆشكرابوو، هەروەها لە ئەوروپا ڕوویدابوو، لە واقیع شۆڕشی ڕێنیسانس و لە ئەدەبیش بەرهەمەكانی ڕابلیێ نموونەن. ((لە سەردەمی بووژانەوە زیاتر لامەركەزییەت (decentere) پەیڕەوكرا، بەتایبەتی لە زمانی ڕۆمان، ئەم چەمكەیش زیاتر لە چەمكی گالیلۆ بۆ جیهان

٣. الصوت الاخر، فاضل ثامر، ص٣٠.

نزیکبوو))[١]. گالیلۆ لە سەردەمی خۆی یەکێك لەوانە بوو، دەنگی بۆ تێکشکاندی بیروباوەڕی تاکی کلێسا هەڵبڕی. دیستۆیفسکی ئەم ئەزموونەی بۆ نێو ڕۆمان گواستەوە، چونکە ڕۆمانەکانی پێشتر یەك وەگێڕی هەمووشتزان، هەموو بونیادەکانی نێو ڕۆمانی بەڕێوەدەبرد، دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەبوو. لە نموونەی ڕۆمانەکانی (بەلزاك)، خوێنەر تەنیا گوێی لە یەك دەنگ دەبێت، کە سەنتەری هەموو شتێکی نێو ڕۆمانە. کارەکتەرەکان لە شێوەی کۆیلە لە بن دەستی دەجووڵانەوە، بەڵام دیستۆیفسکی ئەم سەنتەربوونەی لە ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی تێکشکاند.

دیالۆگ لە بونیادێکی سەرەکیی تەکنیکی فرەدەنگییە. ئەگەر دیالۆگ نەبێت، ئەوا ئەو تەکنیکە بەرهەم نایەت. ئەگەر لە مێژووی ئەدەب بنۆڕین، دیالۆگمان هەیە، وەکو دیالۆگەکانی سوکرات*، هەروەها دیالۆگی ناو شانۆگەرییەکان، بەڵام تا نەهاتنی دیستۆیفسکی دیالۆگ وەکو هونەرێك سوودی لێوەرنەگیرا. نەبوو بە بنەمایەك بۆ ڕۆمانی فرەدەنگ. هەروەکو باختین دەڵێت: ((دیستۆیفسکی بە بونیادنەری ڕاستەقینەی فرەدەنگی دادەنرێت، کە پێشتر نەبوو. ئەمجۆرە لە دیالۆگەکانی (سوکرات)، یان لە شانۆگەرییە ئایینیە نهێنییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست، لەلای شکسپیر، یان سێرڤانتس، یان ڤۆڵتێر و دیدرۆ

١. المبدأ الحواري، دراسة في فكر ميخائيل باختين، تزيفتان تودوروف، ترجمة: فخري صالح، دار الشؤون والثقافة العامة، بغداد، ١٩٩٢، ص٨٣.

* هەرچەندە دیالۆگەکانی سوکرات فەلسەفین.



و بەلزاك و هۆگۆ نەبووە، بەڵام فرەدەنگی بە شێوەیەکی جەوهەری ئامادەیی لەنێو ئەم هێڵەی پێشکەوتنی ئەدەبی ئەورووپی هەبوو. ئەم نەریتانە هەموویان لە دیالۆگی سوکراتییەوە دەستیان پێکرد، بەڵام دیستۆیفسکی وەکو شێوەیەکی نوێ و بنەڕەتێکی تایبەت بە ڕۆمانی فرەدەنگی دۆزییەوە))[٢]. ئەم دانپێدانانەی باختین بە دیستۆیفسکی وەکو داهێنەرێك، لە هەمان کاتدا نارۆشنییەك دەهێڵێتەوە، بەڕای (گاری ساوڵ مۆرسۆن و کاریل ئیمرسۆن)، کە کتێبێکیان لەبارەی باختینەوە نووسیووە، ئاماژە بەوە دەکەن باختین گومانمان بۆ دەهێڵێتەوە. بەوەی دواتر لە کتێبی (گرفتەکانی شیعرییەتی دیستۆیفسکی- ١٩٢٩) بەسەر بۆچوونەکانی خۆیدا دەچێتەوە، لە هێندێکیاندا ڕەخنە لە دیستۆیفسکی دەگرێت و لە هێندێکی تریان بە داهێنانی دەداتە قەڵەم، ئەم دوو ڕەخنەگرە، دەڵێن: ((باختین بە شێوەیەکی روون دەڵێت: دۆستۆیفسکی داهێنەری پۆلیفۆنییە، بەڵام ئەوە تەنها سنوردار نییە بە کارەکانی ئەووەوە. پۆلیفۆنی لەوێوە بەکارهێنراوە- بەڵام بە وردی پێمان ناڵێت لە کوێوە دەبێت و دەشێت بە جۆرەها ڕێی تر بەکارهێنرابێت. خوێنەر ڕەنگە وا بخوازێت باختین پێناسەکردنی خاسییەتەکانی پۆلیفۆنی جیابکاتەوە لە شێوازە تایبەتییەکانی بەکارهێنانی لای دیستۆیفسکی))[٣]. ئەوان لە ڕێی

٢. قضايا فن الابداعي عند ديستويفسكي، م.ب.باختين، ترجمه: د.جميل نصيف التكريتي، وزارة الاعلام، بغداد، ١٩٨٦، ص ٢٦٢.

3 . Mikhail bakhtin، creation of prosaics، By: Gary saul Morson، Caryl Emerson، California، 1990.

نووسینەکانی باختینەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، باختین نەیتوانیوە بۆ خوێنەری ڕوون بکاتەوە پۆلیفۆنی چییە؟ بەڵام ئەو گومانەی ئەوان لەلای باختین هەستی پێدەکەن، هەر ئەوەیە، کە باختین بواری بۆ ڕای کەسانی تر لە مەڕ پۆلیفۆنی هێشتۆتەوە. تەواو چوارچێوەی بۆ دیاری نەکردووە.

ئەو فەزا ئازادەی ڕۆماننووس بەهۆی دیالۆگەوە دەتوانێت کاری لەسەر بکات. بەهۆی تەکنیکەکانی تر ناتوانێت کاریان لەسەر بکات، چونکە لە دیالۆگدا زۆر لە پەیڤی ڕۆژانەی خەڵك نزیك دەبێتەوە. زمانی ڕۆژانەیش وشەی هاوواتای ئەوەندە زۆری تێدایە، ڕۆماننووس ماتەڵی وشە نابێت. کارەکتەرەکانیش لە دەربڕیندا شێوەی ژیانی ڕۆژانە ئازادی پەیڤینیان دەبێت. ((تەنیا بۆ وشەی (بەڵێ) دەتوانین چەندین هاوواتای ئەو وشەیە بهێنینەوە، وەکو: باشە، چاکە، زۆرباشە، بە چاوان، چۆنت پێباشە، هەرچی ئێوە بفەرموون، بە ئارەزووی ئێوە، بەسەرچاو، هەڵبەتە، تکا دەکەم... تاد))[1]. هەرچەند هێندێك لەوانە لە وشەیەك زیاترن، واتە فرێز، یان ڕستەن، بەڵام هەمان واتایان هەیە، دەکرێت بۆ واتای تریش بەکار بهێنرێن، بەپێی ئاوازی دەربڕین، واتایشیان دەگۆڕدرێت.

بەهۆی دیالۆگەوە دەنگە جیاوازەکان دەبیسترێن. لەوێوە خەڵکی جۆراوجۆر دەبینرێن. بۆیەیش دیالۆگ هێز و ژیان بە ڕۆمان دەبەخشێت، چونکە بەهۆی دیالۆگەوەیە ئێمە هەست بە ژیان دەکەین. لەبەر ئەوەیە دیستۆیفسکی ئەمەی وەکو بونیادێکی سەرەکیی ڕۆمانی فرەدەنگ

١. فن رمان نويسى، داين دات فاير، ترجمه: محمد جواد فيروزى، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٨، ص٥٤.



هەڵبژاردووە. لە دیالۆگدا وشە دەتوانێت ئازاد بێت، هەر وشەیەك لە هەر لایەك دەرچێت، ڕەنگدانەوەی هەمان ئایدیۆلۆجی و پلە کۆمەڵایەتییە، کە ئاخێوەر هەیەتی، بەرانبەرەکەیش بە هەمان شێوە لە ڕێی وەڵامەکەیەوە. خوێنەر درك بە ئاستی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکەی دەکات. لێرەوەیە دیالۆگ بنەمایەکی سەرەکیی فرەدەنگییە.

لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا ((دەنگی نووسەرکەش زاڵ نابێ و بەرجەستە نابێتەوە، لە لایەکی ترەوە لە ڕۆمانی تاکدەنگیانەدا هەر تەنیا دەنگی نووسەر، یان کەسایەتییەکی تایبەتی ڕۆمانەکەیە، کە بەسەر دەنگەکانی تردا زاڵ دەبێ و دایان دەپۆشێ، بە بڕوای باختین داستایۆفسکی ئەو نووسەرەیە کە ڕۆمانی چەند دەنگیانەی بەرهەمهێناوە))[2]. دیستۆیفسکی لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف) بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە پراکتیکی ئەم تەکنیکەی کردووە. لەم ڕۆمانەدا هەر کارەکتەرە و خاوەن دەنگی خۆیەتی، هەر لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە ئاشنای بیروبۆچوونەکانی ڕۆماننووس دەبین، کە تا چەند توانیویەتی بیر و ئایدیۆلۆجیای خۆی، پەیامی خۆی لە ڕێی ئەم دەنگە جیاوازانە بگەیەنێت. بۆ نیشاندانی ڕەنگەودەنگی جیاواز ڕۆماننووس دەبێت شارەزاییەکی چاکی لە هەموو لایەنێکی کۆمەڵگەکەی هەبێت. ئەو شارەزاییە بۆ دەرخستنی دەنگی جیاواز زۆر گرنگە لەناو ڕۆماندا، چونکە لەوێدا هەر کارەکتەرە خاوەن دەنگی خۆیەتی، ناکەونە ژێر دەسەڵاتی

٢. فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی (کوردی- ئینگلیزی)، بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، ب١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٩٦.

رۆماننووس، بەڵكو ئەوە خۆیانن دەپەیڤن، هەڵسوكەوت دەكەن. لەم رۆمانەدا دیستۆیفسكی شارەزای هەموو لایەنێكی كۆمەڵگەكەیەتی، ((چونكە رۆماننووسەكان توانای ئەوەیان هەیە كە وردەكاری پرسە كۆمەلایەتییەكان بە روونی نیشان بدەن، كە لای ئەندامانی ئەو كۆمەڵگەیە گرنگن))[1].

تەكنیكی فرەدەنگی رۆڵێكی بەرچاوی لە سەركەوتن، یان سەرنەكەوتنی رۆماننووس لە كارەكەیدا هەیە، چونكە بەهۆی ئەم تەكنیكەوە چەند گێڕانەوەیەكمان دەبێت، هەر دەنگە و خاوەنی چیرۆك و گێڕانەوەی خۆیەتی. بۆ ئەمەیش رۆماننووس دەبێت لە هەوڵی ئەوەدا بێت هەریەك لەم دەنگانە ناوێكی هەبێت، یان لەژێر جێناوێك بۆچوونی خۆیان دەربڕن، دواتر لە رەوتی گێڕانەوەی چیرۆكەكانیان كات و شوێن و رەگەزی تری لەگەڵ تێكەڵاو دەبێت. راستە كەشی گشتی رۆمان لە كات و شوێنێكی دیارەوە بۆ نموونە شارێك، گوندێكە... تاد، بەڵام هەر كارەكتەرە و خاوەن دنیابینی خۆیەتی، هەر كارەكتەرە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. لێرەوە ((گواستنەوەی شوێنیی وەگێڕ، گواستنەوەی زەمەنی، گواستنەوەی شوێنی))[2]. وەكو (ماریۆ بارگاس یووسا) ئاماژەی پێدەدا دێتە ناوەوە. ئەنجامدان و پێكەوەبەستنی هەموو ئەو لایەنانە، بۆ رۆماننووس هەروا سانا نییە، چونكە دەبێت سەربەخۆیی هەریەكەیان بپارێزرێت و نابێت

---

١. ماڵە گەورەكە، ئەلڤارۆ سیپیدا سامۆدیۆ، رۆمان، و: تارا شێخ عوسمان، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٥.

٢. دوانزە نامە بۆ رۆماننوسێكی لاو، ماریۆ ڤارگاس یوسا، و: شیرین.ك، ل٧١.



دەنگەكان تێكەڵاو بكرێن. ئەگەر لە بەرهەمهێنانی رۆمانێكی وەهادا سەركەوتوو بوو، ئەوا رۆمانێكی هونەری دەبێت. بێگومان هەموو ئەمانەیش بەهۆی بەكارهێنانی تەكنیكەوە دێتە ئەنجامدان. بۆیەیش فرەدەنگی ((هۆی بەرینكردنی مەودای زمان و بەكاربردنی جۆرەها جێناوە. ئەمەیش كار لە گەرمبوونی مشتومڕو كێشەكان و پاشان فراوانبوونی گەنجینەی وشە و دەوڵەمەندی تێكستەكە دەكات))[3].

تەكنیكی فرەدەنگی دوای دۆزینەوە و تیۆریزە و پراكتیككردنی لە رۆمانەكانی دیستۆیفسكی لەلایەن باختینەوە، گەشەسەندنێكی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. بەتایبەت دوای ئەوەی رۆماننووسانی ئەمریكای لاتین لە پەنجا و شەستەكانی سەدەی رابردوو دەركەوتن. رۆماننووسانی وەكو: (گابریل گارسیا ماركیز، ماریۆ بارگاس یووسا، كارلۆس فۆینتس، خۆلیۆ كۆرتاسار، ئەلڤارۆ سیپیدا سامۆدیۆ، مانوێل بۆیگ... تاد)، لە ئافراندنی رێبازی ریالیزمی جادووییدا رۆڵێكی باشیان هەبووە، ئەم رۆماننووسانە هەرچی ئەفسانە و ئەدەبیاتی فۆلكلۆری ئەمریكای لاتین هەبوو، كردیان بە هەوێنی رۆمانەكانیان، بە شێوەیەك تێمەی واقیعییان تێكەڵ بە ئەفسانە دەكرد، تەواو قەناعەتیان بە خوێنەر دەهێنا، لێرەوە ئەوان پشتیان لە وەگێڕی هەمووشتزان كرد، لەنێو رۆمانەكانیان چەندین دەنگ هەستی پێدەكرێت، ئەمەیش واتای ئەوە نییە بە هیچ كلۆجێ وەگێڕی هەمووشتزانیان بەكارنەهێنابێت، نەخێر، ئەگەر بەكاریشیان بردبێت ئەوا

---

٣. بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشەنیگاكانی، عەبدوڵڵا سەراج، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧٣.

ئەو وەگێڕە نەیتوانیوە هەموو دەنگەکان کپ بکات، یان بیانخاتە ژێر دەسەڵات و ئایدیۆلۆجیای خۆی. بۆ نموونە ڕۆمانی (پیدرۆ پارامۆ)ی (خوان ڕۆلفۆ)، کەشێکی وامان بۆ دەخولقێنێت. گوندێکە هەموو خەڵکەکەی مردوون، تەنانەت کاتێك وەگێڕیش زیندووە و دەچێتە ئەو گوندە، ئەویش دەمرێت، کەچی بە درێژایی ڕەوتی گێڕانەوەکە هەموو مردووەکان دەپەیڤن، دەجووڵێن. خوێنەریش قەناعەت دەکات. بۆیەیش سەربەخۆیی دەنگەکان کار لە سەربەخۆیی ڕووداوەکان دەکەن، ئەمەیش هەنگاو هەڵێنانە بۆ قەناعەتپێکردنی خوێنەر، ئەم قەناعەتپێکردنە لە هەموو خاڵەکانی تری نێو ڕۆمان گرنگترە.

ئەم توانایە، وا لە خوێنەر دەکات بۆ نێو ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە بچێت. تەکنیکی فرەدەنگی بۆ ئەم مەبەستە هاوکارێکی باشە، چونکە هەر دەنگە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەم دەنگەیش لەگەڵ دەنگێکی تری نێو ڕۆمانەکە جیاوازە، ئەمەیش یارمەتیمان دەدات چەندین بابەت لە یەك ڕۆماندا بخەینە ڕوو. ڕۆماننووسانی ڕیالیزمی جادوویی، لە لایەن ڕۆماننووسانی ئەمریکای لاتین ئەم هەوڵی خۆدەربازکردنە لە تاکدەنگی وەکو شۆڕشێك وابوو، بۆیەیش تاکو ئێستایش ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسانە تایبەتمەندییەکی جوانی لەلای خوێنەران هەیە، چونکە سیحرێك لەلای خوێنەر دروست دەکەن. ((ئەگەر لە ڕۆمانی ئاساییدا بە شێوەیەکی بەرچاو دیالۆگ بەکاربهێنرێت، کە ئەمەش زیاتر تایبەتمەندی درامایە، یان دەنگی وەگێڕی هەمووشتزانە پانتایی ڕۆمانەکە داگیربکات، ئەوە لە ڕۆمانی ڕیالیزمی سیحریدا، ڕۆڵیان کز دەبێت، چەند دەنگێك



دێنە ناو گۆڕەپانی پێکهاتەی ڕۆمانەکە و هەریەك بە شێوەیەك و لە گۆشەنیگایەکەوە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە. هەریەکەشیان سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزێن، بە هەموو خەسڵەتەکانیانەوە))[١].

ئەمەیش بووە تایبەتمەندی ئەو ڕۆماننووسانە، کە لە پاڵ وەگێڕی سەرەکیی نێو ڕۆمانەکە، کارەکتەرانی تری نێو ڕۆمان بە شێوەیەکی جیاواز بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان بەشداری لە گێڕانەوەی چیرۆکە گشتییەکە دەکەن. ئەمەیش دژ وەستانەوەیە بەرانبەر وەگێڕی سەرەکی، کە تاکە دەنگی نێو ڕۆمانی کۆن بوو، بەهۆی ئەم تاکدەنگییەوە یەك ئایدیۆلۆجیا، بەسەر تەواوی کەشی ڕۆمانەکە زاڵ دەبوو، بەڵام لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا هەر دەنگە و خاوەن بیر و ئایدیۆلۆجیای خۆیەتی و بە ئازادیش بەرباسی دەدات، ڕەنگە ئایدیۆلۆجیای دژ بە یەکی تێدا هەبێت، ئەمەیش ڕێ بۆ ئەوە خۆش دەکات، کە ڕۆماننووس نەتوانێت دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ڕۆمانەکەدا هەبێت، بەڵکو ئەوە دەنگەکانن خۆیان، خۆیان بەڕێوە دەبەن، وەگێڕی سەرەکی خۆیشی دەبێتە دەنگێك لە دەنگەکان، ئەم هەموو گۆڕان و پێشکەوتنەی تەکنیکی ڕۆمان، ئەرکێکی قورستری بۆ ڕۆماننووس زیادکرد، کەواتە ((ڕۆمان دووبارە دارشتنەوەی سەرلەبەری پێکهاتەی پێوەندییە مرۆییەکان، یان لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسانەی

١. زبان شناسی و رمان، راجر فاولر، ترجمه: محمد غفاری، نشر نی، تهران، ١٣٩٠، ص١٧٨.

کۆمەڵگەیە بە دەربڕینێکی هونەری و داڕشتنی جوانیناسانە))[1]. ڕۆمان لە مەودوا هەر گێڕانەوەیەکی سادە و ساکار نییە، بەڵکو ژانرێکە بریتییە لە خەڵقکردن، کەواتە ڕۆماننووس ئەگەر نەتوانێت ڕۆمانەکەی خەلق بکات، ئەوا ڕۆمانەکەی ناتوانێت ڕۆڵێکی جوانیناسانەی هەبێت.

پێشکەوتنی تەکنیك و هونەری ڕۆمان لەوێوە سەرچاوەی گرت، کاتێك دەنگەکانی نێو ڕۆمان سەربەخۆییان پێدرا، دوور لە دەسەڵاتی ڕۆماننووس و وەگێڕ. چیدی نووسەر چاودێر و دەسەڵاتدار نییە بەسەر کارەکتەر و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان، ئەم خاڵە یەکێك بوو لە بەرەنجامەکانی فرەدەنگی. بەهۆی فرەدەنگییەوە دەتوانین لایەنە شاراوەکانی جەنگ، ئابووری، کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی ئاشکرا بکەین. بۆ نموونە: ڕۆمانی (ڕاپۆرتی کوشتنێکی پێشوەخت)ی (گابریل گارسیا مارکیز) کە تێمەکەی تایبەتە بە بابەتی نامووس و کوشتنی (سەنتیاگۆ نەسار) بەهۆی دەنگەکانەوە کە سەربەخۆیی دەربڕینیان پێدراوە، چەندین لایەنمان بۆ ئاشکرا دەبێت. لە ڕۆمانی (پیدرۆ پارامۆ)ی (خوان ڕۆلفۆ) لە ڕێی سەربەخۆیی و ڕوونی دەنگەکانەوە ئاشنای کلتوور و ستەمی دەرەبەگی (پارامۆ) دەبین. لە ڕۆمانی (ماڵە گەورەکە)ی (سامۆدیۆ)دا بەهۆی دەنگەکانەوە، کە وەگێڕ ناتوانێ ڕێیان لێ بگرێت ئاشنای شۆڕشی کرێکارانی کێڵگەی مۆز لەو وڵاتە دەبین. لە ڕۆمانی (بەفری ڕەش)ی (محەمەد ئازووقە) و ڕۆمانی (گەنجانی ژێر بەفر)ی (محەمەد عەبدولڕەحمان) هەر دەنگە و خاوەنی

---

[1] ١. دەروازەیەك بۆ ئەدەبیاتی داستان، جەمال میرسادقی، و: شەریف فەلاح، گۆڤاری هەنار، ژ:٦١، سلێمانی، فێبرایەری ٢٠١١، ل١٢٥.



تێڕوانین و بیری خۆیەتی، هەریەکەیان چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕنەوە. کەواتە بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە دەکارێت چەندین دید و تێڕوانینی جیاواز لە یەك ڕۆماندا پیشان بدرێت، بێگومان ڕایەڵێکی گشتیش هەموو ئەو دەنگ و ڕووداوانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

دووەم:

## بنەڕەتی مێژوویی زاراوەکە و بەکاربردنی وەك هونەرێکی نوێی ڕۆمان

لە سەدەی بیست لەلایەن تیۆرناسانی ئەدەب زۆر زاراوە و چەمکگەلی نوێی ئەدەبی داهێنرا. بێگومان ئەو زاراوە و چەمکانە ڕۆڵیان لە بەرەوپێشبردن و بە هونەریکردن و نوێبوونەوەی ژانرەکانی ئەدەبدا هەبوو، چەمکی فرەدەنگی، دوای بڵاوبوونەوەی نووسینەکانی باختین لەمەڕ دیستۆیفسکی هاتەناوەوە، بەڵام پێشتر وەکو تەکنیکێکی هونەری ڕۆمان ناوێکی نەبوو، ڕەنگە لە بواری تر بەکارهێنرابێت. ((ئەگەر ڕۆمان لەلای هیگڵ و جۆرج لۆکاش و لۆسیەن گۆڵدمەن داستانێکی بورجوازی بوو، ئەوا ڕۆمان لەلای باختین شێوەیەکی میللیی هەیە))[1]. بەو واتەیەی ئەگەر ڕۆمانی کۆن بۆ چینێکی بەرز دەنووسرا، زمانەکەی زمانێکی باڵا بوو، بەڵام ڕۆمانی فرەدەنگی ڕۆمانێکە، زیاتر لە میللییەوە، لە خەڵکی ئاسایی و ژیانیان، لە کێشە و گرفتەکانیان نزیکە. تێیدا پێکەنین و گاڵتەکردن ڕەنگدەداتەوە. بەڕای باختین سەرهەڵدانی ڕۆمان و پێشکەوتنی، لە سێ چەشنی ئەدەبییەوە هاتووە ئەوانیش: داستان، گوتاردان، کەرنەڤاڵن، هەرچەندە ئەمانە مێژوویەکی کۆنیان هەیە.

١. الرواية البوليفونية او الراية المتعددة الاصوات، د. جميل حمداوي، وارگەی الالوکە:
http://www.alukah.net/Literature_Language/0/39038



بیرۆکە و بنەڕەتی ئەم زاراوەیە لەنێو ئەدەب بۆ تیۆرەکانی باختین دەگەڕێتەوە. ئەو بۆ یەکەمجار وەکو هونەرێکی ڕۆمان لەنێو ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی بەدی کرد، بەڵام بنەڕەتی مێژوویی بۆ زۆر لەوە کۆنتر دەگەڕێتەوە. ئەویش بۆ سەردەمی کەرنەڤاڵ. وەکو دەزانین باختین زانایەکی زمانزان بووە. ئەم چەمکەیش بە زمان دەبەستێتەوە. باختین لە ڕووی زمانی ئاخاوتنەوە لەگەڵ (سۆسێر) هاوڕا بوو، بەڵام لە ڕووی ئەوەی (سۆسێر) زمانی بە دەربڕینێکی تاکدەنگی دادەنا، پێچەوانەی ئەو بوو. باختین ((پێی وایە دەبێ ئاوڕ لە یاسا و پارۆڵ و وتووێژی نێوان کەسەکان بدرێتەوە و بەستێنی ئامادە لەو وتووێژانەدا بە گرنگ و بە نرخ دەزانێ))[2]. ئەوەی باختین مەبەستییەتی، ئەوەیە کە دیالۆگ بنچینەی زمانە، چونکە کاتێك مرۆڤەکان دەکەونە دیالۆگەوە، لەوێدا زمان واتای خۆی دەبێت. کەواتە (هەروەك لە بەشی یەکەمی پاری یەکەم بەرباسمان دا)، دیالۆگ لەلای باختین بونیادی ڕۆمانی فرەدەنگییە. هەر لە ڕێی بوونی ئەم تەکنیکەوە هەست بە جووڵە و بوونی کارەکتەرەکان دەکەین. هەرچەندە باختین تەکنیکی دیالۆگی لەنێو ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی دۆزییەوە، ئەوی بە داهێنەری ئەم تەکنیکە داناوە لەنێو ڕۆماندا، بەڵام مێژووی ئەم تەکنیکە زۆر کۆنترە، ئەوەی جیای دەکاتەوە ئەوەیە لەسەر دەستی دیستۆیفسکی وەکو هونەرێکی ڕۆمان بەکارهێنراوە. لێرەدا هەر لە دیدی باختینەوە بۆ مێژووی دیالۆگ دەچین، تاکو لەوێوەیش هونەری ئەم تەکنیکەمان لە ئافراندنی فرەدەنگی بۆ بەدیاربکەوێت.

٢. سەودای وتووێژ، میخایل باختین، و: بەختیار سەجادی، ل٦.

مێژووی دیالۆگ ئەوەی بە نووسین تاکو ئێستا بە دەستمان گەیشتووە، کۆمەڵێك لە بیرمەندان و فەیلەسووفان بەرهەمەکانیان دیالۆگی تێدایە، یان بە شێوەی دیالۆگ نووسیویانە، بەڵام ئایا دیالۆگی ئەوان لەنێو بەرهەمەکانیاندا وەکو هونەرێك بەکاربردراوە؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. بونیادەکانی فرەدەنگی، کە باختین دیاریکردووە، بریتین لە پێکەنین و دیالۆگ. لە ئەدەبیاتی کۆن دووجۆر لە دیالۆگمان هەبوون. (("دیالۆگی سوکراتی" و "هەجووی مونیبەیە"، ئەم دووانە گرنگیان لە پێشکەوتنی ڕۆمان و پەخشانی هونەری، کە بە چەمکی دیالۆگ ناساندمان هەبوو))[1]. بێگومان هەردوو جۆرەکەیەش پەیوەندی بە پێکەنینەوە هەیە. هەرچی (دیالۆگی سوکراتی)یە، نزیکبووە لە یادنووسی، جۆرێك لە گفتوگۆ و دیالۆگی تێدایە، کە یادەوەریمان پاراستوویەتی. لێرەوە دەتوانین وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە بدەینەوە. ئەم دیالۆگانە بەو شێوە هونەرییەی لای دیستۆیفسکی نەبووە. تەنیا بە گێڕانەوەی کورت بارگاوییە. ئەو دیالۆگانەن، کە لەپێناوی دۆزینەوەی حەقیقەت، سوکرات ئەنجامی داون. ئەمجۆرە دیالۆگانە لەلای هەریەك لە ((ئەفلاتوون، گەزنەفۆن، ئینتیسپینیس، ئیسخین، فیدۆن، ئەقلیدس، کۆسامین، گلاوکۆن، سیسیۆس، کراتۆن و هێندێکی تر))[2] هەن، بەڵام ئەوەی لەم دیالۆگانە بە نووسین تاکو ئێستا بە

١. قضایا فن الابداعي عند دیستویفسکی، م.ب.باختین، ت: د.جمیل نصیف التکریتی، ص١٥٨.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.



دەستمان گەیشتبێت، تەنیا دیالۆگەکانی: ئەفلاتوون و گەزنەفۆنن. ئەوانی تر فەوتاون. ئەم دیالۆگانە بنەمایەکی میللییان هەیە. لەوێدا ئازادی بە قسەکەر دراوە، کە ڕای خۆیان بە ئازادی دەرببڕن.

باختین لە درێژەی توێژینەوەی لە (دیالۆگی سوکراتی) سێ تایبەتمەندی ئەمجۆرە دیالۆگە دەست نیشان دەکات. هەریەك لەو تایبەتمەندییانە ئەوە دەردەخەن، کە دیالۆگی سوکراتی ئەو شێوە هونەرییەی لای دیستۆیفسکی نەبووە، چونکە ئەو دیالۆگانە زیاتر بە شێوەی زارەکی ئەنجامدراون. واتە وەکو ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانە بەرچاو دەکەون، تەنیا ئەوەندەیە ناوەڕۆکێکی فەلسەفییانە لەخۆ دەگرن، بەڵام ئەمجۆرەیان بۆ چەمك و زاراوەی فرەدەنگی گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی مێژووییەوە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دیالۆگی سوکراتی ئەوەیە ((گەڕانە بە دوای حەقیقەت، تەواو دژە لەگەڵ خۆدواندن (مەنەلۆگ)، کە پێداگری لەسەر خاوەنداریەتی حەقیقەتێکی ئامادە دەکات))[3]. ئەمەیش تەواو دژی ئاراستەی مەنەلۆگی دەوەستێت، چونکە لێرەدا وێناکردنەکانی ئەفلاتوون لە ڕێی سوکراتەوە بۆ حەقیقەت، بە بەرانبەرەکەی ڕادەگەیەندرێت. کەواتە ئەمەیان بنەڕەتێکی کەڕنەڤاڵی هەیە، بەڵام دواتر ئەم شێوەیە زیاتر شێوەیەکی مەنەلۆگی وەرگرت. بەتایبەت لە سەردەمی ئەفلاتونەوە، کاتێك مامۆستایی بۆ مەبەستی فێربوون پەیدابوو. سەرەتا مامۆستا قسەی دەکرد و خوێندکارەکان گوێیان ڕادەگرت. دواتر خوێندکاران پرسیاریان ئاراستەی مامۆستا دەکرد و

٣. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

ئەویش وەڵامی دەدانەوە. ئەمەیش زیاتر لە خوێندنگە فەلسەفی و ئایینیەکان پەیڕەو دەکرا.

تایبەتمەندی دووەم باختین ناویان دەنێت: (سینکریزا Sikriza) و (ئەناکریزا Anakriza). ئەمانە باختین بە دوو شێوازی دیالۆگی سوکراتی هەژماریان دەکات. ((یەکەمیان "سینکریزا" مەبەست لێی بەرانبەربوونی چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازە لە دەوری یەك بابەت))[1]. ئەم بەرانبەربوونەی گۆشەنیگاکان، دیالۆگ و ڕای جیاوازی لێدەکەوێتەوە، لەم لایەنەوە سوودێکی زۆری وەکو بنەمایەکی مێژوویی بۆ چەمکی فرەدەنگی هەیە. بوونی ئەو دەنگ و تێڕوانینە لە گۆشەی جیاوازەوە بوار بۆ دیالۆگکردن دەکاتەوە. لەوێوە هەر دەنگە دەتوانێت ڕای خۆی دەربڕێت، هەر دەنگە بە ئازادی بیروبۆچوونەکانی خۆی پێشنیار دەکات.

هەرچی (ئەناکریزا)یە، ((توانا و کاریگەری وشەیە لەسەر ئەویدی و بەسەریدا سەرکەوێت. هەروەها ئەو گفتوگۆیە ناچار بە کرانەوە بکات. سوکرات شاسواری مەیدانی ئەم شێوازە بوو. بەمشێوەیە دەیزانی خەڵك هەڵگری چ وشە و بیرێکن))[2]. ئەوەی لەمشێوەیەدا گرنگە، وشەیە، قورسایی وشە لە کاری ئەدەبییدا، بەتایبەت ڕۆمان کاریگەری خۆی هەیە. وشە و پەیڤ بۆ کارەکتەری ڕۆمانی فرەدەنگیی ڕۆڵی لە ناساندنی ئەو کارکتەرە لە هەموو ڕوویەکەوە دەبێت. بەهۆی پەیڤەکانەوە ئاستی

١. وجهة النظر في روايات الاصوات العربية، د.محمد نجيب التلاوي، منشورات كتاب العرب،٢٠٠٠، ص٤٩.

٢. قضايا فن الابداعي عند ديستوفسكى، ص١٦١.



ڕۆشنبیری، پلەی کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆجیای... تاد بە دیاردەکەوێت. (پاوڵ ئاوستێر)، لە ڕۆمانی (شەوی پێشبینی)دا دەنووسێت: ((وشەکان دەتوانن واقیع بگۆڕن. هەروەها لە گرنگی وشە لە ڕۆماندا دەڵێت: لە ڕێی وشەکانەوەیە زانیاریمان بیچم دەگریٚ. بیٚ وشە ئێمە مرۆڤ نەبووین))[3]. تەنانەت گرنگی وشە لە هەموو ئەدەبیاتدا سەرەکییە، چونکە مرۆڤەکان، کلتوورەکان، ئەدەبیاتەکان هەمووی بەهۆی وشەوە دەتوانن یەکدی بناسن و سوود لە یەکدی وەرگرن. وشە پردی بە یەکگەیاندنە. لەم شێوازە (ئەناکریزا) وروژاندنی وشە بە وشەیەکی ترە. لێرەوە سرووشتێکی کەرنەڤالی وەردەگرێت. لەنێو کەرەنڤاڵیشدا فرەدەنگی سەر دەردێنێت.

تایبەتمەندییەکی تری (دیالۆگی سوکراتی)، ئایدیۆلۆجیبوونی پاڵەوانی دیالۆگەکانی سوکراتە. ئەم ئایدیۆلۆجیبوونەیش بە شێوەیەکی درامی پێش دەکەوێت.

(داشۆرینەکانی مونیبەیە)*. بە ڕای باختین ئەمجۆرەیشیان ڕۆڵی لە پەیدابوونی دیالۆگ وەکو بنەمایەکی فرەدەنگی و پێکەنین وەکو بنەمایەکی کەرنەڤاڵ هەبووە. ئەم شێوازە بۆ ((ناوی فەیلەسووف (مینیب

٣. من بەلزاکم کوشت، وتووێژ، و: مستەفا زاهیدی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١، ل٦٦.

* جۆرێکە لە گێڕانەوە، کە پێکەنین تێیدا زاڵە، هەروەها خۆی لە هەموو کۆتوبەندێکی مێژوویی ڕزگار دەکات و دیارترین تایبەتمەندی ئەم گێڕانەوەیە روحێکی سەرکێشانەی تێدایە.

غادار)، کە یەکێکە لە فەیلەسووفانی سەدەی سێی پێش زایین))[١] دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر ئەم چەشنەیان وەکو داڵێکی زاراوەکە بۆ یەکەمجار لە سەدەی یەکەمی پێش زایین، لەلایەن زانای ڕۆمانی (فارون) کاری لەسەر کراوە، کە بە داشۆرینەکانی (Sturae Menippcae) ناسراوە. ((ئەم چەشنە پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە دی، بە شێوەیەك زۆر لە سنووری ڕۆمان نزیك بووەوە، ڕۆمانی (کەری زێڕین)ی (ئەپۆلیس)، شێوەیەکی پێشکەوتووی داشۆرینەکانی مونیبەیە))[٢]. ئەم چەشنە (داشۆرینەکانە مونیبەیە) لە ئەدەبدا بە ڕوحی کەرنەڤاڵ هەژمار دەکرێت. هەیمەنەی سەرەکی ڕەگەزی پێکەنینە. ئارەزووی ئافراندن و داهێنان و خەیاڵی تێدایە، بڵاوکردنەوەی ڕوحی سەرکێشییە.

لێرەوە دەبینین پەیدابوونی ڕۆمان، گەشەیەکی میللیی کرد، کە بە دیالۆگی سوکراتی و داشۆرینەکانی مونیبەیە ناسرابوو. ئەمانە هەموو ڕێخۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی کەرنەڤاڵ، کەرنەڤاڵیش زۆر ڕەگەزی تێدا کۆبۆتەوە، لەوانە: پێکەنین، گاڵتەجاڕیبوون، میللییبوون، دیالۆگ... تاد. باختین بۆ داهێنانی فرەدەنگی بۆ ئەو فێستیڤاڵە کەرنەڤاڵیانەی سەدەکانی ناوەڕاست گەڕایەوە، چونکە لەوێوە دەنگەکانی تر هەستیان بە خۆیان دەکرد. لەو کەرنەڤاڵانەدا دەنگەکان بە ئازادی دەیانتوانی ڕای خۆیان دەربڕن. بۆیەیش وەکو بنەمایەکی فرەدەنگی هەژمارکرا. بۆ پتر زانینی مێژووی زاراوەی فرەدەنگی پێویست بە بەرباسدانی چەمکی کەرنەڤاڵیش

١. قضايا فن الابداعي عند ديستوفسكي، ص١٦٤.
٢. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.



دەکات، چونکە بێ زانینی کەرنەڤاڵ ناتوانین لە مێژوو و بنەچەیی چەمکی فرەدەنگی بگەین، لەبەرئەوەی فرەدەنگی لە هەناوی کەرنەڤاڵەوە هەڵقوڵاوە.

هەروەکو پێشتر ئاماژەم کرد، ڕیشەی ڕۆمانی فرەدەنگی کەرنەڤاڵە. کەرنەڤاڵ ئەو کلتوورە جەماوەرییەیە، دژی کلتووری چینی باڵادەست. ڕووداوێکی جەماوەری ڕەخنەکارانەیە لە بەرانبەر فەرهەنگی فیودال. ئەم کلتوورە جەماوەرییە سێ تایبەتمەندی هەیە:

١.دوو چەشنی (ambivalence).
٢.فرەدەنگی (polyphony).
٣.خەندە (پێکەنین) (laugh).

باختین لە هەردوو بەرهەمی (بەرهەمەکانی فرانسوا ڕابلێ و پرسەکانی پۆیەتیکای دیستۆیفسکی) تێدەکۆشێت تاکو بەرهەمی ئەم نووسەرانە بەپێی نەریتی کەرنەڤاڵ ڕاڤە بکات. ((کەرنەڤاڵ لە زەمینەیەکی پڕاوپڕ لە دووچەشنی و بێڕێزی لە ئاست شتە پیرۆزەکاندا. نزم و والا، پیرۆز و ناپیرۆز، ژیان و مەرگ، شا و شێت پێکەوە پێوەند دەدا و بەمجۆرە ڕەها بوون و هەتاهەتایی بوونی بەها ڕەسمییەکان ڕەت دەکاتەوە. تاقە بەهای مەبەستی کەرنەڤاڵ، دوو چەشنییە: یانی کۆی دوو بەهای جیاواز))[٣]. کۆکردنەوەی هەموو دژیەکەکان لە کەرنەڤاڵ ڕێی پێدەدرێت.

٣. دیالۆگ، خەندە، ئازادی، میخایل باختین، و: هادی محەمەدی، ل٧.

کەرنەڤاڵ بە واتەی ئەو فێستیڤاڵە جەماوەرییانە دێت، کە لە سەدەکانی ناوەڕاست سازدەکرا. جۆرێك لە فەرهەنگی ڕەخنەکارانەیە، لە ڕێی پێکەنین و گاڵتەوە دژ بە دەسەڵاتی پاشا و فیودال و ئایدیۆلۆجیای کڵێسا، ئەم دەسەڵاتانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ((ئەم کەرنەڤاڵانە لە کەشێکی فراوان ئەنجام دەدرێن. وەکو مەیدانی پەرستگەکان، لەوێدا میللەت و پاشا و پیاوانی کڵێسا دیمەنی ئەو کەرنەڤاڵە بەرجەستە دەکەن))[١]. ئەگەر سەیری بەرجەستەکەرانی کەرنەڤال بکەین، لە پلە و ئاستی جیاوازدان، پاشا و میللەت، پیاوانی ئایینی و خەڵك... تاد هەموویان لەو کەشە دیموکراسییەدا لە یەك ئاستدان. میللەت لە ڕێی گاڵتە و پێکەنینەوە دەتوانێت داشۆرینی پاشا بکات. هەرکەس دەتوانێت تەعبیر لە خۆی بکات. هەژارەکان دەتوانن ڕەخنە لە دەرەبەگەکان بگرن. وشەکان بە ئازادی دەردەبڕدرێن، ئاشکرا و ڕوونن، وێنەی دژ بە واقیع لەوێدا بوونی هەیە.

هەرچی دووچەشنییە ئەوا ئەو دژوازانەی لە ژیاندا هەن، جا لە هەر ئاستێکدا بێت، ئەوا لە دەوری یەکتری کۆدەبنەوە. ئێمە دەزانین دووانەی دژیەك لە ئافراندنی بەرهەمی ئەدەبی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە. تەنانەت بونیادگەرەکان هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو دووانەدژیەکانەیان لە دەقەکان دەدا. بۆیەیش دووچەشنی هەمان ڕۆڵی لە پێکهاتەی کەرنەڤاڵ هەبووە. بە کۆی ئەو دژوازانە، ئەم کەرنەڤاڵە جەماوەرییە بەرێوە چووە.

١. دراسة البناء في الخماسيه(مدن الملح)، د.حسين حمزه الجبوري، دار الشؤون والثقافة العامة، بغداد، ٢٠٠٤، ل١٣٨.



هەمووشیان لەوێدا یەکسان بوونە، بەتایبەت لە ڕەخنەگرتن. ئەمە بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەرنەڤاڵ دەژمێردرێت.

تایبەتمەندییەکی تری کەرنەڤاڵ، پێکەنینە. ((پێکەنینی جەماوەر لە کارناڤێڵەکاندا ڕزگاربەخشی ئەو مرۆڤانەیە، کە لە کۆت و بەندی کلتووری ڕەسمی و جیددی و وشکی دەسەڵاتی دوور لە جەماوەرن. لە دەنگی کارناڤێڵدا هەموو شتێ پێچەوانە دەکرێتەوە: پاشا دەبێ بە گەمژە، گەمژە دەبێ بە پاشا. لە کارناڤێڵدا بیری ئایینی و بیری نا ئایینی تێکەڵی یەکتر دەبن. زانا و نەزان لە پاڵ یەکدان و لە ئەنجامدا جیهانێکی بەراوەژوو و پێچەوانە دەخولقێندرێ. بەم پێیەش ڕەوتی زنجیرە قۆناغەکان لەناو دەچێ و بەرابەری و یەکسانی دێتەگۆڕێ. ئەم تایبەتمەندیانەی کارناڤێڵ، کە تیایدا فرەچەشنی و جۆراوجۆری دەبینرێ و مۆرکی سەرەکیی هەر هەمووشیان فرەدەنگیە. لە ڕۆمانی چەند دەنگیدا بە سانایی وەبەرچاو دەکەوێ))[٢]. کەواتە لە کەرنەڤاڵدا جۆرەها دەنگ دەبیسترێت، جۆرەها ڕەنگ دەبیندرێت. بەرهەمهێنانی ئەم ڕەنگاوڕەنگییە دژ بە تاکدەنگی بوو، جا لە هەر بوارێکدا بێت، چونکە لە سەدەکانی نێوەڕاست تەنیا یەك دەنگی ڕەها (مطلق) و پیرۆز باڵادەست بوو. ئەویش دەنگی پاشا بوو، بەدیوێکی تر دەنگی ئایدیۆلۆجیای کڵێسا بوو. ئەم دەنگە باڵادەستانە دەنگوڕەنگی تریان چەپاندبوو. ئەم دەنگ هەڵبڕینە و ڕەخنەکارانەیە، دیالۆگی دەهێنایە ناوەوە، بەمەیش هەمووان دەیانتوانی خەمی خۆیان بۆ ئەوانیدی بەرباس بدەن.

٢. سەودای وتووێژ، میخایل باختین، و: بەختیار سەجادی، ل ١١.

((یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کەرنەڤاڵ فرەییە، ئەم تایبەتمەندییەش پشت بە چالاکی دەستەیی دەبەستێ، چونکە خەڵك تەماشا ناکەن، بەڵکو بەشدار دەبن))[1]. ئەم بەشدارییە دەستەییە پیرۆزییەك لەنێو کەرنەڤاڵدا بەرهەمدێنێت، کە پیرۆزییەکی دەستەیی و سەرەکییە لە کەرنەڤاڵدا. واتە دوای ڕەخنەکاری، هەوڵی پاتە بونیادنانەوەی دەدات، چونکە ((ناوەڕۆکی کەرنەڤاڵ گومانکاریە، لە مردنەوە بۆ پاتە لە دایکبوونەوە، لە زەمەنی وێرانکردنەوە بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوە))[2]. کەواتە دیکتاتۆری و پیرۆزیی لە کەرنەڤاڵ جێی نابێتەوە، چونکە لەوێدا هەموویان یەك جۆر مافیان هەیە. کەرنەڤاڵ تێکشکاندنی شەختەی تاکدەنگی بوو. دواتر ئەمە لەنێو کایەی ئەدەبی و تەنانەت سیاسیش ڕەنگیدایەوە. لە کایەی سیاسیدا شۆڕشی ڕێنیسانس و ئەو دیموکراتییەی ئێستا لە ئەورووپا بوونی هەیە و لە کایەی ئەدەبیش لە ژانری ڕۆمان. ڕۆمان هەم پێشکەوتن و هەم نوێکردنەوەیەکی چاکی بەخۆیەوە بینی. تەکنیکی نوێی هونەری هاتە نێو ئەم ژانرە، وەکو تەکنیکی دیالۆگ، فرەگۆشەنیگا، فرەدەنگ و... تاد.

باختین لە درێژەی توێژینەوەی لە کەرنەڤاڵ، دێتە سەر باسکردنی پێکەنین. ڕۆڵی پێکەنین، ڕۆڵێکی ڕەخنەکارانەی خەڵکە بەشداربووەکەی کەرنەڤاڵە. لە ڕێی پێکەنینەوە ئەم خەڵکە دەنگی خۆیان هەڵدەبڕن، ڕەخنەدەگرن. ئەم ڕۆڵەیش ڕاڤە دەکات. ((پێکەنینی کەرنەڤاڵی هێزێکی

١. قضايا فن الابداعي عند ديستويفسكي، م.ب.باختين، ص١٧٨.

٢. المبدأ الحواري، دراسة في فكر باختين، تزفيتان تودوروف، ص١٠٤.



وێرانکەرە، کە بە چوار هۆکاری گرنگ دژایەتی فەرهەنگی دەرەبەگایەتی (فیودالی) دەکات:

١. پێکەنین نەریتی ئەوان ڕەتدەکاتەوە و بە ئایندەوە پەیوەستە: بە جۆرێ شۆڕشی گۆڕانکاریی و بەردەوامی دەخوازێت.

٢. لە بەرانبەر پارێزی ژیانی مەعنەوی سەدەکانی ناوەڕاست، کەرنەڤاڵ گرنگی بە ژیانی جەستەییدا، کردی بە دەق. (واتە ئازادی جەستەی، لە بەرانبەر پارێزی کڵێسا داواکرد).

٣. ڕژدبوونی فەرهەنگی سیستمی فەرمی، بە پێکەنین و گاڵتەی کەرنەڤاڵی ڕەت دەکردەوە.

٤. کۆتا دژایەتی، ململانێی دیدی ژیان و مەرگە. کەرنەڤاڵ بیری خوایەکانی فەرمی بە غەوارە دەزانی))[3].

ئەگەر بە وردی تەماشای ئەو چوار خاڵە بکەین. دژکارییەکی تەواوی لەگەڵ ئەو سیستم و ڕێسایانەی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیە. هەرچی ڕێسایەك لەو سەردەمەدا هەبووە، تەنیا لەخزمەت پاشا و پیاوانی کڵێسادا بووە. هیچ سوود و قازانجێکی بۆ جەماوەر و هەژاران نەبووە. جگە لەوەیش هەمیشە دەنگی جەماوەر کپ دەکرا. بەهۆی سازکردنی ئەم کەرنەڤاڵەوە، جەماوەر دەیتوانی دژایەتی خۆی، ئەوەی لە ناخیدا پەنگی خواردبوویەوە، دەربڕێت. تاکو بوو بە کلتوورێك، ئەم کلتوورە کاریگەری گەورەی لەسەر کۆی کایەکانی ژیانی ئەو سەردەمە هەبوو.

٣. چند صدایی، باختین، کارناول، خنده: مجتبی دهقان : وارگەی:
http://deadpoet.persianblog.ir/post/28

باختین بۆ تیۆرەکانی سوودی لە کەرنەڤاڵ وەرگرت، چونکە بنەماکانی فرەدەنگی تێدا بوو. ئەو هات ئەم بنەمایانەی لەنێو دەقە ئەدەبییەکان، بەتایبەت ئەوانەی (ڕابلێ و دیستۆیفسکی)دا پراکتیزە کرد. لەلای باختین ئەم دووانە، بەتایبەت دیستۆیفسکی لە سەدەی بیست گەورەترین نوێکەرەوەی ئەدەبن. لە ژانری ڕۆمان باختین کۆی ڕەگەز و بنەما نوێیەکانی ڕۆمانی لەلای دیستۆیفسکی لەسەر ئەو دەنگە جیاوازانەی لە ڕۆمانەکانیدا هەن، دیاریکرد. ئەمەیش بووە هۆی شکاندنی ئەو شێوە باوەی ڕۆمان، کە لەسەر مەنەلۆگ (تاکدەنگی) لە ئەورووپا بونیادنرابوو. لێرەوە دید و تێڕوانینێکی نوێ بۆ توێژینەوە لە ڕۆمان پەیدا بوو.

بۆ زانینی مێژووی چەمکی فرەدەنگی لە پێش باختین بۆ دیالۆگی سوکراتی و کەرنەڤاڵ گەڕاینەوە. هەروەها شانۆگەرییەکانی سەردەمی یۆنان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەیدابوونی دیالۆگ وەکو بنەمایەکی چەمکی فرەدەنگی هەبووە.

پاشان (فلۆبێر) بە تێڕوانینێکی تایبەت، هەوڵیدا وەگێڕ/نووسەر لەنێو بەرهەمەکانی بزر بکات. یان دەنگی کپ بکات. دواتر ((لە بەرهەمی (شانۆی ڕووداوەکان) کە یەکێکە لە هەوڵەکانی، پراکتیکی کرد))[١]. ئەم هەوڵەی (فلۆبێر) دواتر بوو بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ڕۆمانی فرەدەنگی، چونکە ڕۆمانی فرەدەنگی لەسەر بنەمای دیالۆگ بونیادنراوە. لەگەڵ بزربوونی دەنگی وەگێڕ، دەنگی کارەکتەرەکان دەبیسترێت، ئەمەیش ئازادی بەخشینە پێیان.

١. وجهة النظر في روايات الاصوات العربية، د. محمد نجيب التلاوي، ص٤٨.



شێوەیەکی دی، کە دەتوانین لە ڕووی مێژوویییەوە، سەرەتاکانی فرەدەنگی تێدا بدۆزینەوە. ئەویش جۆرێکە لە ڕۆمان، کە (ڕۆمانی نامەیی)یە. ئەم جۆرەی ڕۆمان، گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕێی نامەوە دەبێت. یان نامە گۆڕینەوە لەنێوان کارەکتەرەکاندا بوونی هەیە، لە چواچێوەی ئەو نامانە ڕووداوەکان و ململانێیەکان دەگێڕدرێنەوە. یان وەگێڕ ڕاستەوخۆ لە ڕێی نامەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. ڕۆمانی (ئازارەکانی ڤارتەر)ی (گۆتە)ی ئەڵمانی یەکێکە لە نموونە جوانەکانی ئەم شێوەیەی ڕۆمان. هەروەها ڕۆمانی (ماجدۆلین) یان (لەژێر دارەکانی زەینەفوون)ی ڕۆماننووسی فەرەنسی (ئالفۆنس کار)، نموونەیەکی بەرزی ڕۆمانی نامەییە. ((کە تیایدا چەند کارەکتەر لە دەوری یەك کێشەدا جێگر بوونە، دیالۆگەکانیان لە ڕێی نامەوە دەگۆڕنەوە))[٢]. بەهۆی هەبوونی چەند دەنگێك و بوونی دیالۆگ، لە یەکچوون لەنێوان ڕۆمانی فرەدەنگی و ڕۆمانی نامەییدا هەیە. لەوێش هەر دەنگە تەعبیر لە بیروڕا و چیرۆکی خۆی لە ڕێی نامەوە دەکات.

بەڵام داهێنەری هونەری ئەم تەکنیکە (فرەدەنگی) دیستۆیفسکییە. تا نەهاتنی دیستۆیفسکی ئەم تەکنیکە بەو شێوە هونەرییە نەبوو. ((لەلای باختین هۆکاری پەیدابوونی ڕۆمانی فرەدەنگی بۆ بەهرەداری دیستۆیفسکی دەگەڕێتەوە. بەوەی لە یەك کاتدا بۆ یەکجار گوێی لە دەنگەکاندەبوو و لێیان تێدەگەیشت))[٣]. بە هەمان شێوە لە بەرهەمەکانی ڕابلێ، کە

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

3 . On literature and art، Anatoly Lunacharsky، Moscow، 1965، p117.

زیاتر بنەمای کەرنەڤاڵی هەبوو. سەرچاوەی پێکەنین و فرەدەنگی بوون. تاکو باختین نەهات، ڕەخنەگرێکی دی درکی بەم تەکنیکە لەلای دیستۆیفسکی نەکرد. باختین یەکەم ڕەخنەگر و تیۆردانەرە، ئەم هونەرە مەزنەی لەلای دیستۆیفسکی دۆزییەوە. ئەو توێژینەوەکانی تایبەت بە بەرهەمەکانی دیستۆیفسکی کرد. تیۆرەکانی باختین بە هەمان شێوەی ڕۆمان و تەکنیکە هونەرییەکانی نێو ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی ئاڵۆزن.

لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا ((چەند دەنگێك، کە کارەکتەرن مومارەسەی ئازادی خۆیان بە ئاگاییەکی تەواوەوە دەکەن. ڕایەکانی وەگێڕ لەگەڵ ڕای کارکتەرەکان بەرانبەر دەبێت))[1]. بەرانبەربوونی پەیڤی هەریەك لە کارەکتەرەکان و وەگێڕ لە ڕۆمان، بەبێ ئەوەی وەگێڕ ئەوان بچەوسێنێتەوە، یان دەنگیان نەهێڵێت، بەڵگەی هەبوونی دیالۆگ و ئازادی ڕادەربڕینە.

بە حوکمی ئەوەی لە فرەدەنگی یەك دەنگ، یەك وەگێڕ دەنگی زاڵ نابێت، بۆیەیش لەگەڵ پەیدابوونی ڕۆمانی فرەدەنگی، بەتایبەتی دوای ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی و توێژینەوەکانی باختین، ئیدی ڕۆمانی نوێ بە ئاراستەیەکی نوێدا ڕۆیشت. تەنانەت بۆ بواری کارکتەرەکان زۆربەی ڕەخنەگرانی بواری ڕۆمان هاواری ئازادکردنی کارەکتەریان لە ڕۆماندا بەرزکردەوە. بۆ ئەوەی بە ئازادی جووڵە بکەن، بدوێن. ((سارتەر لە وتارێکدا دەربارەی (فرانسوا مۆریان) لە ساڵی ١٩٣٩ پرسیار دەکات و

١. التجريب في القصة والرواية، سليمان البكري، الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ، ٢٠٠٠، ص١٤.



خۆی وەڵام دەداتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: ئایا دەتانەوێت کارکتەرەکانتان بژێت؟ ئازادیان بکەن))[2].

هەموو خوێنەرێکی جیددی ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی، تێدەگا و هەست بەوە دەکات، ڕۆمانەکانی ئەو لە ڕێی مەنەلۆگەوە ناگێڕدرێنەوە، چونکە ئەوەی ڕۆمانی فرەدەنگی بنووسێت، نابێت لە دەروون و ئاگایی خۆی دەست هەڵگرێت، بەڵکو زیاتر هەوڵی فراوانکردنی پانتایی دیالۆگەکان دەدات، تاکو شێوەی ئاگایی هەموو کارەکتەرەکان لە ڕووی گێڕانەوە و بیرکردنەوە یەکسان دەبێت. واتە هەریەك لەو کارەکتەرانە بەگوێرەی شوێن و پێگەی، کە لەنێو ڕۆمانەکە هەیەتی مافی جووڵە و پەیڤین و گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆی بدرێتێ. بەبێ ئەوەی وەگێڕ هەوڵی زەوتکردنی مافی ئەوان بدات، ئەوەی دیستۆیفسکی کاری لەسەر کردووە، ئەوەیە. بە ڕای ((باختین ڕۆمان لە توێژی گوتار پێکهاتووە، کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە پەنای یەکتر ڕیز دەبن. هەندێکیان هاوئاهەنگ و ڕیکوپێك و هەندێکشیان بە شێوەیەکی دژواز بەرانبەر یەك))[3]. ئەم گوتارانە ڕێخۆشکەرن بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی جیاواز. هەر کارەکتەرە وەکو وەگێڕی لێدێت، گێڕانەوەی بەشێکی ڕووداوەکانی وە ئەستۆ دەکەوێت، چونکە

٢. کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلی-دا، د.نجم خالد زنجیرە کتێبی دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٨. : لەوێش بڕوانە: عالم الرواية، رولان بورنوف و ريال اوئيلية، ترجمة: نهاد التكرلي، ط١، دار الشؤون والثقافة العامة، بغداد، ١٩٩١، ص١٥٢.

٣. لە دەستنووسەوە بۆ ئازارەکانی مرۆڤ، ئارام سدیق، www.dengekan.info/dengekan/6/5775.html

خاوەن چیرۆك و دەنگی خۆیەتی. لێرەوە توانای ڕۆماننووس بەدیار دەکەوێت، لەوەی تاکو چەند لە توانایدایە گێڕانەوە جیاوازەکانی ئەو کارەکتەرانە بە یەکەوە گرێ بدات. دەبێت هەر گێڕانەوەیەك زەمینە بۆ گێڕانەوەی دوای خۆی خۆش بکات. ئەگەر وەها نەبێت هەست بە بۆشایی و لەیەکتر دابڕان لەنێوان چیرۆکەکان دەکەین. فرەدەنگی ئەو تەکنیکەیە ئەمانە هەمووی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەموویان لە چوارچێوەی فەزای گشتی ڕۆمانەکە کۆدەکاتەوە. نووسەر و تیۆرداڕێژەری دیکە، دوای باختین بە شێوەی تر ئەم تەکنیکەیان باسکردووە، بەڵام لە واتا و مەبەستەکەی باختین دەرنەچوون.

(جیرار جینێت) لە وتارێکی درێژ لەمەڕ ڕۆمانی (گەڕان بە دووی کاتی لەدەستچوو)ی (پرۆست) توخمەکانی گێڕانەوە دیاری دەکات. لەوێدا ڕاستەوخۆ باس لە فرەدەنگی ناکات، بەڵام هەندێك توخم و تەکنیك دیاری دەکات، کە بنەمایەکن بۆ ڕۆمانی فرەدەنگی، یان لەنێو ڕۆمانی فرەدنگدا ئەم توخمانە دەدۆزینەوە. یەکێ لەو توخمانەی (جینێت) باسیان دەکات، (فرەپاتی- دووبارەبوونەوە)یە. ئەو تەکنیکەیە ((کە لە ژمارەی گێڕانەوەی ڕووداوێك لە ڕۆمان دەدوێ. ژینێت دەپرسێ کە ئایا ڕووداوێکی دووبارەبوو هەرجارە و لە تاکە ڕوانگەیەکەوە گێڕدراوەتەوە؟ هەرجارە و چ ڕۆڵێکی هەیە؟))[1] دەبینین ئەم تەکنیکەی ناوبراو باسی دەکات، بە شێوەیەکی

---

١. پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بابەك ئەحمەدی، و: مەسعوود بابایی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری نما، کتێبی یەکەم، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل٢١٧.



ناڕاستەوخۆ دەبێتە فرەدەنگ، چونکە لێرەدا ئەم پاتەبوونەوەیە بە چەند شێوەیەك و لە چەند گۆشەنیگایەکەوە دەبێتە هۆی فرەیی لە کارەکتەر و فرەیی لە چیرۆك و فرەیی لە شێوازی گێڕانەوە. کاتێك لە ڕۆمانی فرەدەنگدا سەربەخۆیی دەربڕین بە کارەکتەرەکان دەدرێت، ئەوا هەر کارەکتەرێك ئازاد دەبێت، لەچۆنییەتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی. فرەیی لە گۆشەنیگا بەهۆی پاتەگێڕانەوەی ڕووداوێك لەلایەن چەند کارەکتەرێکەوە دروست دەبێت.

لایەنێکی دیکە، کە (جینێت) باسی دەکات و وەکو بنەمایەکە بۆ دروستبوونی تەکنیکی فرەدەنگی ئەویش فرەوەگێڕییە. هەرچەندە ئەمە دواتر بە تێر و تەسەلی باسی دەکەین، بەڵام ناوبراو لەم وتارەیدا باسی پەیوەندی نێوان وەگێڕ و ئەو ڕووداوەی دەیگێڕێتەوە دەکات، ئەمانە هەمووی ڕۆڵیان لە بەدیهێنانی تەکنیکی فرەدەنگییدا هەیە. ڕاستە (جینێت) ڕاستەوخۆ وەکو باختین باسی نەکردووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە سوودی لە باختین وەگرتووە، چونکە تاکو ئێستا کەس وەکو باختین بەو شێوەیە هونەرییە باسی فرەدەنگی نەکردووە، ئەوانەی دوای ئەویش باسیان کردووە، لەبەر ڕۆشنایی بۆچوون و بیروڕاکانی دا باسیانکردووە.

(ژولیا کریستۆڤا) یەکێکی دیکەیە لەو تیۆردانەر و ڕەخنەگرانەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی فرەدەنگی کردووە. ئەوە ئاشکرایە ناوبراو یەکەم کەسێك بووە زاراوەی دەقئاوێزانی بەکارهێنابێت. لێرەدا دەقئاوێزان وەکو هۆکارێکە بۆ هاتنەئارای تەکنیکی فرەدەنگی. (کریستۆڤا) پێنج

مێتۆد دیاری دەکات، کە دەقێك دەتوانێت لە پەیوەندی لەگەڵ دەقێکی تردا بێت. ئەم پێنج مێتۆدە بریتیین لە: ((

١. کەتوارە کۆمەڵایەتییەکان، یان جیهانی ڕاستەقینە.

٢. فەرهەنگی گشتی یان ئەو زانیارییە هاوبەشەی کە هەموان پێیان وایە کەتوارە و بەشێك لە فەرهەنگە.

٣. دوایین ڕێساکانی ژانرە ئەدەبییەکان.

٤. یارمەتی وەرگرتن و پشت بەستنی دەقێك بە دەقە هاوشێوەکان.

٥ ڕۆنانێکی ئاڵۆز لەنێو دەق، شوێنێك کە هەر دەقە و دەقێکی دی وەکو پێگە و شوێن دەسپێکی خۆی دەزانێ و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەودا دەناسرێتەوە))[١].

(کریستۆڤا) ئەم پێنج مێتۆدە بۆ دەقئاوێزان دیاری دەکات. واتە هۆکاری ئاوێزانبوونی دەقێك بۆ ناو دەقێکی دیکە ئەم پێنج شوێنگەیە هەن، بەڵام ئەمە چۆن بە ناڕاستەوخۆ دەبێتە تەکنیکی فرەدەنگ. یەکێ لە لایەنە ئێستاتیکییەکانی فرەدەنگی بونیادی ئاوێتەکردنە (ئەم بونیادە وەکو لایەنێکی ئێستاتیکی فرەدەنگی لە بەشی سێیەمی ئەم نامەیە بە درێژی باسی دەکەین). ڕۆمان وەکو ژانرێك سوود لە ژانر و ڕەگەزی دیکەی ئەدەب وەردەگرێت. لە خاڵی یەکەم، مەبەستی (کریستۆڤا) ئەوەیە دەبێت ڕۆمان لەگەڵ واقیع بێتەوە. بەو واتایە نا کە لە واقیع بچێت، بەڵکو بەو واتایەی ڕاستەقینەیی پێوەدیار بێت، وەکو کارەکتەرەکان خاوەنی هەست و سۆز بن. هەروەها ئەو دەقە سوود لە فەرهەنگ و زانیاری گشتی

١. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨.



وەردەگرێت، واتە زانیارییەکان دەبێت لەگەڵ فەرهەنگە گشتی و ئێستاییەکان بگونجێت. ئەم میتۆدەیان (تۆدۆرۆف) پشتگیری تەواوی لێ دەکات. کاتێك دەقێك دەهێنێ بۆ نێو دەقێکی ڕۆمان، (بە ئاگایی یان نائاگایی) ئەوا فرەیی لە زمان و شێواز دێتەکایەوە، چونکە هەر ڕەگەز و ژانرێك زمانی تایبەت و شێوازی نووسینی خۆی هەیە، ئەمانە وەکو بنەمایەکن بۆ هاتنەئارای تەکنیکی فرەدەنگی. بۆیەش دەبینین چ (جینیت) و چ (کریستۆڤا) ڕاستەوخۆ باسیان لەم تەکنیکە نەکردووە، چونکە هەر چۆنێکی باس بکەن، هەر تیۆر و بۆچوونەکانی باختین تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە بواری ئەم تەکنیکە هێندە فراوان نییە، بۆ نموونە وەکو دەقئاوێزان کە دەیان جۆر و لقی لێ ببێتەوە. بۆیەش کەمن ئەوانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەکو باختین، کە بۆچوونیان لە باختین جیا بێت، باسی تەکنیکی فرەدەنگییان کردبێت.

## پاری دووەم:
## جۆرەکانی گێڕانەوە

### یەکەم: گێڕانەوەی تاکدەنگی

بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان چەند جۆرێك لە گێڕانەوەمان هەیە. ڕۆماننووس بۆ نووسینی ڕۆمان پەنا بۆ یەك لەو جۆرانە دەبات. ئەوانیش (گێڕانەوەی تاکدەنگی، گێڕانەوەی دوودەنگی، گێڕانەوەی فرەوەگێڕی یان فرەدەنگی). هەریەك لەم جۆرانە خاسییەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

گێڕانەوەی تاکدەنگی بریتییە لە گێڕانەوە، یان پەیڤی یەکدەنگ (کارەکتەر، وەگێڕ) لەنێو ڕۆماندا. بە واتایەکی دی پەیڤینە لەگەڵ خۆ، یان خۆدواندنە. لە ڕووی زاراوەوە مەنەلۆگ (Monologue)ی پێدەڵێن. ((ئەم زاراوەیە بنەڕەتێکی یۆنانی هەیە. لە دوو بەش پێکدێ. (Mono) بە واتای تاك دێ، (Logue) بە واتای گوتار، پەیڤ، قسە دێ. لە تاکدەنگی هەرگیز ئاگایی، یان ئایدیۆلۆجیای دیکە جێی لە بەرانبەر ئاگایی و ئایدیۆلۆجیای نووسەر نابێتەوە))[1]. دەسەڵاتی نووسەر لە ڕۆمانی تاکدەنگییدا بە شێوەیەك دیکتاتۆرانەیە، کە ڕێ بە هیچ دەنگی

---

١. دانش نامەی نظریەهای ادبی معاصر، ایرنا ریما مکاریك، ترجمە: مهران مهاجر و محمد نبوی، مؤسسە انتشارات اگاه، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٨، ص٩٨.



تر نادات دەربڕی ناخی خۆی بێت. وەگێڕ لەبری کارەکتەرەکان دەپەیڤێت، تەنانەت لەبری ئەوان بیردەکاتەوە.

سەرەتای ئەمجۆرە گێڕانەوەیە لە شانۆنامەکانەوە هاتووە. لێرەدا یەکێك لەسەر شانۆ دەوەستێت و شانۆ پێشکەش دەکات. دواتر ئەمجۆرە گێڕانەوەیە بۆ نێو ڕۆمانیش گوێزرایەوە. تەنانەت ئێستا بە هونەرێکی تری ناودەبەن (ڕۆمانی شەپۆلی هۆش)، وەکو ڕۆمانەکانی (جیمس جۆیس). لە ڕووی زمانیشەوە، باختین زمانی مەنەلۆگ، زیاتر لە شیعر نزیك دەکاتەوە و بە زمانی خوداوەندەکانی دادەنێت و زمانی دیالۆگ بە هی ڕۆمانی دادەنێت.

((لە گێڕانەوەی تاکدەنگی بەشێك، یان هەموو لە ڕۆمان، یان شانۆنامەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ، بۆی تەرخان بکەی. لە هێندێك شانۆنامە مۆدێرنەکان، تەنیا یەك کارەکتەر دەپەیڤێ، وەکو شانۆی (کۆتانەواری کراب)ی (ساموێل بیکێت) و (پێش ناشتایی)ی (یوژین ئۆنێل)ی شانۆنامەنووسی ئەمریکایی))[2]. لە ڕۆمانیش نموونەی ئەمجۆرە گێڕانەوەیەمان لە ئەدەبیاتی جیهانی زۆرە، وەکو: (پاسەوانی دەشت)ی (جی.دی.سالینجەر)، (یولیوس)ی (جیمس جۆیس)، (تووڕەیی و دەنگەدەنگ)ی (ولیام فاکنەر)، (خاتوو دالوی)ی (ڤێرجینا وۆلف)، (شازادە ئێحتیجاب)ی (هۆشەنگ گولشیری)، لە نموونەی ڕۆماننووسانی کوردیش لە هەموویان بەرچاوتر، کە تەنیا بەمجۆرە گێڕانەوەیە ڕۆمان دەنووسێت (شێرزاد حەسەن)ە.

---

٢. واژەنامەی هنر داستان نویسی، جمال میرصادقی و میمنت میرصادقی، کتاب مهناز، چاپ دوم ،تهران، ١٣٨٨، ص ٧٨-٧٩.

زۆربەی جاران وەگێڕ لەنێو ڕۆمانی تاکدەنگییدا ڕووداوەکان بە جێناوی سەربەخۆی (من)، یان جێناوی لکاوی کەسی یەکەم (م)ە. هێندێکجاریش بە جێناوی کەسی سێیەم نادیار دەگێڕدرێتەوە. بۆ نموونە: (تۆ هەستت بە خەمێکی قووڵ دەکرد... تاد). دەبینین وەگێڕ نادیارە، کارەکتەر بەڕێوە دەبات، دەیجووڵێنێت، لەبری ئەو دەپەیڤێت. یان وەگێڕی هەمووشتزانە، وەکو لە سێینەی هەرسێ ڕۆمانی (بەفر، کەمانچە ڕەشەکە، هەنگوین)ی (ماکسێنس فێرمن)، بۆ نموونە ئەم پەرەگرافەی ڕۆمانی (بەفر)ی (فێرمن) وەرگرین:

((یۆکۆئاکیتا سەوداسەری دوو شت بوو:

هایکۆ و

بەفر.

هایکۆ شیعرێکی ژاپۆنی سێ بەیتیی هەڤدە حونجەییە، نە زیاتر و نەکەمتر.

بەفر شیعرێکە لە شێوەی کلووی سپی و جواندا لە هەورەکانەوە ئەبارێ.

ئەو شیعرەی لە ئاسمانەوە دێتەخوارێ، ناوێکی هەیە، ناوێك کە سپێتیەکەی مرۆ سەرسام دەکا، بەفر))[1].

لەم پەرەگرافەدا، دەسەڵاتی تەواوی وەگێڕ دەبینین. تەنانەت کارەکتەر (یۆکۆئاکیتا)، بە بێ پەیڤ و قسەی وەگێڕ توانای جووڵەیشی نییە. ئێمە

١. بەفر، کەمانچە ڕەشەکە، هەنگوین، ماکسێنس فێرمن، ڕۆمان، و: ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧.



لەمجۆرە گێڕانەوەیەدا تەنیا هەست بە دەنگی وەگێڕ دەکەین، کە تەواو ڕۆمانەکە داگیر دەکات. خوێنەر هەست دەکات لەنێو کەشێکی وەستاودایە، چونکە هەمیشە یەکدەنگی بەر گوێیەکان دەکەوێت.

ڕۆمانێکی وەکو (دکتۆر گلاس)ی (یالمار سۆدێرباری)ی ڕۆماننووسی سوێدی، بە جێناوی سەربەخۆی (من) ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەگێڕدرێتەوە. وەگێڕ کە دکتۆر گلاسە لە ڕێی نووسینی یادنووسەکانی ڕۆژانەیەوە دەپەیڤێت. خوێنەر هەست دەکات ((لەوێ لە ناخی وەگێڕ کەسێك هەیە، کە وەگێڕ لەگەڵی دەپەیڤێ، یان بۆی دەگێڕێتەوە))[2]. ئەم خۆدوواندنە تەنیا کارکردنە لەسەر دەروونی کارەکتەرەکان. (حوسێن عارف) لە ڕۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك)، کارێکی نایابی لەمجۆرە گێڕانەوەیەدا کردووە. لێرەوە هەموو ڕووداوەکان لەیەك گۆشەنیگاوە دەگێڕدرێنەوە. ئەگەر ئایدیۆلۆجیای وەگێڕ هەرچی بێت، ئەوا ڕووداوەکان و کارەکتەرەکانیش لەمجۆرەدا دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ئایدیۆلۆجیایە.

(شەپۆلی هۆش)، کە جۆرە تەکنیکێکە، بە هەمان شێوە دەکەوێتە نێو خانەی گێڕانەوەی تاکدەنگی. ئەوەی لەم تەکنیکە زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، لایەنی سایکۆلۆجی کارەکتەرەکانە، لە ڕاستیدا پەیدابوونی ئەم تەکنیکەیش هێندەی تەکنیکی فرەدەنگی کاریگەری لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕۆمان هەبووە. شەپۆلی هۆش ((ڕەوتێکە بۆ

٢. الروايه والتحليل النصى، حسن المودن، دار الامان- منشورات الاختلاف- دار العربية للعلوم، ط١، الجزائر، ٢٠٠٩، ص١٧٧.

شیکردنەوەی دەروونی فیکری سەدەی بیستەم))[1]، چونکە تاقیکردنەوەیەکی عەقڵی و ڕووحییە، کە ئەنجامدەرانی بە کرۆکی دەروون دەگەن.

ئەگەر لە زاراوەکە وردبینەوە (شەپۆلی هۆش/ تەوژمی ئاگایی)، کارکردنە لەسەر شوێنێکی زۆر هەستیاری مرۆڤ، ئەویش ئاگاییەتی. ئەو شوێنەی کە زۆر شتی شاراوە و پەنهانی تێدا حەشاردراوە. ڕەخنەگران لە ڕێی ئەم تەکنیکەوە هەوڵی ئاشکراکردنی ئاگایی و دەروونی ڕۆماننووس دەدەن. ((ئەم تەکنیکە پتر بایەخ بە لایەنی سایکۆلۆجی کەسایەتی سەرەکی دەدات، دەچێتە نێو خودی قارەمان و لە میانی مۆنۆلۆگەوە ئەقڵی ناوەوەی ئاشکرا دەکات، کە هەندێجار قسە و دەربڕینەکانی ئەو خودە دوورن لە قسەی لۆجیکی و پتر لە وڕێنە دەچن))[2]. لەبەرئەوەی لەجۆرە گێڕانەوەیەدا ئیشکردنە لەسەر ناوەوەی کارەکتەر، کەواتە کارەکتەر هەوڵی شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەرەوەی خۆی نادا، ئەمەیش واتەی ئەوە نییە، لە واقیع دابڕێت، نەخێر، بەڵکو لە ڕێی دەروونی خۆیەوە، لە ڕێی لێکدانەوە دەروونییەکانی خۆیەوە بۆ واقیع دەڕوانێت. لەوێوە هەوڵی ڕاڤەکردنی دیاردەکان بەپێی لێکدانەوە دروونییەکانی خۆیەوە دەکات. لەمەوە تەنیا دەنگی یەك کارەکتەر زاڵ دەبێت. زاڵبوونی تەنیا دەنگی یەك

---

[1]. تیار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفری، ترجمة: د. محمود الربیعی، مكتبة الشباب، القاهرة، ١٩٨٤، ص٢٢.

[2]. فەرهەنگی زاراوەیی ئەدەبی و رەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٣٣.



کارەکتەر، یان وەگێڕ هەوڵدانە بۆ دابڕان لە هەموو دەنگەکانی دی، بۆ سەپاندنی دەنگی خۆیەتی بەسەر تەواوی دەنگەکانی دی ناو ڕۆمان. (تۆڵستۆی) یەکێکە لە ڕۆماننووسە بەناوبانگەکان، کە خاوەنی ئەجۆرە گێڕانەوەیەیە، بەڵام زۆرجار لە هێندێك شوێن وەبەرچاومان دەکەوێت، کە (تۆڵستۆی) خاوەنی ڕۆمانی فرەدەنگییە. هەروەکو لە ماستەرنامەی (تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا)*ی (ڕێزان ڕەحمان خدر)، لە لاپەڕە (٣٤) لە باسی فرەدەنگییدا تۆڵستۆی بە یەکێك لە ڕۆماننووسانی ڕۆمانی فرەدەنگی هەژمار دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆمانەکانی تۆڵستۆی ڕۆمانی تاکدەنگین. باختین نموونەی ئەوەمان بۆ دێنیتەوە، کە ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی ڕۆمانی فرەدەنگین و ئەوانی تۆڵستۆی تاکدەنگین. ((باختین تۆڵستۆی بە ڕۆماننوسی تاکدەنگی دادەنێ. ڕستەیەکی ڕۆمانی (ئانا کارنینا)ی ڕۆماننووس دەهێنێتەوە: هەموو بنەماڵە خۆشبەختەکان وەکو یەکن، بەڵام هەر بنەماڵەیەکی بەختڕەش بە شێوەی تایبەتی خۆی بەختڕەشە))[3]. ئەگەر سەیری دەنگی وەگێڕ بکەین، دەنگێکی تاك و ڕەهایە (مطلق). لەم گوتەیە جێی دیالۆگ نابێتەوە، وەگێڕ هیچ بوارێکی بۆ دەنگی تر و گێڕانەوەی تر نەهێشتۆتەوە.

---

* بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی بگەڕێوە بۆ: تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا، ڕێزان ڕەحمان خدر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧، ل٣٤.

[3]. دانش نامەی نظریەهای ادبی معاصر، ایرنا ریما مکاریك، ترجمة: مهران مهاجر و محمد نبوی، ص٩٩.

ڕۆمانی تاکدەنگی پشتی تەواو بە مەنەلۆگ دەبەستێت. هەروەها سێ جۆر لە گێڕانەوەی تاکدەنگیمان هەیە، کە بریتین لە:

١. تاکدەنگی دەروونی.
٢. تاکدەنگی شانۆیی.
٣. خۆدواندن (خودپەیڤی).

## ١.تاکدەنگی دەروونی (Interior Monologue)

دەتوانین ئەمجۆرەیان شەپۆلی هۆشی پێ بڵێین. لێرەدا وەگێڕ/کارەکتەر بە جێناوی سەربەخۆی (من)، یان جێناوی لکاوی (م) دەپەیڤێ. پەیڤەکانیشی زیاتر لەگەڵ دەروونی خۆیەتی. تاکدەنگی دەروونی ((ئەو دیالۆگە ناوەوەیە، ڕێی پێنادرێ بچێتە دەرەوە، بە واتای ئەوەی جیهانی دەرەوە ناتوانێ کایگەری و گرنگی لەسەر جیهانی دیالۆگەکە هەبێت))[1]. دابڕانێکی تەواو لەنێوان وەگێڕی دەروونی و جیهانی دەرەوە هەیە، چونکە وەگێڕی دەروونی تەنیا لەگەڵ درروونی خۆی دەپەیڤێ، لە دەروونی خۆیەوە لێکدانەوە بۆ دەرەوە دەکات، هەڵیاندەسەنگێنێت. زمانی پەیڤینی لە وڕێنە دەچێت. بە نموونەی ئەوەی چۆن منداڵێك لەکاتی یاریکردندا بە

١. جماليات التشكيل الروائي، د.محمد صابر عبيد و د.سوسن البياتي، دار الحوار، ط١، سوريا، ٢٠٠٨، ص٢٩٨.



تەنیا، لەگەڵ خۆی دەپەیڤێ. بەو واتایەی ((هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نییە، کە کەسێکی دی ڕوو لەو بکات، یان وەڵامی بداتەوە))[2].

ئەم مەنەلۆگە لەگەڵ دەروونی خۆ، کەسایەتی ئەو کارەکتەرە لە ڕووی دەروونییەوە دیاری دەکات. هەموو ڕەخنەگرێك مامەڵەیەکی سایکۆلۆجی لەگەڵ پەیڤ و گوتارەکانی ئەمجۆرە کارەکتەرانە دەکات. لەمجۆرەیان دیالۆگ لەنێو بیر و هزری کارەکتەردایە. بەو واتایەی کارەکتەر ئەوەندەی لەگەڵ دەروونی خۆی لە ململانێدایە، ئەوەندە لەگەڵ دەورووبەردا نییە. کارەکتەر دەروونی خۆی دەکاتە شوێنی چارەسەری گرفتەکان، نموونەی ئەمجۆرەی گێڕانەوەی تاکدەنگی لە ڕۆمانی جیهانی زۆرە، ڕۆمانەکانی (جیمس جۆیس)، (شازادە ئێحتیجاب)ی (هۆشەنگ گوڵشیری)، ڕۆماننووسانی ڕەوتی ڕۆمانی نوێ نموونەی ئەمجۆرەیان هەیە وەکو(ناتالی سارووت، ئالان ڕۆب گرێ، کلۆد مۆریان).

## ٢. تاکدەنگی شانۆیی:

ئەمەیشیان جۆرێکی تری گێڕانەوەی تاکدەنگییە. لە ڕێیەوە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان دەگێڕدرێنەوە. لەمجۆرەیان وەگێڕ/ کارەکتەر بۆ کەسی بەرانبەری دەپەیڤێ. واتە لێرەدا خوێنەر دەزانێت، کەسێك لە

٢. عناصر داستان، جمال میرصادقی، انتشارات سخن، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٠، ص٤١١.

بەرانبەر وەگێڕ/کارەکتەر هەیە، بەڵام خوێنەر ئەو کەسە (گوێدێر)* نابینێت، بەڵام بوونی کەسێك ئامادەیە. وەگێڕیش هەست بەو کەسە نادیارە و ئامادەیە دەکات. وەکو کارەکتەرێك لەسەر شانۆ ڕووداوەکانی ئەو شانۆیە بۆ بینەرانی شانۆکە دەگێڕێتەوە، بەڵام بینەر هیچ وەڵامێکی وەگێڕ/کارەکتەر ناداتەوە. تەنانەت جووڵەیش ناکات. بۆیەیش تەنیا بوونی ئامادەیە وەکو گوێگرێك و بەس. ((لە تاکدەنگی شانۆیی کارەکتەری ڕۆمان، لە ئێستادا بە دەنگی بەرز بۆ بەرانبەرەکەی دەپەیڤێ، کە نادیار و نەناسراوە))[1]. کەواتە وەگێڕ بۆ کەسی بەرانبەری، کەسی دووەم دەپەیڤێ. هەر لەڕێی وەگێڕی تاکدەنگی شانۆییەوە، کات و شوێن و پێناسەی کارکتەر و جێی دەزانرێت. واتە وەگێڕ ئاگاداری هەموو شتێکە لەهەمان کاتدا تەنیا دەنگی ئەو دەبیسترێت.

جیاوازی نێوان تاکدەنگی شانۆیی و تاکدەنگی دەروونی لەوەدایە، ((لە تاکدەنگی شانۆیی کەسێك لە بەرانبەر وەگێڕ ئامادەیە و بۆی دەپەیڤێ، بەڵام لە تاکدەنگی دەروونی کەس لە بەرانبەر وەگێڕ بوونی نییە، بەڵکو لەگەڵ دەروونی خۆی دەپەیڤێ))[2]. نموونەی بەرچاوی ئەمجۆرە

* وشەی (گوێدێر)مان لەبری ( المروی له ) داناوە، لە زمانی کوردی وشەی (گوێگر، بەردەنگ، بۆگێڕەوە... تاد)ی بۆ بەکاردێت، بەڵام ئێمە بە ڕاوێژ لەگەڵ چەند مامۆستایەکی پسپۆڕی زمانەوانی ئەوەمان پێ پەسنتر و کوردیتر بوو.

١. واژەنامەی هنر داستان نویسی، جمال میرصادقی و میمنت میرصادقی، ص٨٠.

٢. عناصر داستان، جمال میرصادقی، ص٤١٤.



ڕۆمانە، ڕۆمانی (کەوتن)ی (ئەلبێر کامۆ)یە، هەروەها ڕۆمانی (پەیکەری فەرهاد)ی (عەباسی مەعرووفی)یە.

### ٣.خۆدواندن (خودپەیڤی)

ئەمجۆرەیان لەگەڵ جۆری دووەم (تاکدەنگی شانۆیی) زۆر لە یەکتریەوە نزیکن. لێرەیش وەگێڕ ڕووی گێڕانەوەی لە کەسی بەرانبەرە. وەگێڕ لەمجۆرە گێڕانەوەیەدا کەسی بەرانبەر (مخاطب)، لە هەموو بیر و هەستێکی خۆی لە ڕێی پەیڤەکانییەوە ئاگادار دەکاتەوە. ئاشکرا نیشاندان و گوتنی ئەمانەیش یارمەتی بەرەوپێشبرنی ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان دەدات. ((یەك جیاوازی لەنێوان ئەمجۆرە و تاکدەنگی شانۆییدا هەیە. لە تاکدەنگی شانۆیی وەگێڕ ئاگادارە و هەست بە بوونی بەرانبەرەکەی دەکات، بەڵام لەمجۆرەیان وەگێڕ لە ئامادەیی و بوونی کەسی بەرانبەر بێئاگا و هەواڵێکی نییە))[3]. بۆیەیش هەست بە بەرزیی تۆنی دەنگ لە تاکدەنگی شانۆیی دەکرێت، بەڵام لێرەدا ئەم تۆنە نزمترە، بەڵام هەیە. لەم ڕووەوە ئەم دووانەیان (تاکدەنگی شانۆیی و خودپەیڤی) جیاوازییان لەگەڵ تاکدەنگی دەروونی دەبێت. تۆنی پەیڤی ئەم دووانەیان بەرزترە، بەرانبەرەکەیان گوێی لێ دەبێت، بەڵام لە تاکدەنگی دەروونی تەنیا خۆی گوێی لێ دەبێت، چونکە هیچ بوونێك لەمەیاندا ئامادەیی نییە. نموونەی ئەمجۆرە گێڕانەوەیە، ڕۆمانی (شەپۆلەکان)ی (ڤێرجینا وۆلف).

٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٤١٨.

## دووەم: گێڕانەوەی دوودەنگی

شێوەیەکی تری گێڕانەوەیە، لە ڕۆماندا.ئەمجۆرەیان بریتییە لە هەبوونی دوودەنگ، کار لە یەکتری دەکەن، دەبنە هۆی هێنانەدی دیالۆگ. بەواتای هەر دەنگێك بەرهەمهێنەری دەنگی ترە. ئەمە پرۆسەیەکە لەنێوان دوو ئاخێوەر(قسەکەر) ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی پەیڤ. باختین گرینگی بەم دوودەنگییە دەدات، دەڵێت: ((دوودەنگی ڕەگەزێکە، لەلایەن ئاخێوەرەوە بە ئاراستەی گوێدێر دەچێت، داوای لێدەکا گوێ لە پەیڤەکانی بگرێ، ئەم گوێگرتنەیش بە (نیشانەی گواستنەوەی پەیڤ) ناودەبردرێت))[1]. کاتێك لە ڕۆماندا دوودەنگ دەبێت، ئەو کاتەی گوێدێر، گوێی لێی ئاخێوەر گرت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، پەیڤی ئاخێوەر دەتوانێت بە ئاراستەی گوێگر بڕوات، بەڵام ئەگەر گوێدێر، گوێی لە پەیڤەکانی ئاخێوەر نەگرت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە، گوێدێر نایەوێت ئەو پەیڤانەی بۆ بگوازرێتەوە. واتە دوودەنگی ڕوونادا، دیالۆگ ڕوونادات.

تاکە جیاوازی، کە باختین لەنێوان ئەمجۆرە و گێڕانەوەی تاکدەنگی دەیکات، ئەوەیە لەمجۆرەیاندا (نیشانەی گواستنەوەی پەیڤ) هەیە. ئەم نیشانەیە، کاتێك گوێدێر، گوێ بۆ پەیڤی ئاخێوەر ڕادەگرێت، یان وەڵامی

١. دانش نامەی نظریەهای ادبی معاصر، ایرنا ریما مکاریك، ترجمە: مهران مهاجر، محمد نبوی، ص١٣٠.



دەداتەوە، ئەوە ئاماژەی ئەوەیە ڕەزامەندە لەسەر بەردەوامی دیالۆگ، بەڵام لە گێڕانەوەی تاکدەنگی ئەو نیشانەیە نییە. (نیشانەی گواستنەوەی پەیڤ)، واتای هەر وشەیەك زەمینەخۆشکەرە بۆ وشەیەکی تر. ئەم ئاڵوگۆڕییەی نێوان ئاخێوەر و گوێدێر، زەمینەسازی دەبێت بۆ دروستکردنی کەشێکی لەبار تا ئاڵوگۆڕی بیروڕا بێتەدی، چونکە چەندی ئەم ئاڵوگۆڕییە پەیوەندی بە ئەندامەکانی دەرەوەی جەستەوە هەبێت، ئەوەندەیش پەیوەندی بە بیر و هزری هەریەك لە دوو لایەنی ئاخێوەر و گوێدێرەوە هەیە، ((چونکە گفتوگۆی نێوان کەسەکان تەنیا وێنەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی زمان، یان ئاخێوەرمان پیشان نادا، بەڵکو لەوانەیە وێنەی ناوەوەی ئاخێوەریشمان بۆ دەربخا))[2]. بۆیەیش دەبێت ئاخێوەری یەکەم، ئاگاداری پەیڤی ئاخێوەری دووەم بێت، ئەرکەکانیشیان دەگۆڕنەوە. جارێك ئاخێوەر دەپەیڤێ و کەسی دووەم دەبێتە گوێدێر، جارێکی تر گوێدێر دەبێتە، ئاخێوەر و ئەویان دەبێتە گوێدێر. هەروەها دەنگی دووەم دەبێت شیاوی ئەوە بێت، کە درك بە پاژێك لەو پرۆژەیەی گوتەیە بکات، چونکە ئەگەر پەیڤی هەریەك لەوان ناڕۆشن بێت، کار لە تێگەیشتنی گوێدێر دەکات. ئەمەیش زیاتر لە پەیڤی ڕۆمانی تاکدەنگییدا هەیە. پەیڤەکانی وەگێڕی ڕۆمانی تاکدەنگی زیاتر لە وڕێنە دەچن، بە حوکمی ئەوەی وەگێڕ لەگەڵ دەروونی خۆی دەپەیڤێ، بەمەیش کەسی دووەم لێرەدا نییە، زانیارییەکان لە تاکدەنگی زۆر ناڕوونن، بەڵام لە

٢. البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم العاني، دار الشؤون والثقافة العامة، ٢٠٠٠، بغداد، ص٣٧٧.

دوودەنگییدا زنیارییەکان دەبێت ڕوونیان پێوەدیار بێت، تاکو هەردوودەنگەکە لە زۆر ڕووەوە پلە و ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری یەکتر بزانن.

کاتێك دەنگەکان لەگەڵ یەکتری دەکەونە گفتوگۆ، هەر لەم ڕێیەوە پرۆسەی گێڕانەوە دەست پێدەکات، واتە لە کاتی ئەنجامدانی دیالۆگ، لە هەمان کاتدا لەنێو پرۆسەی گێڕانەوەدان. کەواتە دیالۆگ، یەکسانە بە گێڕانەوە. هەروەها هاوسەنگی لەنێوان بەشەکانی گێڕانەوە ڕادەگرێت ((لەگەڵ دیالۆگدا جۆرێك لە هاوسەنگی و یەکسانی لەنێوان بەشەکانی گێڕانەوەدا دروست دەبێت))[1]. ئەمە هەمان ئەو هاوسەنگییەیە، کە فرەدەنگی گەرەکیەتی، چونکە ئەو چیرۆکانەی لەنێو پرۆسەی گێڕانەوەدا هەن، هەریەکەیان بەپێی قەبارە و ڕۆڵی خۆی، پێگەی پێدراوە. نابێت یەکیان بەسەر ئەویتردا زاڵبێت.

باختین هەر لە درێژەی توێژینەوە لە گێڕانەوەی دوودەنگی، دووجۆر لە دوودەنگی لە ڕۆماندا لە یەکتری جیادەکاتەوە. باختین ((جۆرەکانی دوودەنگی دیار و نادیار لە یەکتر جیادەکاتەوە))[2]. ڕاڤەی هەریەکەیان دەکات، بەڵام جۆری (دوودەنگی دیار-معلوم-) بە گرنگتر لە جۆری (دوودەنگی نادیار-مجهول-) دادەنێت. بەمشێوەیە دوودەنگی نادیار ڕاڤە دەکات. ((لە دوودەنگی نادیار، نووسەر ڕێ بە دەنگی دووەم دەدا، زایەڵەی

١. الحوار القصصی، تقنیاتة و علاقتة السردیة، فاتح عبدالسلام، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ط١، ١٩٩٩، ص٤٢.

٢. دانش نامەی نظریەهای ادبی معاصر، ص١٣٠.



دەنگی ببیسترێت، بەڵام بە مەرجێ لەژێر کۆنترۆڵی پەیڤی تر بێ))[3]. لەمجۆرەیان هەست بە دەنگی دووەم دەکرێت، بەڵام دەنگی دووەم ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی دەست لە کاروباری گێڕانەوە وەربدات، تەنیا ئەوەندە ڕێی پێدەدرێت دەنگی ببیسترێت. وا بکات خوێنەر دەنگی ببیستێت. خاوەن ڕایەڵەی خۆی بێت. زۆربەی نووسەرەکانیش دەنگی دووەمیان قبووڵە. ئەم قبووڵکردنە پەیوەندی بەتینی نێوان ئاخێوەر و تاکی دیکەوە دەردەخات، چونکە ڕۆماننوسیش سوود لە پەیڤەکانی دەنگی دووەم وەردەگرێت، ئەندێشە و بیرکردنەوەیان لەیەکەوە نزیك دەبێت، چونکە لەمجۆرەیان دەنگی دووەم لەژێر کۆنترۆڵی نووسەردایە.

هەرچی دوودەنگی دیارە، ((هەرکاتێك مشتومڕ لە پەیڤەکان پەیدابوو، کە بەهۆی ئەم مشتومڕەوە، تاکدەنگی نەگۆڕانە بەرانبەر دەنگی تر(تاکی تر) ناتەبا بوو، یان لەژێر کۆنترۆڵی ڕۆماننووس دەرچوو، ئەوا بە دوودەنگی دیار (معلوم) ناودەبرێت))[4]. لێرەدا دەنگی دووەم لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت خۆی لەژێر دەسەڵاتی ڕۆماننووس ڕاپسکێنێت، دەیەوێت ئەوەندە زایەڵەی هەیەتی بە سەربەخۆیی دەریببڕێت. هەوڵی ئەوە دەدا ئەو چیرۆکەی هەڵگریەتی، بە دەنگی خۆی بیگێڕێتەوە، نەك لەژێر کۆنترۆڵی ڕۆماننووس.

بنەمای سەرەکیی دوودەنگی ئەو پەیڤانەیە، کە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن. زمانی ڕۆژانە ئەو گەنجینەیەیە، کە ژانری ڕۆمان بەگشتی

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

٤. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

سوودێکی زۆری بۆ زۆرێك لە توخمەکانی لێ وەردەگرێت. بەتایبەت بۆ هونەری دیالۆگ. لە دیالۆگ پەیوەندی نێوان تاکەکان دیاری دەکرێت، چونکە لە دوودەنگی بە هەمان شێوەی دیالۆگ، ئاخیوەر چاوەڕێی ئەوە دەکات، گوێدێر وەڵامێکی دیالۆگئامێزانەی بداتەوە، چونکە ((بە بڕوای باختین ڕۆمان دەقێکی تاکدەنگی نییە. بەڵکو بەرهەمێکی فرەدەنگ، یان دیالۆگئامێزە))[1]. لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەدا، دەقی ڕۆمان، دەقێکە لە دەنگێك زیاتری تێدایە.

بۆ بیستنی دەنگی دووەم، لە گێڕانەوەی دوودەنگی، دەبێت بواری پێ بدرێت تاکو پەیڤەکانی بڵێت. بەو واتایەی پەیڤگوتن بە نۆرە دەبێت. ناکرێت دوو دەنگ لە یەککاتدا بپەیڤن. جوانترین نموونەی ڕۆمانی دوودەنگی، جۆری ڕۆمانی نامەییە. لەوێدا دەنگی یەکەم، دەنگی دووەم لە ڕێی نامەوە دەگوازێتەوە.

١. داستان این قرار بود، حسین صافی، ناشر رخ داد نو، چاپ اول، تهران، ١٣٨٨، ص٢٠٤.



## سێیەم: گێڕانەوەی فرەوەگێڕی، یان فرەدەنگی

دوای ئەوەی ڕۆمانی نوێ بەهۆی هاتنە ناوەوەی تەکنیك و هونەری نوێوە پێشکەوت، جۆری گێڕانەوەیش بە هەمان شێوە پێشکەوتن و جۆری نوێی بەخۆوە دی. وەگێڕیش ئەو بوونەیە لەنێو ڕۆماندا، ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی وەئەستۆیە. هەروەکو پێشتر بەرباسمان دا، لە ڕۆمانی کۆندا یەك وەگێڕمان هەبوو، هەموو گێڕانەوە و ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکانی لەژێر دەسەڵاتدابوو، هەرچەندە ئەمجۆرەیان جۆری تری هەیە، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا، ئەم قاڵبە تێکشکێندرا. زۆربەی توێژەران ئەمە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکانی ئەورووپی دەگەڕێننەوە، ((ئەویش بە گۆڕانی کۆمەڵگە لە دیکتاتۆری و چینایەتی، بۆ ئازادی و گەشەکردنی بورجوازی، ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی هونەری ڕۆمان هەبوو))[2]. کرانەوەی کۆمەڵگەکانی ئەورووپی کاری لە تێڕوانینی تیۆرناسان و نووسەرانی ئەدەب بەگشتی و ژانری ڕۆمان بەتایبەتی کرد. وەگێڕی تاکدەنگی، یان هەمووشتزان (چەند جۆرێکی هەیە، دواتر ڕوونیان دەکەینەوە). لە هەموو ڕۆمانەکانی کۆن ئامادەیی هەبوو. دوای هاتنی (هنری جیمس) ئەمە گۆڕانی بەسەردا هات. چیدیکە وەگێڕ بە تەنیا ئەو بوونە نەما هەموو شتێکمان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵکو خۆیشی وەکو

٢. وجهه النظر في روايات الاصوات العربية، د. محمد نجيب التلاوي، ص١٠.

دەنگەکانی تر، دەبێتە دەنگێك لەنێو ڕۆمانەکە و بەشێك لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دەکەوێتە سەرشان.

((وەگێڕ لە پرۆسەی گێڕانەوەدا کەسێکە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، سا یان بە شێوەیەکی زارەکی، یان لە میانی نووسراو، یان کتێبێکەوە بێت))[1]. وەگێڕ پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەرشانە، ئەو ماسکەیە، کەسێك دەیپۆشێت لە پشتییەوە پرۆسەی گێڕانەوە ئەنجامدەدات. بابەتی گێڕانەوەیش ئەوەیە، وەگێڕ لە ڕێی گوتاری گێڕانەوە بۆ گوێدێر دەگێڕێتەوە. بۆیەیش بەرپرسیاریەتییەکی گرنگی لەسەرشانە، چۆن ئەو پرۆسەیە بەسەرکەوتوویی و تەکنیکی هونەری ئەنجامدەدات، چونکە دەبێت باوەڕ بە خوێنەر بهێنێت. جادوویەك لە خوێنەر بکات و تێکەڵی نێو ڕووداوەکانی بکات، دەتوانێت زانیاری نوێمان پێ ببەخشێت. بە واتای ڕۆماننووس لە ڕێی وەگێڕەوە کلتوور و فەرهەنگی ئەو میللەتەمان پێدەناسێنێت، ئەمەیش واتای ئەوە نییە خودی ڕۆماننووس بێت، نەخێر، بەڵکو ڕۆماننووس تەنیا تایپیستێکی وەگێڕە. زۆرجار ئەم کێشەیە لەنێو نووسینەکان وەبەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە فلان وەگێڕ لە فلان ڕۆمان خودی ڕۆماننووسەکەیە، ئەم تێڕوانینە هەڵەیە، چونکە هەرگیز ناتوانین بڵێین کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی (کۆلارەباز)ی (خالید حوسێنی)، خودی ڕۆماننووسە. هەرچەندە ئەگەر سەیری کارەکتەرەکە بکەین، وەکو ڕۆماننووس (خالید حوسێنی) پزیشکە، هەروەها منداڵیی خۆی بەرباس دەدا، بەڵام هەرگیز ئەو کارەکتەرە (خالید حوسێنی)

١. فەرهەنگی زاراوەیی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل٢٤١.



ڕۆماننووس نییە. ئەو شوێن و کارەکتەرانەی لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا هەن، هیچیان واقیعیی نین، ڕاستە هەموو ئەو ناوانە لە واقیعدا بوونیان هەیە، بەڵام لەنێو ڕۆمان و چیرۆك، ئەو ناو و شوێنانە، جگە لە ناو و شوێنی ئەدەبی چیدیکە نین.

ئەوە گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕۆماندا هاتن، زەمینەخۆشکەربوو بۆ هاتنە ناوەوەی تەکنیکی نوێ. ئەم گۆڕانکارییانە پەیوەندی ((بە گێڕانەوەیەکی هونەری هەبوو، کە دیموکراتی بوو، بە واتای کرانەوەی شوێنی وەگێڕ لەسەر دەنگی کارەکتەرەکان، لەوێدا چی تر دەنگیان کپ نەدەکرا، بەڵکو ئازادبوون لە تەعبیرکردن لە خۆیان، ڕێ بە پەیڤە جیاوازەکانیان، گوتجاوەکانیان، دژەکانیان درا))[2]. ئەم ئازادی بەخشینە کاریگەری لەسەر ڕەوتی گێڕانەوە هەبوو، بەوەی کارەکتەرەکانیش ڕۆڵیان لە گێڕانەوەدا هەبێت. هەر لەگەڵ ئەمەیش ئەرکی (وەزیفەی) وەگێڕیش گۆڕانکاری بەسەردا هات. (جیرار جینێت) پێنج ئەرك بۆ وەگێڕ دیاری دەکات: ((ئەرکی گێڕانەوەیی، ئەرکی ئایدیۆلۆجی، ئەرکی کارگێڕی، ئەرکی باری گێڕانەوە، ئەرکی بەیەکگەیاندن))[3]. دیاریکردنی ئەم ئەرکانە بەڵگەی جۆراوجۆری وەگێڕن لە گەیاندنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە.

٢. الروای، الموقع و الشكل، يمنى العيد، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، الطبعة الأولى،١٩٨٦، ص١١- ١٢.

٣. خطاب الحكاية، بحث في المنهج، جيرار جينيت، ت: محمد معتصم، عبدالجليل الازدي، عمر حلي، ط١، ١٩٩٧، ص٥٩.

وەگێڕ ڕۆڵێکی مەزن لە هەڵسوڕاندنی ڕووداو و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان دەگێڕێت. هەر تەنیا ئەرکی گێڕانەوەی لەسەرشان نییە، ئەمەیان بەتایبەت لە ڕۆمانی نوێدا، کە خۆیشی بەشدارییەکی کارای نێو ڕووداوەکان دەکات. تەنانەت وەکو کارەکتەرێك دەستی گوێدێر (المروی له) دەگرێت، شارەزای کۆڵانەکانی ڕۆمانەکەی دەکات، ((وەگێڕ نایهەوێ بەردەنگەکەی هەر بە تەنیا لە زانیاریەکانی خۆیدا شەریك بکا، بەڵکە دەیهەوێ جگە لەوەی ڕووداوێك بۆ بەردەنگ دەگێڕێتەوە و لە ئاگەداریەکانی خۆیدا بەشداری پێدەکا. واتە وای لێدێ بەردەنگ هەر بە تەنیا بیسەری وەگێڕ نەبێ، بەڵکە دەگەڵیدا هەنگاو بە هەنگاو بۆ گەیشتن بە چییەتی و چۆنیەتی ڕاستیەکان. هەوڵبدا لە سەرکەوتنەکان و شکستەکان هاوڕێی وەگێڕ بێ))[1]. کەواتە ڕایەڵی نێوان دەق و گوێدێرە. ((بۆگێڕەوە لە بونیادی گێڕانەوەییدا بریتییە لە ناوەندێك لەنێوان چیرۆکبێژ و خوێنەردا))[2]. کەواتە هەردووکیان (وەگێڕ و گوێدێر) هاوکاری یەکترن بۆ گەیاندنی ئەو چیرۆکەی دەیگێڕنەوە بە خوێنەر. هاوکارن بۆ تەواوکردنی پرۆسەی گێڕانەوەکە.

ئەگەر بە خێرایی چاوێك بە مێژووی هونەری گێڕانەوەدا بگرین، بۆ زانینی مێژووی زاراوەی وەگێڕ لە پرۆسەی گێڕانەوەدا. یان بۆ زانینی بۆچوونی تیۆرناسان لەمەڕ ئەم زاراوەیە و دیاریکردنی جۆرەکانی، چونکە

١. گۆشەنیگای زانای گشتی لە گۆشەنیگای ترەوە، ڕەهبەر مەحموودزادە، وێبلاگی ئەنجومەنی ئەدەبی شنۆ: http://e-shino.blogfn.com/post-21.aspx

٢. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل٢٥٥.



لە ڕێی زانینی بۆچوونی ئەو تیۆرناسانە و جۆرەکانی وەگێڕەوە، لەوەیش دەگەین، گێڕانەوەی فرەدەنگی و فرەوەگێڕی چۆن بەم ئاستەی ئێستای گەیشتووە. یان بۆ زۆربەی گێڕانەوەی ئێستا پشت بە فرەوەگێڕی دەبەستن.

ئەگەر بۆ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی وەگێڕ هەوڵبدەین، دەبێت وەکو زۆربەی چەمکەکانی تر بۆ لای ئەفلاتوون و ئەرستۆ بگەڕێینەوە. ئەوان سێ جۆریان دەستنیشانکردووە: ((

١. وەگێڕێك (شاعیر / نووسەر)، کە دەنگی بەکاردەهێنێت، واتە خۆی ڕووداوەکان بە دەنگی خۆی دەگێڕێتەوە.

٢. کەسێك، کە دەنگی کەسانی تر لاسایی دەکاتەوە، بە دەنگی ئەوان، کە هی خۆی نییە، دەپەیڤێ.

٣. کەسێك، کە دەنگی خۆی و ئەوان تێکەڵاو دەکا و دەپەیڤێ))[3].

دیاریکردنی ئەم سێ جۆرە، لە سەردەمی یۆنانییەکاندا زیاتر بۆ شانۆ بەکاردەهات. تا ئێستایش ئەم سێ جۆرەی لەنێو هونەری گێڕانەوەدا وەبەرچاو دەکەون، بەڵام ئاشکرایە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. جۆری یەکەمی دیارە وەگێڕی هەمووشتزانە. جۆری دووەم و سێیەمی زیاتر بەرەو فرەوەگێڕی دەچێت، چونکە لەوێدا زیاد لە دەنگێك بوونی هەیە.

وەگێڕ و گۆشەنیگاکەی (وجهه النظر)، دوای ئەوەی گورزێکی کوشندە لە وەگێڕی هەمووشتزان درا، کاتێك ئازادی بە کارەکتەرەکان درا. ڕۆماننووس بیر و تێمەکانی هەروا سادە و ساکار ناخاتەڕوو، بەڵکو لە ڕێی گۆشەنیگای وەگێڕەوە بۆ گوێدێری دەخاتەڕوو. ((لەبەرئەوەی هەموو

٣. واژەنامە هنر داستان نویسی، جمال میرصادقی و میمنت میرصادقی، ص١٣٢.

نووسەرێك بە ئاگایی، یان نائاگایی ئامانجیەتی ئەو بیرۆکەیەی کە ڕەنگدانەوەی گەردوون و سرووشت و مرۆڤە بیخاتەڕوو. لەسەر ئەو بنەمایە گۆشەنیگای وەگێڕ بنکەیەکە ڕووداوەکانی لە دەوردا دەخولێتەوە))[1].

ئەم گۆشەنیگایە شوێنێکە لەوێوە وەگێڕ کاری گێڕانەوەیی خۆی تێدا ئەنجامدەدات. ئەو ڕێیەیە، لە کاتی پیشاندانی ڕووداوەکان دەریدەبڕێت. بۆیەیش چەمکێکی کراوەیە ناتوانین کورتی بکەینەوە لە تەنیا ((زاراوەیەکی فیکری، یان ئایدیۆلۆجی، بەڵکو دەلالەتە لە هەڵوێستی خاوەن کارە ئەدەبییەکە، یان تەنیا گۆشەنیگای فیکرەکەیەتی بە خستنەسەری، ئەو دەربڕینە لۆجیکییەیە، کە نووسەر دیاری دەکات، تاکو بەهۆیەوە گێڕانەوەکەی پێشکەش بکات))[2]. لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا وەگێڕ هەموو گێڕانەوەکە بۆخۆی پاوان ناکات، بۆ نموونە لە ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکیدا ((پارێزگاری لە ئاگایی نموونەیی، بۆ خودی خۆی ناکا، بەڵکو بۆ کارەکتەرەکانی دەپارێزێت))[3]. ئەم دادپەروەرییەی وەگێڕ لە دابەشکردنی ڕۆڵی گێڕانەوە بەسەر کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان، ڕۆمانی بەرەو گێڕانەوەی فرەوەگێڕی برد.

١. الراوی في القصة العربية، يوسف السباعي نموذجا، د.محمد كمال سرحان، رسالة دكتورا، جامعة الامام محمد بن سعد الاسلامية، ٢٠١١، ل٥.

٢. بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، د.سيزا احمد قاسم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٤، ص١٣٠.

٣. قضايا الفن الابداعي عند دوستويفسكي، م.ب.باختين، ت:د. جميل نصيف التكريتي، ص١٤٣.



لێرەوە لە هەوڵدا دەبم جۆر و شێوەکانی وەگێڕ و گۆشەنیگایەکەی لە دیدی چەند تیۆرناس و ڕەخنەگرێکەوە بەرباس بدەم، چونکە لەوێوە ئاگاداری ئەوە دەبین، چۆن ڕۆمانی فرەدەنگ یا فرەوەگێڕ پەیدابووە. هەروەها پەیوەندی وەگێڕ و ڕەوتی گێڕانەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، لەوەیش دەگەین گۆشەنیگای وەگێڕ بەپێی گەشەکردنی هونەرەکانی ڕۆمان ئەویش گەشەیکردووە. لەدواجار بۆتە هۆی هاتنەئارای تەکنیکی فرەدەنگی، ئەم تەکنیکەیش پشت بە گۆشەنیگای کارەکتەرەکان دەبەستێت.

توێژینەوە لە گۆشەنیگای وەگێڕ فراوانە و کاری زۆری لەسەرکراوە. ((لەم دیدگایانەوە توێژەران چەند جۆرێکی گۆشەنیگایان دیاریکردووە و بە پۆلێنی جودا، بۆ نموونە بە شێوەیەکی گشتی وەك دوو شێوە نیشان دەدرێت، کە گێڕەرەوە، یان لەناو چیرۆکدایە، کە خۆی بەشێکی ڕووداوەکانە بە ئەزموون یان بە دیتن، یانیش خۆی لە دەرەوەی چیرۆکدایە و ڕووداوەکان بۆ خوێنەر باس دەکات))[4]. ئەم پۆلێنکردنە، پۆلێنکردنێکی گشتی و سەرەتایی بوو، چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی ژانری ڕۆمان، وەگێڕ و گۆشەنیگایەکی جۆری تریان بۆ زیادبوو. لەسەرێکی دیکەوە ئەمە پەیوەندی وەگێڕ بەوەی کە دەیگێڕێتەوە دیاری دەکات.

٤. پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، ساڵانی ١٩٩٥- ٢٠٠٥، بوشرا قادر کاکەمحەمەد، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١، ل١٤٧: لەم باسەدا سوودی لە: گفتمان نقد ادبی، حسین پاینده، انتشارات روز نگار، تهران، ١٣٨٢، چاپ اول، ص٥٢ وەرگرتووە.

(پێرس لۆبووك) یەك لەو ڕەخنەگرانەیە، گۆشەنیگای وەگێڕ باس دەكات. ئەم ڕەخنەگرە جیاوازی لەنێوان پیشاندان و گێڕانەوەدا دەكات. وای دەبینێت لە پیشاندان‌دا وەگێڕ چیرۆكەكەی خۆی بەبێ هیچ ناوەندێك دەگێڕێتەوە، بەڵام لە گێڕانەوەدا ئاگاداری جیهانی گێڕانەوەكەیەتی، ئەویش گۆشەنیگای وەگێڕ بۆ سێ جۆر دابەشدەكات: ((

١. پێشكەشكردنی پانۆڕامایی: وەگێڕی هەمووشتزان.

٢. پێشكەشكردنی پەردەیی: وەگێڕ لێرەدا ئامادە نییە (غائب)ە، ڕووداوەكان ڕاستەوخۆ پێشكەش دەكرێن.

٣. تابۆیی: ڕووداوەكان لە زەینی وەگێڕ، یان یەكێك لە كارەكتەرەكاندایە))[1].

هەر لەسەر ئەو بنەمایە (لۆبووك) خوێندنەوەیەكی بۆ ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)ی (فلۆبێر) كرد. دووجۆر پێشكەشكردنی ڕووداوەكانی تێدا بەدیكرد. ((یەكەمیان: پێشكەشكردنی پەردەیی، كە تێیدا وەگێڕ لەنێو ڕووداوەكان نائامادە (غائب)ە. دووەم: پێشكەشكردنی پانۆڕامایی بە سرووشتێكی وێنەیی، كە تێیدا وەگێڕی هەمووشتزان ئامادەبوو))[2].

دوای نزیك بە سێ ساڵ (ڕاڵف فریدمان)ی ڕەخنەگر، پەرەی بە بۆچوونەكانی (لۆبووك) دا. (فریدمان) پەیوەندی نێوان وەگێڕ و ئەو

١. صنعة الرواية، بيرس لوبوك، ت: عبدالستار جواد، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص٤٥.

٢. تحليل خطاب الروائي، سعيد يقطين، المركز العربي للطباعة والنشر والتوزيع، ط٣، بيروت، ١٩٩٧، ص٢٨٦.



بابەتەی كە دەیگێڕێتەوە باسكرد. لەوێدا هەشت ئاستی لەو پەیوەندییە دیاریكرد، ئێمە لە بەرانبەر هەر ئاستە و ڕاڤەی خۆمان دەكەین:

١. هەمووشتزان: لێرەدا زانیاری وەگێڕ سنووردار نییە، هەروەها بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی بەسەر تەواوی ڕۆمانەكەدا هەیە. نموونەی ئەمجۆرە گێڕانەوەیە زۆرە، بەلزاك و دیكنز دیارترینیانن.

٢. هەمووشتزانی سنووردار: زانیارییەكانی وەگێڕ سنووردارە، چونكە خۆی و گۆشەنیگاكانی بە ڕاستەوخۆیی بەشداری ناكەن، بەڵكو لە ڕێی جێناوی نادیار بەشدار دەبێت.

٣. (من) وەكو شاهید: گێڕانەوە بە جێناوی نائامادە (غائب) دەبێت. وەگێڕ چیرۆكەكەی لە زۆر لاوە دەگێڕێتەوە. نموونەی ئەمجۆرە ڕۆمانە (بانەكانی ویزەرینگ)ی (ئەمیل برونتی).

٤. (من)ی بەشدار: وەگێڕ لێرەدا لە ئاستی كارەكتەرە، نموونەی ئەمجۆرە ڕۆمانە (سەراب)ی (نەجیب مەحفووز)ە.

٥. هەمووشتزانی فرەگۆشە: گێڕانەوەكە ڕاستەوخۆیە، وەكو كارەكتەرەكان تێیدا دەژین، یان لە هۆشدارییاندا هەیە، وەكو ڕۆمانی (میرامار)ی (نەجیب مەحفووز).

٦. هەمووشتزانی تاكگۆشە: وەگێڕ گێڕانەوەكەی وەكو ئەوەی تەنیا لە هۆشیاری یەك كارەكتەردا هەبێت، كورت دەكاتەوە، وەكو ڕۆمانی (دز وسەگەكان)ی (نەجیب مەحفووز).

٧. شێوەی پەردەی درامی: لێرەدا تەنیا ئاخاوتنی کارەکتەرە بەشداربووەکانی نێو ڕۆمانە، نەك بیروهەستیان پیشان بدرێت، وەکو ڕۆمانی (زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێ؟)ی (هەمینگوای).

٨. کامێرا: ئامانج لێی گواستنەوەی بەشێکە لە ژیان، وەکو ئەوەی چۆن ڕوویداوە بە بێ گۆڕانکاری))[1].

دیاریکردنی ئەم هەشت جۆرەی گۆشەنیگای وەگێڕ، بەڵگەی فراوانبوونی ڕەوتی گێڕانەوەیە. دەکرێت لە یەك ڕۆماندا چەند گۆشەنیگایەکمان هەبێت. بەمەیش وەگێڕمان زیاتر دەبێت. لەمەوە بەرەو گێڕانەوەی فرەوەگێڕی دەچین. هەر وەگێڕە لە گۆشەیەکەوە، کە خۆی لێی دیارە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. ((تێکەڵاوکردنی گۆشەنیگاکان چ بە مەبەستی پیشاندانی زەینییەتە جیاجیاکانی کەسایەتییەکان بێ، چ بە مەبەستی فرەلایەن و فرەتوێدارکردنەوەی چیرۆکەکە، لە بنەڕەتدا تەکنیکێکی مۆدێرنیستەیە))[2]. گۆشەنیگا، جیهانبینی وەگێڕ و کارەکتەرەکانە، لە ڕێی ئەم گۆشانەوە خوێنەر ئاشنای ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەبێت.

---

١. الراوی بوصفه مکونا سردیا، د.سعد العنابی:
http://almolltaqa.com/vb/archive/index.php/t-29488.html

٢. گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەری لە ڕۆمانی کوردیدا (گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی)، د.بەختیار سەجادی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە:٥٣، تشرینی یەکەم ٢٠١١، ل٦٧.



لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، (واین بۆپ) لە هەوڵدا بوو، وێنایەکی تر بۆ گۆشەنیگای وەگێڕ پێشکەش بکات. (واین بۆپ) خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ بۆچوونەکانی (لۆبووك و فریدمان) کرد، دواتر بۆ دەرچوون لە قاڵبی ئەوان، دوو توێژینەوەی پێشکەشکرد. یەکەمیان بەناوی (ڕەخنەی گێڕانەوەیی لە گۆشەنیگای ڕەوانبێژی)، دووەمیان بە ناوی (گۆشەنیگا و ماوە) بوو. لەمانەدا هەوڵیدا پەیوەندی نێوان توخمەکانی ڕۆمان و ڕووداوەکان بدۆزێتەوە. (بۆپ) سێ جۆر گۆشەنیگای وەگێڕی دیاریکرد: ((

١. نووسەری ناوەوە (خودی دووەمی نووسەر): ئەو کارەکتەرە خواستراوەیە، جیاوازە لە خودی نووسەر.

٢. نادیار: وەگێڕێکی شاراوەیە و دیارناکەوێت، تەنیا دەنگی دەبیسترێت.

٣. دیار: وەگێڕێکی ئاشکرا و دیارە))[3].

(بۆپ) لە بۆتەی ئەم بۆچوونەی خۆیەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە، هەرگیز (ڕۆماننووس) وەگێڕی ڕۆمان نییە، بەڵکو وەگێڕ بوونێکە لە وشە دروستبووە، تەنانەت هێندێکجار ئاراستەی ڕووداوەکان لە دەست ڕۆماننووس وەردەگرێتەوە.

ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕای تیۆرناسان و ڕەخنەگران لەمەڕ گۆشەنیگای وەگێڕ، زیاتر ئەو دڵنیاییەمان لەلا دروست دەکات، هونەریترین جۆری

---

٣. قراءة الروایة، مدخل الی تقنیات التفسیر، روجر.ب.هینکل، ت:صلاح رزق، دار الغریب للطباعة والنشر والتوزیع. القاهرة،٢٠٠٥، ص١٤٧.

گێڕانەوە، گێڕانەوەی فرەوەگێڕییە، چونکە ((ژمارەیەك لە کەسێتییەکان دەتوانن ڕووداو لە دیدی خۆیانەوە بگێڕنەوە، تایبەتمەندی ئەجۆرە لەوەدایە زیاتر خوێنەر دەخاتە بەردەم ڕامان و ئێستاتیکاشی لەوانیدی زیاترە))[1]. لێرەوە جیاوازی نێوان گێڕانەوەی کۆن (تەقلید)ی و گێڕانەوەی نوێ بەدیاردەکەوێت.

(جان بۆیۆن) ڕەخنەگری فرەنسی لە کتێبی (کات لە ڕۆماندا) ساڵی ١٩٤٦ چاپیکردووە، دابەشکاری بۆ پلەی زانین و زانیاری وەگێڕ دەکات. ((ئەم دابەشکارییە بەناوبانگترین دابەشکارییە لەبارەی ئاگاداری و زانیاری وەگێڕەوە لە کارەکتەرەکان))[2]. هەر لەم کتێبەیدا (بۆیۆن) سێ جۆر گۆشەنیگای وەگێڕ دیاریدەکات: ((

١. ڕوانین لە دواوە: وەگێڕ لێرەدا لە پشت کارەکتەرەکانەوە نییە، بەڵکو لە سەرووی کارەکتەرەکانەوەیە.

٢. ڕوانین لەگەڵ: گۆشەنیگای کارەکتەری ناوەندە.

٣. ڕوانین لە دەرەوە: ئەمەیش لە چوارچێوەی وەسفکردنەوە، یان هەڵسوکەوتیانەوە دەبێت))[3].

١. پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ، ساڵانی ١٩٩٥- ٢٠٠٥، بوشرا قادر کاکەمحەمەد، نامەی ماستەر، ل١٥٠.

٢. الراوي في القصة العربية، يوسف السباعي نموذجا، د.محمد كمال سرحان، ص١٢.

٣. فضاء النص الروائي، محمد عزام، مقارنة بنيوية تكوينية في ادب نبيل سليمان، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، سوريا، ط١، ١٩٩٦، ص٨١.



لێکدانەوە بۆ هەر سێ جۆرەکە، ئەوەیە لە جۆری یەکەم، وەگێڕ هەمووشتزانە. ئاگەداری هەموو شتێکە، بەڵام لە جۆری دووەم زانیاری وەگێڕ لەگەڵ کارەکتەرەکان یەکسانە. لە جۆری سێیەم وەگێڕ کەمتر لە کارەکتەرەکان دەزانێت.

دوای (بۆیۆن)، ڕەخنەگری ڕووسی (تۆدۆروف) پشتی بە بۆچوونەکانی (بۆیۆن) بەست، بەڵام هێندێکی لێ هەموارکردەوە. واتە بە شێوەیەکی دی جۆری وەگێڕ و گۆشەنیگانی دیاریکرد، بەمشێوەیەی خوارەوە: ((

١. وەگێڕێك لە کارەکتەرەکان پتر دەزانێ.

٢. وەگێڕێك هێندەی کارەکتەرەکان دەزانێ.

٣. وەگێڕێك کەمتر لە کارەکتەرەکان دەزانێ))[4].

لێرەوە ئەوەمان بۆ بەدیارکەوێت، کە (بۆیۆن) زیاتر گرنگی بە پێگەی وەگێڕ داوە، بەڵام (تۆدۆروف) گرنگی بە زانیاری وەگێڕ بەرانبەر کارەکتەر داوە. جۆری یەکەم لە هەردوو بۆچوونەکە زیاتر لە ڕۆمانی کۆندا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام جۆری دووەم و سێیەم لە ڕۆمانی نوێدا هەن.

لە سەرەتای حەفتاکاندا ڕەخنەگری ڕووس (بۆریس ئوسبنسکی) لە چوارچێوەی کتێبی (شیعرییەتی دانان- شعرية التاليف)* دەڵێت: ((نووسەر پێگەی خۆی لە یەك لەم چوارگۆشەنیگایە بەهێز دەکات:

٤. الادب و الدلالة، تودوروف، ترجمة: محمد نديم خفشة، مركز الاتحاد الحضاري، ط١، ١٩٩٦، ص٥٤.

*شعرية التاليف، بوريس اوسبنسكي، ترجمة: سعيد الغانمي و ناصر حلاوي، المجلس الاعلى للثقافة، ط١، ١٩٩٩.

١. گۆشەنیگا لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆجی.

٢. گۆشەنیگا لەسەر ئاستی دەربڕین.

٣. گۆشەنیگا لەسەر ئاستی شوێنی و کاتی.

٤. گۆشەنیگا لەسەر ئاستی دەروونی))[(١)].

هەریەك لەم گۆشەنیگایانە، ناوبراو بە درێژی لە کتێبەکەی خۆیدا باسیان دەکات. لەسەر ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی و تۆڵستۆی، بەتایبەتی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)ی تۆڵستۆی پراکتیکیان دەکات. (لە پەراوێزی لاپەڕەی پێشوو، لاپەڕەی باسکردنی هەریەك لەم گۆشەنیگایانەمان لە کتێبەکەی ئوسبنسکی دیاریکردووە).

گۆشەنیگا لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆجی، لە سەرەتادا لە شانۆگەرییەکان بوونی هەبوو. کۆرسەکانی شانۆ بەم گۆشەنیگایەوە پابەندبوون. ڕووداو و کارەکتەرەکان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجییدا بەند دەکرێن. لێرەدا وەگێڕ وەکو لە ڕۆمانی کۆندا هەیە، ڕووداوەکان ئاراستە دەکات و هەڵیان دەسەنگێنێت، لێرەدا مەبەست لە ئایدیۆلۆجی فیکری، سیاسی... تاد نییە، بەڵکو مەبەست لە زاڵبوونی بیروڕا و پەیڤی وەگێڕە، ڕێ بە کارەکتەرەکانی تر نادات، بپەیڤن.

١. شعرية التاليف، بوريس اوسبنسكي، ترجمة: سعيد الغانمي و ناصر حلاوي:
بۆ گۆشەنیگای ئایدیۆلۆجی لاپەڕەی: ٩- ٢٨.
بۆ گۆشەنیگای تەعبیری لاپەڕەی: ٢٩- ٦٩.
بۆ گۆشەنیگای شوێنی و کاتی لاپەڕەی: ٧١- ٧٤.
بۆ گۆشەنیگای دروونی لاپەڕەی: ٩٥- ١١٤.



لە گۆشەنیگا لەسەر ئاستی دەربڕیندا، کارەکتەر لە ڕێی دەروونی خۆیەوە، کەسایەتی خۆی دەردەبڕێت، لێرەوە گۆشەنیگای وەگێڕ، لە گۆشەنیگای کارەکتەر نزیك دەبێتەوە.

هەرچی گۆشەنیگا لەسەر ئاستی کاتی و شوێنییە، پێگەی وەگێڕ لەنێو کات و شوێن دیاری دەکات. لە کاتی گێڕانەوەدا، وەگێڕ لەنێو شوێن و کاتدا گۆشەنیگای خۆی دەبێت.

لە گۆشەنیگا لەسەر ئاستی دەروونییدا، لەلای (ئوسبنسکی) دووجۆرمان هەیە: گۆشەنیگای بابەتی و گۆشەنیگای خودی[(٢)]. لە گۆشەنیگای بابەتی، ڕووداو و کارەکتەرەکان لە گۆشەنیگای وەگێڕەوە بەرباس دەدرێن، بەڵام لە گۆشەنیگای خودیدا ڕووداو و کارەکتەرەکان لە خودەوە ئاراستەدەکرێن، یان لە ڕێی کارەکتەرێك لە کارەکتەرەکان ئاراستە دەکرێت.

لەلای (جیرار جینێت) بەپێی پێوانەیی ماوە (المسافة) جۆرەکانی وەگێڕ دیاری دەکات، ئەویش سێ جۆری دیاریکرد: (

١. بەناوەندکردنی سفر: وەگێڕی هەمووشتزان دەگرێتەوە، لە چوارچێوەی ئاگایی خۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

٢. بەناوەندکردنی ناوەوە: لێرەدا تیشکۆی وەگێڕ لەنێو ئاگایی یێك لە کارەکتەرەکانە. ((ئەوەیش سێ جۆری هەیە:

أ. جێگر (وەستاو): لەسەر کەسایەتییەك.

٢. تحليل خطاب (الزمن/ السرد/ التبئير)، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط١، ١٩٨٩، ص٢٩٤.

ب. گۆڕدراو: لە کارەکتەرێك بۆ کارەکتەرێکی دی دەگوازرێتەوە.

ت. فرەیی: دەکارێ لە ڕۆماندا ڕووداوەکان لە تێڕوانینە جیاوازەکانی کارەکتەرەکان بگێڕدرێتەوە))[1].

٣. بە ناوەندکردنی دەرەوە: لێرەدا زانیارییەکانی وەگێڕ سنووردارە)[2].

ئەمەیان هەمان ئەو جۆرەیە، کە (تۆدۆروف) بە ((وەگێڕێك کەمتر لە کارکتەرەکانی دەزانێ، دادەنا، ئەم وەگێڕە دەسەڵاتی بەرانبەر کارەکتەرەکان نییە))[3]. ئەم وەگێڕە هێندێکجار بە وەگێڕی (کەمشتزان) ناودەبردرێت. ((سەرچاوەی سەرەکی پەیداکردنی ئەم گێڕەرەوەیە، تەنها هەردوو هەستەوەری بینین و بیستنە، چونکە گێڕەرەوە لە ڕێی هەستەکانییەوە نەبێ، ناتوانێت هیچیان پێشکەش بکا))[4].

لە ڕێی بەرباسدانی مێژووی وەگێڕ و گۆشەنیگاکانی، درك بەو گۆڕانکارییانە دەکەین، کە تاکو ئێستا لە تەکنیك و هونەری ڕۆماندا هاتوونەتەدی. هەرچەندە زۆربەی ئەو دید و تێڕوانینانەی هێنامانەوە و ڕاڤەمان کردن، لە یەکترییەوە نزیك بوون. بەهۆی دیاریکردنی جۆری

---

١. الراوي في روايات فتحي غانم، د.جيهان عبدالخالق، رسالة دكتورا، كلية الاداب، جامعة القاهرة، ١٩٩٩، ص٢٦.

٢. الخطاب الحكاية، جيرار جينيت، ت: محمد معتصم و عبدالجليل الأزدى و على حلى، ص٢٠١- ٢٠٢.

٣. الراوي في روايات فتحى غانم، د.جيهان عبدالخالق، ص٢٦.

٤. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارە پەروانە)ی بەختیار عەلی-دا، جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٩٢.



وەگێڕەوە، ئاگاداری کەشی نێو ڕۆمانەکە دەبین. بە واتای ئەوەی ئەگەر وەگێڕ ڕێگر نەبوو لەبەردەم دەنگی کارەکتەرەکان، ئەوکات دەتوانین دەنگی جیاواز بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە لەنێو ڕۆمانەکە بدۆزینەوە. فرەدەنگی و فرەوەگێڕی هەر بەوە نایەتەدی، کە کارەکتەری جیاواز و دەنگی جیاواز هەبن، بەڵکو زیاتر مەبەست ئەوەیە، ئەو کارەکتەرانە تا چەند دەتوانن بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن، نەك یەك وەگێڕ جڵەوی گێڕانەوە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی لە دەست بگرێت.

نموونەی گێڕانەوەی تاك وەگێڕی لە ڕۆمانی عەرەبیدا، ڕۆمانی (ئەدیب)ی (تەها حوسێن)، (چۆلەکەیەك لە ڕۆژهەڵات)ی (تۆفیق حەکیم)، لەم ڕۆمانانەدا لەسەر یەك هێڵی کات ڕووداوەکان ڕوودەدەن. یەك وەگێڕ دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ڕۆمانەکەدا هەیە، لە ئەدەبی کوردیشدا نموونەی ڕۆمانی (شار)ی (حوسێن عارف)، (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)، (غەوارە)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)،

بەڵام هەم لە ئەدەبیاتی جیهانی و عەرەبی و فارسی و کوردی، هونەری ڕۆمان بەرەو ڕەوتی فرەوەگێڕی و فرەدەنگی هەنگاوی نا. نموونەی گێڕانەوەی فرەوەگێڕی ڕۆمانی (گوڕبەگۆڕ)ی (ولیەم فاکنەر). لە ئەدەبی عەرەبیشدا ڕۆمانی (دەنگەکان)ی (سلێمان فەیاز)، (بانگێکی دوور)ی (ئەحمەد مەکی)، (بەهار و پایز)ی (حەننا مینە)، (زەوی ڕەشەکان)ی (عەبدولڕەحمان مونیف)، (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)ی (تەیب ساڵح).

نموونەی ڕۆمانی فرەوەگێڕی لە ئەدەبیاتی فارسی (بەردی سەبووری)ی (سادق چوبك)، (شەو چرا)ی (جەمال میرسادقی). لە ئەدەبی کوردیشدا

**ڕۆمانی (غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ)ی (بەختیار عەلی)، (حیکایەتەکانی باوکم)ی (فەرهاد پیربال)، (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی (عەتا نەهایی)، (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی (کاروان کاکەسوور).**



**چوارەم: جیاوازی گێڕانەوەی تاکدەنگی و فرەدەنگی**

**هەرچەند لەمیانەی بابەتەکانی پێشتر، زۆر لایەنی فرەدەنگیمان باسکرد، لە ڕووی تیۆرییەوە ئەم چەمکەمان ڕوونکردەوە، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانین جیاوازی نێوان گێڕانەوەی تاکدەنگی و گێڕانەوەی فرەدەنگی دیاریبکەین، بەهۆی ئەم جیاوازییانەوە، کار لە بونیادی گێڕانەوەی هەریەك لەم دووجۆرە دەکات.**

**١.بونیادی گێڕانەوەی فرەدەنگی، لەسەر چەند دەنگێك وەستاوە، ئەرکی گێڕانەوە لە ئەستۆی چەند دەنگێکە. هەر دەنگە و لەنێو ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان بەشداریشە. کەواتە ئەمجۆرە گێڕانەوەیە پرۆسەیەکی بەکۆمەڵە، بەڵام لە گێڕانەوەی تاکدەنگییدا، خوێنەر تەنیا یەك دەنگ دەبیستێت. لە سەرتاپای ڕۆمانەکە یەك دەنگ بوونی هەیە. ئەمەیش وا دەکات بۆ گێڕانەوە یەك وەگێڕمان هەبێت.**

**٢. لە گێڕانەوەی فرەدەنگییدا ((پەیڤەکانی گێڕانەوە هونەرین، بەهۆی بوونی دیموکراتییەتەوە بە دەستی دەهێنێ، واتا کرانەوەی پێگەی وەگێڕ بەسەر کارەکتەرەکان، ئازادی دەربڕین لە خۆیان، هەروەها گوتنی پەیڤە جیاوازەکان. ئەم هونەرەیش شەقڵێکی سیاسی لەسەر بنەمای ئازادی گوتن**

و دەربڕین وەردەگرێ))[١]. کەواتە وەگێڕ ئازادی بە کارەکتەرەکان دەدا خۆیان بن، بەڵام لە گێڕانەوەی تاکدەنگییدا وەگێڕ ڕێ بە هیچ دەنگ و کارەکتەرێك نادات، بە ئازادی خاوەن دەنگی خۆی بێت، بەڵکو دەبێت لە ڕێی ئەوەوە بپەیڤن، تەنانەت بیریش بکەنەوە.

٣.بوونی چەند شێوازی و چەند زمانی لە گێڕانەوەی فرەدەنگییدا، ((توانای چەند شێوازی و چەند زمانی لە ڕۆماندا گۆڕانکاری هێنایەکایەوە، بۆ پیشاندانی واقیع بە هەموو جیاوازیەکانییەوە))[٢]، بەڵام لە گێڕانەوەی تاکدەنگییدا یەك شێواز و یەك زمان بەسەر تەواوی گێڕانەوەکەدا زاڵە، ئەویش شێواز و زمانی وەگێڕی هەمووشتزانە.

٤.لە گێڕانەوەی فرەدەنگییدا بونیادی شوێنی دیاریکراو و چەسپاو نییە، بەڵکو دەگۆڕێت و جۆراوجۆرە و ناجێگرە. ئەمەیش بەهۆی ئازادی و جووڵەی کارەکتەرەکانەوەیە. ئێمە دەزانین شوێن ناجووڵێت، بەڵکو ((شوێن تەنها بە ئامادەبوونی وەك ژینگەیەك- کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن و کەسێتییەکان تێیدا هەڵسوکەوت دەکەن و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن- بەشداری لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا دەکەن))[٣]. مەبەستمانە بەهۆی فرەیی لە کارەکتەر و چیرۆکەکانی نێو ڕۆمان، شوێنی لاوەکی لە چواچێوەی

١. الراوي، الموقع والشكل ، يمني العيد، ص١١- ١٢.

٢. وجهه النظر في روايات الاصوات العربية، د. محمد نجيب التلاوي، ص١١٧.

٣. بونیادی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤٠ -٤١.



شوێنی گشتی ڕۆمانەکە دەگۆڕێت، بەڵام لە ڕۆمانی تاکدەنگییدا بونیادی شوێنی چەسپاو سنووردارە، بە حوکمی ئەوەی ڕووداوەکان لە یەك شوێن و کات و زەمینەدا ڕوودەدەن.

٥.بونیادی گێڕانەوەی تاکدەنگی بونیادێکی بازنەییە. واتە لە سەرەتای خاڵێکەوە دەست پێدەکات و لە کۆتایی بۆ هەمان خاڵ دەگەڕێتەوە. یان گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە کۆتاییەوە دەست پێدەکات، بەرەو سەرەتا دەڕوات و لەوێ دەگاتەوە هەمان خاڵی بازنەکە. واتە بەیەك ئاراستەدا دەڕوات، بەڵام لە گێڕانەوەی فرەدەنگییدا جیایە. ڕاستە هەموو ڕووداوەکان لە بۆتەی یەك بازنەدا ڕوودەدەن، بەڵام لەنێو ئەو بازنەیەدا ڕووداوەکان بەسەر چەند ئاراستە و تەوەرەیەکدا دابەش دەبن، هەر تەوەرەی ئاراستەی خۆی هەیە. ((لەکاتی بزربوونی دەنگی وەگێڕ))[٤]، دەنگەکانی تر ئازادی وەردەگرن. لەم کاتەیشدا ئاراستەکردنی ڕووداوەکانی تایبەت بە خۆیان دەکەوێتە دەست، کەواتە لەنێو بازنە گشتییەکە چەند ئاراستەیەکمان هەیە.

٦.لە گێڕانەوەی تاکدەنگییدا زیاتر کێشە خودییەکان باس دەکرێت. واتا ئەو کێشە و گرفتانەی تایبەتن بە تاك، ڕەنگە هێندێکجار لە چوارچێوەی ئەمەوە ئاماژەیەك بۆ کێشەیەکی گشتی بکرێت. ئەمەیش لەبەر ئەوەیە لە گێڕانەوەی تاکدەنگی، وەگێڕ هەمیشە لە هەوڵدایە

٤. وجهه النظر في روايات الاصوات العربية، ص١٥٥.

لەگەڵ دەروونی خۆی بپەیڤێ، بەڵام لە گێڕانەوەی فرەدەنگی کێشە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بەرباس دەدرێت. پەیوەندی نێوان دەستەکانە، ململانێی نێوان دەستەکانە. واتە بونیادی ئەو کێشانەی لەنێوان دەستەکاندا هەیە بەرباس دەدرێت.

جیاوازی بونیادی نێوان ئەم دووجۆرە گێڕانەوەیە، زیاترە، بەڵام لەبەرئەوەی هەوڵمانداوە تووشی پاتەبوونەوە نەبین، بەو شەش خاڵە کۆتاییمان بە جیاوازییەکان هێنا.

## بەشی دووەم

## پەیوەندی توخمەکانی ڕۆمان بە تەکنیکی فرەدەنگییەوە

## بەشی دووەم:
## پەیوەندی توخمەکانی ڕۆمان بە تەکنیکی فرەدەنگییەوە

پێکهاتەی هەموو ڕۆمانێك بریتییە لە چەندین توخم. بێ ئەم توخمانە ڕۆمان بونیادێکی هونەری نابێت. بێگومان هاتنەکایەی هەر تەکنیکێکی نوێی ڕۆمان، کار لە کۆی بونیادی هونەری و توخمەکانی ڕۆمان دەکات، چونکە ئەم توخمانە بە شێوەیەك پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بە شێوەیەك بە یەکەوە بەستراون، نەبوونی هەر یەکێکیان کێماسی دەخاتە بونیادی ڕۆمانەوە.

توخمەکانی ڕۆمان: ڕووداو، کات و شوێن، کارەکتەر، زمان... تاد. لە ڕۆمانی نوێدا بە شێوەیەکی جیاواز کاریان لەسەر کراوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تەکنیکی نوێ هاتۆتە ناوەوە، هەروەها مێتۆدی نوێ بۆ توێژینەوە لە ڕۆمان سەریهەڵداوە، تەنانەت جۆرەکانی ڕۆمانیش فرەبووە. ئەگەر لە ((ڕوانگەی پۆلینکردنەوە بڕوانینە دونیای ڕۆمان، ئەوا هەریەکەیان جۆرە دەسەلاتێکی هونەری خۆی دەوێ، وەك شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ، یان بە دەنگهێنانی ناوەوەی کەسەکان، یان شێوازی سیحری وەك ئەوەی لە ئەمریکای لاتین بەکاردێ، یان سەرووی سیحری وەك ئەو شێوازەی کە ئێستا خەریکە لای سەلیم بەرەکات سەرهەڵدەدا))[1]. بێگومان

١. ڕۆمانی کوردی، پەرتبوونی ڕووداو و نازینەدەیی شاکەس، جەلیل کاکەوەیس، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩١- ٩٢.



پەیدابوونی ئەم جۆرانەی ڕۆمان بەهۆی هاتنەناوەوەی تەکنیك و مێتۆدی نوێییە.

هەموو تەکنیکێکی نوێ، ئەرکێك دەخاتە سەرشانی ڕۆماننووس. هەر ڕۆماننووسیشە شێوازی تایبەتی خۆی لە نووسیندا هەیە، بەلام شێوازی نوێی ڕۆماننووسین و تەکنیکی نوێ دابڕانی کاتی لە ڕەوتی مێژوویی ئەم ژانرە دروست دەکات. بۆ نموونە لە دەیەی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕۆماننووسانی ئەمریکای لاتین، بە شێوازی ڕیالیزمی جادوویی، ڕەوتێکی نوێی ڕۆماننووسینیان داهێنا. هەروەها ڕابەرانی بزووتنەوەی (ڕۆمانی نوێ) وەکو: ناتالی سارووت، کلۆد سیمۆن، ئالان ڕۆب گرێ، کە لە دوای ((ساڵی ١٩٧٥ لە کتێبی (چاخی بێباوەڕی)ی ناتالی سارووت دەستی پێکرد))[2]. ئەم ڕەوتانە ستایلێکی تازەیان بەهۆی بەکاربردنی تەکنیکی نوێ هێناکایەوە. هەر ئەم شێوازە نوێیانەیش کاریگەری لەسەر زۆربوونی خوێنەری ڕۆمان کرد، لێرەوە ئەم ژانرە پاشەکشەی بە ژانرێکی چەند هەزارساڵ بەسەر ڕەوتی ئەدەبیات، کە شیعرە کرد، ((چونکە ڕۆماننووسین بریتییە لە هونەری گێڕانەوە و لە بواری گێڕانەوەدا، هەر نووسەرە و شێوازی خۆی هەیە))[3]. ئەم گێڕانەوەیش زیاتر ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیان و کەلێنە وردەکانی ژیانە. لەوێوە خوێنەر خۆی لەنێو فەزای ڕۆماندا بینییەوە.

٢. من بەلزاکم کوشت، وتووێژ لەگەڵ کۆمەڵێ نووسەر، و: مستەفا زاهیدی، ل١٧٤.

٣. لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم، حەمەسەعید حەسەن، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل٨٨.

هەموو توخمەکانی ڕۆمان هەریەکەی بەپێی قەبارە و ڕۆڵی خۆی، کار لە بە هونەریکردنی ڕۆماندا دەکەن. بۆ نموونە توخمی ڕووداو، ڕووداو هەم لە واقیع و ژیانی ڕۆژانەمان و هەم لە ڕۆماندا بوونی هەیە، بەڵام چۆن جیاوازی لەنێوان ڕووداوی واقیعیی نێو ژیان و ڕووداوی نێو ڕۆمان بکەین؟ بێگومان تاکە جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، ڕووداوی لەنێو ڕۆماندا بۆ بە هونەریکردنی ڕۆمانە، واتا ڕۆماننووس دەبێت ڕووداوێکی دیکەی جیاواز لە ڕووداوی نێو ژیان بخولقێنێت، ئنجا ڕەنگە شێوەی ئەو ڕووداوە لە واقیعدا هەبێت، ڕەنگە نەشبێت. ئەم ڕایەی سەرەوەمان بۆ هەموو توخمەکانی دیکەی ڕۆمان ڕاستە. ئەمەیش ئەرکێکی سەخت دەخاتە سەرشانی ڕۆماننووس، دەبێت ئەوپەڕی توانای هونەری خۆی بخاتەکار، تاکو ئەو توخمانە بە ئەدەبی بکات، چونکە ((مرۆڤ پەنا دەباتە بەر ئەدەبیات بۆ ئەوەی ناشادومان و ناکامڵ نەبێت))[1]. ئەگەر هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئەم ڕۆڵەی نەگێڕا و نەیتوانی ناکامڵی مرۆڤ کامڵ بکات، ئەوە کارێکی دوور لە ئێستاتیکا و هونەرییە.

هەریەك لەم توخمانەی ڕۆمان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەیەکداچووەی لەنێوانیاندا هەیە، وایکردووە هیچیان بێ ئەوی دیکە نەتوانێت بە تەواوی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. بۆ نموونە ئەگەر جووڵەی کارەکتەر نەبێت، جا جووڵەی فیزیکی، یان زیهنی بێت، ئەوا ڕووداو دروست نابێت.

١. ئەدەبیات بۆ؟ ماریۆ بارگاس یۆسا، و: دڵشاد خۆشناو، ماسی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١١، ل٤١.



ئەم تەکنیکانە کاریگەری لەسەر ئەو جیهانەیش هەبوو، کە ڕۆماننووس لەسەر کاغەز هەوڵی ئافراندنی دەدا. ((لە ئەنجامیشدا جیهانێکە بە بنەما ئەخلاقی و بەها تایبەتییە کۆمەڵایەتییەکان، کە خەڵکان لە سایەیاندا دەژین، ئەو خەڵکانە هەست و درککردنێکیان هەیە کە بەهۆیەوە کێشە و خاڵە گرنگەکانی کۆمەڵەکەیان دەستنیشان دەکەن. لەوانەیە ئەم جیهانە لە زۆر لایەنەوە وەك جیهانی واقیعی خۆمان بێت))[2]. دروستکردنی کۆی ئەو جیهانە هەوڵدانی ڕۆماننووسە بۆ دروستکردنی ژیانێکی دیکە، ئەم ژیانەیش ڕەنگە لە واقیعدا نموونەی هەبێت و ڕەنگەیشە نموونەی نەبێت. بێگومان ئەم دروستکردنە بەهۆی هاتنەکایەی تەکنیکی نوێ (بۆ نموونە فرەدەنگی)، زیاتر بە هونەریکرا. چۆن؟ چونکە بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە کۆی توخمەکانی ڕۆمان گۆڕانکارییان بەسەردا هات. ئێمە دەزانین لە ڕۆمانی تاکدەنگییدا (مەنەلۆگ)، وەگێڕ دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەیە، زاڵە بەسەر هەموو توخمەکانی ڕۆمان و ئاراستەیان دەکات، تەنانەت لەبری کارەکتەرەکانیش بیر دەکاتەوە، بەڵام کاتێك تەکنیکی فرەدەنگی هاتە نێو ڕۆمان، بونیادی توخمەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، چونکە لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا،

٢. ڕۆمان چییە؟ کۆمەڵێ نووسەر، و: جەواد مستەفا، دەزگای موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل ١٢١.

ڕۆماننووس ناچار دەبێت ڕێ بدات، کارەکتەرەکان، خۆیان بن، خۆیان ڕووداوەکان ئاراستە بکەن*.

بەهۆی ئەم تەکنیکەوە شێوازی نووسینی زنجیرەیی ڕووداوەکان و کات لە ڕۆماندا گۆڕانی بەسەردا هات و تێکشکێندرا. هەموو کارەکتەرێك ڕێی پێدرا بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی ببێت بە وەگێڕ، هەروەها کاریگەری لەسەر ئاستەکانی گێڕانەوە و گۆشەنیگا هەبوو (هەروەك لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیە باسکراوە). لێرەدا ئەرکی گێڕانەوە تەنیا ناکەوێتە سەرشانی وەگێڕ، بەڵکو هەر کارەکتەرێك بەپێی قەبارە و ڕۆڵی لەنێو ڕۆمانەکەدا، ئەرکی گێڕانەوەی دەکەوێتە سەرشان. زۆرجار ((ڕۆماننووسەکان سوود لە شێوازی گۆشەنیگا دەبینن بۆ گێڕانەوە، ئەم شێوازەیش وەکو شێوازی فرەدەنگییەکەی لای (فۆکنەر) بایەخی هەبووە، وەکو لە ڕۆمانی (هەراوزەنا و توندوتیژی).))[1]

تەکنیکی گێڕانەوە (Narrative technique) لە ڕۆماندا لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکە جیاوازە و دەگۆڕێت. بەو واتایەی هەر نووسەرە و جگە لەوەی شێوازێکی تایبەت بە خۆی لە نووسیندا هەیە،

* لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە، کە ڕۆمانی تاکدەنگ (مەنەلۆگ) داهێنانی تێدا ناکرێت، یان ئەگەر ڕۆمانەکە تاکدەنگ بێت، ئەوا هونەری نییە. نەخێر، سەدان ڕۆمانی تاکدەنگی هونەریمان هەیە، لێرەدا تەنیا مەبەستمان ئەو گۆڕانکارییانەیە، کە تەکنیکی فرەدەنگی لە بونیادی ڕۆمان دروستی دەکات.

١. ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار، سابیر ڕەشید، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل٢١٩.



دەبێت بە شێوەیەکی زۆر هونەری تەکنیکەکانی گێڕانەوە بەکار بهێنێت. تەکنیکی گێڕانەوە وەکو ڕەگەزێکی سەرەکیی ڕۆماننووسین لە هەموو توخمەکانیدا (ڕووداو، کارەکتەر، کات و شوێن، شێوازی گێڕانەوە، گۆشەنیگا... تاد)، هەر ڕۆماننووسە بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەو توخمانە دەکات. بۆ نموونە ((لەسەرەتادا ڕۆمانی کوردی شێوازی گێڕانەوەی بابەتی وەرگرتووە، وەك لە ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد دا))[2]، بەڵام دواتر بەهۆی شارەزابوونی ڕۆماننووسانی کورد و هاتنەناوەوەی تەکنیکی تازە، شێوازی گێڕانەوە و توخمەکانی ڕۆمان گۆڕانکارییان بەسەردا هات. لەلای (حوسێن عارف) لە ڕۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك-١٩٩١) گێڕانەوەی شەپۆلی هۆش و مەنەلۆگ دێتە ناوەوە. لەلای (جەبار جەمال غەریب) لە (دنیا لە کتێبێکدا و پێنجەمین کتێب) گۆڕانکاری بەسەر زمانی گێڕانەوەدا دێت. (بەختیار عەلی) بۆ گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (دواهەمین هەناری دونیا و شاری مۆسیقارە سپییەکان و غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ) پەنا بۆ ڕیالیزمی جادوویی دەبات. (کاروان کاکەسوور) لە (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە و کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) بە سوودوەرگرتن لە ژیانی منداڵی، واقیعێکی دیکە دەئافرێنێ. (عەتا محەمەد) لە (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك و گێلاسی خوێن و خواجە نەسرەدین)دا سوود لە مێژوو و فەنتازیا بۆ نووسینی ڕۆمانی فرەدەنگ وەردەگرێت.

٢. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراج دا، ڕێزان ڕەحمان خدر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٧، ل٤٣.

ئەم ڕۆمانانە هەموویان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ نووسراون، کە گۆڕانکاری بەرچاو لە تەکنیك و شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕوویداوە. لێرەوە ڕۆمانی کوردی بەرەو قۆناغێکی نوێتر هەنگاوی هەڵێنا. ئەمەیش بەهۆی ئەوەی زۆربەی ڕۆماننووسان نیشتەجێی تاراوگە بوون و بەهۆی زمانی بێگانەوە ئاشنای تەکنیك و ڕۆمانی نوێی ئەورووپی بوون. لەگەڵ تەکنیك لەو ڕۆمانانەدا هەست بە قووڵبوونەوەی فیکری نێو ڕۆمانەکان دەکەین، چونکە ((پەیوەندی نێوان فیکر و تەکنیك، هەموو قووڵبوونەوەیەکی فەلسەفیانەیە لە ئەدەبدا، بە مانای ئەفراندنی زمانێکی نوێ و هێنانی کۆمەڵێك تەکنیکی نوێیە بۆ ناو ئەو تێکستە، چونکە تەکنیك ئەنجامی ئەو ئاراستە جیاوازانەیە، کە فیکر و خەیاڵ بە مەبەستی گەیشتن بە قووڵایی و نهێنییەکان پەنایان بۆ دەبەن))[1]. لەگەڵ چوونە قوناغێکی نوێی ڕۆمان، خوێنەری کوردیش زیاتر بەرەو خوێندنەوەی ڕۆمان ڕۆیشت، لەبەرئەوەی ڕۆمان باسی ژیان دەکات، کەلێنە وردەکانی ژیان دەپشکنێت، هەروەها خوێنەری کورد فێری زمانی بێگانە بووە و ئاگاداری تەکنیکی نوێیە. بۆیەیش ڕۆماننووس لە هەوڵی ئەوەدایە لە ئاستی خوێنەرانیدا بێت. تەکنیك لە ڕۆماندا بە پلەی یەکەم دێت، چونکە ((ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان ئەوەندە گرنگ نین، بەڵکو چۆنیەتی

١. کاردانەوەی فیکر لە ڕۆمانی کوردیدا، سۆران ئازاد، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە: ٥٥، ئازاری ٢٠١٢، سلێمانی، ل٨٦.



گێڕانەوەیان گرنگترە))[2]. بەو واتایەی ئەو تەکنیك و گەمەکردنە هونەرییانەی ڕۆماننووس بەکاریان دەبات زۆر گرنگترە لە تێمە و ناوەڕۆکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە. ئەمەیش واتای ئەوە نییە تێمە و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان هیچ نرخێکیان نەبێت، نەخێر، بەڵام ئەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان لە ڕووداوەکانی ژیانی واقیع جیا دەکاتەوە ، تەکنیك و بە هونەریکردنی توخمەکانی ڕۆمانە، هەر بەهۆی تەکنیکەوە دەتوانین قەناعەت بە خوێنەر بکەین، کە ئەو ڕووداوە فەنتازی و خەیاڵیانە وەکو ڕووداوێکی ئاسایی قبووڵ بکات.

لێرەوە پەیوەندی تەکنیکی فرەدەنگی بە توخمەکانی ڕۆمان بەرباس دەدەین، ئایا فرەدەنگی وەکو تەکنیکێك چ کاریگەرییەك لە هەر یەك لەو توخمانە دەکات؟ فرەدەنگی چ گۆڕانێك لە بونیادی هەر یەك لەو توخمانە دەکات؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە لەمەودوا دەدەینەوە.

٢. ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل٢١٨.

**یەکەم:**

**ڕووداو و فرەدەنگی**

ڕووداو وەکو توخمێکی سەرەکیی ڕۆمان بایەخی زۆری هەیە. هەر لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە بە شێوەی جیاجیا پێناسەی ڕووداو کراوە. ئەرستۆ لەباسی تراجیدیادا دەڵێت: ((تراجیدیا بریتییە لە لاساییکردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لە خۆیەوە تەواو پێگەیشتوو کە درێژییەکی دیاری هەیە))[1]. لەنێو ئەم پێناسەیەدا بۆ تراجیدیا، ئەرستۆ یەکێتیی ڕووداو بەرباس دەدات، واتا ((ڕووداو دەبێ سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت))[2]. مەبەستی ئەرستۆ لە ڕووداو بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە دەبێت ڕووداوەکە تەواو بێت، لە سەرەتاوە دەست پێ بکات و بەرەو ناوەڕاست و لە کۆتاییشدا بە ئەنجامێك بگات. نابێت کێماسی تێدا بێت و بە ڕێکوپێکی گەشە بکات. بەپێی ئەم تێڕوانینەی ئەرستۆ بۆ ڕووداو نابێت پاشوپێشیش بکرێت.

توخمی ڕووداو زۆر گرنگە، گرنگییەکەی لەوەدا بەدیار دەکەوێت، کە هیچ ڕۆمانێك بە بێ ڕووداو نابێت، واتا ئەگەر ڕووداو نەبێت، ڕۆمان نابێت. ڕۆمان ((کاتێك فۆڕمی دەبێت، کە وێنەی ڕووداوێکی تەواو

1. هونەری شیعر، ئەرستۆ، و: عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٣.

2. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.



دەگرێت ئەو ڕووداوە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەرسێ بەشەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە لە چەشنی ئەو پەیوەندییەی ئەندامانی لەش بەیەکەوە دەبەستێتەوە))[3].

ئەم زنجیرەیی بوونەی ڕووداو (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)، لە ڕۆمانی کۆندا وەکو یاسایەك پەیڕەوی دەکرا، بەڵام (هۆمیرۆس) یەکەم کەس بووە، لە هەردوو داستانی (ئەلیادە و ئۆدێسە)دا ئەمەی تێکشکاندووە. (هۆمیرۆس) لە ناوەڕاستەوە دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکات. هەرچەندە دوای ئەو ڕۆماننووسان هەر پەیڕەوییان لەم یاسایە دەکرد. ئەم گۆڕانکارییە بەردەوام بوو، تەنانەت لەگەڵ ڕووداوی واقیعی، زۆر ڕووداوی ئەفسانەیی و فەنتازی تێکەڵکران، ئەمەیش کاری لە توخمی ڕووداو کرد. بەتایبەت لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕۆمان نوێبوونەوەیەکی تەواوی بەخۆیەوە دیت. ڕۆمانی (بەدگۆڕان- المسخ)ی (کافکا) ڕووداوی بوونی کەسێك بە قالۆنچەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ڕووداوێکی تەواو فەنتازییە، بەڵام چۆن قەناعەتمان پێدەکات؟ ((کافکا توانیویەتی ڕێگەیەك واتە هەندێ وشە، هەندێ بێدەنگی، کەمێ هەڵماڵین، تۆزێ وردەکاری، ڕیزکردنێکی تایبەتی زانیارییەکان، هێڵێکی گێڕانەوە بۆ ڕۆمانەکەی بدۆزێتەوە لە ڕێیەوە بەسەر خوێنەردا بیسەپێنێت و هەموو گومانێکی لا بڕەوێنێتەوە، کە ڕەنگە ئەو خوێنەرە لەلای دروست بێت لە ئاست

3. فن القصة القصيرة، د.رشاد رشدی، مکتب انجلو المصرية، ١٩٧٠، ص١١٥.

ڕووداوێکی وادا))[١]. ئەم توانای قەناعەتپێکردنەی خوێنەر بە ڕووداوەکان، هونەر و تەکنیکی نوێی دەوێت.

ئەوە ئاشکرایە، کە هیچ یەکێ لەو توخمانە بە تەنیا ناتوانێت هونەرییەتی ڕۆمان نیشان بدات. بۆیەیش پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان توخمەکانی ڕۆماندا هەیە. ((ئاشکرایە کە بە تەنیا بەردی بناغەی چیرۆکێك (ڕۆمانێك) دروست نابێت، بەڵکو کەرەسەی تری پێ دەوێ، بەکارهێنانی ئەو کەرەسانەش وەستایی و شارەزاییەکی زۆری پێویستە))[٢]. بۆ نموونە پەیوەندی نێوان ڕووداو و کارەکتەر، هیچ ڕووداوێك بێ جووڵەی کارەکتەر ڕوونادات. هەروەها هەر ڕووداوێك لەنێو ڕۆماندا دەبێت لە کات و شوێنێکدا ڕووبدات، تەنانەت شوێنە ئەلکترۆنییەکانیش، ئەو شوێنانەی دروستکراوی خەیاڵی ڕۆماننووسن. ((پەیوەندی ڕووداو بە کارەکتەر لە ڕۆماندا وەکو پەیوەندی کار و بکەر وایە، لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆمان یەکسانە بە: کار (ڕووداو)+ بکەر (کارەکتەر) لەبەرئەوە ڕووداو شتێکە بەگوێرەی جووڵەی کارەکتەر دەگۆڕێت))[٣].

١. دوانزە نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو، ماریۆ فارگاس یۆسا، و: شیرین.ك، ل٣٨.

٢. نهێنییەکانی چیرۆکنووسین، حوسێن عارف، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە:٢٧ تایبەت بە حوسێن عارف، ل٤٦- ٤٧.

٣. دراسة في النقد الرواية، طه الوادي، دارالمعارف، الطبعة الثالثة، القاهرة، ١٩٩٤، ص٢٨.



ئەگەر تەماشای قوتابخانە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان بکەین، لەهەر قوتابخانەیەك دید و بۆچوونێکی جیاواز لەبارەی ڕۆمان بەگشتی و توخمەکانی بەتایبەتییەوە هەیە. لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە تاکو هاتنی فۆرمالیستە ڕووسەکان، توخمی ڕووداو یەك قالب و ڕێسای هەبوو، ئەویش پاراستنی یەکێتیی ڕووداو (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) بوو. ئیدی خوێندنەوە و ڕاڤەی دیکە بۆ ئەم توخمە هاتەکایەوە. ئەوان لە چوارچێوەی هونەری گێڕانەوەدا (ڕۆمان، چیرۆك... تاد)، توخمەکانیشیان بەرباس دەدا، بەڵام هەر یەکەیان تێڕوانینی تایبەتی خۆیان بۆ ڕۆمان و تەکنیك و توخمەکانی هەبووە. بۆ نموونە (ڤلادیمێر پرۆپ) و (تۆماشێفسکی) جیاوازی لە مێتۆدیان هەیە، چونکە بەلای ئەرستۆوە کردە (ڕووداو) لە کارەکتەر گرنگترە، بەڵام ئایا ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ بۆ ڕۆمان دروستە؟ هەرچەندە لە سەردەمی ئەرستۆ تراجیدیا و شانۆ بوونی هەبووە، بەڵام لە ڕۆماندا ئەم دوو توخمە هەر یەکەیان گرنگی و تایبەتیەتی خۆیان هەیە. هەروەها (پرۆپ و تۆماشێفسکی) هەریەکەی لە هەوڵدابوو، بۆ ناسینی سایکۆلۆجیەتی کارەکتەر. ((بارت پێی داگرت کە تۆدۆرۆف بەڕاستی لەنێوان مێتۆدی تۆماشێفسکی و پرۆپ جیاوازی دانا، یەکەمیان کەسێتییەکان لە ڕێی وردبوونەوە لە سرووشتی دەروونیان شی دەکاتەوە و دووەمیان تەنیا سەرنج دەداتە کردارەکانیان))[٤]. کەواتە ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوودەدەن دەرخەری کەسایەتی کارەکتەرن، ئەمە لای پرۆپ. پرۆپ

٤. پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بابەك ئەحمەدی، و: مەسعوود بابایی، کتێبی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر،٢٠٠٥، چاپی یەکەم، ل٨٧.

شیکردنەوەی لایەنی کارەکتەرەکان بە ڕووداوەکانەوە گرێ دەدات، چ کردارێك بنوێنن، ئەوا لەوێوە خوێنەر کەسایەتییان دەزانێت، بەڵام هەرچی (تۆماشێفسکی)یە، لە ڕێی خودی کارەکتەرەکانەوە بۆ کەسایەتییان دەچێت.

بەڵام بەلای (تۆدۆرۆف)ەوە، گێڕانەوە (ڕۆمانیش وەك ژانرێکی گێڕانەوە)، دەبێت ڕووداوەکانی لە یەکدی جیا بن، ئەو پێیوایە ئەگەر ڕووداوەکان هاوشێوەی یەکدی بن، ئەوا چیرۆکێك بۆ گێڕانەوە لەئارادا نابێت. ((ڕووداوەکان دەبێ پاژەکانی یەکەیەك بن، واتە دواجار توخمی هاوبەشیان هەبێت))[١]. (تۆدۆرۆف) پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کاتێك ڕۆمانێك دەبێتە دەقێکی گێڕانەوەیی، کە ڕووداوەکانی لە یەکدی جیا بن، بەڵام توخم و بنەمای هاوبەشیان هەبێت، بۆ ئەوەی بەیەکەوە ببەسترێنەوە و لە یەکتری نامۆ نەبن. هەروەها (تۆدۆرۆف) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ((هەر ڕۆمانێك لە ڕێی گێڕانەوەی چیرۆکێك، یان چەند چیرۆکێکەوە، کە ڕووداوەکانیان لە ڕووداوی ژیانی ڕاستەقینە دەچن، پەیامێك، یان گوتارێك بەرهەم دێنێت، بۆ بەخشینی ئاراستەیەکی فیکری بە خوێنەرەکەی))[٢]. ئەم بۆچوونەی (تۆدۆرۆف) لەوە نزیکمان دەکاتەوە، کە ڕۆمانی نوێ بەهۆی پەیدابوونی تەکنیکی نوێ، بەتایبەت فرەدەنگی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان یەك ڕووداو نییە، بەڵکو ڕۆمان بریتیی دەبێت لە گێڕانەوەی چەندین ڕووداو، ئەم فرەییە لە ڕووداو، کاریگەری لە پێدانی ئازادی بە کارەکتەر

١. سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

٢. بینای ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال محەمەد، ل٢٣.



دەبێت، چونکە لەوێدا هەر کارەکتەرە خاوەن چیرۆکی خۆیەتی، کەواتە خاوەن ڕووداوێکە، کە جیایە لە ڕووداوی کارەکتەرێکی دیکە، بێگومان خاڵی هاوبەش دەبێت لەنێوانیاندا هەبێت. هەر لە ڕێی ئەم خاڵە هاوبەشانەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، بۆیەیش جۆراوجۆری لە ڕووداو دێتەکایەوە، ئەمەیش وا دەکات ڕووداوەکان هەمیشە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە بگۆڕدرێن، بەڵام دەبێت بە شێوەیەك بێ قەناعەت بە خوێنەر بکات. ((پێویستە ڕووداوەکان بەپێی هەندێك پرەنسیپی لۆژیکی بەیەکەوە ببەسترێنەوە))[٣]. چونکە ناکرێت، کاتێك بۆ نموونە کارەکتەرێك دەچێتە ماڵەوە بەسەر دیواردا بڕواتە ژوورەوە، دەبێت لە دەرگاوە بچێت، ئا لێرەدایە دەبێت قەناعەت بە خوێنەر بکات.

ڕۆماننووس بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی، یان پێکهێنانی بینای ڕۆمانەکەی، دەکرێت سوود لە کۆمەڵێ سەرچاوە وەرگرێت. هەموو سەرچاوەیەك چ واقیعی، مێژوویی، خەیاڵی، یان هەر سەرچاوەیەکی دیکە دەکرێت بە ڕووداوی نێو ڕۆمان بکرێت. بێگومان سوود وەرگرتن لەو ڕووداوانە، هەروا سانا نییە، بە گواستنەوەی بۆ ناو دەقی ڕۆمانەکە، بەڵکو ڕۆماننووس دەبێت لە بێژنگیان بدات، شێوەیەکی هونەریی بەرزی لێ بخولقێنێت، چونکە ڕووداوی وا لەنێو ڕۆماندا هەن، ئەگەر لە واقیعدا ببینین باوەڕ ناکەین ((کەچی ڕۆماننووس بە لێهاتوویی خۆی وا بۆ ناو ڕووداوەکان کێشمان دەکات و تاموچێژێکی وامان پێدەبەخشێ، وامان لێ

٣. ڕۆمان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیاوە، عەلی عوسمان یاقووب، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە: ٥٤، کانوونی دووەمی ٢٠١٢، ل١٠.

دەکات، کە تێکەڵ بەو ڕووداوانە ببین و کاریگەریان لەسەرمان هەبێت))[1].

بەپێی ڕای (عەتا نەهایی) داهێنان، یان وەرگرتنی ڕووداو بە دوو شێوە دەبێت: ((

١. ڕووداوی واقیعی: واتە ئەو ڕووداوانەی لەنێو ژیانی ڕۆژانە و واقیعی ژیاندا بوونیان هەیە، ڕەنگە لە ڕابردوودا ڕوویدابێت، یان لە ئێستادا هەیە، ڕەنگە لە داهاتووشدا ڕووبدات.

٢. ڕووداوی فەنتازی: مەبەست لەو جۆرە ڕووداوانەیە، کە لە واقیعدا بەرجەستە نین، خولقاندنی بوونێکە، ڕووداوێکە، کە لە واقیعدا بەرجەستە نییە))[2].

کەواتە یەکێك لەو سەرچاوانەی ڕۆماننووس، بۆ خولقاندنی ڕووداوی نێو ڕۆمان پەنای بۆ دەبات، واقیعە. واقیع وەکو کەرەسەیەکی خاو، هەمیشە ڕۆماننووسان بەکاردەهێنن، لەگەڵ خەیاڵ و تەکنیك هەوڵی ئافراندنی ڕۆمانی پێ دەدەن. بێگومان گێڕانەوەی هەر ڕووداوێکی واقیعی، یان ئەزموونی ڕۆماننووس، یان کەسانی دیکە نابێتە ڕۆمان، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەندێشە و خەیاڵی خۆی تێکەڵی بکات. هەر ڕۆماننووسەیش شێوازی تایبەتی خۆی بۆ نووسینی ڕۆمان هەیە. بۆیەیش

١. بینای ڕووداو لە چیرۆکدا، محەمەد ئەحمەد حەسەن، گۆڤاری ڕامان، ژمارە: ١١٥، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦، ل١١١.

٢. ئەم ڕایەی (عەتا نەهایی)، لە کۆڕێك لە کتێبخانەی زەیتوونە، لە شاری هەولێر لە ڕێکەوتی (١٥/٥/٢٠١٢)، کە بۆی سازکرابوو، گوێمان لێ بووە و وەرمانگرتووە.



ئەم کەرەسەیە (واقیع) لەگەڵ خواست و ئارەزووی ڕۆماننووس دەبێت بگونجێت، تاکو بە شێوازێکی هونەرییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

ڕۆمانی کوردی تاکو دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە کرمانجی خواروو و بەتایبەت لە باشووری کوردستان لەژێر کاریگەری قوتابخانەی ڕیالیزم ڕووداوەکانی ڕۆمانیان هەڵدەبژارد، هەرچەندە لە ڕێی پەیڕەوکردنی ئەم قوتابخانەیەوە واقیعی کۆمەڵگەی کوردییان پیشان دەدا، بەلام ڕووداوەکانیان ئەوەندە واقیعییانە نیشان دەدا، کاریگەرییەکی وای لە خوێنەر نەدەکرد، چونکە خوێنەر خۆی لەنێو ڕووداوەکاندا دەژیان، یان هیچ نەبێت لە دەورووبەری خۆی دیبوونی. هەروەها ئەم ڕۆمانانە ((توانای خوێندنەوە و دەرخستنی قووڵایی کێشە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان نەبوو))[3]. ئەمەیش کاریگەری تەنانەت لەسەر بونیادی هونەری ڕۆمانەکان هەبوو.

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، هەروەك چۆن زۆربەی کایەکانی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هات، بە هەمان شێوە بواری ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەت گۆڕانگاری تیایاندا ڕوویدا، چونکە کارەسات و ڕووداوە واقیعییەکانی پێش ڕاپەڕین بوونە هەوێنی ڕۆمانەکان. بەهۆی پەیدابوونی ئازادی و نەبوونی سانسۆر لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان ئەو ڕووداوانە لەنێو ڕۆمانی کوردی ڕەنگیدایەوە.

٣. تەوەرەی چیرۆکی کوردی، گێڕانەوەی کارەساتەکان، ئا: ئیدریس عەلی ، گۆڤاری ئایندە، ژمارە:٧٤، ئەیلولی ٢٠٠٧، ل٨٢.

لەبارەی کارەساتی ئەنفالی کورد و دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالەکراوانی کورد لە باشووری عێراقەوە، چەند ڕۆمانێك لەبارەی ئەم کارەساتەوە نووسران. وەکو: (بەهاری ڕەش)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، (گۆڕ غەریب)ی (عەبدولقادر سەعید)، (مەرگی بێ کۆتا)ی (ڕزگار کەریم)، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا تا چەند ئەو کارەسات و ڕووداوە واقیعییانە بە هونەری گێڕانەوە کراون؟ ئایا ڕۆماننووسانمان توانیویانە واقیعێکی جیا لەنێو ڕۆمان لە واقیعی ئەو ڕووداوانە بخولقێنن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، دەتوانین بڵێین، زۆربەی ڕۆمانی کوردی لەم ڕووەوە سەرکەوتوو نەبووە، نموونەی ڕۆمانی جوانیشمان هەن، کە هونەرکاری و هونەری گێڕانەوەی تێدا بە جوانی بەکارهاتووە. بۆ زۆریان سەرکەوتوو نەبوون؟ چونکە ئەوەندە بە شێوەیەکی گشتی کاریان لەسەر ڕووداوەکان کردووە، کاتێك ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە، دەبینین هەمان واقیع لە ژیاندا بینیومانە، یان بیستوومانە. (کاروان کاکەسوور) دەڵێت: ((نووسەری ئێمە واقیعێکی هونەری بۆ ئەنفال و کارەساتەکانی دیکە دروست نەکردووە، بەڵکو هەمان واقیعی بەکارهێناوە))[1]. لێرەدایە زۆربەی ڕۆماننووسانمان نەیانتوانیووە واقیعێکی هونەری لەنێو ڕۆمانەکان بخولقێنن، چونکە ڕۆماننووسانمان هاتوون کارەساتی ئەنفالیان بەگشتی گێڕاوەتەوە، بەڵام هەر لەنێو کارەساتی ئەنفال، سەدان وردە چیرۆکی جوان هەن، دەکرێت کاریان لەسەر بکرێت، سەدان ئازار و مەینەتی ورد هەن.

١. تەوەرەیەك دەربارەی کاریگەری کارەسات و ڕووداوەکان، ئا: ئیدریس عەلی، گۆڤاری ئایندە، ژ:؟ ل٨٨.



ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)[2]ی (بەختیار عەلی)، کارەسات و ڕووداوی نزیك بە (٢٥)ساڵ دەگێڕێتەوە. هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠). کارەسات و ڕووداوەکانی: جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، ڕاپەڕینی ١٩٩١، شەڕی براکوژی، گرانی ساڵانی نەوەدەکان بەهۆی ئابلۆوقەی ئابووری، بڵاوبوونەوەی بیری ئیسلامی سیاسی لەنێو گەنجان، کۆچی گەنجی کورد بۆ ئەورووپا. ئەو ڕووداوانە هێندە واقیعی کاریان لەسەرکراوە کاریگەری بۆ سەر بونیادی هونەری ڕۆمانەکە هەبووە. هەریەك لەو کارەساتانە لە سەدان وردە چیرۆك و ڕووداو پێکهاتوون، بەڵام ڕۆماننووس هێندە بەگشتی کاری لەسەر ڕووداوەکان کردووە، کە فەزای هونەری ڕۆمانەکەی کوشتووە. هێنانەوەی ئەم چەند ڕووداوانە لەم ڕۆمانەدا واتای ئەوە نادات بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە بێت، چونکە تەکنیکی فرەدەنگی کاری سەرەکیی بریتییە لە بە هونەریکردنی ڕۆمان. لە سایەی ئەم تەکنیکەوە دەبێت ڕووداو و واقیعێکی دیکە لەنێو ڕۆمان بخولقێنرێت. ((چیرۆك و ڕۆمان لە ناخ و جەوهەری خۆیدا داهاتەیەکی ستاتیکی و جوانکارانەیە، لە کاتێکدا کارەسات واقیعێکی تاڵ و دژ مرۆڤانەیە، کە هیچ جوانییەکی تێدا نییە))[3]. لێرەوە تەکنیکی

٢. جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، بەختیار عەلی، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئەندێشە، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

٣. تەوەرەی چیرۆکی کوردی، گێڕانەوەی کارەساتەکان، ئا: ئیدریس عەلی، گۆڤاری ئایندە، ژمارە: ٧٤، ئەیلولی ٢٠٠٧، ل٨٢.

فرەدەنگی کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان دەبێت، ئەو ڕووداوە دژ مرۆڤانەیە بە شێوەیەکی هونەری پیشاندەدات، ئێستاتیکایان پێدەبەخشێت.

((ئەو شەوە لە دەمەوبەیانەوە و بەدرێژایی ڕۆژیش تۆپخانەکانی عێراق و فڕۆکە جەنگییەکانی سوپا ئەو شوێنە نهێنیانەیان کوتا کە مامەجەمشیدم دەستنیشانیکردبوون))[1]. ئەگەر سەیری ئەم ڕووداوە بکەین زۆر واقیعییانەیە هەست بە هونەریکردنی ناکەین. لەبەرئەوەی ئەم ڕووداوە، هەموو ئەو کەسانەی بەشدارییان لەو جەنگە کردووە دیتویانە، یان بیستوویانە. ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە زۆرن و بەزۆر لە پاڵ یەکتری پەستێندراون. ڕۆماننووس ناچار بووە زەمەنەکەی زوو زوو بباتە پێش، زوو زوو لە ڕۆمانەکە بەرچاومان دەکەوێت: (دوای سێ حەفتە، دوای شەش مانگ، چەند ساڵێك دواتر... تاد). ئەمانە هەمووی بۆ بازدانە بەسەر ڕووداو و گەیشتن بە ڕووداوی دیکە تاکو چیرۆکی دیکە بگێڕێتەوە و بگات بە کۆتایی ڕۆمانەکە، ئەمەیش کار دەکاتە سەر بونیادی هونەری ڕۆمانەکە و لاوازی دەکات، بەڵام ئەگەر یەك، یان چەند ڕووداوێکی وردی لەیەکێك لەو کارەساتە گەورانە وەربگرتایە، ئەوا ئەو کێماسییە لە ڕووداو و واقیع ڕووی نەدەدا.

تەکنیکی فرەدەنگی بە شێوەیەك کار لە توخمی ڕووداو دەکات، وا دەکات ڕۆمانەکە بەهۆی جۆراوجۆری ڕووداوەکان شێوەی ژیانێکی واقیعی بنوێنێت. هەموو ڕۆمانێك لە چوارچێوەی ڕووداوی چیرۆکێکی سەرەکیی دەسووڕێتەوە، بەڵام لەنێو ئەم چیرۆکە سەرەکیەدا چەندین وردە ڕووداو

١. جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ل٣٢.



هەن، ئەم وردە ڕووداوانە بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە دروست دەبن، چونکە هەر کارەکتەرێك هەڵگری چیرۆك و ڕووداوی خۆیەتی، ئەم کارەکتەرانە خۆیان جووڵەی ڕووداوەکانی خۆیان هەڵدەسووڕێنن. لێرەدا وەگێڕ ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی و لەژێر ڕکێفی خۆی بیانسووڕێنێت، چونکە ڕۆمان ((لە کۆمەڵێك ڕووداو پێکهاتووە کە کارەکتەرەکان هەڵسووڕێنەرینە و لەنێوانیان ڕایەڵەیەك هەیە بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە))[2]. پەیوەندی نێوان کارەکتەرەکان پەیوەندییەکی ژیانییە. چۆن لەنێو ژیان و واقیعی مرۆڤەکان پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، جا لەسەر هەر بنەمایەك بێت، لە ڕۆمانیش بە هەمان شێوەیە، بەڵام هەر کارەکتەرە بە سەربەخۆیی، بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە دەجووڵێتەوە.

فرەیی لە چیرۆك بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە دروست دەبێت. بێگومان هەر چیرۆکە و هەڵگری ڕووداوێك یان چەند ڕووداوێکە، هەرچەندە ئەو چیرۆکانە خاڵی نین لە توخمەکانی دیکە، ئەمەیش بەڵگەی پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان توخمەکانی ڕۆمانە. فرەیی لە ڕووداو ڕۆڵێکی گرنگ لە بە هونەریکردنی ڕۆمان دەگێڕێت. تەنانەت هەندێك ڕۆماننووس دەسپێکی ڕۆمانەکەیان بە ڕووداوێك، یان ئاماژەدان بە سەرەداوی ڕووداوێك دەست پێدەکەن. هەموومان دەزانین دەسپێك زۆر هونەرییانە ڕۆڵ لە بە هونەریکردنی ڕۆمان دەگێڕێت، چونکە لێرەوە سەرنجی خوێنەر

٢. تقنیات السرد الروائی، د.یمنى العید، الطبعة الثالثة، دارالفارابی، بیروت، ٢٠١٠، ص٤٣.

ڕادەکێشێت و پەلکێشی نێو ڕۆمانەکەی دەکات، دەسپێك وا دەکات، خوێنەر بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، یان دەست هەڵگرێت.

ڕۆمانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك)[1]ی (عەتا محەمەد)، لەم ڕۆمانەدا، کە ڕۆمانێکی فرەدەنگە. دەسپێك بە ڕووداوێك دەست پێدەکات، ئەویش مردنی پەیکەرتاشێکە. ((ئەوە بوو بەیانییەك پەیەکەرتاشەکەیان لە شوێنی خۆیدا بە دیار ئەو پەیکەرەوە کە لە ئەندێشەوە خولقاندی بە مردوویی دۆزییەوە))[2]. ئەم هەواڵدانی مردنە لەلایەن وەگێڕی هەمووشتزان بۆ ئەوەیە خوێنەر پەلکێشی ناو ڕووداوەکان بکات.

بەهۆی فرەیی لە ڕووداوەکان دەبێت ئاڵوگۆڕی لە وەگێڕیشدا ڕووبدات، چونکە لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا پرۆسەیەکی دیموکراسی هەیە، هەموو کارەکتەرێك مافی خۆیەتی خاوەن چیرۆك و گۆشەنیگای خۆی بێت، کاتێك بەهۆی ئەم تەکنیکەوە فرەیی لە ڕووداو دروست دەبێت. لە هەمان کاتدا فرەیی لە وەگێڕیش دێتەکایەوە. لەم ڕۆمانەدا (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك) چەند وەگێڕێك هەیە: وەگێڕی هەمووشتزان، باوکی سلێمان، سلێمان. دەستاودەستکردنی ڕەوتی گێڕانەوە، کە (ماریۆ ڤارگاس یووسا) ناوی دەنێت (گواستنەوەی شوێنی وەگێڕ). ((دیاریکردنی گۆشەنیگا بۆ

١. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك، عەتا محەمەد، ڕۆمان، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

٢. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك، عەتا محەمەد، ل١١.



زانینی پێگەی هەر کارەکتەرێکە لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆماندا))[3]. بەهۆی ئەم فرەییەوە ئاگاداری ڕوودای هەریەك لە کارەکتەرەکان دەبین.

لەم ڕۆمانەدا کاتێك ڕووداوێکی گەورە ڕوودەدات، ئەوا لەنێو ئەو ڕووداوە گەورەیە کۆمەڵێ کاریگەری جێدەهێڵێت، کە ڕووداوی بچووکی لێ دەکەوێتەوە. وەکو ڕووداوی هاتنی نەخۆشی تاعوون. ((لە ڕۆژگاری تاعوون و نەهامەتیە گەورەکەدا، کە کەسانێکی کەم وەك یادگارییەکی بە تەم داپۆشراو دێتەوە یادیان، دەڵێن: لەو ڕۆژگارەدا هیچ بوارێك نەمابوو بۆ ڕووداوی لەناکاو و کت و پڕ))[4]. بەهۆی ئەم ڕووداوەوە ڕووداوی دیکە، بەهۆی کاریگەری ڕووداوی تاعوونەکە ڕوودەدات، ئەمەیش فرەیی لە ڕووداو دروست دەکات.

هەر بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە، کە فرەیی لە ڕووداو دروست دەکات، لە هەمان کاتدا فرەیی لە دیدی گێڕانەوەیش دروست دەبێت. دەشێ یەك ڕووداو لە چەند گۆشەنیگایەکەوە بگێڕدرێتەوە. لێرەدا کاتێك ڕووداوێك ڕوودەدات چەند کارەکتەرێك هەر یەکەیان لە گۆشەی خۆیەوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە وەکو گرتەیەکی سینەمایی، کە کامێرا لە چەند گۆشەیەکەوە، شوێنێك وێنەبگرێت. لێرەدا ((گێڕانەوە تەنها لە یەك گۆشەنیگاوە نییە، بەڵکو ژمارەیەك لە کەسێتییەکانی دەتوانن ڕووداو لە دیدی خۆیانەوە بگێڕنەوە، تایبەتمەندی ئەم جۆرە لەوەدایە کە زیاتر خوێنەر

٣. اسلوبية الروايه العربية، د.سمر روحي الفيصل، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠١١، ص٤٥.

٤. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك،ل٢٧.

دەخاتە بەردەم ڕامان و ئیستاتیکاشی لەوانی دیکە زیاترە))[1]. ئەم گێڕانەوەیش کاریگەری شێوازی زمان و پەیڤین و کەسایەتی هەر کارکتەرەی، کە ڕووداوەکە لە دیدی خۆی دەگێڕێتەوە، بەسەرەوە دەبێت.

ڕۆمانی (مندالّباز)[2]ی (فەرهاد پیربالّ) باسی لە ئەتکردنی مندالّێك لە ناو دوکانێکی فڕنی دەکات، بەلاّم کەس نازانێت کێ ئەو کارەی کردووە. هەروەها لە هەمان بەیانیشدا مندالّێك بە ناوی (یووسف) دیارنامێنێت. هەموان وا دەزانن ئەو مندالّەی ئەتکراوە (یووسف)ە. تەنیا سێ کارەکتەر ڕووداوی ئەتکردنەکەی نێو فڕنیەکەیان دیوە، بۆیە هەر یەکەیان هەمان، لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە. ئەم سێ کارەکتەرەیش: (شاگردی مام قادر قەیماغفرۆش، مەریوانی کوڕی معاون موفید، نەجیبەخانی ژنی مام هادی).

((گوێ بگرە مام قادر:

- بەڵێ...

- تازە ماست و قەیماغ و شیر و سەرتوومان پێگەیشتبوو، هێشتا سەرفەتاحم نەکردبوو. یەك موشتەریش چییە نەکەوتبووە سەرجادە، گەردوگوڵی بەیانی بوو، لەناکاو هەر هێندەم زانی ژنێکی عەبا بەسەر نەعرەتەیەکی کێشا و غاری دایە لای من، گوتی:

١. پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا(١٩٩٥- ٢٠٠٥)، بوشرا قادر کاکەمحەمەد ، ٢٠١١، ل١٥٠.

٢. مندالّباز، فەرهاد پیربالّ، ڕۆمان، یانەی قەڵەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦. چاپی یەکەمی: ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی، ٢٠٠٣ بووە.



- وەیش، وەیش... استغفروالله

ئینجا لە دوای ئەو کوڕێکی گەنج لە پێش فڕنییەکەی (مەلا چاو بەکل) هاواری کرد:

- پۆلیس، پۆلیس... خەڵکینە

کاتێ گەیشتمە بەردەرگای فڕنییەکە، دەرگای ژوورەوەی دادرابۆوە، کوڕە گەنجەکە گوتی:

- لە ژوورەوەن، لە ژوورەوە

- کێ؟

- پیاوێکە... سواری مندالّێك بووە.

گوتم: چی لێ دەکا؟

گوتی: چی... چیی لێ دەکا؟! من بە چاوی خۆم دیم. ژنەکەش دیتیانی، بۆیە ئەو غاری دایە لای تۆ و هاواری کرد: استغفروالله))[3].

هەمان ڕووداو لە گۆشەنیگای کارەکتەرێکی دیکەوە (مەریوان) دەگێڕدرێتەوە. دەبێت تێبینی ئەوەیش بکەین، هەموو گێڕانەوەکان لە ڕێی دیالۆگەوە ئەنجام دەدرێت، لە ڕێی دیالۆگەوە ئێمە شارەزای پێگەی کۆمەلاّیەتی و ئاستی زمانی کارەکتەرەکان دەبین. ((دیالۆگ زیاتر ئەو جۆرە ڕۆمانانە دەردەکەوێ کە فرەگێڕەرەوەیە، کە تێیدا چەند کەسایەتییەك بیرورای جیاواز سەبارەت بەو ڕووداوەی کە دەیگێڕنەوە دەردەبڕن))[4].

٣. مندالّباز، ل٤٤.

٤. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج دا، ڕێزان ڕەحمان خدر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاّحەدین، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٧، ل٩٦.

کەواتە لە ڕێی دیالۆگەوە ئێمە ئاگەداری چۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەبین. بۆیەیش دەبینین هەمان ڕووداو لە ڕێی کارەکتەرێکی دیکەوە (مەریوان) لە گۆشەنیگای خۆیەوە، بەم شێوەیە دەگێڕدرێتەوە:

((منیش دوای ئەو بە هەمان شێوە تەماشایەکی ژێر قەپەنگی فڕنییەکەم کرد، دیتم: پیاوێك سواری منداڵێك بووە و... تەواو. ئیدی ویستم بچم قەپەنگی دوکانەکە هەڵبدەمەوە. کاتێ قەپەنگەکەم هەڵدایەوە، ئەوان یەکسەر غاریان دا.

- غاریاندایە کوێ؟

- غاریاندایە سەرەوە، بە قاڵدرمەکدا سەرکەوتن.

- ئێ... پاشان؟

- چوومە سەرجادەکە، هاوارم کرد: پۆلیس، پۆلیس... خەڵکینە))[1].

گێڕانەوەی سێیەم لەلایەن کارەکتەرێکی دیکەوە (نەجیبەخان) بەم شێوەیەیە:

((-من وەك هەموو بەیانییەك، عەبام بەسەرخۆمدا دادا و بچم لە سەموونخانەکەی (مەلا چاو بەکل) سەموون بۆ منداڵەکان بکڕم. بۆ بەڵقیس خانیشم باسکرد. کاتێ گەیشتمە بەردەم سەموونخانەکە، تەنیا کوڕێکی گەنج لە پێش سەموونخانەکە وەستابوو، کوڕەکەی معاون موفید. بەردەم سەموونخانەکە لە من و کوڕەکەی معاون موفید زیاتر کەسی دیکەی لێ نەبوو. تازە گەردوگوڵی بەیانی بوو. لەناکاو گوێم لە هێنکە هێنك و عەیب نەبێ ئاخ و ئۆێك بوو. سەری خۆم دانوشتاندەوە خوارەوە بۆ

١. منداڵباز، ل٥٤.



شوێنی دەنگە دەنگەکە، لەژێر قەپەنگەکە چ ببینم! ئەوەی خوا پێی ناخۆش بێ، ئەوەم دیت! ئەیەڕۆ هەترەشم چوو، نەعرەتەیەکم کێشا و غارمدایە سەرجادەکە. استغفرالله، ئەوە یەکەمجارم بوو شتی ئەوها ببینم. لەو بەیەندا بوو، لە دوای منەوە کوڕەکەی معاون موفید لە پێش فڕنییەکەی (مەلا چاو بەکل)ەوە هاواری کرد:

- پۆلیس، پۆلیس... خەڵکینە))[2].

لێرەدا ڕۆڵی فرەدەنگی لەسەر توخمی ڕووداو بە دیاردەکەوێت. هەر کارەکتەرە لە دیدی خۆیەوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، ئێستاتیکای ئەم فرەییە لە ڕووداو و گێڕانەوە لەوەدایە، لە هەر گێڕانەوەیەك زانیارییەکی نوێمان پێشکەش دەکات، لە گێڕانەوەکان زانیاری ئەوەمان پێ دەدرێت ئەو منداڵەی ناو فڕنییەکە (منداڵێکی مووزەردە و کراسێکی سپی لەبەر بووە). ئەمەیش خوێنەر لەوە دڵنیا دەکاتەوە، ئەو منداڵە (یووسف) نییە، بۆیە خوێنەر بیری بۆ ئەوە دەچێت دەبێت (یووسف) بە چ ڕووداوێك بزر بووبێت؟ خوێنەر ناتوانێت دەستبەرداری خوێندنەوە بێت، تاکو بزانێت ڕووداوی بزربوونی (یووسف) چییە؟ و بە چ هۆکارێك دیارنەماوە؟ ئەمانە هەموو بەهۆی فرەیی لە ڕووداودا دروست دەبن. دەبینین چەند ڕووداوێکی جیا لە یەکترمان هەیە. ئەمەیش سەلمێنەری بۆچوونەکەی (تۆدۆرۆف)ە، هەموو ڕووداوەکانیش خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. ڕایەڵێك بە یەکتریان دەبەستێتەوە.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

لێرەوە ڕۆمان بەهۆی دیالۆگەوە وەك گوتمان وێنای ژیان دەكات. كەواتە پەیوەندی نێوان ڕۆمان و واقیع زۆر بە هێزە، بۆیەیش لۆژیكی ڕۆمان و لۆژیكی ژیان پەیمانیان لەنێواندا هەیە، (تۆماس مان) ئەمە ناو دەنێت (دیموكراسی ڕۆمان). ((هەروەكو چۆن جۆراوجۆری، جیاوازی، دیالۆگ، توانا، ڕووداو، كەس، هۆكار لە ژیاندا هەن، بە هەمان شێوە لە ڕۆمانیشدا بوونیان هەیە))[1].

سەرچاوەیەكی دیكە، كە ڕۆماننووس بۆ خولقاندنی ڕووداو سوودی لێ وەردەگرێت، ڕووداوە مێژووییەكانن. بۆ نموونە میللەتی كورد بە درێژایی مێژوو ئەوەندە كارەسات و ڕووداوی بەسەرهاتووە، كەرەسەی سەدان ڕۆمانن، بەڵام پرسیارێك دێتە پێش، ئەم ڕووداوە مێژووییانە چۆن بە ڕۆمان بكەین؟ هەروەها بەهۆی تەكنیكی فرەدەنگییەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا دەكرێت؟

ڕووداوە مێژووییەكان هەمیشە بۆ ڕۆمان كەرەسەیەكی دەوڵەمەند بوون. ((مێژوو بابەتی ڕۆمانە))[2]. ڕۆماننووس هەوڵدەدات سوود لە شەڕە گەورەكان، كەسایەتییەكان، شوێنە مێژووییەكان بۆ ئافراندنی ڕۆمان وەرگرێت. تەنانەت جۆرێكی سەرەكیی ڕۆمان بە ناوی (ڕۆمانی مێژوویی) هەیە.

١. مشكلات السرد الروائي، د.جهاد عطا مغيسه، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص١٠٩.

٢. قبل نجيب محفوظ و بعده، فخري صالح، منشورات الاختلاف و الدار العربية للعلوم ناشرون، الطبعة الاولى، جزائير، ٢٠١٠، ص ٦٩.



ڕۆمانی مێژوویی ((ڕۆمانێكە كە باسی نوێكردنەوەی كەسایەتی، زنجیرە ڕووداو، خەبات، یان ژیان و بارودۆخی یەكێك لە چاخەكانی ڕابردوو دەكات و بۆ دووبارە داهێنانیان، دەست دەكات بە لێكۆڵینەوەیەكی جیددی و خێرا لە ڕووداوە ڕاستەقینەكانی چاخی ڕابردوو))[3]. لێرەدا پرسیارەكەی سەرەوە گرنگی خۆی دەبێت، چۆنیان بە ڕۆمان بكەین؟ (ئۆرهان پامۆك) ڕۆماننووسی تورك، لە ڕۆمانی (مۆزەخانەی پاكیزەیی)دا باسی سەردەمێكی مێژوویی ئەستەنبۆڵ دەكات، بەڵام بە شێوەیەك كاری كردووە، خوێنەر كە دەیخوێنێتەوە، هەست دەكات شارەزای ئەستەنبۆڵی ئەو كاتە. تەنانەت ئەستەنبۆڵێكی دیكەی خولقاندووە، دیارە بۆ ئەمە سوودی لە دەیان سەرچاوەی مێژوویی وەرگرتووە. (نەجیب مەحفووز)ی ڕۆماننووسی میسر، لە ڕۆمانی (كوڕانی گەڕەك)، مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتیمان لە سەردەمی ئادەمەوە بۆ دەگێڕێتەوە، بۆ ئەمە سوودێكی زۆری لە چیرۆكی قابیل و هابیل لە قورئان وەرگرتووە. بەڵام هاتووە دنیایەكی دیكەی خولقاندووە.

بەڵام لە ڕۆمانی كوردیدا، تاك و تەرا نەبێت نەتواندراوە، ئەم كەرەسە و ڕووداوە مێژووییانە بە ڕۆمان بكەن. ((گرفتەكە لەوەدایە ئەوەی ڕوویداوە چۆن دەیگێڕیتەوە، (هونەری گێڕانەوە دەڵێم)، بۆ نموونە لە كارەساتی ئەنفالەكاندا (پیرەژنێكی نەخوێندەوار و دەردەدار) جوانتر

٣. ڕۆمان چییە؟ كۆمەڵێ نووسەر، و: جەواد مستەفا، ل٢٥.

چیرۆکی ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، وەك لە نووسەرێك))[1]. مەزراندنی ڕووداوی مێژوویی لەنێو ڕۆماندا بۆ بە ڕۆمانکردنی ڕووداوە مێژووییەکانە، واتە خوێنەر دەبێت هەست بکات، ڕۆمان دەخوێنێتەوە، نەك بابەتێکی مێژوویی.

کاریگەری تەکنیکی فرەدەنگی بۆ بە هونەریکردن و بە ڕۆمانکردنی ڕووداوە مێژووییەکان بەرچاوە. فرەدەنگی بە هاوکاری توخمەکانی دیکە، (کات و شوێن، کارەکتەر، زمان... تاد)، کە کار لەوانیش دەکات، کاریگەری لە بە هونەریکردنی ئەو ڕووداوانە دەبێت. وا دەکات ئەو ڕووداوانە لە مێژوویی بوونی خۆیان دابماڵێت، وەکو ڕووداوێکی دیکەی ناو ڕۆمان، کە کارەکتەرێك لە کات و شوێنێك جووڵێنەریەتی ببینرێت. هەروەها ئەو ڕووداوانە شێوەی زنجیرەیی خۆیان، کە لە مێژوودا هەیە، لە کاتی گێڕانەوە لە ناو ڕۆماندا لە دەست دەدەن. چیدیکە ڕۆماننووس گوێ بە زنجیرەیی ڕووداوەکان نادات، ئامانجیش لەمە ((بریتییە لەو بەها بابەتییەی کە لە چوارچێوەی پێوەرێکی لۆجیکیی و ئێستاتیکی، لە دەرەوەی پێوەری مێژوویی ڕیزبوونی ڕووداوەکان، شێوەکانی بنیات پارچەپارچە دەکات، تاکو ڕۆمانەکە شێوەیەکی بەڵگەنامەیی مێژوویی ڕووت وەرنەگرێت لەبارەی ڕابردوویەکی لەناوچووەوە. بەڵکو لە چوارچێوەی ڕێبازێکی مێژوویی دەبێت، کە بوار بە خوێنەر دەدات (ئێستای کراوە)

١. تەوەرێك دەربارەی کاریگەری کارەسات و ڕووداوەکان لە چیرۆکی کوردیدا، ئا: ئیدریس عەلی، گۆڤاری ئایندە، ل٩١.



شیبکاتەوە))[2]. کەواتە تەکنیکی فرەدەنگی کاریگەری لە تێکشکاندنی زنجیرەیی ڕووداوە مێژووییەکان هەبوو.

ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)[3]ی (فەرهاد پیرباڵ)، ڕۆمانێکی مێژووییە. ڕۆمانێکە هەوڵی زیندووکردنەوەی شوێن و کەسایەتییەکانی شاری هەولێر دەدات، بەڵام لەبارەی گێڕانەوەدا ڕۆمانێکی سەرکەوتووە، چونکە هەموو ئەو ڕووداوانەی باسیان دەکات ڕاستە لە مێژوودا ڕوویانداوە، بەڵام ڕۆماننووس دنیایەکی دیکەی لێ خوڵقاندوون. هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی تێدایە. ڕووداوەکان پارچەپارچەکراون. هەروەك لە ناوونیشانی ڕۆمانەکەوە دیارە ئەم ڕۆمانە (حیکایەتەکانی باوکم) لە چەندین حیکات و بەسەرهات پێکهاتووە. دوو وەگێڕی سەرەکیی بوونیان هەیە، کە باوك و کوڕن (پیرباڵ و فەرهاد).

بۆ نموونە ڕووداوی شەڕی (شوعەیبە) لە باشووری عێراق، کە (شێخ مەحموود) چوو بۆ شەڕی ئینگلیز بۆ بەرژەوەندی سوڵتانی عوسمانی، ئەم ڕووداوە مێژووییە بە شێوەیەك دەگێڕێتەوە کە خوێنەر هەست دەکات خۆی لەنێو ڕووداوەکانە.

٢. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارە پەروانەی) بەختیار عەلیدا، جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٤، ئەویش لە : المفارقه الروائیه- الروایه العربیه نموذجا-، صالح محمد عبدالله العبیدی، اگروحه دکتورا، کلیه التربیه، جامعه الموصل، ٢٠٠١، ص١١٩، وەرگرتووە.

٣. حیکایەتەکانی باوکم، فەرهاد پیرباڵ، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی بەدرخان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

((- لە شەڕە گەورەکەی بەستڕپێرار، لە شوعەیبە، شێخ مەحموود بەرزنجی، بە ئەمری سوڵتان ڕەشادی عوسمانی خەڵکێکی زۆری لە سلێمانییەوە کۆکردبۆوە و ناردبوونیە شەڕی ئینگلیز لە خوارووی بەغدا.
- دەیانگوت هەزار و پێنج صەد چەکدار زیاتر بوون.
- منیش لەگەڵیان بووم، چووبووینە شەڕی شوعەیبە، هەموومان لەبەر خاتری دین و دیانەت و بە ناوی غەزاوە بە دوای شێخ مەحموود کەوتبووین و چووبووینە ئەو شەڕە))[1].

دەبینین لە ڕێی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەوە ڕۆماننووس پەیامی ئەوەمان پێدەدات، ئەگەر (شێخ مەحموود) شەڕی ئینگلیزی نەکردبا و لەگەڵ ئینگلیز پەیمانی بەستبا، ئێستا کورد خاوەنی کیانی خۆی بوو. ئەم چیرۆك و ڕووداوانەی لەم ڕۆمانەدا هاتوون بە شێوەیەکی هونەری زەمینەسازییان بۆ کراوە، بۆ ئەوەی ڕووداوەکان لەناکاو دەرنەکەون و خوێنەر تووشی سەرسوڕمان و لەقبوونی باوەڕهێنانی لەلا نەکەن.

ڕۆمانی (سفرەی کاغەز یان گەمەی پیاوێك)[2]ی (نەجات نووری)، کە تێیدا باس لەو پێشمەرگانە دەکات، کە دوای ڕاپەڕین (١٩٩١) پەراوێزخراون و ماندوو بوون و ڕەنج و پێشمەرگایەتییان ڕەچاو ناکرێت و لەوپەڕی هەژاریدا دەژین. ڕۆماننووس ئەو ڕووداوە مێژووییانەی سەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتی لە دەیەی هەشتاکان دەکاتە هەوێنی ئەم ڕۆمانە.

١. سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.
٢. سفرەی کاغەز یان گەمەی پیاوێك، نەجات نووری، ڕۆمان، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.



زۆرجار ئەو ڕووداوانەی لەنێو ڕۆماندا ڕوودەدەن، کاریگەری لەسەر دەروونی کارەکتەرەکان دروست دەکات، وەك لەم ڕۆمانەدا هاتووە، کاتێك (سالاری کوڕی محێدین)، کە پێشمەرگە بووە و گیراوە و لەسێدارە دراوە.

((سەرەنجام ترسەکەی (محێدین)ی باوك گەیشت، گەیشت و کۆڵانەکە لە بەرەبەیانی مانگی حەوتی ساڵی (١٩٨٦) پڕبوو لە هەواڵی گرتنی کوڕەکەی محێدین، بەردەرگایەك نەما ئەم هەواڵەی تێدا باس نەکرێت، وتیان (سالار محێدین) کوڕە ئازا و چاونەترسەکەی، ئەو کوڕەی چاوی دەبڕیە لوولەی تفەنگەکانی دوژمن، بەدەم گۆرانییە خۆشەکانییەوە هەڵمەتی دەبرد بۆ سەر دوژمن، ئێستا گیراوە و گوللەبارانی دەکەن، گەنجێك لە کۆڵانەکەدا شیعری بۆ گرتن و مەرگی ئەو جەنگاوەرە دەگووت))[3]. ئەم ڕووداوە کاریگەری لەسەر دەروونی باوکی (سالار) دروستکردووە، ئەمەیش بۆ زیندوو نیشاندانی کارەکتەرە.

لێرەدا کاریگەری فرەدەنگی بەو شێوەیە دەبێت، کە جگە لەوەی زنجیرەیی کات و گێڕانەوەی ڕووداوەکان تێکدەشکێنرێت، هەروەها گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکە لەناو یەك کاتی گێڕانەوەدا ئەمە بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە دێتەکایەوە، کە پێی دەڵێن (بنیاتی هاوتەریب- هاوسەنگ). ئەوە ئاشکرایە ڕووداو لە ڕۆماندا وەکو توخمێك لە چوار جۆر بنیات پێکدێت: (بنیاتی شوێنکەوتە، بنیاتی تێهەڵکێش، بنیاتی هاوتەریب- هاوسەنگ، بنیاتی بازنەیی)، بەهۆی هاتنەکایەی تەکنیك و هونەری نوێی ڕۆمان ئەجۆرانە لە بنیاتی ڕووداو دروست بوون، چونکە

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

ڕۆمانی کۆن تەنیا ڕووداوەکانی بە جۆری بنیاتی شوێنەکەوتەیی بوو، ڕووداوەکان بە زنجیرەیی کات و گێڕانەوە بەبێ پاشوپێش بە دوای یەکدا دەهاتن، بەڵام دوای سەدەی بیستەم ژانری ڕۆمان لە هەموو توخم و لایەنەکانییەوە نوێبوونەوەی بە خۆیەوە بینی. ئەم بنیاتی هاوسەنگە ((گێڕانەوەی چەند، چیرۆکێکە، کە ڕووداوەکانیان لە یەك کات، یان دوو کاتی وەك یەك ڕوودەدات))[1]. واتە لە ڕۆمانێکدا چەند چیرۆك و ڕووداوێکمان هەن، وەگێڕ هەموویان لە چوارچێوەی کاتی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە. مەرج نییە ئەو چیرۆکانە بە زنجیرەیی بگێڕدرێنەوە، ((ئەمە بەیەکێك لە بنیاتە باڵا و جوانەکان دادەنرێت، کە بەکارهێنانی لێهاتووییەکی هونەری بەرزی دەوێت))[2]. ئەوەی ئەم تەکنیکەی جوانتر کردووە وەگێڕ زۆرجار جڵەوی گێڕانەوە دەداتە دەست کارەکتەرەکان تا ڕووداوی چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە. ڕەنگە لەناکاو ڕابوەستێ و چیرۆکەکە بە نیوەچڵی بمێنێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕووداوی چیرۆکێکی دیکە دەست پێدەکات.

ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)ی (فەرهاد پیرباڵ)، لە (٣٨) بەش پێکهاتووە، هەر بەشەی ڕووداوی چیرۆکێك، یان چەند چیرۆکێکی تێدا دەگێڕدرێتەوە. وەگێڕی ڕۆمانەکە (باوك و کوڕن- پیرباڵ و فەرهاد)

١. البناء الفني لرواية الحرب في العراق، عبدالله ابراهيم، دار الشؤون والثقافة العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٨، ص٥٥.

٢. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارە پەروانە)ی بەختیارعەلی دا، جەلال ئەنوەر سەعید، ل٤٨.



هەرجارەی یەکیان دەبنە وەگێڕی ڕووداوەکان، لەناو گێڕانەوەکاندا زۆرجار جڵەوی گێڕانەوە دەدەنە دەست کارەکتەرەکان تاکو ڕووداوی چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (٩١)، (عەزە تورگە)ی کارەکتەر ڕووداوەکانی چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە. لە لاپەڕە (١١٥) چیرۆکی ژیانی (شەهابە). لە لاپەڕە (١٣١) چیرۆکی نەفیکردنی (ڕەشید ئاغا)... تاد، هەموو ئەو گێڕانەوانە لەلایەن خودی کارەکتەرەکانەوە دەگێڕدرێنەوە.

لە ڕۆمانی (گێلاسی خوێن)[3]ی (عەتا محەمەد)دا، خوێنەر بەر ڕووداوی سێ چیرۆکی هاوسەنگ بەیەك دەکەوێت. چیرۆکی (کوڕە گەنجەکە و هاوڕێکەی)، کە لە کتێبخانەی ئەوقاف لە سلێمانی دانیشتوون و سەیری دەستنووسەکانی سەردەمی بابان دەکەن. چیرۆکی (مردن و قوتابییەکەی)، کە لەنێو دەستنووسەکان هەیە. چیرۆکی گەڕانەوەی (دەستەی هێنانی ئامێری چاپ). ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە مێژووەوە وەرگیراون و تێکەڵ بە فانتازیا کراون، بەڵام ئەوەی جێی باسە ئەو بە فانتازیاکردنە خزمەتی بە ڕۆمانەکە کردووە. هەریەك لەم سێ چیرۆکەیش چەندان وردە ڕووداو و چیرۆکی تریان لە خۆیاندا حەشارداوە. بۆ نموونە هەردوو کارەکتەری (مردن و قوتابییەکەی)، زۆر ڕووداو دەبینن. عاشقبوونی یەکێك لە لەشکری مردووان بە کچێك و سکپڕبوونی کچەکە لێی.

٣. گێلاسی خوێن، عەتا محەمەد، ڕۆمان، یانەی قەڵەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

((ئەو شەڕکەرە مردووە بێقۆڵە تووشی عەشقێکی سەیر دەبێت لەم ماڵەدا. بەوەی دەیەوێت کچی ئەو ماڵە هەڵگرێت، پاش ئەوەی کچە لەگەڵیدا دەخەوێ سکی لەو مردووە دەبێت))[١]. ئەم ڕووداوە هاوسەنگە لەگەڵ ڕووداوەکانی دیکە لە یەك کاتدا، ئەمەیش بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە دەبێت، کۆکردنەوەی چەندین ڕووداو لە بۆتەی یەك کاتدا، ئەم ڕووداوانەیش لە یەکتری جیاوازن، تەنیا هێندێك خاڵی هاوبەشیان هەیە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

دەبینین لە ناو هەمان چیرۆکی (مردن و قوتابییەکەی) ڕووداوی دیکەیش هەیە. بۆ نموونە کوژرانی (شارسازەکە)، کە (مردن و قوتابییەکەی) دەچن بۆ گیان کێشانی. ((دوای ئەوە مردن و قوتابییەکەی چوونە بەردەم شارسازەکە، کە دەنگێك لە گەروویەوە دەهات، دەنگێك قوتابییەکی وا لێ کرد هەست بە تێکچوون بکات و نەیویست بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت، بەوەی هەر زوو گیانی دەکێشێ. مردن دەستی خستەسەر ناوچەوانی شارسازەکە و بە قوتابییەکەی وت: ئێستا کاری تۆ دەست پێدەکات و من تەنها سەیر دەکەم))[٢]. لێکدانی هەموو ئەو ڕووداوانە لە چوارچێوەی چیرۆکێك و لە یەك کاتدا لە ڕێی مۆنتاجەوە دەبێت. وەکو فیلمێکی سینەمایی، چۆن گرتەکانی لە چەندین کات و شوێن دەگرێت و دواتر لە ڕێی مۆنتاجەوە دەخرێنە چوارچێوەی چیرۆکی یەك فیلم و لەیەك کاتدا پیشان دەدرێت. ئەم ڕووداوانە چەندین ڕووداوی

---

١. گێلاسی خوێن، عەتا محەمەد، ل٤٦.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.



لە یەکتر جیاواز، بەڵام لە ڕێی مۆنتاجەوە لە یەك، یان دوو چیرۆك و کاتدا ڕێك دەخرێن.

دووەم:

## کات و شوێن و فرەدەنگی

بیروڕای جیاواز لەبارەی ئەم دوو توخمەی ڕۆمانەوە لە ئارادان. هەندێك ڕایان وایە ئەمانە لە یەکدی جیاوازن و وەکو دوو توخمی جیا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. هەندێکی دیکە، ئەم دوو توخمە بەیەك دادەنێن و ڕایان وایە ناکرێت لە یەکدی جیابکرێنەوە. بۆ نموونە (عەبدوڵڵا سەراج)، ئەم دووانە بەیەك توخم دادەنێت و دەڵێت: ((نابێ کات لە جێ جودابکەینەوە، هەروەها نابێ ئەو جێکاتە لە کەسایەتییەکان دابڕین. ئەمە وەك ئەوە وایە داوا لە کیسەڵ بکەین، کە قەپێلکەکەی دامالێ، بێگومان ئەوسا بڕیاری کوشتنی دەدەین))[1]، بەڵام ئەگەر ئێمە بۆ تیۆرەکانی باختین بگەڕێینەوە، ئەم لەیەك جیانەکردنەوەی کات و شوێن، وەکو تەکنیکێکی فرەدەنگی بەکاربردووە، ناوی ناوە (کرۆنۆتۆپ- chronotope)*. ئەم زاراوەیە بەلای باختینەوە بریتییە لە ((دروستکردنی فەزایەك بە لێکدانی کات و

١. بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکانی، عەبدوڵڵا سەراج، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل٤٣.

*لە بەشی سێیەمی ئەم نامەیە وەکو ئێستاتیکای فرەدەنگی ئەم زاراوەیە بەرباس دەدەین.



شوێن، بۆ پێکهێنانی یەك فەزای دیکە لەنێو ڕۆماندا))[2]. کەواتە ئەوەی کە (عەبدوڵڵا سەراج) مەبەستییەتی ئەم تەکنیکی کرۆنۆتۆپەیە، بەڵام بە هەڵە بەکاری هێناوە، چونکە ئەوەی باختین مەبەستییەتی لێکدانی ئەو دوو توخمەیە بۆ دروستکردنی فەزایەکی نوێ. واتە وەکو تەکنیك بەکاردێت. هەرچەندە (عەبدوڵڵا سەراج) مەبەستی ئەوەیە بەهۆی تێکەڵی و لێك نزیکی ئەم دوو توخمە ناکرێت لە یەکتریان جیابکەینەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دوو توخمن پێکە و پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە.

وەکو چۆن لە باسی ڕووداو و فرەدەنگییدا، گوتمان واقیعی نێو ژیان و واقیعی نێو ڕۆمان لە یەکتری جیاوازن، بە هەمان شێوە کات و شوێنی نێو ڕۆمان، لە کات و شوێنی واقیع جیایە.

کات وەکو توخمێك لەنێو ڕۆماندا دووجۆر کاتمان هەیە: ((

١. کاتی حیکایەت.

٢. کاتی گێڕانەوە))[3].

کاتی حیکایەت ئەو کاتەیە کە کارەکتەرەکان جووڵە دەکەن و ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات. هەرچی کاتی گێڕانەوەیە، ئەو کاتەیە، کە وەگێڕ ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمەیش لە کاتێکدا

٢. الفضاء الروائي في الرواية المغربية الحديثة، منيب بوريمي، منشورات كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعه محمدالاول، وجدة، رقم٥٢، سلسله بحوث و دراسات، رقم١٥، ص٤٢.

٣. تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارە پەروانە)ی بەختیارعەلی دا، جەلال ئەنوەر سەعید، ل٨٣.

لەدایك دەبێت، کە خوێنەر دەست بە پرۆسەی خوێندنەوە بکات. بەکاربردنی کاتیش لە ڕۆماننووسێکەوە بۆ ڕۆماننووسێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت. واتە ڕۆماننووس هەیە زیاتر مامەڵە لەگەڵ کاتی مێژووییدا دەکات، بەڵام ئەوانەی زیاتر بە خولقاندنی ڕووداوی فانتازییەوە خەریکن زیاتر مامەڵە لەگەڵ کاتی جیوەییدا دەکەن. بۆیە گەمەکردن بە شێوەیەکی هونەری لەگەڵ کات زۆر گرنگە، ((لە ڕاستیدا کاتی گێڕانەوە بەوپێیەی کارێکی ئەدەبییە، تاکە ئەداتی ئەو کارەیش زمانە، کە بە وشەیەك دەست پێدەکا و بە وشەیەك کۆتایی دێ، لەنێوان وشەیەکی یەکەم و وشەی کۆتایی لە دەورەی کاتی گێڕانەوەدایە، بەڵام پێش وشەی یەکەم و دوای وشەی کۆتایی هیچ کاتێکی گێڕانەوەیی بوونی نییە))[١]. واتە لەو کاتەدا گێڕانەوە دەست پێدەکات، کە ڕووداوەکان لە یەکەم وشەوە جووڵە دەکەن. بۆ بەرباسدانی چەمکی کات، زۆر لە قوتابخانەکانی وەکو فۆرمالیستەکان، بونیادگەرەکان، بزووتنەوەی ڕۆمانی نوێ باسیان کردووە.

بزووتنەوەی ڕەوتی ڕۆمانی نوێ، ڕابەرانی وەکو (ناتالی سارووت، ئالان ڕۆب گریێ، کلۆد سیمۆن) ستایلێکی نوێیان بۆ نووسینی ڕۆمان داهێنا. بەو واتایەی جۆرێکیان تاقیکردەوە، کە پیرۆزی شێوەی زنجیرەیی ڕووداو و کاتیان تێکشکاند. هەروەکو (ئالان ڕۆب گریێ) دەڵێت: ((ئەرکی ڕۆمانی نوێ بریتیی بوو لە گواستنەوە لە، وەسفکردنی شتەکان بۆ تەرکیزکردن

١. دلالة الزمن في الرواية الحديثة، د.نعيم عطية، مجلة مجلة، العدد: ١٧، فبراير ١٩٧١، ص١٩.



لەسەر جووڵەی وەسفەکە))[٢]. بۆیەیش کاتەکانیش تێکدەشکێندرێت. (کات)ێك دروست دەبێت، کە لە کاتی واقیعی جیاوازە. (جان ڕیکاردۆ) ناوی ئەم کاتە دەنێت (کاتی زمانی). ئەو کاتەیە، زمان دەیخولقێنێت. هەرچی (میشال بوتور)ە، شتێکی نوێ لەبارەی کاتەوە پێشکەش دەکات، ئەویش کاتی ڕۆمان بەسەر سێ ئاست دابەش دەکات: ((کاتی نووسین، کاتی سەرکێشی، کاتی نووسەر))[٣]. ئەم ئاستانە بۆ ئەوەیە کاتێك خوێنەر ڕووداوێك، چیرۆکێك لە ماوەیەکی کەمی چەند خولەکی، یان کاتژمێرێك دەخوێنێتەوە، بەڵام کاتی ڕوودانی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە چەند ڕۆژێکە، یان ساڵێکە.

هەرچی فۆرمالیستەکانن، لەوانە دیارترینیان (تۆماشێفسکی)، ئەویش دووجۆر کات لە یەکتری جیا دەکاتەوە: ((کاتی دەقی حیکایەت و کاتی گێڕانەوە))ن[٤]، کە لە سەرەتای ئەم باسە ئاماژەیەکمان پێدا.

لەلای بونیادگەرەکان، لەوانە (تۆدۆرۆف)، کە پێی وایە ((بەردەوام جیاکارییەك هەیە لەنێوان زەمەنی چیرۆك و زەمەنی وتاردا، بە واتایەکی تر سیستمی زەمەنی گێڕانەوە (زەمەنی وتار) مومکین نییە هاوتەریب بێت لەگەڵ سیستمی گێڕەرەوە کە ناوی دەبات بە سیستمی

٢. بنية الخطاب الروائي، د. الشريف جميلة، عالم الكتب الحديث، اربد، الطبعة الأولى، ٢٠١٠، ص٤٣.

٣. تحليل الخطاب الروائي، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربي، المغرب، الطبعة الأولى، ٢٠٠٥، ص٦٩.

٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

خەیاڵگەری))[1]. ئەم بۆچوونە نزیکە لە بۆچوونەکەی (تۆماشێفسکی)، بەوەی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، واتە ناو چیرۆك جیایە لەو کاتەی کە وەگێڕ ڕووداوەکانی تێدا دەگێڕێتەوە. بە بۆچوونی (تۆدۆرۆف) کاتی وتار (گێڕانەوە) هێڵییە و لەسەر ئاراستەی ئاسۆیی دەڕوات (بە واتای زنجیرەیی نا)، بەڵام کاتی چیرۆك فرەکاتە بەوەی کۆمەڵێ ڕووداو لە یەك چرکەدا ڕوودەدەن، ئەم کاتە، ڕووداوی یەکەم بەوانی تر دەبەستێتەوە، لێرەدا ڕووداوی دیکەیش پێشکەش دەکات. (تۆدۆرۆف) کات لە چەند شێوەیەك کۆدەکاتەوە، ((کاتێك نووسەر لە کاتی چیرۆك لادەدا، لێرەدا شێوەی جیاوازی کاتی وتار بە دیاردەکەوێت، کۆدەبنەوە لە زنجیرەیی، نۆبەتی، دەست تێوەردان))[2]. ناوبراو هەریەك لەم زاراوە و دەستەواژانەیش ڕوون دەکاتەوە. ((زنجیرەیی ئەوەیە چیرۆکەکان بە دواییەکدا بێن، دووەم لەوێ دەست پێدەکات، کە یەکەم کۆتایی دێت، بەڵام دەست تێوەردان بریتییە لە ئاوێتەکردنی چیرۆك لەنێو چیرۆك، وەکو چیرۆکەکانی هەزار و یەکشەوە، سێیەمیان نۆبەتی، بریتییە لەوەی گێڕانەوەکە دوو چیرۆکی جیای تێدابێت، کاتی گێڕانەوەی یەکەم دەوەستێ و دەگوازرێتەوە بۆ چیرۆکی دووەم و بە پێچەوانەوە، بەم شێوەیە هەردوو چیرۆکەکە تەواودەکرێن))[3]. بێگومان لە

١. زەمەنی گێڕانەوە، زەمەنی وتار، ئاکۆ کەریم مەعرووف، پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە: ٥٧٥٦، ڕێکەوتی: ١٩/٤/٢٠١٢.

٢. مقولات الحكاية الادبية، تزيفطيان تودوروف، ترجمة: عبدالعزيز شبيل، مجلة الفكر العربي، عدد:٠ و١، ربيع ١٩٩٠، ص١٠٩.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.



هەرسێ حاڵەتەکە، سێ جۆر لە کات دێتە بەرچاو. لە حاڵەتی یەکەم (زنجیرەیی) کاتێك بە شێوەی زنجیرەیی وەکو ڕووداوەکان لە دوای یەك و بەبێ پاش و پێشکردن دەبینین. لە حاڵەتی دووەم (دەست تێوەردان) هەر چیرۆکە و کاتی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان لە چوارچێوەی کاتێکی گشتیدا ئاوێتە دەکرێن و بەشدارن. حاڵەتی سێیەم (نۆبەتی)، دوو چیرۆکی لە یەکتری جیاوازمان هەیە، لە چوارچێوەی یەك کاتی گێڕانەوەدا، هەر یەك لەو دوو چیرۆکە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکانی نێو خۆیان هەیە.

(ماریۆ ڤارگاس یووسا) ڕۆماننووسی ناوداری ئەمریکای لاتین. پێداگری لەسەر کاتی وەگێڕ دەکاتەوە. واتە گۆشەنیگای کاتی گێڕانەوە. وەگێڕ لە چ (کات)ێك ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان دەگێڕێتەوە، واتە پەیوەندییەك لەنێوان کاتی وەگێڕ و کاتی ئەوەی دەیگێڕێتەوەدا هەیە، بۆیەیش سێ حاڵەتی ئەو کارە دەستنیشان دەکات: ((

١. کاتی وەگێڕ و کاتی ئەوەی دەگێڕدرێتەوە یەکسان دەبن، یەك زەمەن پێکدەهێنن، لەم حاڵەتەدا ڕاوی فرمانی ڕانەبردوو بە کاردەهێنێ، کە بۆ زەمەن ئێستا ڕانەبردووە.

٢. دەشێ ڕاوی بە زەمەنی ڕابردوو ڕووداوگەلێك بگێڕێتەوە، کە لە ئێستا، یان لە داهاتوودا ڕوویدات.

٣. ڕاوی دەتوانێ بچێتە ئێستا- ڕانەبردوو یان داهاتووەوە تا ڕووداوگەلێکمان بۆ بگێڕێتەوە، کە لە ڕابردووی دوور یان نزیك ڕوویداوە))[4].

٤. دوانزە نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو، ماریۆ ڤارگاس یوسا، و: شیرین.ك، ل٧٨.

لێرەدا پێداگری لەسەر فرمانی ڕستەکە دەکرێت، لەوێوە کاتی ڕۆمانەکە دەستنیشان دەکرێت. فرەدەنگی وەکو تەکنیکێك بە شێوەیەك کار لەکات دەکات، کاتێك چەند چیرۆکێکمان دەبێت، هەر چیرۆکەی خاوەن کاتی خۆیەتی. وەگێڕیش بەهۆی ئازادیدان بە کارەکتەرەکان، ئەوانیش دەتوانن لە ڕێی هونەری فلاشباك بۆ ڕابردوو بگەڕێنەوە، یان بۆ داهاتوو بچن، چونکە لێرەدا ڕۆمان فرەدەنگ دەبێت.

ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەلاڵە)[1]ی (عەتا نەهایی)، سەرەتای ڕۆمانەکە، واتە دەسپێکەکەی، لە کۆتایی ڕووداوەکەوە دەست پێدەکات. کاتێك خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەکات، دەزانێت ڕووداوی کوشتنێك ڕوویداوە. ئەم ڕۆمانە چیرۆکی کوشتنی ژنێکی کوردمان لەلایەن مێردەکەیەوە لە سوید بۆ دەگێڕێتەوە. کاتی ڕوودانی کوشتنەکە ئێستایە، ((کێ دەزانی ئەو خەنجەرە لە کێلانی ئێستای ونبوویدا قەفی پشتێنی چەند نەوە لە پیاوانی وڵاتی بەردی پشکنیوە؟ سنگی چەند نەوە لە ژنانی بارانی هەڵدڕیوە؟ ئەو خەنجەرە ئێستاش دەمەکەی خوێنی لێ دەتکێ هەلاڵە))[2]. وەگێڕ بە مەنەلۆگ دەپەیڤێ، ئەمە کاتی ئەو چیرۆکی کوشتنەیە کە ڕوویداوە. لەم ڕۆمانەدا گەمەکردنێکی سەیر بە کات هەیە. کاتەکان چڕژاونەتە ناو یەکدی. بۆ نموونە ڕووداو لە ئێستادا دەگێڕدرێتەوە، لەناکاو وەگێڕ دەگۆڕێت و کاتەکەیش دەگۆڕێت. ئەم فرەییە لە کات لە

١. گرەوی بەختی هەلاڵە، عەتا نەهایی، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٧.



ئەنجامی فرەیی لە چیرۆك و ڕووداوەکاندا دروست دەبێت. وەگێڕ بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام لە کاتی ئێستای نێو ڕۆمانەکە بۆمان دەگێڕێتەوك، چونکە زۆرجار کاری ڕستەکان ڕابردوون. ((ئێوارە بوو، نەوەك چونکا هەوا خەریك بوو تاریك دەبوو، چونکا هەلاڵە دڵی تەنگ بوو، یان کە دڵی تەنگ بووایە ئێوارە بوو، ئەم وڵاتە ئێوارەی مەعلووم نییە))[3]. لێرەدا دەبینین کاری ڕستەکان ڕابردوون، بەڵام هەست بە کاتی ئێستا دەکەین، هەموو ئێوارەکان لەنێوان هەردوو کارەکتەری سەرەکیی (هەلاڵە و شێرزاد)، کە ژن و مێردێکن لە سوید دەژین، شەڕ و ناخۆشی ڕوویداوە. بەم شێوەیە وەگێڕ زەمینەسازی بۆ ژیانی ڕابردووی (هەلاڵە) دەکات. لێرەوە فرەیی لە کات ڕوودەدات، کاتی ڕوودانی چیرۆکەکان ڕابردووە، بەڵام لە کاتی ئێستا دەگێڕدرێنەوە. زۆرجار کاتی ئێستا دەوەستێندرێت و بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە. هەر بەهۆی کاتەوە جووڵە دەکەوێتە نێو ڕووداوەکان و ڕووداوەکانی ڕابردوو دەست پێدەکەن. ((هەلاڵە هێشتا پاش دەساڵ ئێوارانی ئەوێی بیرمابوو))[4]. لە درێژەی ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، جارجار کاتی ڕابردووی گێڕانەوە دەوەستێندرێت و بۆ کاتی ئێستای ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە، ((ئەو ڕۆژەی کە بۆ دواهەمجار تەلەفۆنی بۆ هەلاڵە کرد))[5]. هەرچەندە ڕۆژەکە دیاری نەکراوە، بەڵام ئاماژە بەکاتێك لە ئێستادا دەکرێت. لە کاتی ئێستادا وەگێڕ (وەگێڕی هەمووشتزان) بۆ

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

٤. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٥. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

مندالّی (هەلاّلە) دەگەڕێتەوە، ئەم گەڕانەوەیش هەر لە خۆڕا نییە، یان لەناکاو بۆ ڕانەبردوو بگەڕێتەوە، بەڵکو زەمینەی بۆ خۆشکراوە، تاکو خوێنەر لەلای سەیر نەبێت.

لە ڕۆمانی (گێلاسی خوێن)ی (عەتا محەمەد)، دوو کاتی جیاوازمان هەیە، لە بۆتەی کاتێکی گشتی ڕۆماندا، کە کاتی خوێندنەوەیە، واتە کاتێك خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەکات، هەست بە هەردوو جۆرەکەی کات دەکات. هەمان جۆری سێیەمی کاتە، کە (تۆدۆرۆف) ناوی ناوە(کاتی نۆبەتی). ئێمە لەم ڕۆمانەدا بەر دوو چیرۆك دەکەوین، لە دوو کاتی جیاوازدا. چیرۆکی یەکەم، کوڕێکی گەنجمان هەیە، حەزی دەکرد ببێت بە جادووگەر بۆ ئەوەی شت لە نەبوونەوە بخولقێنێت، سەرکەتوو نەبووە، بۆیەیش سەردانی کتێبخانە دەکات، ڕۆژەکانی بە خوێندنەوەی دەستنووسی سەردەمی بابانەکان دەباتەسەر. ئەمە لەکاتی ئێستادا. چیرۆکی دووەم بریتییە لە چیرۆکی دروستکردنی شاری سلێمانی لە سەردەمی بابانەکان، کە کوڕە گەنجەکە لەنێو دەستنووسەکان دەیانخوێنێتەوە،. بەڵام وەگێڕی ئەم چیرۆکانە جیاوازە، چونکە پرۆسێسەی گێڕانەوە لە هەر بەشێك دەدرێتە دەست وەگێڕێك.

کەواتە ئێمە دوو چیرۆکی جیاوازمان لە دوو سەردەمی جیاواز هەیە. ئەوەی ئەم دوو چیرۆکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، تەنیا کای خوێندنەوەیە، کە ئێستایە. لەلایەن کوڕە گەنجەکەوە. ((لەوە بەدوا زۆربەی ڕۆژەکانی لە کتێبخانەی ئەوقاف دەبردە سەر))[1]. لێرەوە کاتی چیرۆکی یەکەم دەست

١. گێلاسی خوێن، عەتا محەمەد، ل٧.



پێدەکات. ڕۆمانەکە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە بیست چیرۆك پێکدێت، بەشی دووەمیش لە یەك چیرۆك. هەریەك لەم چیرۆکانە لە کاتێکی سەربەخۆدا ڕوودەدەن، لە چوارچێوەی چیرۆکی سەردەمی بابانەکان، بەڵام لە کۆتایی هەر بەشێك و چیرۆکێك، وەگێڕ بۆ کاتی ئێستای ڕۆمانەکە، کە کوڕە گەنجەکە ئەم دەستنووس و چیرۆکانەی تێدا دەخوێنێتەوە دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (مردن لەسەر زەمینی ئەفسانەدا) بە کات دەست پێدەکات.

((پاش دوو ڕۆژ ڕۆیشتن بە خاکی تاعوناوی عەجەمدا، کە شارەکان لەبەر مردووی حەشارنەدراو بۆگەنی کردبوو))[2]. لە کۆتایی بەشی ئەم چیرۆکە بۆ کاتی ئێستای کوڕە گەنجەکە دەگەڕێتەوە.((دوای ئەوەی کوڕە گەنجەکە ئەم بەشەی لە کتێبێکدا دۆزییەوە و جارێکی تر نووسییەوە))[3].

ئەم دوو چیرۆکە هاوتەریب لەگەڵ یەکتری دەڕۆن. ئەمە گەمەکردنە بە کات، دەبێتە هۆی ئەوەی دوو کات لە دوو سەردەمی جیادا بەیەکەوە ببەستێتەوە. لێرەوە دەبینین چۆن ڕۆمانی نوێ، بەهۆی تەکنیکی نوێیی وەکو فرەدەنگی کار لە توخمی کات دەکات. لە ئەنجامی تێکشکانی ڕەوتی زنجیرەیی ڕووداوەکان و پەرتبوونی چیرۆکەکان، کاتێش بە هەمان شێوە پەرت دەبێت، چونکە هەر چیرۆکە و خاوەن کاتی خۆیەتی. یەکێك لە جوانییەکانی فرەکاتی، کە بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە دێتەبوون، کرانەوەیە، ئەم کرانەوەیە یارمەتی خوێنەر دەدات بە دوای ڕووداوەکاندا

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

بچێت، کرانەوە بریتییە ((لە پێشکەشکردنی زانیاری لەلایەن نووسەر وەکو کلیلێك بۆ یارمەتیدانی خوێنەر بۆ بەدواداچوونی گێڕانەوە و تێگەیشتن لە ڕووداوەکان))[1]. کەواتە کرانەوەی کات، ڕۆڵی لە بەخشینی زانیاری بە خوێنەر هەیە.

شوێن وەکو توخمێکی دیکەی ڕۆمان، ئەویش گرنگی و بایەخی لە توخمەکانی تر کەمتر نییە. هەرچەندە ڕۆڵەکەی کەمتر کاریگەری هەیە. ڕاستە هەر ڕووداوێك، کە جووڵە دەکات و ڕوودەدات، لە شوێنێکدا ڕوودەدا، بەڵام توخمی شوێن ((زیاتر توخمێکی وەسفیە))[2]. هەروەها شوێن توخمێکە نا جووڵێت، بەڵکو ئەوە ڕووداوەکانن، کارەکتەرەکانن لەسەر ئەودا جووڵە دەکەن، بەڵام شوێن گۆڕین هەیە.

لە ڕۆمانی کۆندا شوێن وەکو هەر توخمێکی دیکە گرنگی زۆر لە ڕێی وەسفەوە پێدەدرا. بۆ نموونە کاتێك وەسفی ژوورێکیان دەکرد، هەموو کەلێنەکانی ژوورەکە و هەرچی تێدابووایە وەسف دەکرا. ((فلۆبێر زۆر بە دیقەت مامەڵەی لەگەڵ شوێن دەکرد، وێنەیەکی زۆر دیار و سرووشتی شوێنەکە و وێنەی بیناسازیانەی پێشکەش دەکرد، جۆرێك، کە خوێنەر

١. بنية الخطاب الروائي، د. الشريف جميلة، ص١١٣.

٢. بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا ،میران جەلال، ل٤٠، ئەویش لە: شعرية الخطاب السردي، محمد عزام، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، ص٤٤. وەرگرتووە.



وەهمی واقیعیبوون و مێژووی شوێنەی لا دروست دەبوو. ڕۆمانی (خاتوو بۆڤاری) بەڵگەی ئەم ڕاستییەیە))[3].

زانیاری بەخشین یەکێك بوو لە خاسییەتەکانی ڕۆمانی کۆن. لەگەڵ جووڵانی کارەکتەریش لە کاتی شوێن گۆڕیندا، ئەوا وەسفی شوێنەکەیش دەگۆڕا، ئەم وەسفی شوێنانەیش بێ هۆ نەبوون، بەڵکو بۆ چەند ئەرکێك ئەم وەسفە دەکرا، زیاتر بۆ ڕاڤەکردن و جوانکاری و زانیاری بەخشین بوو، بۆ ئەوەی قەناعەت لەلای خوێنەر دروست بکات، کە ئەم شوێنە واقیعییە.

شوێن وەکو توخمەکانی دیکە، لە ڕۆماندا لە شوێنی واقیعی جیایە. شوێنی ناو ڕۆمان زەمینێکە ڕۆماننووس دەیئافرێنی، وەکو شانۆیەك بۆ ئەوەی کارەکتەرەکانی لەسەر بخاتە جووڵە. ((شوێنی ناو ڕۆمان دەقاودەق لە شوێنی ڕاستەقینە ناچێ، خەیاڵی ڕۆماننووس بەرهەمی دێنێ))[4]. بۆ نموونە لە چیرۆك و ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا هەرگیز ئەو هەولێرەی، ئەو سەیداوەیەی لەناو چیرۆك و ڕۆمانەکانیدا باسی دەکات، ئەو هەولێر و سەیداوە واقیعیە نییە، کە هەن، بەڵکو ئەوە شوێنێکی ئەدەبییە، خەیاڵی ڕۆماننووس دەیخولقێنێت.

٣. بینای شوێن لە دوو ڕۆمانی کوردیدا، تانیا ئەسعەد محەمەدصالح، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل٣٩.

٤. سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە ،د.نەجم ئەڵوەنی، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل١٢٢.

له بزووتنەوەی ڕۆمانی نوێدا، ئەم وەسفە کۆنکرێتەی شوێن لەناو ڕۆماندا پەراوێزخرا، چونکە ڕۆمان زیاتر بایەخی بە ناخی کارەکتەرەکان دەدا. چیدی ڕۆمان وەسفی دەرەوەی کارکتەر و شوێنەکانی نەدەکرد، بەڵکو بۆ ناخی کارەکتەر، کێشە خودییەکانی گەڕایەوە. بۆیەیش زۆرجار شوێنەکان دەبنە شوێنێکی زیهنین.

له ڕۆمانی هاوچەرخدا بەپێی گۆشەنیگای وەگێڕ شوێنەکان دیاری دەکرێن. زۆرجار شوێنی وەگێڕ و شوێنی ناو ڕۆمان لە یەکتری جیاوازن. بەتایبەت لە وەگێڕی هەمووشتزاندا، کە جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمە، چونکە خۆی لە دەرەوەی ڕووداوەکان دەوەستێت. بۆیەیش لە ڕۆمانی هاوچەرخدا زیاتر لە ڕێی دروستکردنی فەزاوە گرنگی بە شوێن دەدرێت، واتا ڕۆماننووس هەوڵدەدا فەزایەکی وا دروست بکات خوێنەر یەکسەر لە هۆشی خۆیدا وێنای ئەو شوینە بکات، لەبەرئەوەی لە ڕۆمانی هاوچەرخ هەموو شتە مەئلووفەکان، بە نامەئلووف دەبن و بە پێچەوانەوەیش.

تەکنیکی فرەدەنگی لەو ڕووەوە کار لە شوێن دەکات، کاتێك گۆشەنیگای وەگێڕ فرەدەبێت، چونکە هەروەکو (ماریۆ ڤارگاس یووسا) ئاماژی پێدەدا، پەیوەندی لەنێوان وەگێڕ و ئەو شوێنەی کە شانۆی ڕووداوەکانە هەیە، بەم شێوەیە: ((

١. وەگێڕ- کارەکتەر، کە بە زاری جێناوی کەسی یەکەم، ڕۆمان دەگێڕێتەوە، گۆشەنیگای وەگێڕ و شوێنی گێڕدراوە تێکەڵ دەبن.



٢. وەگێڕی هەمووشتزان، کە بە زاری کەسی سێیەم ڕۆمان دەگێڕێتەوە، شوێنی سەربەخۆ و جیایە لەو شوێنەی ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات.

٣. وەگێڕ- نادیار، کە لە پشت جێناوی کەسی دووەم، گوێدێر خۆی دەشارێتەوە، ڕەنگە دەنگی وەگێڕی هەمووشتزان بێ، لە دەرەوەی شوێنی گێڕدراوەوە ڕوودانی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە ڕێك بخات، فەرمان دەکات))[1].

لێرەوە فرەیی لە شوێن بەپێی گۆشەنیگای وەگێڕ دیاری دەکرێت. بۆ نموونە کاتێك وەگێڕ جێناوی کەسی یەکەمە بە (من-م) دەپەیڤێ، شوێنەکەی لەناو شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانی ڕۆمانە.

ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با)[2]ی (عەتا نەهایی)، کە زیاتر هونەری میتاڕۆمانی تێدا پەیڕەوکراوە. ((جیرمی مورسۆن) لە کتێبی (دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆمان) ئەمجۆرە ڕۆمانە وا پێناسە دەکات و دەڵێت: مەبەست لە میتاڕۆمان ئەوا: ڕۆمان لەبارەی ڕۆمانە))[3]. واتە لە ڕۆماندا چیرۆکێك هەیە، کارەکتەرەکە خەریکی نووسینیەتی. چیرۆکی ئەو

---

١. نامەهای بە یك نویسندە جوان، ماریو بارگاس یوسا، ت: رامین مولایی، انتشارات مروارید، تهران، چاپ دوم، ١٣٨٩، ص٦٧- ٦٨.

٢. باڵندەکانی دەم با، عەتا نەهایی، ڕۆمان، نەشری ژیار، تاران، چاپی یەکەم، ١٣٨١.

٣. ڕۆمانی کوردی، سابیر ڕەشید، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل١٣٩.

کارەکتەرەی لەناو ڕۆمانەکەیش خەریکی نووسینی چیرۆکێکە، دەبێتە چیرۆکی ڕۆمانەکە، واتە نووسینی ڕۆمانە لەبارەی گێڕانەوەی چۆنییەتی نووسین و ڕووداوی چیرۆکی دیکەیە.

ئەم ڕۆمانە لە چەندین چیرۆك پێکهاتووە. لەنێو چیرۆکی سەرەکیی (فەرهاد و کاڵێ) هەیە، ئەم چیرۆکەیش، چیرۆکی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکەیە (جەلالی)، بەڵام ئەویش خۆی کارەکتەری سەرەکیی نێو ڕۆمانەکەیە. وەگێڕی چیرۆکی (جەلالی)، وەگێڕی هەمووشتزانە، بەڵام چیرۆکی (فەرهاد و کاڵێ) و (ناسر و ئەفسانە) و کارەکتەرەکانی دیکە، کە چیرۆك لەنێو چیرۆکن و بەشێکن لە نووسینی (جەلالی) کە کارەکتەرێکە چیرۆك دەنووسێت. (عەتا نەهایی)، ئەم ستایلەی چیرۆك لەنێو چیرۆك، لە چیرۆکێکی خۆی بە ناوی (ڕازی پشت پەردەی نارنجی) دووبارە بەکارهێناوەتەوە.

لێرەدا بەهۆی فرەیی لە چیرۆکەکان، شوێنەکانیش فرەدەبن، چونکە زوو زوو، گۆشەنیگاکان لە چیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێکی دیکە دەگوازرێتەوە، بەمەیش شوێنەکانیش دەگوازرێنەوە. هەروەها کۆکردنەوە و ناوهێنانی چەند شوێنێك لە یەك دیمەن، ئەویش بۆ پیشاندانی دیمەنەکە بە تەواوییە، لەم ڕۆمانەدا هەم شوێنی واقیعی (بەو واتایەی دەشێ ئەم شوێنە لە واقیعدا بوونی هەبێت)، هەیە و هەم شوێنە بە خەیاڵ دروستکراوەکان هەن.

((مەیدانەکەی بە جێهیشتبوو، لە دوێنێوە ئەمە دووەمجار بوو دەچوو. دەبوو بیبینێ و داوای لێ بکا وەستایەك بۆ چاککردنەوەی بانی ماڵەکەیان



بنێرێ. بانی ماڵەکەیان وەك هەموو شوێنێکی تری کاول ببوو))[1]. ئەو شوێنانەی لێرەدا هاتوون، هەرچەندە دیاری نەکراون، دەشێ لە واقیعدا بوونیان هەبێت، (بان)ی ماڵی (جەلالی)یش وەسفکراوە، کە کۆن بووە.

((من شوێنی کەوتم و لەسەر سفرە بچووکەکە لە بەرانبەری دانیشتم، سفرەی ئەم بەیانییەی ڕەنگین تر بوو، هەنگوین و ڕۆنەکەرە و پەنیری خۆماڵی))[2]. دەبینین شوێنەکان بەهۆی فرەییەوە، جوانی و گرنگی خۆیان دەنوێنن، چونکە ڕۆماننووس ئەوەندە هونەرکارانە وەسفیان دەکات، وێنەیەك لە مێشکی خوێنەر بۆ وێناکردنی شوێنەکان دروست دەبێت بەهۆی ئەوەی چیرۆکی سەرەکیی (فەرهاد و کاڵێ)یە، لەو چیرۆکەیش شوێن بوونی هەیە، بەڵام جیان لە شوێنی چیرۆکی (جەلالی)، کە نووسەری ئەم چیرۆکەیە. ((ڕێ کەتووە، لە کۆڵانێکی چۆڵدایە، گورج و بە پەلە دەڕوات))[3]. ((لە ژوورێکی تەنگ و تاریکدا هۆش خۆی دێتەوە فەرهاد، ژوورێك بەقەدەر مەبالێك))[4]. ئەم شوێنانە وەکو فیلمێکی سینەمایی، زۆر بە شێوەیەکی هونەرییانە ڕێکخراون.

١. باڵندەکانی دەم با، عەتا نەهایی، ل١٦.
٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.
٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
٤. سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

لە ڕۆمانی (ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە)[1]ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)، بە شێوەیەکی فانتازی کار لەسەر شوێن کراوە. هەرچەندە لە زۆر جێدا ڕووبەڕووی شوێنێك، کە دەشێ لە واقیعدا هەبێت، دەبینەوە. ((سەرەتا بەر لە چل ساڵ بە نیوەی شارە دێرینی (ئاراپخا) قایل نەبووین، لۆیە شاربەدەر و ڕەهەندی کەژان کراین))[2]. ئەمە نموونەی شوێنێکی واقیعییە، کە مەبەستی شاری کەرکووکە.

((دەبا بە تەنگی دەقەکەمان و باڵابوونی مانیدا بچین. لە کەلاوە قەڵاتێکی دێرینی لاچەپەکی کێوێکدا نیشتنەوە... خوارووی کەشکەڵانە بیرۆی هەڵۆکەش خەرەند و کەفچڕە ڕێیەك بوو))[3]. ئەمە شوێنێکی زیهنییە، ڕۆماننووس بە خەیاڵی خۆی دروستی کردووە. هەرچەندە دواتر بە شێوەی سیمبۆل ئاماژە دەکات، کە مەبەستی قەڵای دمدمە، بەڵام شێوەی قەڵای دمدم نەماوە، بۆیەیش ناچار بە خەیاڵی خۆی وێنای دەکات. ئەویش بە گوێرەی ئەو گێڕانەوە مێژووییانەی، کە باسیان لەم قەڵایە کردووە، وێنای قەڵاکەی وەسفکردووە. لێرەوە وێنایەك بە خوێنەریش دەدات. بە حوکمی ئەوەی لەم ڕۆمانەدا پرۆسێسەی گێڕانەوە، لەنێوان دوو وەگێڕ (نووسەر و خوێنەر)، کە دوو وەگێڕن ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، بۆیەیش لە ئافراندن و ناوهێنانی شوێنەکان بەپێی گۆشەنیگای هەریەکیان دەگۆڕێ.

١. ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە، عەبدوڵڵا سەڕاج، ڕۆمان، بەڕێوەبەرێتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپی یەکەم،٢٠١٠.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.



لە پاری (١٤)دا، کە نووسەر (مەبەستم وەگێڕی ناو ڕۆمانەکەیە)، چیرۆکی دۆزینەوەی چارەسەری برسییەتی و هەژاری بەرباس دەدا، باسی (کچی کافرۆش) دەکات، لەوێوە دیمەنی ژوورەکەی خۆی باس دەکات. ((پێشم کەوت و هەنگاوی بۆ ژوورەکەم برد، لە چەقی تەك مێز و کورسییەکان، مەلۆچکەی دیدی تامەزرۆی بە چواردیوارەکەدا، لە چەپەوە بۆ ڕاست سووڕاندەوە، ئەوسا مەلۆچکەکەی لەسەر مێزکە نیشتەوە))[4]. لە ڕێی گۆشەنیگای وەگێڕ و کارەکتەرەوە وەکو کامێرایەك، کە وێنەی شتەکانی نێو ژوورەکە بگرێت، ئاشنای ژوورەکە دەبین.

٤. سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

## سێیەم:
## کارەکتەر و فرەدەنگی

کارەکتەر وەکو توخمێکی بەهێزی ڕۆمان ئەویش لە ڕووی تیۆرییەوە، هەر لە ئەفلاتوونەوە تاکو ڕۆماننووسانی هاوچەرخ باسیان کردووە و بەر گۆڕانکاری و نوێبوونەوە کەوتووە. ئەگەر لە ڕووی تیۆرییەوە هەندێك لە کارەکتەر بدوێین، تاکو بزانین چۆن هاتووە و تووشی چ نوێبوونەوەیەك بووە؟ دواتر باسی کاریگەری فرەدەنگی لە بونیادی کارەکتەر دەکەین.

لە ڕۆمانی کۆندا زۆر گرنگی بە وەسفی کارەکتەر دەدرا، هەموو شوێنێکی وەسف دەکرا، تەنانەت جلوبەرگیشی. ئەفلاتوون یەکەم کەسێکە، کە باس لە کارەکتەر بکات، بەڵام لەژێر ڕۆشنایی تیۆری لاساییکردنەوە. ((ئەو فەیلەسووفە بۆ خودی ئەدەب بایەخی بە ئەدەب نەداوە، بەڵکو ویستوویەتی لە ڕێی ئەدەبەوە باسی وجود و حەقیقەت بکا. لەبەر ئەوەش لاساییکردنەوەی حەقیقەتی کردووە بە بناغە و بڕوای بەوە بووە کە هونەرمەند ناتوانێ حەقیقەتی شتەکان بخولقێنێ تەنیا ڕووخساری ئەوان پێشان دەدات... بەگوێرەی ئەمەش کارەکتەرەکانی تراژیدیا تەنیا جلوەیەکن لە حەقیقەت نەك خودی حەقیقەت))[1]. بەڕای ئەفلاتوون وەکو

١. کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلی دا، نەجم ئەلوەنی، دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل١٢.



چۆن هەموو شتێکی سەر زەوی کۆپی نموونەی باڵایە، کارەکتەرەکانیش تەنیا کۆپین نەك نموونەی حەقیقەت.

هەرچی ئەرستۆیە، کە لە چەمکی لاساییکردنەوە لەگەڵ ئەفلاتوون هاوڕابوو، بەڵام ئەرستۆ دەیگوت: ئەو هێزەی کە بوونەکان دەجوولێنێت لەسەر زەوییە، نەك لە ئاسمان، ئەرستۆ چەند مەرجێك بۆ کارەکتەر دادەنێت وەکو: ((

١. دەبێ کەسێتییەکە چاك بێ.
٢. دەبێ کەسێتییەك لەبار و گونجاوبێ.
٣. دەبێ لەگەڵ واقیعدا یەك بگرێتەوە.
٤. دەبێ چەسپاو بێ بە درێژایی شانۆگەریەکە لەگەڵ خۆیدا کۆك بێ))[2].

ئەم مەرجانە وەکو ڕێسایەك وابوون، کە دواتر لە ڕۆماندا ڕەنگیدایەوە. هەروەها ئەرستۆ مەرج بۆ شاعیری تراجیدیش دادەنێت. ((شاعیر لە پیشاندانی کەسێتیدا پێویستە وەکوو مەسەلەی ڕێکخستنی ڕووداوەکان، هەمیشە شتی پێویست و شتی شیاوی لە مێشکدا بێ))[3]. واتە نابێت کارەکتەرەکان لە قەبارەی خۆیان زیاتر ڕۆڵیان بدرێتێ، یان ڕۆڵەکەی لەگەڵ پلەی کۆمەڵایەتی نەگونجێت. دەبێت ڕۆڵێکی شیاویش بێت. کارەکتەرەکان لەسەردەمی یۆنانییەکان دەتوانین زیاتر چەمکی پاڵەوانیان

٢. هونەری شیعر، ئەرستۆ، و: عەزیز گەردی، ل٥٥.
٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

بۆ بەکاربهێنین، چونکە ئەوان هێزێکی خواییان هەبوو، زۆرجار لەگەڵ خواکانی یۆنان دەکەوتنە ململانێ، ئەمەیش زیاتر بۆ داستان دەگونجێت.

لە سەردەمی کلاسیکدا گرنگی زۆر بە کارەکتەر دەدرا. بە شێوەیەك وەسف دەکرا، خوێنەر ئاگاداری تەنانەت ڕەنگی چاویشی دەبوو. ((ساکارترین شێوە بۆ وەسفکردنی کارەکتەری ڕۆماننووسە کۆنەکان، بریتیی بوو لە وەسفی جەستە و کورتەیەك لە ژیانی کارەکتەر))[1]. بەو هۆیەوەیش خوێنەر ئاگاداری پلەی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و سیاسی ئەو کارەکتەرە دەبوو. هەوڵدان بۆ پیشاندانی کارەکتەر بە وەسف و ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنەکانی ژیانی زیاتر بۆ پیشاندانی واقیعی ژیانی ئەو کارەکتەرە بووە.

لە قوتابخانەی ڕۆمانتیکدا، بەهۆی کاریگەری ئەم ڕێبازە لە ئەدەب و گەڕانەوە بۆ تاك. لە ڕۆمانیشدا ڕۆماننووسان وازیان لە وەسفی دەرەوەی کارەکتەر هێنا. زیاتر بایەخیان بە ناخ و کێشە و ململانێ دەروونییەکانی تاك دا. ئەمە بەتایبەت لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆش بە دیارکەوت. ئەویش پەیڤینی کارەکتەرە لەگەڵ ناخی خۆیدا. نموونەی ئەمجۆرە ڕۆمانە، (شەپۆلەکان)ی (ڤێرجینا وۆڵف) و (یولیسیس)ی (جۆیس) و (گەڕان بە دوای کاتی ونبوودا)ی (مارسیل پرۆست)ن. لە ڕۆمانی کوردیشدا، (ئەندێشەی مرۆڤێك)ی (حوسێن عارف) و (ژنێك بەسەر منارەوە)ی

١. تەکنیکی گێڕانەوە لە ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلیدا ، جەلال ئەنوەر سەعید، ل١٣٤، ئەویش لە: الفن الروائي، ديفيد لودج، ت:ماهر بطوطي، المجلس الاعلى للثقافة المشروع القومي للترجمة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢، ص٧٨.



(شێرزاد حەسەن) دوو نموونەی بەرچاون. ئەم ڕۆمانانە لە ڕێی خودپەیڤینەوە (مەنەلۆگ) گێڕانەوەکان ئەنجام دەدەن. کارەکتەر لەم ڕۆمانانەدا ((شەپۆلێك لە وشە و لەتە وشە و وێنە و هزر، وەکو چێشتی مجێور، بە شێوەیەکی سەیر و نامەنتقی، تێکەڵ بە نەست و کۆگای یاد دەردەبڕێ))[2]. زیاتر ئەم پەیڤانە لە وڕێنە دەچن. ئەم ڕێبازەیش دیارە بەهۆی کاریگەری تیۆرەکانی فرۆیدەوە زیاتر گەشەی کرد و هاتەکایەوە. کە بەو شێوەیە گرنگی بە تاك بدەن و بۆ ناخی کارکتەر بڕۆن، چونکە لە ناخی هەر تاکێك کۆمەڵێك شتی شاراوە هەیە، زۆرجار مرۆڤ لە کاتی تەنیاییدا دەری دەبڕێت.

بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا، کارەکتەر لە هەموو پێگە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و وەسفەکان دابڕێندرا. تەنانەت بایەخ بە ناوی کارەکتەریش نادرێت، وەکو لە ڕۆمانەکانی کافکادا. ئاژەڵ و گیاندار بوون بە کارەکتەری ڕۆمان. وەکو ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی (جۆرج ئۆروێل). هەروەها وێناکردنی کارەکتەر لە ڕۆمانی نوێدا بەهۆی کاریگەری تەکنیکە نوێیەکان، زیاتر ڕۆڵێکی نواندنیان پێدرا، ((بەوەی وەگێڕ داوا لە کارەکتەرەکان دەکا، کە خۆی تەعبیر لە خۆی بکا، بە بێ یارمەتی ئەو یان کارەکتەری دیکە))[3]. لێرەوە ڕێ بە کارەکتەر دەدرێت، کە خۆی چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە. ئەو دەسەڵاتە لە وەگێڕ و ڕۆماننووس

٢. بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، عەبدوڵڵا سەڕاج، ل٢١.

٣. النزوع الاسطوري في الرواية العربية المعاصرة، د.نضال الصالح، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص١٧٣.

سەندرایەوە، کە کارەکتەرەکان بەڕێوەببات، یان لەبری ئەوان بپەیڤێ، یان بیربکاتەوە. ئەمەیش وایکرد کارەکتەر هەست بە بوونی خۆی بکات.

تەکنیکی فرەدەنگی ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم ئازادی بەخشینە بە کارەکتەر هەبوو، لە ڕۆمانەکانی (دیستۆیفسکی)یەوە، کە باختین کاری لەسەر کردن، ئەمە ئاشکرابوو. هەموو کارەکتەرێك لێرەدا خاوەن ئایدیۆلۆجیای خۆیەتی، تەعبیرکردن لەم ئایدیۆلۆجیایە لە ڕێی هونەری دیالۆگەوە دەبێت. باختین زۆر گرنگی بە پەیڤی کارەکتەرەکان دەدا، بۆیەیش دەڵێت: ((مرۆڤی قسەکەر لە ڕۆماندا مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییە، پەیڤیشی، پەیڤێکی کۆمەڵایەتییە))[1]. واتە کارەکتەر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە وەکو مرۆڤەکانە، لە کۆمەڵگە دابڕاو نییە. چۆن مرۆڤ لە ڕێی دیالۆگەوە دەتوانێت لەوانی تر بگات، ئاوهایش کارەکتەر لە ڕێی دیالۆگەوە کۆمەڵایەتیی بوونی خۆی دەسەلمێنێت. واتە بوونی داگیر نەکراوە. هەر دوای ئەوە باختین کارەکتەرەتەری قسەکەر لە ڕۆماندا بە خاوەن بیر و ئایدیۆلۆجیا ناودەبات، ((مرۆڤی قسەکەر لە ڕۆماندا هەردەم خاوەن ئایدیۆلۆجیایە، پەیڤیشی هەردەم پەیڤێکی ئایدیۆلۆجیانەیە، زمانی تایبەتی خۆی لە ڕۆماندا هەردەم گۆشەنیگای ئەوە، بۆ ئەو جیهانەی بایەخی کۆمەڵایەتی هەیە))[2]. هیچ کارەکتەرێك لە ڕۆمانی نوێدا بوونی نییە ،خاوەن ئایدیۆلۆجیا نەبێت، خاوەن زمانی پەیڤینی

١. الكلمة في الرواية، ميخائيل باختين، ترجمه: يوسف حلاق، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨٨، ص١١٠.

٢. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.



تایبەتی خۆی نەبێت. ئەم ئازادی بەخشینە بە کارەکتەر زۆرجار وایکرد، کارەکتەرەکانیش ببن بە وەگێڕ و جڵەوی گێڕانەوە بگرنەدەست و چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە، بەڵام ئەوەی باختین پێداگری لەسەر کرد، دەبێت کارەکتەر خاوەن کردەوەیش بێت. هەروەك چۆن خاوەن قسەی خۆیەتی، ((چونکە کردەوەی کارەکتەر و هەڵسوکەوتی لە ڕۆماندا زۆر پێویستە بۆ ئاشکرابوونی هەڵویستی ئایدیۆلۆجی کارەکتەر))[3]. لێرەدا چۆن ئازادی پەیڤینی پێدەدرێت، دەبێت ئاوهایش ئازادی کردەوە و هەڵسوکەوتی پێ بدرێت. لێرەوە پەیوەندی نێوان کارەکتەر و ڕووداو دەردەکەوێت، چونکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە. ((لە ڕاستیدا ڕووداو بێ کارەکتەر و کارەکتەر بێ ڕووداو نابێ، هەر دووکیان پێکهێنەری پلۆتن، ئێمە ناتوانین بڵێین ڕووداو گرنگترە یان کارەکتەر، چونکە ڕووداو کەسێتییە و کەسێتییەکەش ڕووداوە یەکشتن و کەسیان لەوی دیکە گرنگتر نییە))[4]. لێرەدا بە جووڵەی کارەکتەر (جا چ جووڵەی فیزیکی، یان زیهنی بێت)، ڕووداو دروست دەبێت.

لە ڕۆمانی ئەو ماوەیەی ئێمە بۆ نامەکەمان دەستنیشانمان کردووە، زۆریان لە ڕووی کارەکتەرسازییەوە لاوازن. ڕاستە فرەکارەکتەری بوونی هەیە، ئەم فرەیی لە کارەکتەر واتای ئەوە نییە، کە ژمارەی کارەکتەرەکان زۆربن، بەڵکو واتای ئەوەی تا چەند ڕێیان پێدراوە خاوەنی بیروڕای خۆیان

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.

٤. پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا(١٩٩٥- ٢٠٠٥)، بوشرا قادر کاکەمحەمەد، نامەی ماستەر، ل٦٨.

بن، تا چەند ڕێیان پێدراوە خاوەن گێڕانەوەی تایبەتی خۆیان بن. ئا لێرەدا فرەکارەکتەری دروست دەبێت، بەڵام هەندێك لەو ڕۆمانانەی ئەو ماوەیە، کارکتەریان کردۆتە قوربانی فانتازیا، ئەوەندە فانتازیایان تێدا بەکارهێناوە، کارەکتەرەکان لە ڕۆڵی پاڵەوانی نێو داستانەکان نزیك دەبنەوە، کاری وا دەکەن، هەر لە کاری پاڵەوانی نێو داستانەکان دەچێت. یان هەندە کەم بایەخیان پێدەدرێت، کە توانای پەیڤینیان نییە. هەندێکی دیکە هێندە واقیعییانە کارەکتەرەکان دەخولقێنن، بە سەدان نموونە ڕۆژانە لەبەرچاومانە. ئەمانە هەمووی کار لە بونیادی کارەکتەر دەکەن. دەکرێت هۆکاری ئەمەیش ((سەردەرنەکردنە لەو پێگە زانستیانەی کە دەبێ لە ڕۆماندا جێگەیان هەبێت و دەقێکی ڕۆمانیان لێ بەرهەم بهێندرێ کە پتر لە جارێك خوێندنەوە هەڵبگرێت، یان بە لایەنی کەمەوە بنیادەم بخاتە سەر ئەڵهای بیرکردنەوە))[١]. بۆ کارەکتەرسازی دەبێت نموونەیەکی وا بخولقێنی خوێنەر هەست بکات لە ژیاندا نموونەی هەیە، لە هەمان کاتدا ڕەنگە نموونەیشی نەبێت.

ڕۆمانی (لەسەر باران دەنووسم)[٢]ی (جەبار جەمال غەریب)، وەگێڕ جێناوی کەسی یەکەم (م)ە. فرەیی لە کارەکتەر بە شێوەیەکە ڕێ بە کارەکتەر دەدات لە ڕێی دیالۆگەوە خاوەن بیرکردنەوە و قسەی خۆیان بن. ئەم ڕۆمانە چیرۆکی ئازارەکانی ژن و کچی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە.

١. ڕۆمانی کوردی، پەرتبوونی ڕوودا و نازیندەیی شاکەس، جەلیل کاکەوەیس، ل١٥.
٢. لەسەر باران دەنووسم جەبار جەمال غەریب، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.



(یادگار) یەکێکە لەو کارەکتەرانەی لەگەڵ وەگێڕ (فەرزەند) لە دیالۆگدان، (فەرزەند) شین بۆ بێ باوکی دەکات، لە ڕێی کارەکتەری (یادگار)ەوە، تێڕوانینی ئەم کارەکتەرە بەرانبەر باوك دەزانین. ((فەرزەند، فەرزەندی ئومێد ون، تۆ لە هەموومان بەختەوەرتری، تۆ باوکێکت نییە شوێن سۆندەکانی لەسەر پشتت بۆ جێهێشتبێ. تۆ بنەماڵەیەکت نییە بتکاتە عەبدی خۆی))[٣]. ئەم کارەکتەرە لە ڕێی پەیڤینی خۆیەوە بەهۆی هونەری دیالۆگەوە دیدی خۆی سەبارەت بە باوك و بنەماڵە لەنێو کورد دا دەردەبڕێت. پێمان دەڵێت: باوکی وڵاتی ئێمە بریتییە لە سیستم، لە لێدان. هەروەکو پێشتر گوتمان فرەیی لە کارەکتەر، کە بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە دێتەبوون، کە مەبەست تێیدا تا چەند کارەکتەر ڕێی پێ دەدرێت خاوەن قسە و بوونی خۆی بێت، تەعبیر لە ئایدیۆلۆجیای خۆی بکات. تێڕوانین و دیدی کارەکتەرەکان لەم ڕۆمانەدا بەرانبەر (شار، باوك، ژن، عەشق... تاد) زیاتر نەرێییە. تێڕوانینی کارەکتەرێکی ژن بەرانبەر پیاو لە ڕێی دیالۆگەوە هەیە:

((ژنە بێ ئەوەی ئاوڕداتەوە گوتی:
- پیاوی درۆزن تۆ دوای وێنەیەکی سارد و سڕ کەوتووی نەك من.
گوتم:
- هاوکاری کەسێك بکە دنیا فڕێیداوەتە بەرپێت.
- کەسێك هەموو لەشی تەون و دەهۆڵ و ئۆینە))[٤].

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.
٤. سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

ئەم ئازادی ڕادەربڕینە گرنگی دیالۆگمان بۆ ئاشکرا دەکات، چونکە ((دیالۆگ کارەکتەری ڕۆمان لە چاودێری ڕۆماننووس ڕزگار دەکات))[1]. لێرەشدا کارەکتەر (ژنەکە) بەبێ ئەوەی ڕۆماننووس، یان وەگێڕ ڕێی پەیڤینی لێ بگرێت، بیروڕای خۆی لەبارەی پیاوەوە دەردەبڕێت. کە پیاو بەگشتی هەمیشە دەیان فێڵ و تەڵەکەیان بۆ ژن ناوەتەوە، هەمیشە چەوسێنەری ژن بوونە. کارەکتەرێکی دیکە، کە (باوکی وەگێڕ)ە، تێڕوانینی خۆی لەبارەی عەشقەوە لەم وڵاتە دەردەبڕێت. ((وەك ئەو ڕۆژەی دەستی گرتم و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ شاری مەرمەڕ، بە هەمان سۆزەوە، بەڵام بە سەرنجێکی منداڵانەوە سەیری کردم، گوتی:

- تۆ لە شارێکدا عاشق بووی ئاسمانی شینی نییە، ئاوێکی لێ نییە ڕووی خۆتی تێدا ببینی وریابە یاری بە ژیانی خۆت مەکە، جارێکیش وا بیربکەوە بەرانبەر گوڵلە وەستاوی))[2].

ئەم ڕەشبینییەی کارەکتەر بەرانبەر عەشق لە شارێك لە ئەنجامی بیرکردنەوە و ئەزموونەوە هاتووە. شارێك عەشق تێیدا حەرامە. بەهۆی ئەم فرەیی لە کارەکتەرە، ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ژیانی دەبێت، بەو واتایەی چۆن لە ژیاندا بەرانبەر دیاردەکان هەر مرۆڤە خاوەن بیروڕای خۆیەتی، لە ڕۆمانی فرەدەنگیشدا بە هەمان شێوە، فەزای ڕۆمان ڕەنگاوڕەنگە، کارەکتەرەکان دیالۆگ دەکەن، تەنانەت زۆرجار ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداویشیان دەکەوێتە سەرشان.

١. صوت الاخر، فاضل ثامر، ص٣٠.
٢. لەسەر باران دەنووسم، جەبار جەمال غەریب، ل٥٣.



ڕۆمانی (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)[3]ی (بەختیار عەلی)، جگە لەوەی ژمارەی کارەکتەرەکانی زۆرن، هەر کارەکتەرە و خاوەن بیروڕای خۆیەتی. تەنانەت ڕۆمانەکەیش لەلایەن کارەکتەرەکانەوە دەگێڕدرێتەوە. واتە ڕۆمانێکی فرەوەگێڕە. هەر بەشەی ناونیشانێکی هەیە، لە هەر ناونیشانێکدا ئاماژە بە سەرە ڕووداوێك، یان سەرەچیرۆکێك دەکرێت، کارەکتەرێك ،کە خۆی بەشداری نێو ڕووداوەکانە، دەبێتە وەگێڕ. ئەم ڕۆمانە کاتێکی زۆر بەرباس دەدا، باسی ململانێی حیزبە کوردییەکان چ لە شاخ و چ لە دوای ڕاپەڕین(١٩٩١) دەکات. هەروەها ئەم ڕۆمانە وەسفێکی زۆری تێدایە، ئەمەیش کاری لە بونیادی ڕۆمانەکە کردووە، چونکە ئەم ڕۆمانە قەبارە گەورەیە و گێڕانەوەی بەردەوامی تێدایە، پەنای بۆ وەسف بردووە، وەکو وچانێك بە خوێنەر بدات.

(حەسەن تۆفان) یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان، پێش ڕاپەڕین، بۆ حیزبەکەی خۆی خەڵکی بە نهێنی دەکوشت، دوای ڕاپەڕین واز لەم کارە دەهێنێت، بۆیەیش تێڕوانینی بەرانبەر بە سیاسەت دەگۆڕێت.

((من هەردەم گوتوومە گەمژەیەکی دەمانچە بە دەست لەم وڵاتەدا دەتوانێت تا پلەی سەرەك کۆماری بڕوات، قسەکەشم زۆربەی کات ڕاست دەرچووە))[4]. ئەم تێڕاوانینە هی کارەکتەرێکە دەیان ساڵ کاری بۆ حیزب کردووە، دوای ئەوەی بیروڕای بەرانبەر سیاسەت گۆڕاوە، چونکە سیاسەت

٣. غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، بەختیار عەلی، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.
٤. سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

لەم وڵاتە مرۆڤ بۆگەن دەكات، ئەگەر چەك و چەكدارت هەبێت ئەوا پلەو پایەی سیاسی زوو بەدەست دێت، بە واتایەكی دی ئێرە وڵاتێكی عەسكەرتاریەتییە، نەك سیاسی و دیموكراسی.

كاتێك حیزب و سیاسەت دەچێتە ناو هەموو بوارێكی كارگێڕی، كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری... تاد، ئەوا دیدو تێڕوانینی مرۆڤە سیاسییەكان، بۆ هەریەك لەو بوارانەی سەرەوە، هەر سیاسی دەبێت، واتە بە هەمان تەرازووی سیاسەت سەیری بواری كۆمەڵایەتی، یان ڕۆشنبیری دەكەن. (سەیفەدین مارۆ) كارەكتەرێكی دیكەیە، پیاوێكی گەورەی نێو یەكێك لە حیزبەكانە. بیركردنەوەی بەرانبەر بە شوودانی كچەكەی بۆ بەرژەوەندییەكی سیاسییانەیە. ((مەهناز كە حیكایەتی داواكاریەكەی بیست، هیچی نە گوت، هەڵبەت دەیتوانی بڵێ نا، نامەوێت شووی پێ بكەم، بەڵام شتێك لە شێوەی كوڕەكەدا بوو ڕەتكردنەوەی ئاسان نەبوو، كە كچانی هاوڕێی ڕەسمەكەیان بینی گوتیان: (مەگەر شێت بێت شووی پێنەكەیت، چەند كوڕی وا لەم شارەدا هەیە؟) باوكیشی دەیگوت پاشەڕۆژێكی ڕووناكی لە حیزبدا دەبێت، بەڵام خانمی شەمس لە سەرەتاوە نەیدەویست كچەكەی شوو بەم كوڕە بكات، دەیگوت هێشتا بۆنی گەورەی لادێی لێدێت))[1]. لێرەدا دید و تێڕوانینی كارەكتەر (سەیفەدین مارۆ) تەنانەت بۆ بەشوودانی كچەكەی زۆر سیاسییانەیە، لەبەر بەرژەوەندی پاشەڕۆژی سیاسی كچەكەی بەو كوڕە دەدات.

١. سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.



گرنگیدان بە كارەكتەر، یان كارەكتەرسازی وردی و هونەری دەوێت، چونكە نابێت ئەو كارەكتەرە نوێنەری بیركردنەوەكانی ڕۆماننووس بێت. بەڵكو دەبێت نوێنەری بیركردنەوەی خۆی بێت. بەپێی ئاستی كۆمەڵایەتی و تەمەنی خۆی بپەیڤێت. یەكێك لەو ڕەخنانەی ئاراستەی كارەكتەری ڕۆمانەكانی (بەختیار عەلی) دەكرێت، لە ڕووی كارەكتەرسازییەوە هێندێكجار لاواز دەبێت. زۆر لەو كارەكتەرە منداڵانەی (بەختیار عەلی) دەیانخولقێنێت، جاری وا هەیە وەكو فەیلەسووفێك دەپەیڤن. یان عەرەبانچییەك وەكو نیچە قسە دەكات. لێرەدا دەزانین ئەوە ڕۆماننووسە، نەك كارەكتەر، كە دەپەیڤێ. بۆیەیش منداڵەكە دەبێت بەگوێرەی تەمەن و پەروەردەی خێزانی قسە بكات. ڕێی تێدەچێت، كارەكتەرێكی منداڵ وەكو فەیلەسووفێك قسە بكات، بەڵام دەبێت كارەكتەرسازی بۆ بكەیت و قەناعەت بە خوێنەر بكەیت.

((ماجیدی گوڵ سۆلاڤ من چوومەتە جەنگەوەو مرۆڤم كوشتووە، بەڵام بووكە شووشەم فرۆشتووە و منداڵانم شاد و بەختەوەر كردووە. من باوەڕم بە بێگوناهی نییە، شتێك نییە لەسەر ئەم ئەستێرەیە بێگوناه بێت، لێرە تاوانبار و بێتاوان نییە، بەڵكو براوە و دۆڕاو هەیە))[2]. ئەمەیش تێڕوانینی (بارۆنی بوكەشووشەیە)، ئەم كارەكتەرە بووە بە بارۆن، واتە دەوڵەمەند و بەرپرسە، بەڵام شێوەی بیركردنەوەی بۆ ژیان و مرۆڤ ئەوەیە، هەموو كەسێك تاوانبارە، بۆیەیش نابێت كەس خۆی بە فریشتە بزانێت و ئەوانیدی بە ئەهریمەن. یەكێك لە جوانی ڕۆمانەكانی (بەختیار عەلی)

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨.

ئەوەیە، هەر کارەکتەرەی خاوەن چیرۆکی خۆیەتی و بەبێ ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی وەگێڕدا بن، دەبن بە وەگێڕی چیرۆکی خۆیان.

ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)[1]ی (فەرهاد پیرباڵ)، یەکێکە لە ڕۆمانە فرەدەنگەکان، چونکە بونیادی ڕۆمانەکە لەسەر هونەری دیالۆگە. دیالۆگیش واتە گۆڕینەوەی پەیڤ و بیروڕا. ئەم ڕۆمانە چیرۆکی پەناهەندەیەکی کوردە لە فەڕەنسا دەگێڕێتەوە، کە لە هوتێلێك کاردەکات. لەگەڵ چیرۆکی ئەم کارەکتەرە، چیرۆکی چەند کارکتەرێکی دیکەیش تێکەڵ دەبن. لەوانە (محەمەدی حاجی زادە)، کە مەلایەکی ئێرانییە و خەلعی لیباس* کراوە، وەکو پەناهەندە بۆ فەڕەنسا هاتووە. لەگەڵ ئاشنابوونی بە ژیانی ئەورووپا و ژیان و گوزەران وای لێ دەکات، بیرکردنەوەی بەرانبەر زۆر شت بگۆڕێت. کاتێك وەگێڕ لەگەڵ کارەکتەرێك دیالۆگ دەکات، هێندە زاڵ نابێت بەسەر دیالۆگەکە، بەڵکو ڕێ بە کارەکتەرەکە دەدا قسە بکات و چیرۆکی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە. بۆ نموونە (محەمەدی حاجی زادە) سیستمی سیاسی ئێران بە گونجاوترین سیستم بۆ هەر وڵاتێك دەزانێت. ((سەیر لەوەدابوو، محەمەدی حاجی زادە، کەچی بەردەوامیش بەرگری لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرد لەناو سیستمەکانی دیکەی بەڕێوەبردنی جیهانی ئەمڕۆ دەیگوت: سیستمی

١. هوتێل ئەوروپا، فەرهاد پیربال، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

* ئە وشەیە بە واتای لێسەندنەوەی پلە و پایەی مەلایەتی دێت.



کۆماری ئیسلامی لە هەموو سیستمێکی تری سیاسی بۆ ئێمەی موسڵمانان گونجاوترە))[2].

ئەمە بیرکردنەوەی ئەم کارەکتەرەیە لەسەرەتای هاتنی بۆ فەڕەنسا، بەبێ ئەوەی وەگێڕ ڕێگری بکات، بەڵام دواتر لەگەڵ هەڵکشانی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، بیرکردنەوەی بەرانبەر سیاسەت و سیاسییەکانی ئێران دەگۆڕێت. ئەم یاریکردنە لەلایەن ڕۆماننووسەوە، هەوڵدانە بۆ بەخشینی بوون بە هەر یەکێك لەو کارەکتەرانە تا هەست بە خۆیان بکەن. چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا هەر مرۆڤێك، لەوانەیە بەهۆیەك لە هۆیەکان لە هەر بوارێکدا بێت قەناعەت و بیرکردنەوەی بگۆڕێت و بیرکردنەوەیەکی دیکەی لەلا دروست ببێت. ((ئەم بەدبەختی و ڕیسواییەی ئەمڕۆ بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەسەر خەڵکی موسڵمانی ئێران و بەسەر دینی ئیسلامدا هاتووە، ئەوپەڕی ئیهانەیە بۆ دینی ئیسلام))[3].

لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا کرانەوەیەك بەرانبەر هەموو توخمەکانی ڕۆمان دێتە ئەنجام. زۆرجار دوو دیدی پێچەوانە لە یەك کارەکتەردا بەرجەستە دەبێت. ئەم کرانەوانە بەردەوام دەبن تاکو بە پلەی تەواوەتی دەگەن. لێرەدا یەك گۆشەنیگا بوونی نابێت، چونکە ((تاکە مەرج بۆ تەواوبوونی (کامڵبوونی) جوانییەکانی ڕۆمانی فرەدەنگی سەربەخۆییە لە گۆشەنیگاکان و هەڵویستە ئایدۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کارەکتەرە

٢. هوتێل ئەوروپا، فەرهاد پیربال، ل١٢.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

جیاوازەکان))[١]. کەواتە سیمای فرەدەنگی لە ڕۆماندا بەهۆی ئەم سەربەخۆییەوە دێتەدی. لەبەر بژێویی ژیان (محەمەدی حاجی زادە) دەبێت بەهۆمۆسێکسوالّ (هاوڕەگەزباز)، تەنانەت گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەیشی بەرانبەر ئەو کارە ڕوودەدات. ((ئەم کارە گوناح نییە، چونکە لەسەر داخوازی پیاوە هۆمۆسێکسوێلە فەرەنسییەکە خۆیەتی، ناشبێتە هۆی چەوساندنەوەی هیچ مەخلوقاتێك))[٢]. گۆڕانی دیدی کەسێکی ئایینی بۆ عەلمانی باوەڕبوون بە مافی تاك. جا ئەو تاکە ئازادە چۆن مومارەسەی مافەکانی دەکات.

١. صوت الاخر، فاضل ثامر، ص٦٦.

٢. هوتێل ئەوروپا، فەرهاد پیربالّ، ل١١٢.



## چوارەم:
## زمان و فرەدەنگی

بۆ تێمەی هەر دەقێك دەیان و سەدان تێمەمان لەبەر دەستە. چەندان تێمە هەن کە بە ڕۆمان بکرێن. بێگومان ئەو تێمانە لە ڕێی زمانەوە دەخرێنە سەر کاغەز. بۆیەیش بۆ بە هونەریکردن، یان بە ڕۆمانکردنی هەر تێمەیەك پێویستمان بە زمان هەیە، بەلاّم ئەوەی گرنگە ئەو زمانە چۆن بەکاردەهێنرێت؟ چنینی زمانی لەناو هەر دەقێکی ئەدەبی ڕۆڵێکی سەرەکیی دەگێڕێت. واتە ئەوەی گرنگە چۆن بە ڕۆمان بکرێت، نەك چی بە ڕۆمان بکرێت. جیاوازی لەنێوان دەقی ڕۆمان و هەر بابەتێکی دیکە بۆ نموونە فەلسەفە، هەر لە ڕێی زمان و چنینی زمان دەکرێت. ڕۆمانەکانی (یوستاین گاردەر) وەکو: (جیهانی سۆفیا، نهێنی یاری کاغەز، مایا... تاد)، تێمەی هەموو ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسە بابەتی فەلسەفین، (جیهانی سۆفیا) مێژووی فەلسەفەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەوەی ئەم ڕۆمانانەی (گاردەر) لە دەقێکی فەلسەفی جیا دەکاتەوە زمان و چنینی زمانە، کە تەکنیك بەرهەم دەهێنن. لە ڕۆماندا ((ئەو شتانەی وەسف دەکرێن یان دەنوێندرێن گرنگ نین، بەڵکو چۆنیەتی پێکهاتن و نواندنیان شایانی سەرنج پێدانە))[٣]. کەواتە چنینی زمان لە ڕەوتی گێڕانەوەی

٣. توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، ڕاجێر وێبستێر، و: عەبدولخالیق یەعقووبی، دەزگای موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل٥٩.

ڕۆماندا، ڕۆڵێکی بەرز لە بە هونەریکردن و خولقاندنی تەکنیك دەگێڕێت، چونکە مەودای کارکردن لەناو ڕۆماندا بۆ زمان فراوانە.

زمان لە سۆسێرەوە گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات. سۆسێر زمانی بەسەر دوو لایەندا دابەشکرد: زمان و گوتن. مەبەستی لە زمان لایەنی ڕێزمانی زمانە و گوتنیش کردەیەکی تایبەت بە تاکە. پەیوەندی نێوان زمان و گوتن ((پەیوەندی گشتە بە بەشەوە، زمان گشتە و گوتنیش بەشە... بە لای سۆسێرەوە زمان سیستمێکی کۆمەڵایەتی نەستییە لەژێر دەسەڵاتی تاکدا نییە، بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێسا و یاسای گشتی کە دەست بەسەر بەرهەمهێنانی گوتندا دەکەن، زمان دەسەڵاتێکی پەتی باڵا دەنوێنێت، کە گوتن هەڵبژاردنە کارەکییەکانی لێوەردەگرێت))[١]. زمان بەلای سۆسێرەوە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە زمان نیشانەیە، نیشانەی زمانیش لە دال و مەدلوول پێکهاتووە. بۆ نموونە وشەی (دەرگا)، کە دالێکە، مەدلوولەکەی ئەو پارچە دارە، یان ئاسنەیە لێیەوە بۆ ژوورەوە، یان دەرەوە دەچین، دەکرا لە زمانی کوردی لەبری وشەی (دەرگا) وشەیەکی دیکە دابنرایە. لە عەرەبی (باب) و لە ئینگلیزی (Door)ی پێدەڵێن. کەواتە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە کۆمەڵێ خەڵك لەسەر ئەو

١. دەروازەیەك بۆ مێتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، د.بەسام قطوس، و:د. محەمەد تاتانی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل١٦٣-١٦٤، ئەویش لە: معرفة الأخر مدخل الى مناهج النقدية الحديثة، عبدالله ابراهيم و اخرون، المركز الثقافي العربي، بيروت، ص٤٤. وەرگرتووە.



وشەیە بۆ ئەو مەدلوولە ڕێککەوتوون. دواتر تیۆر و قوتابخانە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان سوودیان لەم تیۆرانەی سۆسێر وەرگرت.

فۆرمالیستەکان ئەدەبیان پەیوەست بە زمان دەکرد. ئەوان بۆ ناو دەق شۆڕدەبوونەوە تاکو لەوێوە کۆدەکان بکەنەوە، ئەو کۆدانەی لە ڕێی زمانەوە دروستکراون. یەکێ لە فۆرمالیستەکان (شکلۆفسکی)یە، کە خاوەنی تیۆری (ئاشنایی سڕینەوەیە). هەرچەندە زۆربەی توێژینەوەی فۆرمالیستەکان لەمەڕ شیعرەوە بووە، بەڵام هونەری گێڕانەوەیش بە هەموو ژانرەکانییەوە فەرامۆش نەکراوە. ((تیژی شکلۆفسکی ئەوە بوو کە لە زۆر کردەوەدا، تێگەیشتن (perception) دەبێتە پرۆسەیەکی خودبەخودی و ئۆتۆماتیك کە ئێمە گەلێك جار لێی بێئاگاین و بۆچوونی خۆمان لە شتەکان و پەیوەندی نێوانیان پشتگوێ دەخەین. زمانی شیعر دەتوانێ ئەم لە خۆگرتووییە تێکبدات و وامان لێ بکات تا لە شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز و نوێ بڕوانین. ئەم کارە بە دەستی زمانی شیعر یان ئەدەب دەکرێ لەپێناوی نامۆکردن یان ئاشنایی سڕینەوە لە جیهانی ئاشنا و ناسراو. لە ڕاستیدا ئەوە جیهان یان شتەکان نین کە دەگۆڕدرێن، بەڵکو شێوازی تێڕوانین و شێوەی تێگەیشتنمانە کە گۆڕانی بەسەردا دێت))[٢]. ئەوەی لەم تێڕوانینەی شکلۆفسکییەوە هەڵدەهێنجرێت، خودی شتەکان ئەو نرخەیان نییە، بەڵکو ئەو واتایەی دەیدا بەدەستەوە گرنگە، ئەم واتایەیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت. شت لە ژیانی ڕۆژانەمان وەکو کەرەسەی خاو زۆرە، بەڵام ئەو کەرەسانە چۆن بە ئەدەب،

٢. توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، ڕاجێر وێبستێر، و:عەبدولخالیق یەعقووبی، ل٧٢- ٧٣.

یان ڕۆمان دەکەین؟ شکلۆفسکی پێداگری لەسەر زمان دەکاتەوە، بۆیەیش لە ڕێی زمانەوە دەبێت شتەکان جوانتر نیشان بدەین.

لەلای بونیادگەرەکان، دیارترین تیۆریستیان (ڕۆلان بارت)ە، کە دواتر لێیان جیابوویەوە. هێندە گرنگی بە زمان دەدات، ڕای وابوو دەق واتە زمان. (بارت) دەڵێت: ((نووسەر کەسێکە، کە کێشەکەی زمان بێت، واتە لەو باوەڕەدا بێ زمان خولقێنەری قووڵاییە، نەك ئامراز، یان جوانی))[1]. واتە هەرچی داهێنانە لە ڕێی زمانەوە ئەنجام دەدرێت. زمان بەڕای بارت ئامرازی خەڵقکردن نییە، بەڵکو خۆی خولقێنەری دەقە. هەرچی گەمەی هونەری و تەکنیکیشە لە ڕێی ئەو خولقێنەرەوە ئەنجام دەدرێت. هەر ئەو زمانەیشە گێڕانەوەی ڕووداوی واقیعی و ڕۆمان لە یەکتری جیادەکاتەوە. بارت دەڵێت: ((زمان نە لە بەرەی ڕاستییە و نە لە بەرەی هەڵە، لە یەك ساتدا لەنێو سنووری هەردووك دایە، هەرگیز نازانین ڕاستە یان نا))[2]. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەو سیحرەیە، کە زمان دەیخولقێنێت، چونکە زمانی نێو ڕۆمان نابێت هێندە واقیعییانە بێت، کە ئێمە پێشتر ئەو ڕووداوانەمان دیبێت. نابێت هێندە فانتازی بێت، کە لە درۆ نزیك بێتەوە، بەڵکو دەبێت هونەرییانە بێت، بە شێوەیەك، کە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان دەخوێنینەوە، لە یەك کاتدا وا هەست بکەین، ئەم ڕووداوانەمان دیتوون، واش هەست بکەین، ئەوە یەکەمجارە ڕووداوێك بەو شێوە جوانە ببینین.

---

١. پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بابەك ئەحمەدی، و: مەسعوود بابایی، کتێبی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری نما، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل٦٢.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.



تیۆریستێکی دیکە، کە بایەخی زۆر بە زمان، و بەتایبەت دیالۆگ داوە، ئەویش (باختین)ە. بە بڕوای باختین زمان هەمیشە دەگۆڕێت و بەردەوامیش واتا فرەلایەنە. بە بۆچوونی باختین ((زمان گۆرەپانێکە بۆ ململانێ و مشتومڕ، هەر بۆیە کاتێك وشەی (ئازادی) بەکاردێنین، مانایەکی ڕوون و قسەبڕ و قەتعی نییە، بەڵکو بۆی هەیە بۆ کەس و گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان ماناگەلێکی تەواو جیاواز و تەنانەت دژوازی هەبێت))[3]. ئەوەی باختین زیاتر پێداگری لەسەر دەکات، بەرهەمهێنانی فرەییە لە واتا. باختین زیاتر گرنگی بە گوێدێر دەدات. وشەی (ئازادی) بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی دەیبیستێ و ئەوەی بەکاری دێنێ ئازادە بە چ واتایەك وەریدەگرێت. ئەو ململانێیە هەمیشە بەردەوامە لەنێوان دوو بەرەی مەنەلۆگ و دیالۆگ. لە دیالۆگدا هەست بە فرەیی ئاخاوتن، ڕەنگی جیاواز، دەنگی جیاواز، ئایدیۆلۆجیای جیاواز دەکەین. بۆیەیش لێکدانەوە و ڕاڤەکانیشی جیاواز دەبن، بەڵام لە مەنەلۆگ یەك دەنگ و ڕەنگ زاڵە. بۆیەیش زمان لە بنەڕەتدا لەسەر گفتوگۆ پێکهاتووە. ئەمەیش بەڕای باختین زیاتر لە ڕۆماندا ڕەنگیداوەتەوە. ((ڕۆمان نیشاندەری ئەو تایبەتمەندییە (فرەدنگی) یان (فرەمانایی)یە (Heterogolissia) کە سەرومڕی مانا بەردەستەکانی نێو ڕۆمان ئاشکرا دەکات، بە باوەڕی باختین ڕۆمان لە چەندین توێژی گوتار پێکهاتووە کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە پەنای یەکتر ڕیز دەبن، هەندێکیان

---

٣. توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، ڕاجێر وێبستێر، و:عەبدولخالیق یەعقووبی، ل٧٦.

بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و ڕێکوپێك و هەندێکیشیان بە شێوەیەکی دژواز و بەرانبەر بەیەك))[1].

ڕۆمان شوێنی ململانێیە، چەندین زمان و کارەکتەر و ئایدیۆلۆجیا تێیدا لە ململانێدان. لەوانە هەندێکیان کۆکن و هەندێکی دیکەیان دژیەکتر، ئەمەیش دەبێتە هۆی فرەیی لە هەموو توخمەکان، زمانیش یەکێکە لەو توخمانەی بەهۆی ئەم فرەییەوە، ئەویش فرە دەبێت.

زمان لە ڕۆماندا ڕۆڵێکی لە تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی پێکهاتەکان دەگێڕێت. بەهۆی زمان و گۆشەنیگای جیایا ئەو پێکهاتانە دەکەونە ململانێ. کەواتە هەم چیرۆکی جیاجیامان دەبێت، هەم زمانی جیاجیا، چونکە لێرەدا هەر کارەکتەرە و بەپێی دید وتێڕوانینی خۆی بۆ ژیان و بوون دەپەیڤێ، کە زمانی پەیڤینی لە کارەکتەرێکی دیکە جیاوازە. تەکنیکی فرەدنگی فرەیی لە زمان و گوتن دێنیتەئاراوە، چونکە بەهۆی دیالۆگەوە هەر کارەکتەرێك بە چ زمانێك بپەیڤێ، ڕێی پێدەدرێت، تەنانەت شێوەزارەکانی نێو یەك زمانیش تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە. شێوازی زمانی (جوتیار، پزیشك، ئەندازیار، شۆڕشگێڕ، بازرگان... تاد) لەیەکتر جیاوازن.

ئەم فرەییە لە زمان ئاسۆکانی ئایدیۆلۆجی هەر کارەکتەرێك دەردەخات. لە ڕێی ئاخاوتن و زمانی هەر کارەکتەرێك، یان پەیڤین لە ڕێی دیالۆگەوە خوێنەر ئاگاداری بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیای سیاسی، ئایینی ئەو کارەکتەرە دەبێت. هەروەك (تۆرگینێف) ئاماژەی پێدەدا لە ڕێی

١. سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.



پەیڤینی ڕاستەوخۆی نێوان کارەکتەرەکان، دیالۆگی نێوانیان بەرهەم دێت. لە ڕێی باری دەروونی کارەکتەرەکەیش هەست بە شێوازی قسەکردنی دەکەین. ئایا بە شێوەیەکی ئارام قسە دەکات، یان کێشەیەکی هەیە. هەروەها دەزانین لە چ ئاستێکی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسیدایە.

لە ڕۆمانی (زیندەخەون)[2]ی (فەتاح ئەمیری)دا، هەر کارەکتەرە بەو زمانە دەپەیڤێ، کە خاوەنییەتی. ڕۆمانەکە باس لە کوڕێك دەکات، دوای مردنی باوکی، ئەرکی ماڵەوەی دەکەوێتەسەرشان، هەمیشە شەوانە خەونێك دەبینێت، لەو خەونەدا ئەفسەرێکی سەر بە دەزگای ئاسایشە لە تاران. لەوێوە کۆمەڵێك ڕووداوی خۆشەویستی، سیاسی، کۆمەڵایەتی بەرباس دەدرێت.

کارەکتەرە سەرەکییەکان (ئازاد، مەلی، حوسێن (ئازاد لە خەونەکەدا)، دایکی ئازاد... تاد) هەریەك لەم کارەکتەرانە زمانی ئاخاوتنی خۆیان هەیە. لەنێو ئەو کارەکتەرانەیشدا، کارەکتەری لاوەکی وەکو (ئەشرەف خانم) هەیە. کە ژنێکی دراوسێی ماڵی (ئازاد)ە، بەڵام (ئەشرەف خانم) تورکمانە و تازە فێری کوردی دەبێت. بەهۆی فرەیی لە زمان و سەربەخۆیی ئاخاوتن، بەو شێوەیەی خۆی دیالۆگ دەکات، کە خوێنەر یەکسەر دەزانێت، ئەو کارەکتەرە کورد نییە. ((

- سەلام ئازاد.
- سڵاو ئەشرەف خانم.

بەسەر ئاماژە دەکا بچمە پێشێ:

٢. زیندەخەون، فەتاح ئەمیری، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.

- وەرە ئازادجان، لەلای دایەخانم باسی مەکە، بە گوربانت دەبمەوە.

خۆم لە گێژی دەدەم:

- چە دەفەرموون؟!

- ئەی هۆ گە باز، نەواخدان شەیاتن بووی، کچ مچ دۆرەیانداوی، بە ئید نییە، ماشەڵڵا شیرین شەیتان.

- ئەمن شەیتانم! یا؟

- شەیتان ئەوەیە لە پشت پەردەی ئۆتاغ چاو لە مین دەکا.

هێندێك بە خۆم دا شکامەوە، سوور هەڵگەڕام، ئەشرەف بزەی دێتێ:

- ئەتوون چاوی منە، گەیدی نییە، ئەمما خویدا، لەلای دایەخانم باس مەکە، چاوەجوانەکانیش دەرویش کە، بە گوربانی شیرین شەیتان))[1].

لەم دیالۆگەدا بە تەواوی هەست بە جیاوازی زمانی ئاخاوتنی (ئەشرەف خانم)، لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی (ئازاد) دەکەین. لە ڕۆمانی کۆندا نموونەی ئەم هەستەی (ئەشرەف خانم) لە ڕێی وەگێڕەوە دەگوترا، بەڵام لە ڕۆمانی فرەدەنگدا، گێڕانەوە بە کارەکتەر دەسپێردرێت بۆ ئەوەی، ئەوەی لە ناخیدایە بە ئاشکراو بێ سانسۆر دەریببڕێت. بێگومان دەبێت بە زمانێك بیپەیڤێ، کە خۆی خاوەنیەتی، بۆ ئەمەیش وەگێڕ ڕێگری لێ ناکات.

لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)ی (فەرهاد پیرباڵ) بە حوکمی ئەوەی ڕۆمانێکی فرەدەنگە. هەروەها ڕۆمانەکە باس لە مێژووی شاری

١. سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.



هەولێر دەکات. شاری هەولێریش چ لە زوو و چ لە ئێستادا چەند نەتەوەیەکی تێدا دەژی، وەکو: کلدوئاشووری، تورکمان، کورد.

لە شاری هەولێر پیاوانی بازرگان و دوکاندارەکان زۆریان تورکمان بوون. بۆیەیش لەم ڕۆمانەدا ئەم فرەییە دەبینرێت. لە چەندین شوێن ڕستە و پەرەگرافی تورکمانی لە دیالۆگەکان بوونی هەیە. ((حاجی پوشۆ ڕاستی دەکرد، لە ناو سلێمانی چەندین عەشیرەت و بەتایبەت منەوەرە گەنجەکان، زۆربەیان دژی شێخ مەحموود بوون و لەگەڵ ئینگلیز بوون. بە کونجوکۆڵییەوە لە حاجی پوشۆم پرسی:

- ئەدی پیاوماقوولانی دیکەی هەولێری ڕایان چی بوو؟

- ڕایان چی بوو... یەکێکیان دەزانی چی دەگوت؟ گوتی: (جانم موللافەندی... بو کورد سوردلار... نادلار!؟ واز گێچ!))[2]. ئەم ڕێپیدانەی وەگێڕ کاریگەری لەسەر قەناعەتپێکردنی خوێنەر دەبێت، چونکە خوێنەر کاتێك دەقێك دەخوێنێتەوە، بەتایبەت ئەگەر دەقێکی سەرشار بە ئێستاتیکا بێت، خوێنەر بە خوێندنەوەی دەقەکە سەرلەنوێ دەژێتەوە. (مۆریس بلانشۆ) دەڵێت: ((خوێندنەوە بە مانای نووسینەوەی سەرلەنوێ نووسینەکە نییە، بەڵکو وا دەکات کە نووسینەکە خۆی بنووسێتەوە بێ ناوەندێتی نووسەر، بێ بوونی کەسێك کە بینووسێت))[3]. کەواتە ئەگەر

٢. حیکایەتەکانی باوکم، فەرهاد پیرباڵ، ل١٣٠.

٣. بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا، ژانی گەل وەکوو نموونە، محەمەد نوری ئەحمەد، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٢٣، ئەویش لە

دەقەکە بەهۆی فرەیی لە توخمەکان و تەکنیکی بەرزی ڕۆمان قەناعەتی بە خوێنەر کرد، ئەوا پرۆسەی خوێندنەوە دەبێتە پرۆسەیەکی زیندووکردنەوەی دەق.

وەك پێشتر باسمان کرد، بەهۆی فرەیی لە ئایدیۆلۆجیاکان و ململانێی نێوان کارەکتەرەکان، زۆرجار تێڕوانینیان بەرانبەر ژیان دەگۆڕێت، لەگەڵ گۆڕانی تێڕوانینیان، شێوازی قسەکردن و گێڕانەوەیش دەگۆڕێت، ئەگەر کارەکتەر دیدیکی ڕەشبینانەی بۆ ژیان هەبێت، ئەوا زمانێکی پڕ لە وشەی ڕەشبینی دەبێت.

: المعنى الأدبي من الظاهرية الى التفكيكية، وليان راي، ت: د.يوئيل يوسف عزيز، ص١٩. وەرگرتووە.



**پێنجەم:**

## شێوازی گێڕانەوە و فرەدەنگی

شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆمانی کۆندا، یەك قاڵب و یاسای بۆ گێڕانەوە هەبوو. شێوازی نووسینی ڕۆمان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، وەکو دەڵێن شێواز لەکاتی نووسیندا لەدایك دەبێت و لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆتایی دێت.

شێوازی نووسینی ڕۆمان لە کۆندا، باوەڕیان بە یەکێتیی شێواز هەبوو، هەروەها لەم شێوازەدا (شێوازی کۆن) چیرۆکەکان سنووردارن و ((ڕوونی لە کارەکتەر و ڕووداو پلۆت و مەبەستەکان هەیە))[1]. بونیادی شێوازی گێڕانەوەی کۆن گرنگی بە زمانی ڕوون دەدات، یان زیاتر زمانێکی وەسفی بوو.

یەکێك لە خاسییەتەکانی ڕۆمانی نوێ فرەییە لە شێوازی گێڕانەوەدا. واتە بوونی چەند شێوازێکی گێڕانەوە لە یەك دەقدا. ئەم فرەییەش هەم پەیوەندی بە زمانی گێڕانەوەوە هەیە، هەمیش بە گۆشەنیگای وەگێڕ و کارەکتەرەکان، چونکە کاتێك فرەیی لە زماندا دێتەناوەوە، ئەوا چەند شێوە زمانێك لە ڕۆمانەکە بوونیان دەبێت. بەمەیش هەر کارەکتەرە و زمانی خۆی دەبێت. شێوەیەکیش هەڵدەبژێرێت بۆ تەعبیرکردن لە خۆی.

١. اسلوبية الرواية العربية، د.سمر روحي الفيصل، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠١١، ص١٥٤.

بونیادی زمان پەیوەندییەکی قووڵی بە بونیادی ڕۆمانەوە هەیە. نوێبوونەوە لە هەر یەکێکیاندا ڕوویدات، کاریگەری لەوەی تر دەکات، چونکە بەهۆی زمانەوە واقیعی دەرەوە و ژیانی خەڵکی تێکدەشکێنێت و واقیعێکی دیکە لەنێو ڕۆماندا دەخولقێنێت. تەنانەت شێواز بە سیستمێکی زمانی دانراوە، شێواز ((سیستمکی زمانییە، شێوەیەکی تایبەتی هەیە))[1].

گۆشەنیگای وەگێڕ کاریگەری لەسەر نوێبوونەوە و فرەیی لە شێوازدا هەیە. چەند گۆشەنیگاکان فرە بن، ئەوەندە زیاتر ئازادی بە وەگێڕ و کارەکتەرەکان دەدرێت، بەو شێوازە تەعبیر لە خۆیان بکەن، کە دەیانەوێت. ((بەهای ئەم گۆشەنیگایانە لەوەوەیە، کە گۆشەنیگای کەسێتیە لاوەکییەکانی ناو چیرۆکەکەیش لەو توخمە باشانەی گۆڕینی گۆشەنیگای گێڕانەوەن و ئەوان دەتوانن لە گۆشەنیگای جوداوە چیرۆکەکە بگێڕنەوە))[2]. کەواتە کارەکتەرە لاوەکییەکانیش دەبن بە خاوەنی شێوازی گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیان.

ڕۆمانی نوێ باوەڕی بە فرەیی لە شێواز هەیە، کە هەبوونی چەند شێوازێکە لە یەك دەقدا، یان یەك ڕووداو بە چەند شێوازێك بگێڕدرێتەوە، ئەمەیش لە ئەنجامی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی وەگێڕ بەسەر تەواوی ڕۆماندا هاتەکایەوە. ئەم فرەییە لە شێواز لە ڕۆمانی فرەدەنگدا

١. مقالات في الاسلوبية، د.منذر عباسي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٠، ص١٤٨.

٢. پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٩٥- ٢٠٠٥، بوشرا قادر کاکەمەد، ل١٥٤.



خاسییەتێکی بنەڕەتییە، چونکە کۆمەڵێك وەگێڕ و دەنگ و شێواز دەبینرێت. باختین ڕای وایە ((ڕۆمان لە کۆمەڵێك یەکەی شێوازی وەکو شێوازی گێڕانەوە، شێوازی دیالۆگ، شێوازی وەسف، شێوازی هەر کارەکتەرێك لە کارەکتەرەکان، شێوازی دەق لەنێو دەقە دامەزراوەکان، وەکو ڕاپۆرتەکان، شیعر، گوتەکان، پەندەکان، ڕێکلامەکان، ئەم یەکە شێوازیانە لە دەقی ڕۆماندا، لە یەکەیەکی شێوازی بڵند دیاری دەکرێن، ئەویش شێوازی ڕۆمانە))[3]. ئەم یەکە شێوازییانەی باختین باسیان دەکات، لەگەڵ دەستپێکردنی دیالۆگ، ڕۆڵیان دەست پێدەکات، لەوێدا دەلالەتی هەر دەنگ و شێوازێك لەناو کۆمەڵێك نەسەقدا خۆی دەبینێتەوە، واتە هەریەك لەو شێوازانە، واتایان نابێت، بە شێواز نابن، ئەگەر بەرشێوازی دیکە نەکەون، ئەویش لە ئەنجامی بەرزونزمی لە ڕووداوەکان و ململانێیەکان دروست دەبێت.

پێشتر کەمێك لە فرەیی لە گۆشەنیگا دواین. (پیرسی لوبۆك) دوو شێوازی ڕۆمان دیاری دەکات: شێوازی وەسفی و شێوازی درامی، لە پەیوەندییان بە گۆشەنیگای وەگێڕەوە. هەر لێرەیش ڕۆمانی تاکدەنگی و فرەدەنگی لە یەکتر جیادەکاتەوە. پەیوەندی وەگێڕ بە کارەکتەرەکان ئەگەر لەسەر بنەمای تواناو دەسەڵاتی وەگێڕ بەسەر کارەکتەرەکان بوو، ئەوا ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی تاکدەنگە، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای سەربەخۆیی و ئازادیدان بە کارەکتەرەکان بوو، ئەوا ڕۆمانێکی فرەدەنگە. هەروەها

٣. اسلوبية الرواية، مدخل نظري، د. حميد الحمداني، منشورات دراسات سال، الطبعة الأولى، ١٩٨٩، ص١٩.

(لوبۆك) ڕای وایە چیرۆك، کە کەرەسەی ڕۆمانە، تەنیا لە شێوەیەك خۆی ئاشکرا دەکات، ئەم شێوەیەیش لەنێوان دوو شێوازدا خۆی دەنوێنێت: پیشاندانی پەردەیی و پیشاندانی پانۆرامی. ((لە ڕێی شێوازەکانەوە، مرۆڤ چاودێری چیرۆکەکە دەکات، ئاخۆ چۆن بە ئەنجام دەگات، چۆن لە هۆکاری ئەو چیرۆکە دەڕوانێت، ئەمەیش لە ئاستی خوێنەردا خۆی دەبینێتەوە))[1]. خاڵی جێی سرنجی خوێنەر لەسەر شێوازە، لەوێوە بڕیاری هونەری بوون، یان نەبوونی ڕۆمانەکە دەدات.

(د. سلاح فەزل)، ((سێ شێوازی بۆ ڕۆمان دەستنیشان کردووە: شێوازی درامی، شێوازی لیریکی، شێوازی سینەمایی))[2]. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لە دیاریکردنی ئەم سێ شێوازە، شێوازی سێیەمە. لە سینەمادا گۆشەنیگا ڕۆڵ دەبینێت، لێرەوە ئەوە دەبەستینەوە بە فرەیی لە شێوازدا، کە ئەم فرەییەش لە شێوازی ڕۆماندا، بە دوو شێوە دێتەبوون: ((

١. فرەیی لە دەنگەکان.

٢. فرەیی لە شێواز))[3].

فرەیی لە دەنگەکان، ئەوەیە هەر دەنگێك سەربەخۆیی لە پێشکەشکردنی چیرۆکی خۆیدا هەبێت. هەریەکەیان لە شوێنی خۆی

١. صنعة الرواية، بيرسي لوبوك، ت: عبدالستار جواد، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، ١٩٨١، ص٧٣.

٢. اساليب السرد في الرواية العربية، د.صلاح فضل، دار السعاد الصباح، الكويت، ١٩٩٢، ص١٢.

٣. اسلوبية الرواية العربية، د.سمر روحى الفيصل، ص١٢٣.



لەنێو ڕۆمانەکە بێن بە وەگێڕ و لە گۆشەنیگای خۆیانەوە چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە، بۆ ئەوەی بە هەموویان چیرۆکی ڕۆمانەکە تەواو بکەن. ڕاستە هەر دەنگە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان لەسەر یەك شانۆدا دەجووڵێنەوە و لە ململانێدان، کەواتە ڕووداوێکی هاوبەش هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ئەم بەستانەوەیە کار لە لێسەندنەوەی شێوازی هەر یەکەیان ناکات، بەڵکو هەموویان شێوازی تایبەتی گێڕانەوەیی خۆیان هەیە.

مەبەست لە فرەیی شێواز بریتییە لە هێنانەناوەوەی کۆمەڵێك شێوازی دیکە بۆ ناو ڕۆمان. ئەمەیش هەمووی بۆ بە هونەریکردنی ڕۆمانە. تەنانەت ڕۆماننووس دەتوانێت بۆ فرەیی لە شێوازدا سوود لە شێوازی نووسینی ژانرە ئەدەبییەکانیش وەربگرێت، وەکو ((بواری ئەدەبی بە هەموو ژانرەکانییەوە: شیعر، پەندی پێشینان، ڕووداوە مێژووییەکان، مەزراندنی زمانەوانی، قسەی نەستەق... تاد))[4]. ڕۆماننووس بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆمانەکەی، بۆ نموونە دەتوانێت ئەفسانەیەك تێکەڵ بە ڕووداوەکان بکات، بێگومان بۆ ئەمەیش دەبێت شێوازێك هەڵبژێرێت، مەبەستمان لەوەیە، شێوازێکی گێڕانەوە، چونکە ئەمە کار لە زمانی گێڕانەوە دەکات.

لەلایەکی دیکە، ڕۆماننووس بە چ شێوازە نووسینێك، ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە. زۆر لە شێوازمان هەیە، بۆ نموونە شێوازی نامەیی، کە ڕۆمانی (ئازارەکانی ڤارتەر)ی (گۆتە) جوانترین نموونەی ئەم شێوازەیە.

٤. سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

یان شێوازی درامی، کە زیاتر پشت بە دیالۆگ دەبەستێت. لە کوردیدا رۆمانەکانی (فەرهاد پیربال) دیارترین نموونەن لەسەر بنەمای دیالۆگ رووداوەکان دەگێڕێتەوە. هەروەها شێوەیەکی دیکە، دووبارە گێڕانەوەی رووداوێك لە دیدی چەند کەسێکەوە. ((ئەمەش بە گۆڕینی شێواز، یان گۆشەنیگای جیاواز، یان گۆڕینی کارەکتەر و گێڕەرەوە بە کارەکتەر و گێڕەرەوەیەکی دی))[1].

شێوازی نامەیی، یەکێکە لەو شێوازانەی بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان پەنای بۆ دەبرێت. رەنگە، هەموو رۆمانەکە بە نامە نەگێڕدرابێتەوە، بەڵکو لە چەند شوێنێك، رووداوەکان بە نامە ئاراستە دەکرێن. یان لە رێی راپۆرتی رۆژنامەوانی، یان یادنووسینەوە تێکەڵ بە بونیادی رۆمانەکە دەکرێن.

رۆمانی (خواجە نەسرەدین لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت)[2]ی (عەتا محەمەد)، کە باس لە کوژرانی گەنجێك دەکات، ویستوویەتی لە رێی پێکەنینەوە رەخنە لە دەسەڵات بگرێت. بۆ گێڕانەوەی رووداوەکانی ئەم رۆمانە، رۆماننووس، سوودی لە کارەکتەر و بەسەرهاتەکانی (خواجە نەسرەدین)، کە بە (مەلای مەشهور) ناسراوە وەرگرتووە. لەسەر هەمان

١. تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلی-دا، جەلال ئەنوەر سەعید، ل١٦٦، ئەویش لە: البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع العاني، ص٦١. وەرگرتووە.

٢. خواجە نەسرەدین لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت، عەتا محەمەد، رۆمان، یانەی قەڵەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.



شێواز رۆماننووس کارەکتەری (خواجە نەسرەدین) دێنێت، چیرۆکی دیکەی بۆ دروست دەکات. بۆ نموونە لە لاپەڕە (١١٥) چیرۆکی هاتنەخوارەوەی بۆیاخی پرچی بەرپرسەکان لەبەر باران و لە گەرمەی وتاردا بە روویاندا. لە رێی ئەم چیرۆکە گاڵتەئامێزەوە، پێمان دەڵێت، بەرپرسەکانمان، پیریەتی خۆیان بە بۆیاخ دەشارنەوە، بەڵام رۆژێك هەر دەردەکەوێت. شێوازی گێڕانەوەی رووداوەکان لە رێی چیرۆکی گاڵتەئامێزەوە، لە شێوەی چیرۆکەکانی مەلای مەشهورە.

هەر لەنێو ئەم رۆمانەدا، شێوازی نووسینی راپۆرت بوونی هەیە. ئەو راپۆرتانەی کە سیخورەکان بۆ دەزگاکانیان دەنێرن. لەنێو ئەو راپۆرتەدا شێوازێکی دیکەی گێڕانەوە هەیە، کە تازەیە لەنێو رۆمانی کوردیدا، ئەوەیش کاتێك کتێبێکی دەدەنێ بۆ ئەوەی پشت دێڕەکانی بپشکنێ و بزانی نووسەر چی لە پشت حەشارداون، شێوازی راپۆرتەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات: ((

بەرێز بەرپرسی بەشی...

بابەت/ راپۆرت

لەسەر داوای بەرێزتان، دوای خوێندنەوەی رۆمانی (ساتی مردنی ریکاردۆ رەیس)ی خۆزیە ساراماگۆی رۆماننووسی پورتوگالی، هەوڵمدا ئەم راپۆرتە بنووسم، وەکو ئەوەی داواتان کردبوو راپۆرتەکە زۆر زۆرە. مردن رێگایەکی تر دەدۆزێتەوە، ئەویش ئەوەیە پێشتر نامە بۆ ئەو کەسانە دەنێرێت و پێیان دەڵێت کە کاتیان نزیکبۆتەوە، تەنها کەسێك نامە وەرناگرێت و نامەکە دەگەڕێنێتەوە... ئیتر جارێکی تر کێشە دروست

دەبێتەوە))[١]. ئەم شێوازە پەیامێکی لە پشتە، بۆ دەربڕینی ئەو پەیامەیش ڕۆماننووس ئەم شێوازەی هەڵبژاردووە، چونکە شێوازەکە و ناوەڕۆکی بابەتەکە لەگەڵ یەکتر گونجاون. هەر دوای ئەوە شێوازێکی دیکە بۆ نووسین و گێڕانەوەی چیرۆکێك پەیڕەو دەکات، کە بەڕای ئێمە تازەیە و تاقیدەکرێتەوە. ئەویش بە دەرهێنانی ڕستە لە ڕۆمانی (ساڵی مردنی ڕیکاردۆ ڕەیس)ی ساراماگۆ و لێکدانی ئەو ڕستانە بۆ پێکهێنانی چیرۆکەکە، ئەوەی سەیرە هەر ڕستەیەکی لە شوێنێك لەنێو ڕۆمانەکدا هێناوە، لە خوارەوەیش لە پەراوێز ئاماژەی بە ژمارەی ئەو لاپەڕەیە کردووە، کە هەر ڕستەیەکی لێ دەرهێناوە. لێکدانی ڕستەکانیش بە شێوەیەکە، لە ڕووی واتاییەوە، واتا دەدەن، واتا لە ڕووی واتاییەوە لەگەڵ یەکتری گونجێندراون.

شێوازی نامەیی، یەکێکی دیکەیە لەو شێوازانەی کە ڕۆماننووس بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەکاری دەبات. هەرچەندە جۆرێك لە ڕۆمان بە ناوی ڕۆمانی نامەیی هەیە، بۆ نووسینی ڕۆمانی نامەیی چەند شێوازێکی نوێ هاتۆتەکایەوە لەوانە: ((

١. شێوەیەك، کە سەرجەم چیرۆکی ڕۆمانەکە بەهۆی نامەیەکەوە دەگێڕدرێتەوە.

٢. شێوەیەك، کە چیرۆك لە ڕێگای ئەو نامانەی کە هەندێ کەس بۆ برادەرەکانی خۆیان دەنووسن، فراوان دەکرێت و بەزۆریش بۆ ئەوەی کە پێش لە دووبارەکردنەوە بگیرێت، وەڵامی نامەکان ناهێنێت.

١. سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.



٣. شێوازی سوودوەرگرتن لە نامەنووسین، وێڕای نووسینەوەی ڕووداوەکان، یاخود نووسینی یاداشتەکانی ڕۆژانە.

٤. شێوەیەك کە تێیدا چەند کەسێك- کە چیرۆکەکانیان لە گرنگییەکی یەکسان بەهرەمەندن- لەگەڵ یەکتردا نامە دەگۆڕنەوە.

٥. شێوەیەك کە تێیدا بە ڕێککەوت سوود لە نامە وەردەگرێت، ئەویش لە ناوەڕۆکی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی چیرۆکەکەدا.

٦. شێوەیەك کە چیرۆك لە ڕێگەی نامەکانی نامەنووسیکەوە، کە نامەکانی ڕاستی ڕووداوەکانی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەگرێتەخۆ، دەگێڕدرێتەوە))[٢].

لە ڕۆمانی کوردی (بەتایبەت ئەو ماوەیەی ئێمە کارمان لەسەر کردووە) ڕۆمانێکمان بەرچاو نەکەوتووە، کە تەواوی گێڕانەوەکەی لەسەر نامەنووسین بێت. هەروەها ئەو شێوازی نامەنووسینانەی سەرەوە دیاریمان کرد، تەنیا ئەو شێوازە هەیە، کە لە شوێنێك لەناو ڕۆمانەکە، لە ڕێی نامەوە چیرۆکێك گێڕدراوەتەوە، یان ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی ڕووداوێکەوە دراوە. هەرچەندە ئەم شێوازە بۆ ڕۆمانی کوردی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، چونکە ((گۆڕینەوەی نامەش لەنێوان کارەکتەرەکانی ڕۆماندا تێکشکاندنی شێوازی ئەدەبی کلاسیکی لێ کەوتووە))[٣].

٢. ڕۆمان چییە؟ کۆمەڵێ نووسەر، و: جەواد مستەفا، ل٥٩.

٣. بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی-دا، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، دەزگای موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠٠٩، ل٦٧.

لە ڕۆمانی (ماچی یەکەم)[1]ی (کەریم کاکە)، ڕۆماننووس پەنای بۆ ئەم شێوازە بردووە. بەهۆی فرەکارەکتەری لەم ڕۆمانەدا، زۆر لە کارەکتەرەکان دەبن بە وەگێڕ. لەم ڕۆمانەدا یەکەم ماچی نێوان کوڕ و کچێك دەبێتە هەوێنی ڕووداوەکانی دیکە. لە هەندێك شوێن بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، یان دەربڕینی هەست لەلایەن کارەکتەرەکانەوە پەنا بۆ شێوازی نامەنووسین براوە. بۆ نموونە کاتێك کوڕە نامەیەك بە کچەکە دەدات، ئەویش دەیخوێنێتەوە، نامەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

((من قسەی خۆم بردە سەرێ، دەبەمە سەرێ، هەموو ڕۆژێك لە وادی خۆی لە بن درەختی گوڵاوی لە چاوەڕێ کچێکی دڵ پڕ لە دڵەڕاوکێم، کچێك ڕێك دەڵێی ئەو پەلە هەورەیە ئەوەتا لە ئاسمانی باخ کەمێك هێواشی کردۆتەوە و نیازی داکردنە، بەڵام دوودڵە نازانێ نە لێرە دابکا نە لە جێگەیەکیتر، ڕەنگە هەر حەزی لە داکردنیش نەبێ حەز بکا تا ئاسمان ئاسمانە هەر هەور بی و بەئاسمانەوە. کچە هەورییەك لە دیداری حەفتەمەوە تا ئێستا بەو نامەیەوە کە ئەوەتە بە تەنیشت دایکمەوە بە تەنیشتی ژنە کەسکپۆشەکە دەینووسم ڕێك بیست و یەك نامەی درێژ درێژ وەك قژی کچە هەوریەکە درێژم بۆ تۆ نووسیوە هەمووشیان ئەوەتە لەناو جانتاکەم زیندانین، بەڵام ئەوەیان قسەی تۆ دەشکێنی و دێتە دیدارت...))[2]. ئەمە بەشێکی نامەکەیە، چونکە کچەکە خۆی لەم

1. ماچی یەکەم، کەریم کاکە، ڕۆمان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.
2. سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.



بەشەدا وەگێڕە، هەر دوای ئەمە بە شێوەی مەنەلۆگ چەند وشەیەك دەڵێ و دواتر بەشەکەی تری نامەکە دەخوێنێتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە، لەناو نامەکە، کوڕەکە دەبێتە قسەکەر لەسەر زاری کچەکە، کچەکەیش دەبێتە گوێدێر. بەڵام لەدەرەوەی نامەکە پێچەوانەیە، کچەکە وەگێڕە. ئەمەیش بەهۆی فرەیی لە وەگێڕ ئەم شێوازەی بەرهەمهێناوە. هەندێکجار ئەم شێوازە بۆ باسکردنی ڕووداوێك، یان ڕوونکردنەوەی بابەتێك بەکاردێت. هەر لەم ڕۆمانەدا نامەیەکی دیکە، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی حاڵەتێك هەیە، ئەویش لە کاتی خۆشەویستیدا هەرگیز کچ جەستەی خۆی تەسلیمی کوڕ نەکات. ئەمە تێڕوانینی خوشکی گەورەیە (کارەکتەرێکە لەنێو ڕۆمانەکە) بۆ خوشکی بچووك، نامەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

((بۆ خوشکی تەمەن حەفتساڵەی خۆم...

چاوە گەشەکانت ماچ دەکەم

ئەو نامەیە تایبەت بۆ تۆ دەنووسم

ئەو پیاوەی ئێستا مێردمە، خۆزگە قەت نەدەبووە مێردم، ئەو پیاوەی کە زۆرت خۆشدەوێ نەبێتە مێردت باشە، ئەگەر زوو دەمزانی نەمدەهێشت ببێتە مێردم، من هەڵەم کرد بە قسەی ژنە چەند مێردکەرەکەم نەکرد و خۆم لە بەڵای گوێ مەمك نەپاراست، گوێ مەمك منی خستۆتە سەر ڕێی شێتبوون من هەشت ساڵی ڕێك ئەو پیاوەم خۆشویست، ئەو ڕۆژەی بۆی بە بووك چووم، بەسەر پشتی هەوری سپییدا

چووم...))[١]. ئەم شێوازە بۆ ئاگادارکردنەوەی کارەکتەری بەرانبەرە لە بابەتێك.

ڕۆمانی (ئیلشا)[٢]ی (دیدار مەسیفی)، ڕۆمانێکە سەفەری کۆچی گەنجی کوردمان بۆ هەندەران بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو خەڵکەی لە ڕێی ئێران و دواتر تورکیا و یۆنان هەوڵدەدەن بە قاچاغ بە ئەورووپا بگەن. (ئیلشا) کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە و ناوی ڕاستەقینەی (دڵشا نەبی)یە، و لە ئەڵمانیا پەناهەندەیە. وەگێڕی هەمووشتزان، باسی خەیاڵی ئیلشا بەدەم ڕێوە دەکات. لەبەر ئەوەی ئیلشا تووشی نەخۆشی خوێن بووە، خەیاڵی بۆ لای خوشکەکەی، کە ئەوکات ئەو لە وڵات بووە، خوێندکاری کۆلێژی پزیشك بووە، خوشکی پێناسەی خوێن و پێکهاتەکانی خوێنی دەکرد، لێرەوە دەیەوێت لە ڕێی گەڕانەوە بۆ ئەو پێناسانەی خوشکی باسی نەخۆشییەکەی خۆیمان بۆ بکات.

((خوشکەکەی پێناسەکان وا دەنووسێت:

خڕۆکە سوورەکان- erythrocytes تەنی ڕوو سوورن وەکوو مێ کار بە ئاسن ناکەن، بەڵام گیانیان پڕە لە ئاسن، جۆرە ماکیاجێك لەنێو جانتا بچووکەکانیاندا هەڵدەگرن کە لە جۆرە سووراوێکی لێو دەچێت بەناوی هیمۆگلۆبین، ئەو خڕۆکانە کامەیان لە هەموویان ڕوو سوورترە لە هەموویان زیاتر ئۆکسجین دەدات بە ژیان. هەروەها ئەوانە بەشی سەرەکین

١. سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

٢. ئیلشا، دیدار مەسیفی، ڕۆمان، بەڕێوەبەرایەتی بلاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.



لە دونیای خوێن باشتر لە خڕۆکە سپییەکان لە ڕۆحی ژیانی خوێن دەگەن))[٣]. شێوازی گێڕانەوەکە بەردەوام دەبێت و (پێناسەی خڕۆکە سپییەکان، تەنی مەیین) دەکات. دواتر باسی نەخۆشییەکەی خۆی دەکات، کە پێی دەڵێن (شێوان و شلەژان لەناو مۆخی خوێندا- MDS). سوودوەرگرتنی ڕۆماننووس لە زانستی پزیشکی، شێوازێکی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە، چونکە بۆ باسکردنی ئەو زاراوانە دەبێت تەواو سوود لە پزیشکی وەربگرێت، ئەمەی هەموو لەپێناو پێناسەکردنی نەخۆشییەکەیدا کردووە.

ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیربال)، بەتایبەتی ڕۆمانی (منداڵباز) بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان تەواو پشتی بە شێوازی دیالۆگی بەستووە، ئەوەی ئەم دیالۆگانەیشی هونەریتر کردووە، زمانەکەیەتی، چونکە زۆربەی کارەکتەرەکان لەناو ڕۆمانەکە خەڵکی گەڕەکی میللین، هەوڵیداوە شێوازی قسەکردنیان بپارێزێت. ئەو زاراوانەی لەنێو چەقۆکێشان و منداڵبازان بەکاردێت، بەکاریهێناوە، ئەمەیش کاری لە شێوازی گێڕانەوە کردووە. زمانی دیالۆگەکانیش پشتی تەواوی بە زمانی ئاخاوتن بەستووە.

((— ئەمە نەجۆ نازدارە جەماعەت!

کامیار گوتی: نەجۆ نازدار کێیە؟!

- قلی سەلیم سارووخ.

کارۆخ تەمەنی سێزدەسالان بوو، گوتی:

- قل یەعنی چی، یاسین؟

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

- یەعنی وەك ئەوە ببێتە ژنی))[1].

ئەگەر سەیری ئەم دیالۆگە بکەین، شێوازی زمانی گێڕانەوەکەی تەواو هی گەڕەکە میللییەکانە، چەندین وشەی نێو ئەو گەڕەکە میللییانەمان بەرچاودەکەوێت. بۆ نموونە وشەی (قل)، کە لەبری خۆشەویست، یان ئەوەی پێی دەڵێن (دەنك) بەکارهاتووە.

هەر لەم ڕۆمانەدا شێوازی ئاخاوتنی ژنانیش پارێزراوە. ئەمەیش دەبێتە فرەیی لە شێواز، چونکە هەر کارەکتەرە بە گوێرەی ڕەگەز و ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری شێوازی ئاخاوتنی پارێزراوە.

((دایزە ویدادی ژنی مەلۆ خەنجەرچی، بە ئەبلە سەمیرەی ژنی کاکل بنجووی دەگوت:

- گوزم کۆر ئۆلسن، یووسف نە گوزەل ئۆعلانیدی:

- ویش...

جەیرانی پوری یوسف، بەم قسەیە یەکسەر جەرگی بووە ئاو، بە چمکی کراسەکەی فرمێسکەکانی خۆی سڕییەوە:

- ((جوانی)) سەرت دەخوا... خوشکم))[2].

لەم دیالۆگەشدا تەنانەت شێوازی قسەکردنی تورکمانی پارێزراوە. لەنێو تورکمانان لە هەولێر بە (پوور) دەڵێن (ئەبلە)، لەناو هەولێریش (پلك) و لە کەرکووکیش (میمك) بەکاردێت. دەبینین لە هەموو هاوواتاکانی وشەکە، ئەوەی هەڵبژاردووە، کە تایبەتە بە تورکمانانی

١. مندالباز، فەرهاد پیربال، ل٢٥.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.



هەولێر، لەهەمان کات لەگەڵ شێوازی قسەکردنی کارەکتەریش دەگونجێت. لێرەدا بۆمان بەدیاردەکەوێت زمانیش ڕۆڵی لە هێنانەئارای شێوازی گێڕانەوەدا هەیە. لەبەرئەوەی دەنگی جیاوازمان هەیە، کەواتە شێوەئاخاوتن و دەربڕینی جیاوازیشمان هەیە. بۆیەیش شێوازی زمانی گێڕانەوەی ڕۆمان زیاتر پەخشانییە و نزیکە لە زمانی خەڵك، بەڵام لە شیعردا زمانی ڕەوانبێژی و میتافۆر و ئالیگۆریا بەکاردێت. ڕۆمان سوود لە ڕەوانبێژی و زمانی شیعر وەردەگرێ، بەڵام بۆ گێڕانەوە ئەو زمانە بەکارناهێنێت. وەلانانی زمانی ڕەوانبێژی ((هەوڵێکی وەگێڕ/ ڕۆماننووسە بۆ ڕەخساندنی ئێستاتیکای گێڕانەوە، بەهۆی ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکان، لەبری ڕەوانبێژی کۆن بە هەرسێ زانستەکانییەوە))[3].

٣. اسلوبية الرواية العربية، د.سمر روحي الفيصل، ص١٣٥.

## بەشی سێیەم

## ئێستاتیکای تەکنیکی فرەدەنگیی لە ڕۆمانی کوردیدا

## بەشی سێیەم:

## ئێستاتیکای تەکنیکی فرەدەنگیی لە ڕۆمانی کوردیدا

هەر تەکنیکێك، کاتێك دێتە ناو کایەی ئەدەبی بەگشتی و ژانرێك بەتایبەتی، بێگومان گەلێك لایەنی ئێستاتیکی بەهۆیەوە لەدایك دەبێت. بەو پێیەی ڕۆمان خولقاندنی واقیعێکی دیکەی جیا لەو واقیعەی تێیدا دەژی. کەواتە نابێت دروستکردنی واقیعێکی وەها لە جوانی خاڵی بێت. کاتێك ڕۆماننووسێك هەوڵدەدات واقیعێکی دیکە بخولقێنێت، ئەوا لەو بڕوایەدایە ئەو واقیعەی تێیدا دەژی کەموکوڕی هەیە، ئەمەیش لەو تێڕوانینەی (ئەلبێر کامۆ) نزیکمان دەکاتەوە، کە دەڵێت: ((هونەرمەند واقیع ڕەت دەکاتەوە، چونکە لەو باوەڕەدایە ناوەوەی جیهانی واقیع پڕە لە کەموکوڕی، بۆیەیش هەوڵی واقیع خولقاندنێکی نوێ دەدات))[1]. بە واتای یاخیبوونی نووسەرە لە واقیع. دیسان لەم بارەیەوە دەڵێت: ((یاخیبوون لە واقیع پێویستیەکی ئێستاتیکییە))[2]. کەواتە ئەوە یاخیبوونی دەقە لە واقیع ئێستاتیکای دەق بەرهەمدێنێت، کاتێك هەوڵی دروستکردنی واقیعێکی دیکە بدات. بێگومان ڕۆماننووس، یان هونەرمەند بۆ ئەو یاخیبوونە دەبێت شێواز و تەکنیکێك بەکاربهێنێت،

١. فلسفه في الفكر المعاصر، د.زكريا ابراهيم، دار المصر للطباعة، القاهرة، ؟، ص٢٠٦.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.



هەم یاخی و هەم ئێستاتیکی بێت. بۆ نموونە ئەوە تەکنیکە، ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی لە تۆلستۆی جیادەکاتەوە، کە ڕۆمانی فرەدەنگیی پێ نووسیوە.

((دیدی خولقێنەری جوانی و بەهای ئەدەبی لە ئەدەبدا دەبێتە دیاردەیەك، کە لەلای فۆرمالیستە ڕوسەکان بە (دیاردەی ناباوکردن) ناودەنرێت و ئێستاتیکای بەرهەمی ئەدەبی لە هەر یەك لە ژانرەکان))[3]. بەرهەمدێنێت. لێرەوە لەسەر بنەمای تێڕوانینەکەی (کامۆ) هەر ڕێباز و قوتابخانەیەکی ئەدەبی، نووسەرێك، هونەرمەندێك شێوەیەك لە شێوەکان بۆ بە ئێستاتیکاکردنی بەرهەمەکەی بەکاردەهێنێت. ئەم ناباوکردنەی لای فۆرمالیستەکان مێتۆدێکە بۆ توێژینەوە. ئەم بابەتە وادەکات هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی قاڵبێکی نوێی بەبەردا بکرێت. کەواتە هەر تەکنیك و شێوازێك ئەگەر نەیتوانی شێوەیەکی جوانیناسانە بە دەق ببەخشێت، ئەوا ئەم تەکنیکە ڕۆڵی لە بە هونەریکردنی دەقەکە لاوازە، یان ڕۆڵێکی لاواز دەگێڕێت. نابێتە جێی تێڕامانی نووسەر و ڕەخنەگران.

تەکنیکی فرەدەنگیی کاریگەری تەواوی لە بە ئێستاتیکاکردنی ڕۆماندا هەیە. وا دەکات، پانتایی نێو ڕۆمان هەمیشە مەیدانێك بۆ ململانێیەکان، ئاڵوگۆڕی بیرەکان بێت. فرەدەنگیی کار لە کۆی بونیادی ڕۆمان دەکات. ڕۆمان بەهۆی ئەم تەکنیکەوە گۆڕانێکی گەورەی لە کۆی تەکنیك و شێوازەکانیدا هات، تەنانەت بەهۆی ئەم تەکنیکەوە شێوازی نووسینی ڕۆمان چووە قۆناغێکی دیکەوە. ئەم گۆڕانکارییە کاری لە ناوەوە

٣. پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٩٥- ٢٠٠٥، بوشرا قادر کاکەمحەمەد، ل١٤٢.

و دەرەوەی ڕۆمان کرد. واتە تەکنیك و ناوەڕۆکی ڕۆمان گۆڕانی بەسەردا هات، لێرەدا ئێستاتیکا لە تەکنیك و ئێستاتیکا لە بونیادی ڕۆمان هاتنەئاراوە. ئەمەیش واتای ئەوە نییە، کە دەقەکانی پێشتر خاڵی لە ئێستاتیکا بن، بەڵکو بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە ئەو ناباوکردنەی فۆرمالیستە ڕووسەکان بەتایبەت (شکلۆفسکی) هێنایەکایەوە، دروست بوو. مەبەستیشمان لە ئێستاتیکای فرەدەنگیی لە جوانی یان دزێوی دەق نییە، بەڵکو زیاتر مەبەستمان لایەنی هونەری ئەو تەکنیکەیە. لێرەدا ئەوەمان بۆ بە دیاردەکەوێت ئێستاتیکای هەرشتێ ئەوەیە دوای خولقاندنی بەدیار دەکەوێت، یان دێتەبوون. (سارتەر) پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، ئێستاتیکای هەرشتێ نرخێکی پێشوەختەی نییە، بەڵکو ئەوەیە، کە دواتر دێتەبوون. ((جوانی لە واقیعدا وێنەیەکی دیاریکراوی نییە، ئەو وێنەیە پێویستە بخولقێندرێ، ڕێك ئەو وێنەیە کە دروستکراوە، ئێستاتیکاش دەربڕینی ئەوە نییە کە هەیە، بەڵکو دەربڕینی ئەو شتەیە کە پێویستە هەبێت))[1]. ئافراندنی ڕۆمان بە پلەی یەکەم بەهۆی تەکنیکەوە دەبێت، فرەدەنگییش یەکێك لەو تەکنیکانەیە ئەو ڕۆڵە جوانیناسانەیە دەگێڕێت، چونکە ئەم تەکنیکە دەبێتە هۆی ((سەربەخۆیی زمانی دەربڕینی کارەکتەرەکان، یان هێندێکیان))[2]. کاتێك ئەم فرەیییە لە زمان

1. دراسات في علم الجمال، مجاهد عدالمنعم مجاهد، دار عالم الكتب، الطبعهة الثاني، بيروت، ١٩٨٦، ص١٢٩.
2. الخطاب الحكاية، بحث في المنهج، جيرار جينيت، ت: محمد معتصم، و عبدالجليل الازدي و عمر حلي، ص١٩٥.



دێتەکایەوە، ئەوا بێگومان کارەکتەرەکان لە زۆر شتی دیکەیش سەربەخۆ دەبن، ئەمەیش وا دەکات هەریەکەیان دنیای تایبەت بە خۆیان هەیە. شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و قسەکردنیان لە یەکتری جیاوازە، ئەمانە هەموو لە بەرهەمهێنانی جوانی لەنێو دەقەکە بەشدار دەبن.

بەرهەمهێنانی ئێستاتیکا لە هەر دەقێك، واتای شکاندنی فۆرمێکە. فۆرمێك، کە لە واقیعدا بوونی هەبووە، چونکە ئەگەر ڕۆماننووس هەمان وێنە و دیاردەکانی نێو دەقمان بگێڕێتەوە، کەواتە نەیتوانیوە واقیع تێکبشکێنێت. فرەدەنگییش هەوڵدەدا واقیع لە دەقدا تێکبشکێنێ، تاکو ئێستاتیکایەك بەرهەم بێنێت. هەرچەندە شێوازی ڕۆمانی فرەدەنگیی بەهۆی فرەیی لە کارەکتەرەکان و هەبوونی دیالۆگ و زمانی ئاخاوتن، ڕەنگە لە واقیعدا بوونی هەبێت، یان نەبێت، بەڵام هەرگیز واقیع نییە، چونکە لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا دەشێ مردوو قسە بکات، دەشێ مرۆڤ بفڕێت، بەڵام لە هەمان کاتدا پێشاندانی واقیعێکی دیکەیە، بە شێوەیەکی ئێستاتیکی.

ئێستاتیکای فرەدەنگیی خۆی لە چەند لایەنێکدا دەبینێتەوە. واتا کاریگەری تەکنیکی فرەدەنگیی لەسەر توخم و ڕەگەزەکانی ڕۆمان ئەم ئێستاتیکایەی لێدەکەوێتەوە. هەروەکو چۆن فرەدەنگی کاریگەری هەبووە لەسەر فرەیی لە توخمەکانی ڕۆمان، ئاوهایش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی چەند لایەنێکی ئێستاتیکی، وەکو فرەیی لە پێشکەشکردنی ئایدیۆلۆجیاکان، فرەیی لە هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی، فرەیی لە دیدی گێڕانەوە... تاد. ئەمانە خوێنەر بە شێوەیەکی زۆر هونەری و ئێستاتیکی

لەنێو دەقی ڕۆمانی فرەدەنگیی دەیاندۆزێتەوە. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت، کە خولقاندنەوەی واقیعێکی دیکە، دابڕانێکی تەواوەتی لە واقیع بێت، بەڵکو هەمیشە پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە. ڕاستە لە ڕووکاردا ڕۆمانی فرەدەنگی لەگەڵ واقیعدا نایەتەوە، بەتایبەت لە بەکارهێنانی فەنتازیادا، بەڵام خاڵی جوانیناسانە هەن ئەم دووانە بەیەکەوە دەبەستنەوە، ئەم خاڵە ئێستاتیکییانەن، کە قەناعەت لەلای خوێنەر دروست دەکەن.

هەبوونی خاڵی ئێستاتیکی لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبییدا، دەمانخەنە بەرانبەر کۆمەڵێك پرسیار، بە واتایەکی دیکە ورووژێنەری پرسیارن لەلای خوێنەر. بێگومان ئەم حاڵەتە لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێت. لە ڕۆماندا بەهۆی ئەم تەکنیکەوە خوێنەر هەمیشە بەرانبەر کارەکتەرەکان، جووڵەکان دەکەوێتە ڕامان، چونکە خوێنەر خۆی تێدا دەبینێتەوە، هەست دەکات ئەوە ئەو واقیعەیە، کە ئەو تێیدا دەژیەت. هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بە چۆنییەتی تێگەیشتنی خوێنەرەوە هەیە، لێرەدا ئێستاتیکایشی دەگۆڕێت. ئێستاتیکا ((گرنگی دەدات بە دۆزینەوەی ماهیەتی جوانی و ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی جوانی و (فۆنیمەکانی) لە بابەتەکاندا و جیاوازییەکانی لە سرووشت و دیاردەکانی تری ژیان بەلای مرۆڤەوە))[1]. کاتێك خوێنەر ئەو جوانییانە لەنێو دەقی ڕۆماندا دەدۆزێتەوە، کە جیاوازە لەو جوانییانەی لە ژیانی واقیعدا هەن، ئەوا بەرەو کامڵی دەچێت، هەرچەندە ڕەنگە نموونەی ئەو

١. ئێستاتیکای دەقی شیعریی کوردی، کوردستانی عێراق١٩٥٠- ١٩٧٠، جەبار ئەحمەد حوسێن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چ:١، ٢٠٠٨، ل٢٠.



جوانییانە لە واقیعدا بوونیان هەبێت، بەڵام لە ڕۆماندا بە شێوەیەکی دیکە و تەواو جیاواز لەوەی واقیع خولقێندراون.

بەهۆی هەبوونی دیالۆگەوە، هەموو وشەیەك لەنێو قسەی کارەکتەرەکان، لایەنی ئێستاتیکیان هەیە. مەبەستمان لە لایەنی ئێستاتیکی ئەو کاریگەرییەیە، کە وشەکە لەسەر کارەکتەرەکان بەجێی دەهێڵێت. بێگومان وشەکان لە چوارچێوەی ڕستە دەربڕدراوەکان، هەڵگری بۆچوونێکن، ئایدیۆلۆجیایەکن. هەروەها هەر ڕەگەزێك بۆ نموونە: فۆلکلۆر، گۆرانی، شیعر، پەردەی درامی... تاد، کە دێتە ناو ڕۆمان هەڵگری زمان و شێوازی تایبەت بە خۆیانن، لێرەوە جۆراوجۆری لە گوتن و شێواز دروست دەبێت. ئەمەیش دەبێتە لایەنێکی ئێستاتیکی بۆ ڕۆمان، هەر کارەکتەرێك لە ڕۆماندا کاتێك دیالۆگ دەکات، هەوڵی گەیاندنی ئەو ئایدیۆلۆجیا و چیرۆکەی هەڵگریەتی، دەدات. لەوێوە پەیڤەکانی دەبنە جێی بیرکردنەوەی کارەکتەری بەرانبەر، چونکە ((مرۆڤی قسەکەر و قسەکەی، مادەی بیرکردنەوەن))[2]. کاتێك قسەکەر و پەیڤەکەی مادەی بیرکردنەوە بن، ئەمە ڕێ بۆ ئاڵوگۆڕی ئایدیۆلۆجیا، کەوتنە نێو ململانێ، دەربڕینی دید و تێڕوانین خۆش دەکات، کۆی ئەمانە ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی ئێستاتیکای فرەدەنگی دەبێت.

کاتێك کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتردا دەکەونە کێشە و ململانێ، لێرەوە وێنەی هەریەکێك لەوان لە مێشکی ئەویدیکەدا دروست دەبێت، ئەمانە هەوڵی ناسینی یەکتر دەدەن. بێگومان ئەمەیش بەهۆی تەکنیکی

٢. الكلمة في الرواية، میخائیل باختین، ت: یوسف حلاق، ص١٣٣.

فرەدەنگییەوە ئەنجام دەدرێت، چونکە لە فرەدەنگییدا کارەکتەرەکان ڕێز لە بیروڕای یەکتر دەگرن، دەنگی یەکتر کپ ناکەن، بەڵکو هەر کارەکتەرە بە ئازادی هەوڵی دەربڕینی ئەو شتەی لە مێشکییەتی دەدات. لە ئەنجامی ئەو ململانێیەدا فەزایەك دروست دەبێت، ئەو فەزایە پڕ دەبێت لە بەریەککەوتنی کارەکتەرەکان ((بەو مانایەی کارتێکەری کەسایەتیەکان لەسەر یەکتری ڕەوتێکی ئاسایی و ڕاستەوخۆی نییە، بەڵکو ئەغلەب ئەنجامێکی وای لێ دەکەوێتەوە کە تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت))[١]. ئەم گەمەکردنەی ڕۆماننووس بۆ بەرهەمهێنانی ئێستاتیکایە، چونکە زۆرجار خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمان هەوڵی پێشبینیکردن دەدات، لێرەدا ئەگەر ئەم پێشبینینەیەی خوێنەر بە ڕاست بگەڕێت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە ڕۆمانەکە زووتر بەبێ ئەوەی تەواو بکرێت، خۆی بەدەستەوە داوە، بۆیەیش ڕۆمانووس هەمیشە بەو ململانێ دروستکردنانە، دەبێت هەوڵی ئەوە بدات زوو ئەنجامەکە بەدەستەوە نەدات، یان کۆتایی ڕۆمانەکە زوو بە دیار نەخات، ئەمەیش خوێنەر دەخاتە نێو فرەیی لە پێشبینی، چونکە خوینەر بەردەوام بیردەکاتەوە کۆتایی ڕۆمانەکە چییە.

یەکێك لە ئەرکەکانی تەکنیکی فرەدەنگیی، هەوڵدانە بۆ ئەوەی هەر کارەکتەرێك بوونی خۆی بسەلمێنێت. ئەم سەلماندنەیش لە ڕێی سەربەخۆیی بەخشینە بە کارەکتەر، لەم ڕێیەوە شوناسی خۆی بەوانی تر دەناسێنی.

١. دەرکەوتنی دڵخوازەی مەرگ، سەعید سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل٢٢٧.



نەمانی سنوور و بەربەست لەنێوان کارەکتەرەکان فرەیی لە زۆر لایەن دروست دەکات، ئەمەیش وادەکات هەر کارەکتەرە لە دەرەوەی زەمینەی خۆی هەوڵی سەلماندنی خۆی بدات. ئەمە ((دەرفەتێکە بۆ ئەوەی مرۆ لە دەرەوەی ژینگە کلتوورییەکەی خۆی، خۆی بەرجەستە بکات، تا بتوانێت لە دەرەوەی ئەو کلتووره، لە ڕۆشنبیری ڕەسمی خۆی بڕوانێ، چونکە مرۆڤ ناتوانێت لەناو ژینگەکەی خۆیدا خۆی ببینێت و لە خۆی و ژینگەکەی تێبگات))[٢]. ئەم هەوڵدانە بۆ بەرجەستەکردنی بوون لە ژینگەی ئەویدیدا، مەبەست لە داگیرکردن و چەپاندنی نییە، بەڵکو مەبەست لە ئاڵوگۆڕی کلتووره، بۆ دروستکردنی فەزایەکی ئێستاتیکی. بۆیەیش دەبینین لە ژیانی واقیعیشدا خۆ قەتیسکردن لە چوارچێوەی یەك ژیان، یان لە ئەدەبدا، لە چواچێوەی یەك ئەدەبدا، دەرگا و پەنجەرە نەکردنەوە بە ڕووی ئەدەب و کلتووری دیکە، هەمیشە جاڕی نەمان و پووکانەوەی ئەدەبەکە دەدەین.

ئێستاتیکای فرەدەنگیی لە ڕێی ئەمانەوە دێتەدی. بێگومان ئەمەیش واتای ئەوە نییە، ئەم لایەنە ئێستاتیکیانە تەنیا لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا بوونیان هەبێت، ڕاستە ئەمانە بەهۆی ئەم تەکنیکەوە دێتە ئەنجام، بەڵام ڕۆڵیان لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا فراوانتر و بەرچاوترە، بەڵام لە تاکدەنگییدا کارەکتەر هیچ سەربەخۆییەکی لە دەربڕینی بیروڕاکانیدا نییە، ئەمەیش وا دەکات نەتوانیت بۆ نموونە (ئایدیۆلۆجیای خۆی، دیدی گێڕانەوەی خۆی، هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی... تاد) دەربڕێت، چونکە لەژێر دەسەڵاتی

٢. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل٣٢٨.

وەگێڕدایە. کەواتە ئەم تەکنیکە خاوەن ئێستاتیکای خۆیەتی، لێرەوە هەریەك لەو لایەنە ئێستاتیکیانەی فرەدەنگیی باس دەکەین، لەگەڵ پراکتیککردنیان لەنێو ڕۆمانەکانی ئەو ماوەیەی ئێمە کاریان لەسەر دەکەین.



## یەکەم:
## فرەیی لە پێشکەشکردنی ئایدیۆلۆجیاکاندا*

ئەوە ئاشکرایە، کە ڕۆمانی تاکدەنگی بەگشتی هەڵگری یەك بیرۆکە و ئایدیۆلۆجیایە. ئەویش بیرۆکە و ئایدیۆلۆجیا باڵادەست و زاڵەکەی ڕۆماننووسە، هەروەکو لە ڕۆمانی واقیعی و کلاسیکدا دەیبینین. بە واتای ئەوەی بیرکردنەوەی ڕۆماننووس لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە ئامادەیی دەبێت، لێرەدا کارەکتەر بە ناچاری هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆجیایە دەبێت، وەگێڕیش بۆ چەسپاندنی ئەو ئایدیۆلۆجیایە تێدەکۆشێ و هەموو لایەنە هونەری و تەکنیکەکان بۆ سەرخستنی ئایدیۆلۆجیای خۆی دەخاتەکار. باختین لەبارەی ئایدیۆلۆجیای تاکدەنگییەوە دەڵێت: ((بیری ڕۆماننووس لەناو ڕۆماندا پەسندە و نرخی خۆی هەیە))[1]. لێرەدا ئەوە دەزانین هیچ ڕەخنەگرێك نکۆڵی لە بیروبۆچوونی ڕۆماننووس ناکات، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە، ئەم تاك ئایدیۆلۆجیایە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی دەنگەکان، هەر خۆی باڵادەست دەبێت، یەك شێوازی لە ڕۆماندا بەرهەم دێنێت،

---

* مەبەستمان لە ئایدیۆلۆجیا، تەنیا ئایدیۆلۆجیا بە واتا فەلسەفی و قووڵەکەی نییە، بەڵکو زیاتر مەبەستمان تێڕوانین و بیرکردنەوە و دیدی کارەکتەرە لە ڕووی سیاسی، ئایینی، کلتووری، فەلسەفی... تاد، واتا کارەکتەر چۆن لە هەریەك لەمانە دەڕوانێت، یان هەڵگری چ بیرکردنەوەیەکە لەمانە.

١. شعرية دیستویفسکی، میخائیل باختین، ت:د. جميل نصيف التكريتي، ص١١٧.

ئەمەیش ڕێ لە دەنگ و ڕەنگەکانی دیکە دەگرێت بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆجیای خۆیان پێشکەش بکەن.

لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا ئایدیۆلۆجیاکان خۆیان پێشکەش دەکەن. بەهۆی هەبوونی دیموکراتییەت و دیالۆگ، چەند بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیایەکمان دەبێت، جیاوازی لە گۆشەنیگا، تێڕوانینە ئایدیۆلۆجیاکان، بەو واتایەی لێرەدا یەك هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی لە چوارچێوەی ڕەوتی گێڕانەوەدا بوونی نییە، بەڵکو هەر کارەکتەرە خاوەن ئایدیۆلۆجیای خۆیەتی و بە ئازادیش ئەو ئایدیۆلۆجیایەی خۆی پێشکەش دەکات، چونکە ((هەموو کارەکتەرێك لەنێو جیهانە ئایدیۆلۆجیاکەی دەژی و کاردەکات))[1]. ئەمە تایبەتمەندی ڕۆمانی فرەدەنگییە. ئایدیۆلۆجیا لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. هەموو توێژینەوەکان بە گرنگییەوە گۆشەنیگای ئایدیۆلۆجی باس دەکەن، چونکە لەوێدا پێکهاتەی بیرکردنەوەی کارەکتەر ڕوون دەبێتەوە. هەر کارەکتەرێك، کە لە چوارچێوەیەکی کاتی و شوێنی دەخولقێنرێت، دەبێت هەڵگری بیرێك بێت، هیچ کارەکتەرێکی بێ ئایدیۆلۆجیا نییە، چونکە ئەگەر وابێت، ئەوا ئەو کارەکتەرە لەنێو ڕۆمانەکەدا هیچ ئامانجێکی نییە. کارەکتەرەکان لە ڕێی قسەکانیانەوە ئەو بیر و ئایدیۆلۆجیایەی کە هەڵگریەتی، دەریدەبڕن. وەکو یەکێك لە شارەزایان دەڵێت: ((کاتێك ئایدیۆلۆجیاکان ئامادە نین، یان کۆتاییان هاتووە، ئەوا جیهان بێ مانا دەبێت، ژیان بێ ئامانج دەبێت،

١. الكلمة في الرواية، ميخائيل باختين، ت: يوسف حلاق، ص١١٣.



ئەمەیش شایەنی ژیانکردن نییە))[2]. ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت کاریگەری کۆمەڵگە بە هەموو بیرکردنەوە و پێکهاتەکانییەوە لەسەر بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی و ژانری ڕۆمان بەتایبەتی دەبێت. بۆیەیش تیۆرناسێکی وەکو (لۆسیەن گۆڵدمەن) میتۆدەکەی (بونیادگەری پێکهاتەیی) لەسەر بنەمای سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە دادەمەزرێنێت. ((بە هەمان شێوە هەوڵدەدات ئەرزش بۆ کاری ئەدەبی و فیکری دابنێت بێ ئەوەی لە مێژووی کۆمەڵگەی جیابکاتەوە، هەروەها ئەو دەمەتەقێیەش ناخاتە دواوە، کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەکەوێتە پشت بەردەوامییەت و نوێکردنەوەی کۆمەڵگەوە))[3]. وەکو دیارە هیچ تاکێك خاڵی نییە لە کاریگەرییەکانی نێو کۆمەڵگە. گرنگی ئایدیۆلۆجیا لە بونیادی کارەکتەر لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا لێرەدا دەردەکەوێت، کە کارکتەر خاڵی لە ئایدیۆلۆجیا نەبێت. ئەوەی لە ڕۆمانی فرەدەنگدا گرنگە پێشکەشکردنی ئەو بیرە، ئایۆلۆجیایە لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکی، یان کارەکتەرەکانی دیکە. هەروەها کارەکتەرەکان لەنێو ئەو دنیا ئایدیۆلۆجیایەی خۆیاندا دەژین، بێ ئەوەی ئایدیۆلۆجیای دیکەیان بەسەردا بسەپێنرێت. ئەمەیش کاریگەری لەسەر کردەی بیرکردنەوەی کارەکتەر دەبێت، کە پەیوەندی بە بوونی کارەکتەرەکانەوە هەیە.

٢. في السرد الروائي، عادل ضرغام، منشورات الأختلاف، دار العربية للعلم وناشرون، الجزائر، ٢٠١٠، ص١٨.

٣. شەری زمان لە پێناو تەئویلکردنی دەقدا، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٨، چاپی یەکەم، ل٦٢.

کاریگەری دابونەریتی نێو کۆمەڵگە ڕەنگدانەوەی لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی تاك دەبێت، کە بێگومان کاتێك ڕۆماننووسێك کارەکتەرەکانی دەخولقێنێت، هەر کارەکتەرەی نوێنەری چین و توێژێکە، یان لە ئاست و پلەی کۆمەڵایەتی جیادان، بۆیەیش ئایدیۆلۆجیا ((شێوازێکە لە بیرکردنەوە و دابونەریت و ئاکار و تێگەیشتن و یاسا و هونەرەکان... تاد لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو چوارچێوە دەگرێت))[1]. هەموو ئەمان ڕۆڵیان لە پێکهێنانی بونیادی ئایدیۆلۆجی تاك لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە، ئەمە بۆ کارەکتەری ڕۆمانیش هەر ڕاستە، چونکە ئەو ژینگەیەی کارەکتەری تێدا دەخولقێنرێت کاریگەری شێوازی پێکهاتنی کۆمەڵگەی بە هەموو دابونەریت و ئازار و بیرکردنەوەکان لەسەرە.

یەکێك لە لایەنە ئێستاتیکییەکانی ڕۆمانی فرەدەنگی کۆکردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆجیا و بیرکردنەوە دژبەیەکانەیە لە بۆتەی یەك ڕۆماندا. ئەم بیرکردنەوانە بەریەك دەکەون، ململانێ دەکەن، لێرەدا ئەوەی گرنگە بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیاکانن نەك کارەکتەرەکان، چونکە هەموو پەیڤێك هەڵگری جۆرێك لە ئایدیۆلۆجیایە. ((کارەکتەری قسەکەر لە ڕۆماندا هەمیشە خاوەنی ئایدیۆلۆجیایە، پەیڤیشی پەیڤێکی ئایدیۆلۆجیانەیە، زمانی تایبەتیشی لە ڕۆماندا هەمیشە گۆشەنیگای تایبەتی ئەو بۆ

١. الرواية والواقع، محمد كامل الخطيب، ؟، بيروت، ١٩٨١، ص١٠٥.



جیهان نرخێکی کۆمەڵایەتی هەیە))[2]. لێرەوە بابەت و تێمەی ڕۆمان پێکدێت.

هەبوونی هوشیاری لەلایەن کارەکتەرەوە زۆر گرنگە، چونکە بەهۆی بوونی هوشیارییەوە دەتوانێت سەربەخۆیی خۆی دەستەبەر بکات. هەروەها دەتوانێت ئایدیۆلۆجیای خۆی پێشکەش بکات، چونکە ((ئایدیۆلۆجیا کردەیەکی زەینییە، کە ڕووناکبیر بە هوشیارییەوە ئەنجامی دەدات، تەنانەت ئەگەر هوشیارییەکی ساختەیش بێت))[3]. بەبێ بوونی هوشیاری کارەکتەر ناتوانێت کارەکانی ڕایی بکات، تەنانەت ناتوانێت بیریش بکاتەوە. لەبەر ئەوەی دواتر دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی وەگێڕ، بەمەیش لە هەموو تایبەتمەندی و ئایدیۆلۆجیایەك دادەماڵدرێت. لێرەوە گرنگی ئایدیۆلۆجیا بەدیاردەکەوێت، چونکە هەریەکەیان هەڵگری بیرکردنەوەیەکن، بەڵام بێ هوشیاری بەرانبەر ئەو ئایدیۆلۆجیایە، ناتوانێت دەربڕی خۆی بێت. (ڤلادیمێر کریزنسکی) ئاماژە بەوە دەکات، پێکهێنانی ئایدیۆلۆجیا بە هوشیاریی تاکەوە بەندە. کەواتە بوونی هوشیاری مەرجێکە، چونکە ئەگەر هوشیاری نەبێت، ناتوانێت دەربببڕێت. (کریزنسکی) دەڵێت: ((هوشیاری تاك ئایدیۆلۆجیا پێکدەهێنێت، داهێنانی هونەری ئایدیۆلۆجیا دروست دەکات، وشە بە پلەی یەکەم

٢. الكلمه في الرواية، ميخائيل باختين، ت: يوسف حلاق، ص١١٠.

٣. مفهوم الأيديولوجية، عبدالله العروي، المركز الثقافي العربي، الطبعة الخامسة، ١٩٩٣، ص٣٤.

دیاردەیەکی ئایدیۆلۆجییە))[1]. ئەمەیش واتای ئەوە نییە، کە جیهانی ڕۆمان بەدیلی واقیع بێت، بەڵکو ئەمە کردەیەك لە ڕێی تاکەوە دروست دەبێت، لە ڕۆمانیش بەهۆی پێدانی سەربەخۆیی کارەکتەرەکان، دەتوانن خاوەن هوشیاری خۆیان بن، بەریەك دەکەون، لە ئەنجامدا ململانێی نێوان ئایدیۆلۆجیاکان دروست دەبێت، ئێستاتیکایەك دروست دەکەن، هەوڵی قەناعەتپێکردنی خوێنەر لێرەوە دەدرێت، گەمە بە وشەکان دەکرێت، تاکو ئەو وشانە زیندووبن و کاریگەری لەسەر دەروونی کارەکتەرەکان دروست بکەن، چونکە هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە، کە کارەکتەر دەریدەبڕێت، ئایدیۆلۆجیا خۆی لە پشت ئەو پەیڤانەوە حەشاردەدات، کە کارەکتەرە دەریان دەبڕێت.

لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا کۆمەڵێك بیر (ئایدیۆلۆجیا) لەسەر زاری کارەکتەرەکان پێشکەش دەکرێن. بۆ نموونە هەر کارەکتەرە هەڵگری بیرکردنەوەیەکی چۆنە لە ڕووی (سیاسی، شۆڕشگێڕی، ئایینی، عەلمانی... تاد)یەوە، تەنانەت لە ڕێی ئەم پێشکەشکردنەوە دەزانین ئەو کارەکتەرە موسڵمانە، مەسیحییە، کەسێکی ئیشتراکییە، لیبراڵە، ناسیونالیستە، خیانەتکارە... تاد. ئەمەیش بونیادی سەرەکیی کارەکتەرە، لێرەوە بۆچوونەکانی خۆیان پیشان دەدەن. ڕۆماننووس دەتوانێت بیر و ئایدیۆلۆجیای خۆی لەگەڵ ئەوان پێشکەش بکات، بەڵام بەمەرجێك (لە ڕۆمانی فرەدەنگدا) بیرکردنەوەی خۆی بەسەر بیری کارەکتەرەکاندا زاڵ

١. باختین والمسألة الأیدیولوجیة، فلادیمیر کریزنسکی، ت: عبدالحمید عقار و حسن بحراوي، علامات المغربي، عدد: ٦، ١٩٩٦، ص٢٥.



نەکات، یان بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و لەنێو ئەو بیرەی خۆیدا ونیان بکات، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی چارەنووسی کارەکتەرەکان سنووردار بکات. بۆیەیش ((دەقی ڕۆمان بەتایبەتمەندییە دیالۆگییەکەیەوە (فرەیی لە دەنگ و دیالۆگەکان)، هونەرێکە هەمیشە لە جەمسەرێکەوە بەرانبەر ئایدیۆلۆجیایە، بەوپێیە دەقێکە لە کۆمەڵێ ئایدیۆلۆجیا پێکهاتووە، بەڵام پێکهاتەکەی لەباری دیالۆگ و کارلێککردن و جووڵە و ململانێدان، واتا لە حاڵەتێکی دینامی زیندوودایە، حاڵەتێك وەکو دیدێکە بۆ جیهان))[2]. کۆی ئەم ئایدیۆلۆجیایانە تێڕوانینی ڕۆماننووس بۆ جیهان پێکدەهێنن. دەکرێت ئەم تێڕوانینانە تێڕوانینی ڕەخنەیی بن. لەم ڕێیەوە ڕۆماننووس بەهۆی دەنگە جیاوازەکانەوە ڕەخنەکانی ئاراستەی کۆمەڵگە دەکات. لە بنەڕەتدا ئەو بیر و ئایدیۆلۆجیایانە لە کاتی ململانێ و ڕەوتی گێڕانەوەدا بۆ تێمە و بابەت و بەرنامەی گێڕانەوە لەنێو ڕۆماندا دەگۆڕێن.

زۆر لە توێژەرانیش لەو باوەڕەدان ئایدیۆلۆجیا تەنیا وەکو کۆی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەیر نەکرێت. واتا کاتێك کارەکتەرێك بۆ نموونە هەڵگری ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسییە، ئەوا لە ڕاستیدا هەڵگری بەشێك لەو ئایدیۆلۆجیایەیە، نەك هەمووی، زۆریان دەڵێن ئایدیۆلۆجیا کۆی مەعریفەی هاوبەشە. واتا بە هەموو کەسەکان دەتوانن ئایدیۆلۆجیایەکی کامڵ بۆ نموونە لە ڕووی سیاسییەوە پێکبهێنن.

٢. في مشكلات السرد الروائي، د.جهاد عطا نعيسه، ص٥٧.

لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)[1]ی (بەختیار عەلی)دا، بەهۆی فرەیی لە کارەکتەرەکان فرەیی لە ئایدیۆلۆجیا دروست بووە. ڕۆماننووس کاری لەسەر چەند چەمکێك کردووە، کە دواتر وەکو ئایدیۆلۆجیا ڕەنگیانداوەتەوە، بۆ نموونە لە فەلسەفەدا، لەناو فەلسەفەیشدا کاری لەسەر ئایدیۆلۆجیای مارکسی، بیری پووچگەرایی، شێتی... تاد کردووە. ئەمانە هەموویان لە فەلسەفەدا وەکو چەمك هەن و مشتومڕیان زۆر لەبارەوە کراوە و تا ئێستایش بەردەوامە.

لە ڕێی کارەکتەری (جەلادەتی کۆتر)ەوە ئێمە حەکایەتی هەموو کارەکتەرەکان دەبیستین. هەر لە چیرۆکی شارووخی شاروخ، ئیسحاقی لێوزێڕین و دوو قوتابییەکەی، سەرمەد تاهیر، دالیا سیراجەددین، موسای بابەك... تاد. هەریەك لەمانە خاوەنی تێڕوانین و ئایدیۆلۆجیای خۆیانن. وەگێڕیش (جەلادەتی کۆتر) وەکو هەموو کارەکتەرەکانی دیکە خاوەنی بیری خۆیەتی، بەڵام ئەم بیرەی خۆی بەسەر ئەوانی تردا زاڵ ناکات، پێشێلی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان ناکات، هەموویان ئازادیان لە دەربڕینی ئایدیۆلۆجیاکانیاندا هەیە. یەکێك لەو تێڕوانینانە، لە کاتێك بیرۆکەی دانانی دادگایەك بۆ دادگاییکردنی (سامیری بابلی)دا پێشنیار دەکات، هەر یەکە و تێڕوانینی خۆی لەمەڕ چەمکی دادپەروەری دردەبڕێت. (جەلادەت و سامیری بابلی) هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیا لەویتر هەڵگری تێڕوانین و ئایدیۆلۆجیای خۆیەتی لەسەر دادپەروەری.

١. شاری مۆسیقارە سپییەکان، بەختیار عەلی، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.



((جەلادەتیش دەڵێت: گەر منیش تۆڵە نەکەمەوە، گەر شتێك نەبێت تۆ هەمان ئەو ئازارە بچێژیت کە من چەشتوومە، ئەی عەدالەت چییە؟ ها ئەی عەدالەت چییە؟ عەدالەت ئەوەیە هەمان ئەو ئازارە ببینی کە من بینیومە، هەمان بۆری دایسکراو بە بەنزینەکەوە لە قونی تۆدا ببینم))[2].

لێرەدا تێڕوانینی جەلادەتی کۆتر ئاشکرا دیارە، هەرچەندە ئەو لە هەستێکی تۆڵەکردنەوە ئەم تێڕوانینەی هەیە، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیە لە سەندنەوەی ماف لە ئیسلامدا نزیکە*، ئێمە ناڵێین کارەکتەر تیڕوانینێکی ئایینیانەی هەیە، بەڵام لە ئیسلامدا ئەگەر کەسێك مافی لە لای کەسێکی دیکە بێت، چۆن زوڵمی لێ کراوە، بە هەمان شێوە دەتوانێت تۆڵە و مافی خۆی بکاتەوە. (جەلادەت) داوای مافی خۆی و هەموو ئەوانە دەکات، کە بەدەستی (سامیری)، کە نەقیبی سەربازی سوپا بووە ئەشکەنجە دراون، یان ئەتککراون. لێرەدا (جەلادەت) بە تەرازووی تۆڵەکردنەوە عەدالەت دەپێوێت، ئەوەتا دەڵێت: ((دەبێ تۆ هەمان ئەو ئازارە بچێژیت، کە من چەشتوومە)). ئەمە هەمان ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزمان بیردەخاتەوە کە ئاماژە بۆ سەندنەوەی ماف دەکات بە شێوەی (چاو بەرانبەر چاو، ددان بەرانبەر ددان، کوشتن بەرانبەر کوشتن)، هەرچەندە بە درێژایی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە هیچ ئاماژەیەك بە

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٦.

*لێرەدا مەبەستمان نییە بڵێین (جەلادەت) کەسێکی بڕوادار بە ئیسلامە، بەڵکو بۆچوون و گریمانەی ئێمەیە کە ئەم بیرەی کارەکتەر لەو یاسایەی نێو ئیسلام نزیکە.

ئایدیۆلۆجیای ئایینی (جەلادەت) نەکراوە. ئەم هەستەیش (دامەزراندنی دادگایەك بۆ تۆڵەکردنەوە) لە ئەنجامی بێ ئومێدی کارەکتەرەکانەوە لە دەسەڵات هاتووە، چونکە ناتوانێت ئەو تاوانبارانە سزا بدات. دادگایەك نییە، تاوانبارانی ئەنفال، ئەشکەنجەدەران دادگایی بکات، بۆیەیش ناچار خۆیان دادگایەك دادەنێن.

لەلایەکی دیکە (سامیری بابلی)، کە تاوانبارە و پێشتر بە هەموو شێوەیەك ئەشکەنجەی قوربانییەکانی داوە، بیرکردنەوەیەکی جیاوازی لە لایەنی قوربانی (جەلادەتی کۆتر) بۆ چەمکی عەدالەت هەیە.

((سامیری بابلی بە هێمنییە قووڵ و پڕ سەداکەی خۆیەوە دەڵێت: عەدالەت ئەوەیە هەموومان نەبین بە جەلاد... لەوە دەرچێت ئیتر نازانم عەدالەت چییە؟، گەر تۆش ببیت بە جەلاد هیچ بەهانەیەك نامێنیت تا من دیلی تۆ بم، هیچ هۆیەك نامێنێت من ئەسیر بم لەلای تۆ، ئەی منداڵی نەجیب گوێبگرە، من زۆر بەڕاستمە، من تا ئەو دەقیقەیە ئەسیری تۆم کە تۆ جەلاد نیت، کە تۆ مۆسیقاریت و من نەقیبێکی شەڕانی و نەخۆش، تۆ بۆنی فلووتت لێ دێت و من بۆنی پرتەقاڵی ژەهراوی... کە ئەوە نەما کە تۆش بویت بە پیاوکوژ ئیتر چۆن من ببم بە دیلی تۆ، ئەوکات ئیتر من و تۆ دەبین بە دووسەری یەك جانەوەر دوو سەر کە یەکتر دەخۆن))[1].

ئەمە بیرکردنەوەی کەسێکی جەلادە، هێندە ئەشکەنجە و ئازاری خەڵکی داوە، دواتر گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی نابێت کەس توندوتیژی

١. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.



بەکاربهێنێت. لێرە بیرکردنەوەی (سامیری) پێچەوانەی، بیرکردنەوەی (جەلادەتە)، باوەڕی بە تۆڵەکردنەوە نییە، چونکە هەموو تۆڵەکردنەوەیەك دەتکات بە جەلاد، دەبینین گیانی لێبووردەیی لە ناخی ئەم کارەکتەرەدا هەیە. ئەوەی گرنگە هێنانەوەی دوو بیرکردنەوەی پێچەوانەی یەکترە لەنێو ڕۆماندا. ڕۆماننووس پێماندەڵێت هیچ مرۆڤێك هەموو بوونی خەراپ یان باش نییە، بەڵکو بوونی هەموو کەسێك، بەشێکی لە باش و بەشێکی لە خەراپ پێکهاتووە. (بەختیار عەلی) دەڵێت: ((مرۆڤی خراپ بوونی نییە، بەڵام مرۆڤی چاکیش هەر بوونەوەرێکی دەگمەنە، بۆیە گەورەترین سیفەتی ئەخلاقی لە مرۆڤدا لێبوردەیی و تێگەیشتنە))[2]. ئەوەی لێرەدا دێتە ئەنجام خستنەڕووی بیری ناتوندوتیژییە، ڕۆماننووس لە ڕێی ململانێی نێوان کارەکتەرەکان، جەلاد و قوربانی ئەم بیرکردنەوەیەی خۆی پێشکەش دەکات.

ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی (عەتا نەهایی) یەك لەو ڕۆمانانەیە فرەیی لە پێشکەشکردنی ئایدیۆلۆجیاکان بە شێوەیەکی فراوان تێیدا بەدیاردەکەوێت... ئەم ڕۆمانە بە حوکمی ئەوەی لەنێوان دوو کات و شوێن، دوو کلتووردا ڕووداوەکانی هاتوچۆ دەکەن. لە ڕووی بیرکردنەوەی سیاسیی و کلتوورییەوە هەر کارەکتەرە خاوەن بیرکردنەوەی خۆیەتی.

٢. چاوپێکەوتنی بەختیار عەلی، سازدانی: پێشەوا محەمەد، بروا بەرزنجی، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ژ: ٣١٨، دووشەممە ١٨/٦/٢٠١٢.

ململانێ لەمەڕ کلتووری نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، یەکێکە لەو ململانێیانەی لەم ڕۆمانەدا تەواو ڕەنگیداوەتەوە، کۆمەڵێك کارەکتەر لەوانە (هەڵاڵە و مەجیدی برای)، کە کۆچیان بەرەو ئەورووپا کردووە، توانیویانە کلتووری ئەوی قبووڵ بکەن و خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن، خۆیان لە کلتووری ڕۆژهەڵات دابڕن. ئەمەیش وایکردووە گۆڕانکاری بەسەر بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیایان بەرانبەر چەمك و دیاردەکانی ژیان بگۆڕێت. بۆ نموونە بەرانبەر ماف و ئازادییەکانی ئافرەت. کاتێك (شێرازد)، کە مێردی (هەڵاڵە)یە، لە کەناری دەریا (هەڵاڵە) لەسەر ملی ئامۆزای (هەڵاڵە) دەبینێت، گلەیی لەلای (مەجید)کە برای (هەڵاڵە)یە دەکات. دەبینین (شێرزاد) هەڵگری بیرکردنەوە و کلتووری ڕۆژهەڵاتییانەیە.

((لەو کاتەدا مەجید و شێرزاد لە بن سێبەری چەترەکە هەستابوونەوە و بەرەو قەراغ ئاوەکە، بەرەو قەرەباڵغی خەڵکەکە، دەچوون. مەجید چاوی بۆ ژن و منداڵەکشی گێڕابێت نەبینین، بەڵام شێرزاد هەڵاڵەی دی لە باسکی مەجیدی کوتا و گوتی: (سەیرکە کاکە مەجید، ئایا ئەو ڕەفتارە ڕەفتاری ژنێکە مێرد و منداڵی هەبێت!؟)

مەجید سەیری ناو ئاوەکەی کرد، هەڵاڵە لەگەڵ کاروان و فەرهاد و هاوڕێکانیاندا یاری دەکرد. مەجید لە یاریکردنەکەی وردبووەوە، بەڵام هیچی خراپ و ناحەزی تیا نەبینی، بۆیە نیگای پڕ لە پرسیاری بەروە شێرزاد گوێزایەوە. شێرزاد لەو پرسیارە نەدرکاوانە نەگەیشت. گوتی: من و تۆ هەردووکمان پیاوین، باش دەزانین کە پیاو لە تەمەنی گەنجی و ڕەبەنیدا تەنیا نەزەر لە دایك و خوشکی خۆی ناکات.



مەجید تەواو سەری سوڕمابوو، لە قسەکانی شێرزاد نەدەگەیشت.

(مەبەستت چییە شێرزاد!؟)

شێرزاد دیسان کەلەکەی مەجیدی کوتایەوە.

(سەیرکە تخوا سەیرکە...).

لەو کاتەدا هەڵاڵە لەناو ئاوەکە، خۆی دابووە سەرشانی فەرهادی کوڕی مامەفەتاح و هەوڵی دەدا لە ئاوەکەی نقومی بکات. شێرزاد هەروا عەسەبی، هەڵچوو، ئەمجارە بە تیزە بزەیەکەوە گوتی: (ئایا ژنێکی نەجیب و موحتەرەم لەبەرچاوی خەڵك، تەنانەت لەگەڵ مێردەکەشی یاری و گاڵتەی ئاوا دەکات!؟))[1]

لەم پەرەگرافەدا بۆمان بە دیاردەکەوێت، کە (شێرزاد) هەڵگری بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی ڕۆژهەڵاتییانەیە بەرانبەر ئافرەت. ئەو پێی قبووڵ نییە تەنانەت خێزانەکەی لەگەڵ ئامۆزاکەی دەستیان بە دەستی یەکتر بکەوێت، تێڕوانینێکە، پێیوایە ئافرەت حەرامە قسە لەگەڵ کەسانی دیکە بکات، ئافرەت دەبێت بەندی ماڵەوە بێت. بەرانبەر هەمان تێڕوانین (مەجید) تێڕوانینێکی سەردەمییانە و ئەورووپیانەی بەرانبەر ئافرەت هەیە، لەگەڵ ئاشنابوونی بە کلتووری ڕۆژئاوا، تێڕوانینی بەرانبەر زۆر شت لەوانە ئافرەت گۆڕاوە. ئەو لە ڕووی ئەوەی ئافرەتیش خاوەن مافە، باوەڕی بە ئازادی ئافرەت هەیە. پێچەوانەی تێڕوانینی (شێرزاد)ە. لە ئەنجامی قبووڵ نەکردنی کلتووری ڕۆژئاوایی لەلایەن (شێرزاد)ەوە، ئەو کارەکتەرە بەرەو تاوانکردن دەبات، چونکە لە وڵاتێکی وەکو سوێد،

١. گرەوی بەختی هەڵاڵە، عەتا نەهایی، ل٧٧.

ناتوانێت هیچ بکات و لەگەڵ کلتوور و بیرکردنەوەی ئەودا ناگونجێت، بۆیەیش هەست بە بێدەسەڵاتی و داماوی دەکات. لە ئەنجامی ئەو ململانێیەی نێو دەروونی بەرەو تاوانکردن دەچێت. ((شێرزاد هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەر دەمدا نییە بۆ ئەوەی خۆی لەو دۆخە ڕزگار بکات، هەربۆیەش لەناکاو و لە ترۆپکی داماویدا دەست دەداتە پەلاماردانی هەلاڵە))[1]. واتە ئەوەی وادەکات (شێرزاد)ی کارەکتەر، خێزانەکەی (هەلاڵە) لە وڵاتێکی وەکو سوێد بەر خەنجەر بدات، نامۆبوونییەتی بەرانبەر کلتووری ڕۆژئاوا، کە خێزانەکەی ئەو کلتوورەی قبووڵکردووە، هەستی نامۆبوون لای کارەکتەر بە شێوەیەك پەرەدەسێنێت، کاریگەری لەسەر دەروونی دەبێت. تەنانەت ((هەستی نامۆبوون لای ڕۆسۆ لەوەوە دێت کە کۆمەڵگە و شارستانییەت مرۆڤ وەك بەندەی دامەزراوەکانی خۆی دەبینێت، بەردەوام لە ڕەتاندنەوە و ڕاوەدوونانی مرۆڤ کار دەکات))[2]. ئەم هەستە وا لە کارەکتەر دەکات، بەرانبەر کلتووری ڕۆژئاوا نامۆبێت، ئامادەیش نییە دەستبەرداری کلتووری ڕۆژهەڵات بێت. بیرکردنەوە و تێڕوانینی سیاسی و حیزبایەتی یەکێکی تر لەو ئایدیۆلۆجییانەیە، کە ڕۆماننووس کاری لەسەر کردووە. بەتایبەت بنەماڵەی (حەمەڕەشید ئاغا)، کە سەرکردەی حیزبێکە و کوڕەکەیشی سەر بە حیزبێکی مارکسییە. ئەم دوو تێڕوانینە حیزبییە لە یەکتری جودان. بۆیەیش لە ماڵەوە دەکەونە ململانێ. هەریەکەیان دەیەوێت

١. دەرکەوتەی دڵخوازەی مەرگ، سەعید سلێمانی، ل١٢٥.

٢. شەڕی زمان لە پێناو تەئویلکردنی دەقدا، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا، ل٨٧.



ئایدیۆلۆجیا و بیروڕای حیزبەکەی بە ڕەواتر نیشان بدات. لێرەوە ڕۆماننووس ئەوەمان پێدەڵێت، کە حیزبەکانی کورد هەرچەندە بۆ ڕزگاری تێدەکۆشن، بەڵام کەسیان لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیا دەر نەدەچوون، کەسیان ئەویتریان پێ قبووڵ نەبوو. وەگێڕی هەمووشتزان ئاماژە بە چەپبوونی (مەجید) دەکات.

((مەجید لەگەڵ ئەوان نەبوو، بەرلەوەی شاریش بە جێبێڵن، مەجید لەگەڵ گرووپێکی چەپی مارکسیستی بوو، لەگەڵ ئەوانیش هاتبووەدەر، ئەو جاروبار بە دوو سێ مانگ، سەری لە دایك و خوشك و براکەی دەدا، لە ئاوایی بوونایە، یان لە سلێمانی سەری لێدەدان))[3].

دواتر وەگێڕ ململانێی حیزبی و سیاسی نێوان کارەکتەرەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەموومان دەزانین دۆزی کورد بووەتە قوربانی ئەو ململانێیانە.

((هەمیشە وابوو لەو کاتەوە کە مەجید ڕێبازی سیاسی خۆی لە باوکی جیاکردبووەوە، باوك و کوڕ هەریەکەی سەر بە حیزب و ڕێکخراوەیەك، دانویان پێکەوە نەدەکوڵا و لەگەڵ یەکتر نەدەگونجان، سەعاتێك پێکەوە بوونایە شەڕیان دەبوو، باوکی دەیگوت: (کوڕی نەهامەت لەبری ئەوەی شوێن باوکی بکەوێ، شوێن چەند عەجەمێکی کۆمەنیستی بەرەڵڵا کەوتووە، لەبری ئەوەی...) ئەو چەند عەجەمە بەرەڵڵایە کە حەمەڕەشید ئاغا دەیگوت، سەرکردەی حیزبەکەی مەجید بوون، حەمەڕەشید ئاغا دەیگوت: (تۆ کە دەتەوێ چەك هەڵبگری و خۆت

٣. گرەوی بەختی هەلاڵە، عەتا نەهایی، ل٩٣.

بە كوشت بدەی، بۆ لەپێناوی وڵاتەكەتدا، لەپێناوی گەل و نەتەوە و خەڵكی شارەكەتدا خۆت بەكوشت نادەی؟) مەجید دەیگوت: من لەپێناوی مافی كرێكار و زەحمەتكێشاندا شەڕ دەكەم))[1].

بە ئاشكرا ململانێی بیروڕای سیاسی و حیزبایەتی لەنێوان ئەم دوو كارەكتەرەدا دەبینین. (حەمەڕەشید ئاغا) لە تێڕوانینێكی نەتەوەییانەوە بۆ خەباتكردن دەڕوانێت، واتە كەسێكی ناسیۆنالیستە، بەڵام مەجیدی كوڕی تێڕوانینێكی ماركسییانەی بۆ خەباتكردن هەیە، ڕزگاركردنی چینی كرێكاران و هەژاران. ڕزگاركردنی هەموو نەتەوە ژێردەستەكان، دواتر بۆ ڕزگاركردنی نەتەوەی خۆمان. لە ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتاكانی باشووری كوردستان، هەمان ئەو ململانێیە لەنێوان حیزبە خەباتكارەكاندا هەبوو. ئەم فرەییە لە ئایدیۆلۆجیا و بیروڕا لە ڕێی سەربەخۆییدان بە كارەكتەرەكانەوە، بەبێ ئەوەی وەگێڕ بیروڕا و دیدی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت. لەم ڕۆمانەدا كارەكتەرەكان لە ئەنجامی ململانێییان و لە ڕێی بیروڕا دەربڕینەوە بۆ جیهان دەڕوانن. لەوێوە ڕۆماننووس هەوڵی دروستكردنی واقیعێكی دیكە دەدات، واقیعێك تێیدا بیروڕاكان بەریەك دەكەون، هەر كارەكتەرێك جیهانی تایبەتی خۆی هەیە، لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕاستییەكان و حەقیقەت دەبینێت.

لە ڕۆمانی (گەڕانەوە بۆ مەرگ)[2]ی (عەبدولكەریم فەتاح)، لەوێش فرەیی لە ئایدیۆلۆجیا و تێڕوانینی كارەكتەرەكان بە شێوەیەكی

١. سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.



هونەرییانە كاری لەسەركراوە. لە سەرەتای ڕۆمانەكەوە تێڕوانینی وەگێڕ و گوێدێر لەمەڕ ژیان و مەرگ بەدی دەكرێت. هەریەكەیان لە ڕووی فەلسەفییەوە لە مەرگ و ژیان دەڕوانێت.

((مەرگ و ژیان ئەو فەلسەفەیە بوو هەردووكمانی پێكەوە گرێ دابوو... ئەو ژیانی بە بەشێك لە مەرگ تەماشا ئەكرد...

من بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەمموت: (مردن لەناو ژیاندایە، مەرگ دوایین وێستگەی ژیانە، كۆتا خاڵە و دەبێت لەسەر هێڵی ژیان تەماشا بكرێت و هەڵبسەنگێنرێ...).

ئەو دەیوت: (ئەگەر ژیان كۆتاییەكەی مەرگ بێت، هەموو ژیان مەرگە).

دوایین خاڵێ من لەناو ژیاندا ئەمبینی، ئەو پێی وابوو (هەموو ژیان هەڵدەڵوشێ، ڕاستە خاڵێكە، بەڵام خاڵێك كە سێبەری خۆی بەسەر دانە دانەی خاڵەكانی تری ژیاندا سەپاندووە... مردن خاڵێكە هەموو خاڵەكانی تری ژیان لەناو خۆیدا نوگرۆ ئەكات...).

من بەرپەرچم ئەدایەوە و ئەمموت: (مردن ناتوانێ پەپوولەیەك لە فڕین بخات، ئەو ئەزانێ چەند ڕۆژێكی لەو ژیاندا پێ بەخشراوە، لە ئەوپەڕی هەوڵیدا ئەیەوێ زۆرترین كات بفڕێ و لەم دارەوە بۆ ئەو دار و لەم گوڵەوە بۆ ئەو گوڵ خۆشی لە ژیان ببینێت...).

٢. گەڕانەوە بۆ مەرگ، عەبدولكەریم فەتاح، ڕۆمان، چاپخانەی نەوا، سلێمانی، ٢٠٠٩.

رێگەی لێ ئەگرتم و ئەیوت: (مردنە پەپوولەی خستۆتە جوڵە و باڵەتەپێ، ئەو لە ترسی مردن لە گەڕان ناوەستێ، ئەو کاتەنەش کە گوایا لەزەت لە ژیان ئەبات سێبەری مەرگ، پاڵنەری مەرگ، باڵی بەسەردا کێشاوە))[١].

لێرەدا هەست بە دوو تێڕوانینی جیا دەکەین. یەکیان پێیوایە مادام ژیان مەرگی تێدایە، پێویست ناکات خۆمان لە ژیان ماندوو بکەین، ئیدی دەبێت شۆپنهاوەرانە ڕەشبین بین. هەرچی تێڕوانینی دووەمە، پێیوایە مەرگ ڕێگر نییە لەبەردەم ئاسوودەیی مرۆڤەکان و جوانکردنی ژیان. کێشەی بوون (ژیان)، نەبوون، لە فەلسەفەدا مێژووییەکی درێژ و قووڵی هەیە. هەر لە پێش ئەفلاتوون و ئەرستۆوە تاکو فەیلەسووفانی سەردەم ئەم دوو چەمکەیان باسکردووە و تاکو ئێستایش بەردەوامە. تێڕوانینی دووەم ئەوەندە ڕەشبینانەیە، لای (شۆپنهاوەر) ڕەنگیداوەتەوە. (شۆپنهاوەر) پێیوایە، مرۆڤ تا ئەو کاتە بوونی هەیە، کە پەیڕەوی لە حەز و ئیرادە کوێرەکانی دەکات، لێرەدا مرۆڤ نائاگایە، بەڵام کاتێك بەئاگا دێت، ئەوا ژیان هیچ بەهایەکی نابێت، چونکە هەست بە مەرگ دەکات، بەڵام لای (هایدیگەر) دووجۆر لە بوون ئامادەیی هەیە، (بوونی ڕەسەن و بوونی ناڕەسەن)، بوونیش بنەڕەتی هەموو شتێکە. بۆیەیش ڕەخنە لە فەیلەسووفان دەگرێت، بۆچی نەبوونیش وەکو بوون ناکەنە پرسیارێکی هەمیشەیی. ئەگەر بەپێی دیدی (هایدیگەر) بۆ ئەم تێڕوانینە بچین، ئەوا تێڕوانینی (من/ئەو) هەریەکەی دەکەوێتە خانەیەك. تێڕوانینی

---

١. سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.



وەگێڕ/من کە تێڕوانینێکی گەشبینانەیە بەرانبەر بوونی ڕەسەن دەوەستێت. بوونی ڕەسەنیش لای (هایدیگەر) ئەو بوونەیە پڕۆژەی بۆ ژیان پێیە، هەوڵی جوانکردنی ژیان دەدات، لەژێر کاریگەری کەسدا نییە و سەربەخۆیە، بەڵام بوونی ناڕەسەن ئەو بوونەیە، لەژێر کاریگەری ئەوانیتر نەبێت ناتوانێت بجوڵێت، پڕۆژەی بۆ ژیان نییە، کەواتە ئەم بوونە هەمان بوونی نێو ڕۆمانە، کە ڕەشبینانە بۆ ژیان دەڕوانێت.

بەپێی تێڕوانینەکەی (هایدیگەر)، (من/ بوونی ڕەسەن) تێڕوانینێکی ژیان دۆستانەی هەیە، هەوڵدەدا ژیان بە جوانی ببینێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بونیادنەرانە بژیەت، بەڵام تێڕوانینی دووەم (ئەو/ بوونی ناڕەسەن)، بوونێکە دەڵێت مادام مەرگ هەیە، ئەوا دەکات ئێمە بەدوایدا ڕابکەین. بوونی ئەم دوو تێڕوانین و ئایدیۆلۆجیا جیاوازە، فرەیی لە ئایدیۆلۆجیا دروستکردووە. سەربەخۆیی کارەکتەرەکان بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە، وایکردووە هەر کارەکتەرە تێڕوانین و دیدی خۆی بۆ ژیان و جیهان دەربڕێت.

دووەم:

**فرەیی لە شێوازی هوشیاری (الوعی)**

لە پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد بەهۆی سەربەخۆیی بوونی کارەکتەرەکان، هەریەك لە کارەکتەرەکان دەبن بە خاوەن دید و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان. لێرەوە هوشیاریی ئامادەیی هەیە. بەو هۆیەوە کارەکتەرەکان شێوازی هوشیاری خۆیان بەرانبەر دیاردەکان دەردەبڕن. مەبەست لە شێوازی هوشیاریی ئەوەیە کارەکتەرمان هەیە خاوەن هوشیارییەکی ساختەیە بۆ واقیع، لە هەمان کاتدا خاوەن هوشیارییەکی واقیعیمان بۆ ئەو دنیایەی تێیدا دەژی، هەیە. کەواتە کۆبوونەوەی دوو شێواز لە هوشیاری فرەیی لە شێوازی دەربڕینی هوشیاریی دروست دەکات. ((ئەمەیش پشت بە سەربەخۆییدان بە کارەکتەرەکان بۆ بەیانکردنی چارەنووسی خۆیان دەبەستێ. پێدانی ڕوانین و ڕامانی ناخی کارەکتەرەکانە بۆ ڕەخساندنی بواری تایبەت بە هوشیاریی و جوولە و هەڵسوکەوتیان))[1]. کەواتە لێرەدا مەرجی یەکەم بۆ بوونی هوشیاریی هەر کارەکتەرێك بوونی سەربەخۆیی ڕوانینە. کارەکتەرەکان بەپێی ئەو هوشیارییەی هەیانە، تێڕوانینیان بۆ ژیان و دیاردەکان دیاری دەکرێت. هەیانە تێڕوانینێکی ئەرێی بۆ ژیان و داهاتوو هەیە، یان ڕامانی بۆ داهاتوو ئەرێییە. یان تێڕوانینێکی نەرێییە، ساختەیە بۆ واقیع و ژیان.

١. الصوت الأخر، فاضل ثامر، ص٧٣.



((کارەکتەر بە لێکچوونی بە واقیع، واتە لە بونیادە گشتییەکەیدا، زۆرجار بۆ پێگەی شێوازی کارەکتەر دەگەڕێنەوە، ئایا کارەکتەرێکی یەکڕەنگە، یان تێڕوانینێکی ئەرێی، یان نەرێی ڕەهای هەیە))[2].

پێگەی کارەکتەر ڕۆڵێکی گرنگ لە بوونی هوشیاریی دەگێڕێت، زۆرجار ئەم فرەییە لە هوشیاریی گۆڕانی بەسەردا دێت، لە ئەرێی بۆ نەرێیی دەگۆڕێت، یان بە پێچەوانەوە، ئەمانە لەنێو ڕۆماندا بەریەك دەکەون، ئەم بەریەککەوتنانە جوولە و هەڵچوونەکان دروست دەکەن. هەبوونی شێوازی هوشیاری، لە هەموو بوارەکاندا ڕەنگدەداتەوە، چ لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، کلتووری... تاد.

فرەیی لە شێوازی هوشیاری لە ڕۆمانی تاکدەنگییدا بوونی نییە، ئەویش بەهۆی باڵادەستیی دید و تێڕوانینی وەگێڕ لەنێو ڕۆمانەکەدا، هەر دید و تێڕوانینێك لە بەرانبەری بوەستێتەوە، ڕێگری دەبێت، هەموو تێڕوانینەکانی دیکە لەنێو تێڕوانینی خۆی دەتوێنێتەوە، کەواتە یەك شێوازی هوشیاری بوونی دەبێت، ئەویش شێوازی هوشیاریی وەگێڕە. ((ئەم تایبەتمەندییەش تێڕوانینی بیروڕا بۆ یەکڕەنگی کورت دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فرەیی لە ژیان، واتە فرەیی ئەو دەنگانەی لە دیالۆگدان، هەروەها تێکەڵیان دەکات، لە یەك دەنگدا کۆیان دەکاتەوە، ئەویش دەنگ و تێڕوانینە زاڵەکەی وەگێڕە))[3]. زاڵبوونی تەنیا شێوازی هوشیاریی وەگێڕ کاریگەری لەسەر سنووردارکردنی تێڕوانینەکان دەبێت.

٢. في مشكلات السرد الروائي، د.جهاد عطا نعيسه، ص٦٢.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکان و جیاوازی تێڕوانینی کارەکتەرەکان چەپێندراوە. ڕۆماننووسانی کۆن پەیڕەوی ئەم شێوازەیان دەکرد. بۆیەیش لەسەر ڕۆماننووس پێویستە بۆ دروستکردنی فرەیی لە شێوازی هوشیاریی، هەوڵبدات بەلای کەمەوە کاریگەری دەنگی وەگێڕ لەنێو ڕۆمانەکە کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموو کارەکتەرەکان، هەریەکەیان خاوەن دید و تێڕوانینی خۆیان بن، هەریەکەیان بن بە خاوەنی هوشیاریی خۆیان و بە ئازادانە دەربببڕن، چونکە ((هەموو تێڕوانینێك چوارچێوە و بونیادێکی هەیە، ئەو بونیادە وەکو هاوێنەیەکە خوێنەر بۆ خوێندنەوە، یان خوێندنەوەی ڕووداو و دەق و وێنەکان، یان هەر شێوەیەك لە شێوەکانی زانیاری. بەبێ ئەم بونیادە یان چوارچێوەیە، یان بەبێ بوونی هاوێنەی تێڕوانین، ڕووبەڕووی لە ئاڵۆزی لە خوێندنەوەی زانیاری و وێنە و ڕووداوەکان دەبین، لێرەدا بۆ تاکگۆشەنیگا دەچین))[1]. مەبەست لە چوارچێوە و بونیاد ئەوەیە، هەر کارەکتەرە هاوێنەی خۆی بۆ لە دنیا ڕوانین هەبێت، بەبێ بوونی ئەو هاوێنەیە، دەبێت هەمووان لە دید و هوشیاریی وەگێڕەوە لە دنیا بڕوانن، کاتێك تەنیا تێڕوانینی وەگێڕیش زاڵ بێت، بێگومان ململانێی نێوان کارەکتەر و ئایدیۆلۆجیاکان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، نەبوونی ململانێش یەك ئاراستەیی ڕەوتی ڕووداوەکان دەگەیەنێت.

بوونی سەرچاوەی ڕۆشنبیری جیاواز، بوونی جیاوازی لە تێڕوانینی سیاسی و حیزبی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی، کاریگەری لەسەر شێوازی

١. في السرد الروائي، عادل ضرغام، ص٦٦- ٦٧.



هوشیاری کارەکتەرەکان دەبێت، چونکە لەوێدا کاتێك ئەو تێڕوانینە جیاوازانە بەریەك دەکەون، هەریەکەیان هوشیارییەکی سەربەخۆی دەبێت، کەواتە دەتوانین بە ئازادی دەربببڕین.

ئەگەر سەیری ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی بکەین، ئەم فرەیی لە شێوازی هوشیاریی کارەکتەرەکان بە ڕوونی دێتەبەرچاو. ((کارەکتەر لەلای دیستۆیفسکی، دەربڕی وێنەی بابەتێکی ئاسایی نییە وەك کارەکتەری ڕۆمانە کۆنەکان))[2]. بەو واتایەی کارەکتەرەکان تەنیا وەسف ناکرێن، هوشیاریی کارەکتەر تەنیا بە وشە و وەسفی ئاسایی دەرنابڕدرێت، یان دەربڕی هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی ڕۆماننووس نییە، بەڵکو پەیڤەکانیان هونەرمەندانەیە، بەو واتایەی هەر پەیڤێك هەڵگری قورسایی و دەلالەتێکە، کارەکتەر هەر وشەیەك بڵێت، بە هوشیارییەوە دەیڵێت، نەك وەگێڕ لەبری ئەو بیپەیڤێت و بیربکاتەوە. لەم ڕێیەوە کیان و ناسنامەی خۆیان ئاشکرا دەکەن، چۆنییەتی بیرکردنەوەی خۆیان ئاشکرا دەکەن، لێرەدا دابڕانێك دروست دەبێت، ئەویش خۆدابڕینە لە بیرکردنەوەی نووسەر، بەمەیش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ((فیکر هەموو کاتێك لەناو تێکستی ئەدەبییدا ئامادەیە))[3]. بەو واتایەی ئایدیۆلۆجیای کارەکتەرەکان چ فەلسەفی، سیاسی، کلتووری... تاد ئامادەیی هەیە. هیچ

٢. شعرية دیستویفسکی، میخائیل باختین، ت:د.جمیل نصیف التكریتي، ص١٠-١١.

٣. کاردانەوەی فیکر لە ڕۆمانی کوردیدا، سۆران ئازاد، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە:٥٥، ئازاری ٢٠١٢، سلێمانی، ل٨٥.

کارەکتەرێك بێ بیرکردنەوە و تێڕوانین نییە، تەنانەت لە ڕۆمانی تاکدەنگییشدا، ئەوەندە هەیە لە ڕۆمانی تاکدەنگی، لە ڕێی وەگێڕەوە ئەو تێڕوانینانە دەگوترێن، واتە داگیرکراوە، بەڵام لە ڕۆمانی فرەدەنگدا کارەکتەر خۆی ئەم تێڕوانینانەی خۆی دەڵێت، ئەمەیش وا دەکات، کارەکتەر و وەگێڕ لە یەك ئاستدا بن، واتە وەگێڕیش دەبێتە کارەکتەرێك و کارەکتەریش دەبێتە وەگێڕی چیرۆکی خۆی. ئەمە بیرکردنەوەی باختینە سەبارەت بە ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی، هەرچەندە ئەم ڕایەی باختین لەلایەن هەندێك توێژەرەوە ڕەخنەی لێ گیرا و ڕەتکرایەوە، یەکێك لەوانە (بۆرسۆف) بوو، کە دەڵێت: ((هەڵەیە ئەگەر نووسەر بۆ ئاستی کارەکتەرەکان دابەزێنین، یان ئەوان بۆ ئاستی نووسەر، وەك لە جیهانی دیستۆیفسکی یان نووسەری دیکە بەرزبکەینەوە، بۆیە ناگونجێ کارەکتەر لە ئاستی، یان وەکو نووسەر بێت))[١]، بەڵام لە دواجار ئەم بیرکردنەوە نوێیانەی باختین بوو بە تیۆر و میتۆد لەسەر ئەو بنەمایانەی باختین دەیان توێژینەوە و کاری ڕەخنەیی لەسەر ڕۆمانەکانی دنیا پراکتیك کران.

بۆ پراکتیککردنی فرەیی لە شێوازی هوشیاریی لەلایەن کارەکتەرەکان، جا بە شێوەی ئەرێیی، یان نەرێیی لە هەر بوارێك: سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری، فەلسەفی... تاد، دەتوانین نموونە لە ڕۆمانەکانی ئەو ماوەیەی کاریان لەسەر دەکەین، بێنینەوە.

١. میخائیل باختین و دراسات أخرى عن الرواية، د.زهير شليبة، دار حوران، دمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠١، ص٤٠.



ڕۆمانی (سفرەی کاغەز یان گەمەی پیاوێك)ی (نەجات نووری)، زیاتر فرەیی لە هوشیاریی سیاسی تێیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی ئەم ڕۆمانە کۆمەڵێك کارەکتەری پێشمەرگەی کۆن و شۆڕشگێڕ، کە فەرمۆشکراون و کەس خەباتی چەند ساڵەی ئەوان نابینێت، باس دەکات. لەڕێی دیالۆگی نێوان دایك و کوڕێك، کە هەم کوڕەکە و هەم باوکیشی شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام دوای ڕاپەڕین، کەس لایان لێ ناکاتەوە و ڕێز لەو خەباتەیان ناگرێت.

((- بەڵێ لەم وڵاتەدا ڕابردوو تەنیا بۆ فرێدان باشە، چی لە ڕابردوویەك بکەم کە فریوی دام، وەك تۆ هەموو شتێکم لا پیرۆز نییە!

- ناونان لە شتەکانی دەورووبەرمان کێشەمان بۆ دروست دەکات، بەتایبەت ڕابردوو...

- دایکە دەزانم ئێستاش بە دوای ژینە تاڵەکەی باوکمدا دەگەڕێیت، دەتەوێ چی لەبارەیەوە بزانیت؟ ئەو لەبەردەم هەمووئەو شارەدا خۆی بێبەری کرد لە ژیانی تۆ، ئەو ژنەکەی بۆ لەتە نانێك تاکو ئێوارە لەنێوان مردن و ژیاندا لەگەڵ دوو بەتانی و لەتە کومبارێکدا دەژیا و سکی هەڵدەگوشی، کە ئێواران دەگەڕایەوە لای نانی وشکیشی نەبوو، ئیتر دەتەوێ چی لە ژیانی ئەو پیاوە بزانیت، تاکە شتێك کە ئەو ساڵانێك بەر لە هەموومان درکی پێکرد هەڵەکانی سیاسەتکردن بوو، ئەو هەڵانە کە پیاوە بەرپرسەکان کردیان ئەو ڕاستییانەی زانی نەفرەتی لە هەموو بیروباوەڕەکان کرد، ناچاریان کرد ئاوا بیربکاتەوە و لە دووریشەوە تەماشایان نەکات، باوکم ڕاستی کرد کە ڕۆژگار بۆ ئەوانە نەك ئێمە، ئەو

لە بەرگی دواکتێبیێکدا کە تەواوی کردبوو نووسیبووی (ڕەنجی ئێمە بۆ گەل نییە...).

- من ئەو دێرەم نەبینیوە، بەڵام زۆربەی کات لەبەرچاومە کە بە توڕەبییەوە گلەیی لە ڕەفتاری سەرکردەکان دەکرد، ئێستا بەم شارەدا دەگەڕێت، داوای حەقی خۆی دەکات، بەڵام کەس دەرگای لێ ناکاتەوە))[1].

لێرەدا هەڵوێستی کارەکتەرەکان بەرانبەر ڕابردووی خۆیان، کە شۆڕشیان لەپێناو گەلدا کردووە، بەڵام سەرکردەکان ئەو ڕابردووەیەیان ناشرین کردووە. دەبینین ئەوەی گرنگە بوونی ئەو هوشیاریەیە لای هەریەك لە کارەکتەرەکان، بە ئازادی ئەو ڕا و بۆچوونەی خۆیان دەردەبڕن، لێرەدا ((بەرجەستەبوونی شێوازی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری))[2] دەبینین، چونکە کارەکتەرەکان لەوپەڕی هەژاریدا دەژین، لە هەمان کاتدا کەسانێك هەن، لەگەڵ ئەوان شۆڕشیان کردووە لەوپەڕی خۆشی و دەوڵەمەندیدا دەژین. ئەمە وایکردووە تەنانەت زۆر لە مرۆڤەکان نەفرەت لە ڕابردووی خۆیان بکەن. کارەکتەرەکان بەهۆی هەبوونی هوشیاریی، ڕای خۆیان لەبارەی سیاسەت و حیزبایەتییەوە دەردەبڕن، تەنانەت دەگاتە ئەو ئاستەی سیاسەتکردن، بریتییە لە هەڵەکردن، دروستبوونی ئەم تێڕوانینە لە ئەنجامی ڕەفتاری سەرکردەکانە، کە پێچەوانەی ئەو بەڵێنانە جووڵانەوە،

---

١. سفرەی کاغەز یان گەمەی پیاوێك، نەجات نووری، ل٢٤- ٢٥.

٢. انفتاح النص الروائي، سعيد يقطين، المركز الثاقفي العربي، المغرب، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٦، ص١٤١.



کە لە شاخ شۆڕشیان لەپێناو دەکرد، ئەم هەڵوێستەشیان بەرانبەر سیاسەت و حیزبەکان و سەرکردەکان نەرێیییە.

چەند کارەکتەرێکی دیکەیش لەنێو ڕۆمانەکدا هەمان هەڵویستی نەرێیانەیان بەرانبەر شۆڕش هەیە. لەبەر ئەوەی، ئەوەی ئەوان لەپێناویدا خەباتیان دەکرد، وانەبوو کۆمەڵێك بەرپرس هەموو شتێکیان بۆخۆیان برد، یەکێك لەو کارەکتەرانە (ڕەزا)یە، ئەویش پێشمەرگەی شۆڕش بووە و ئێستا پەراوێز خراوە، ڕای خۆی بەرانبەر شۆڕش و بەرپرسەکان بەم شێوە دەڵێت:

((پێناسەی ڕۆژە سەختەکانیان لێ سەندینەوە و بەرەڵڵای شەقامەکانی ئەم شارەیان کردین، من هێشتا بەختەوەرم، چونکە لە بۆڵەبۆڵی ئەوانە دوورم کە بۆ چەند دینارێك مووچە ڕامان دەگرن و وەکو خێر پاداشتی ڕۆژانەی خەباتمان دەدەنەوە))[3].

کارەکتەرێکی دیکە (ئەنوەر) هەمان هەڵوێستی نەرێی بەرانبەر شۆڕش و بەرپرسەکان هەیە. ((جەردەیی هەر ئەوە نییە ئەو چەند دینارەت لێ بدزن، ئەوە ساڵانێکە ئەو کەسانەی ئێمە بە فریشتە ناومان دەبردن و خۆشمان دەویستن، ئەوانە بەشێکیان بوونەتە جەردەی ڕۆحمان هەر ڕۆژەی لە لایەکەوە بەشێکی ڕۆحمان دەدزن، ڕۆحمان ورد دەکەن، ئەوە ترسەکەمە کە دەزانم کاتێك ڕۆحمان پارە دەکات، ئەوا دەبێت دڵنیابین شەوێك هەموو ڕۆحی خەڵکی شار فرۆشراوە بە بازرگانە سیحراوییەکان))[4]. لێرەدا

---

٣. سفرەی کاغەز یان گەمەی پیاوێك، نەجات نووری، ل٥٧.

٤. سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

دەبینین هەر وشەیەك قورسایی خۆی هەیە، ئازارێكی لە پشت حەشاردراوە، هوشیارییەكی تەواو لە پشت وشەكانەوە هەیە، هەر كارەكتەرە بەرگری لە بۆچوونی خۆی دەكات. هەموو كارەكتەرەكانیش خاوەن هەڵویستی خۆیانن، ئەوەی لەم ڕۆمانە بەدیاردەكەوێت، هەڵوێستێكی نەرێییە، بەڵام هەرگیز وەگێڕ ڕێگر نەبووە لە بەرانبەر دەربڕینیان.

لە ڕۆمانی (باڵندەكانی دەم با)ی (عەتا نەهایی)دا، كارەكتەرەكان بەتایبەت لە چیرۆكی گەڕانەوە جەلالی، چونكە ئەم ڕۆمانە لە جۆری میتاڕۆمانە، كاتێك (لەیلا) لەلای جەلالی دادەنیشێت و شیعرەكانی خۆی نیشان دەدات، جەلالی زۆر هوشیارانە هەڵویستی ڕەخنەگرانەی خۆی بەرانبەر شیعرەكان دەردەبڕێت.

((گوتی: یەكەم شێعرەكان دەبڕینی سۆزێكی كچانە و تاڕادەیەك منداڵانەیە، بەنیسبەت باوكی كۆچكردوویەوە، باوكێك كە شاعیر دان بە مردیندا ناهێنێ، باوكێك كە لە زەین و دەروونی شاعیردا دەژی و شاعیر وەك بەشێك لە بوونی خۆی دەیگێڕێ))[1].

دوای چەند دێڕێك، كە وەگێڕ دیمەنی كاردانەوەی لەیلامان نیشان دەدات، ڕێ بە كارەكتەر (جەلالی) دەدات لە هەڵوێستەكەی بەردەوام بێت:

١. باڵندەكانی دەم با، عەتا نەهایی، ل٦٧.



((گوتی: لەم نموونە شیعرانەدا شتێكی شاز و نوێ نییە. هەموو كەس باوكی خۆی خۆشدەوێ و هەموو كەس تەنانەت ئەوانەی كە شاعیریش نین بە وەها زمانێك باسی ئەو خۆشەویستییە دەكەن))[2].

ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرانەیە بەرانبەر شیعری لەیلا، لێرەدا گفتوگۆ لەبارەی ئەم ژانرەوە دروست دەبێت. ئەم ((گەردانكردنە ڕۆشنبیرییەی، كە لای كارەكتەرەی ڕۆمان هەیە))[3]، ئەنجامی هوشیارییەكی ڕۆشنبیرییە، دەبینین كارەكتەر لەناو ڕۆمانەكەدا كەسێكی ڕۆشنبیرە، بۆیەیش تێڕوانینی بۆ باشتركردنی شیعری (لەیلا)، بۆ شیعرێكی باڵاتر و هونەریتر، كە دواجار بە ئەرێیی بەسەر كارەكتەرەدا بشكێتەوە. ئەو هوشیارییەی كە لە ژینگەی خۆیدا تێی دەژیەت، بەرەو ئەم هەڵوێستەی دەبات، هەڵوێستێك هەرچەندە نەرێییە، بەڵام ئامانج لێی بونیادنانی شیعرنووسێكی باشترە. ئێستاتیكای فرەدەنگیی لەم ڕۆمانەدا هەوڵدانە بۆ دروستكردنی واقیعێك، كە خوێنەر هەست بكات دیویەتی، یان ئەوە یەكەمجارە واقیعێكی وا دەبینێت. دەركپێكردن و دۆزینەوەی ئەو واقیعەیش لە خوێنەرێكەوە بۆ خوێنەرێكی دیكە ئاستەكەی دەگۆڕێت، كەواتە واتای جیاجیا بەرهەمدێت، ((ڕۆمان دەسەڵاتێكی كلتووری بە پلە جیاوازی هەیە،كە دواجار توانای بەرهەمهێنانی واتای هەمەجۆری لێ دەبێتەوە، لە هەمان

٢. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٣. انفتاح النص الروائي، سعيد يقطين، ص١٠٩.

کاتدا وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی، یەکنەوایی و هاوکۆکیی خۆی ڕادەگرێت))[١].

جەنگ یەکێکە لەو کارەساتانەی کاریگەرییەکی گەورەی ماددی و گیانی و دەروونی لەسەر مرۆڤەکان هەیە. ئەو ماڵوێرانییەیە کە هەندێك لایەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەرپای دەکەن، بۆیەیش هەموو مرۆڤێك دیدێکی نەرێی بەرانبەر جەنگ هەیە، تەنانەت ئەوانەی بەشداریشی تێدا دەکەن.

ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)ی (فەرهاد پیرباڵ)، مێژووی شاری هەولێرمان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام گێڕانەوەکە، ڕۆمانە، نەك مێژوو. جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەوە، ئەمانە کۆمەڵێك جەنگن لەم ڕۆمانەدا ڕووداوەکانیان دەگێڕدرێتەوە. زۆربەی کارەکتەرەکان هەڵوێستێکی نەرێییان بەرانبەر جەنگەکان هەیە. ئەم هەڵوێستەیشان بە هوشیارییەوە دەردەبڕن. ئەم ڕۆمانە بەهۆی تەکنیکی فرەدەنگییەوە زۆرجار کارەکتەرەکان جڵەوی گێڕانەوە دەگرنە دەست و ڕووداوەکان دەگێڕنەوە. (پیرباڵ) یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان، زۆربەی جاران دەبێتە وەگێڕ، هەڵوێستی بەرانبەر جەنگ بەم شێوەیە دەردەبڕێت.

((جەنگ مرۆڤ کەم و کورت و بێ ئەخلاق دەکا، جەنگ مرۆڤ دەکاتە شەڕەنگێزترین دڕندە و خۆپەرستترین مەخلوقات، ئێمە هەموومان کە

١. ڕۆمان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیاوە، عەلی عوسمان یاقووب، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە: ٥٤، کانوونی دووەم ٢٠١٢، ل١٢.



پەروەردەی دەستی ئەو هەموو جەنگ و قاتوقڕییە بەدفەڕانە بین... دەبێ چیمان لێ چاوەڕوان بکرێ))[٢].

کارەکتەر ئەوەندە بە هوشیارییەوە باس لە جەنگ دەکات، هەموو لایەنە قێزەونەکانی، دەخاتەڕوو. باسی ئەوە دەکات چۆن جەنگ مرۆڤ لە مرۆڤبوون دادەماڵێت. ئەم ڕایەی کارەکتەر/وەگێڕ لە شێوەی گوتارێك دەربڕدراوە. لێرەدا فرەیی لە وەگێڕبوونی هەیە، (بۆس) لەو باوەڕەدایە ((گۆشەنیگا فێڵێکی هونەری، یان هۆیەك بۆ ئاشکراکردنی ئامانجەکانی نووسەر))[٣]. لێرەدا دەبینین ڕۆماننووس بیروڕای خۆی لەبارەی جەنگەوە لە پشت دیدی کارەکتەرەوە شاردۆتەوە، لە ڕێی دروستکردنی گۆشەنیگای وەگێڕەوە، هەوڵدەدات قێزەونی جەنگ نیشان بدات.

لە دوای ئەمە هەڵوێستی کارەکتەرێکی دیکە، بەرانبەر داگیرکەران، ئەوانەی لە ڕێی جەنگەوە دەیانەوێت شوێنێك داگیر بکەن دەبینین، (حاجی پوشۆ) لە ڕێی شێوازی هوشیاریی خۆی بەرانبەر عەرەب و فارس و تورکە عوسمانییەکان بە شێوەی نەرێی دەردەبڕێت.

((گوتم: ئاخر... ئینگلیز ئیستیعمارن، هاتوون بۆ ئەوەی وود لە سامان و خێروبێری ئێمە وەربگرن. حاجی دیاربوو ئەم قسانەی زۆر بەرگوێ کەوتبوو، یەکسەر گوتی:

٢. حیکایەتەکانی باوکم، فەرهاد پیرباڵ، ل٤١.

٣. بنية الخطاب الروائي، دراسة في روايات نجيب الكيلاني، د.شريف حبيله، عالم الكتب الحديث، الأردن، ٢٠١٠، ص٢٨٩.

- ئـێ باشـه، عـەرەب و فـارس و تورکـه عوسمانییـەکانیش هـەر ئیستیعمارن! بە درێژایی مێژووش هەر بەو ئامانجە بوونە پادشا و سوڵتان و ئەمیر بەسەر کوردەوە...

هاتوون بۆ ئەوەی سوود لە سامان و خێروبێری کورد وەربگرن!))[1]

ئەوەی بە وردی لە تێڕوانینی کارەکتەر هەستی پـێ دەکـەین، بـوونی هوشیارییەکی قووڵە. هەرچەندە کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا کەسێکی ڕۆشنبیر نییە، بەڵام وەك لە ڕۆمانەکدا هاتووە، بەهۆی پیشەی بازرگانی و سەفەری بۆ ئەستەنبوڵ و ئەسفەهان و تاران، ئـەزموونێکی زۆری دیـوە، ئەمـەیش بووەتە سەرچاوەی پەیدابوونی هوشیارییەکی بـەرز. ئـەو پێیوایـە ئەگـەر ئینگلیز داگیرکەریش بێت، بەڵام شتێك لە دوای خـۆی جیـدەهێڵێت وەکـو ئەوەی لە سلێمانی کردی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، چاپخانەی هێنـا، ڕۆژنامەی دەرکرد، هەرچەندە ئەمانە لـەپێناو بەرژەوەنـدی خۆیـدا بـوون، بەڵام تورك و فارس و عەرەب بـە نـاوی ئایینـەوە هـەموو شـتێکیان لـێ بردین. وەگێڕ، کە لەگەڵ حاجی پوشۆ لە دیالۆگدایە هەریەکەیان تێڕوانین و دیدی خۆی لەبارەی ئینگلیزەوە لەلایەك و عوسمانییەکان لەلایەکی دیکە دەردەبڕن، ئەمە خۆی یەکێکە لە مافەکانی کارەکتەر، دەبێـت وەگێـڕ لـە ڕۆمانی فرەدنگدا ئەم مافە بە کارەکتەر بدات، چونکە ئەوە پەیوەندی بـە جیهانی کارەکتەرەوە هەیە، فرەیی لە شێوازی هوشـیاری، ڕۆمانەکـەی بـە ئێستاتیکا کردووە.

---

١. حیکایەتەکانی باوکم، فەرهاد پیرباڵ، ل٥٢.



بۆ سەلماندی قسـەکانی سـەرەوەمان، لـە هـەمان ڕۆمـان تێـڕوانینی ئەفسەرێکی تورك بەرانبەر بـە کـورد دەهێنینـەوە. کاتێـك ئەفسـەرێکی تورك و چەند مەلایەك لە سووپای عوسمانی لەلایەن ڕووسەکانەوە بە دیـل دەگیرێن. لە کاتی لێ پێچینەوەدا ئاگاداری شێوازی هوشیاریی ئەفسەرەکە (تورك) بەرانبەر کورد دەبین.

((- هێزی ئێوە چەندە لە کوێیە؟

ئەفسەرە تورکە ئەسیرەکە گوتی:

- ئێمە لەم ناوە تەنیا چەند ئەفسەر و جەندرمەیەکین، هەندێ مـەلای خۆشمان لەگەڵ خۆماندا هێناوە هەر ئەوەندەین.

- هاتوون لێرە چ بکەن؟

ئەفسەرە تورکەکە گوتی:

- هاتووین بە ناوی ئیسلامەتی و غەزای کافرانـەوە کوردەکـانی ئـەم ناوچەیە بورووژێنین و بە گژ ئێوەیاندا بکەین. ئەم وروووژاندنەش بۆ ئێمەش لە قسە بەملاوە هیچی تێ ناچێت و هیچ مەسرەفێکی ئەوتۆی ناوێت.

فەرماندە ڕووسەکە لێی پرسی:

- ئنجا مەلا کاری بەسەر ئەم مەبەستە گلاوەتانەوە چییە؟

ئەفسەرە تورکەکە گوتی:

- ئاخر کورد بە گوێی مەلا نەبێ بە گوێی هیچ گەورەیـەکی دیکـەی خۆیان ناکەن.

فەرماندە ڕووسەکە بە تانووتەوە بە ئەفسەرە ئەسیرە تورکەکەی گوت:

- ئێوە زۆباش دەماری کوردتان ناسیوە، ها؟!

ئەفسەرە تورکەکە گوتی:

- بەڵێ، کورد کاتێ مەلا قسەیان بۆ دەکا ئیتر وا تێدەگەن کە ئەمە فەرمایشتی خوایە و دەبێ دەمودەست جێبەجێی بکەن.

فەرماندە ڕووسەکە گوتی:

- باشە... ئەدی ئێوە بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەم خەڵکە کوردە بەستەزمانە بەبێ چەکن و ناتوانن خۆیان لەبەر هێزی ئێمە ڕابگرن و زوو تێدەچن؟

ئەفسەرە تورکە ئەسیرەکە ڕاستەوڕاست گوتی:

- کورد لای ئێمە هیچ نرخ و بایەخێکی نییە، چونکە ئێمە دەزانین کە کورد نەیاری ئێمەن، ئیتر دەمانەوی بە گژ ئێوەی دوژمنانی خۆمانیان بدەین. لە هەر لایەکتان بکوژرێ سوودی ئێمەی تێدایە.

فەرماندە ڕووسەکە بواری نەدایە ئەفسەرە تورکەکە هیچ قسەیەکی تر بکا دەمودەست زللەیەکی توندی سرەواندە ئەفسەرە تورکەکە و خستیە سەر زەوی و پێی گوت:

- ئێوەی تورک بە درێژایی مێژوو هەمیشە هەر ئاوها ڕەفتارتان لەگەڵ ئەم کوردانە کردووە))[1].

هەرچەندە ئەم نموونەیە هەندێك درێژە، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، هەر کارەکتەرە هەڵوێستی خۆی بە ئەرێی و نەرێی لە ڕووی سیاسی و نەتەوەییەوە دەربڕیوە. تورك لە ڕێی ئایینەوە خەڵکی سادەی کورد فریو دەدەن و بە کوشتیان دەدەن. هەبوونی ئەم شێوازی هوشیارییە،

١. سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.



ئەنجامی تێڕوانین و دیدی خۆیانن، چونکە تورکەکان لە ڕێی وشەی ئایینی و قسەی مەلاکان، کە خەڵك لایان پیرۆزن کورد بۆ جەنگ بەناوی جیهادەوە دەنێرن، هەروەها ڕەگەزپەرستی تورکەکانیش نیشان دەدات. لە هەمان کاتدا شێوازی هوشیاری ڕووسەکان (ئەورووپییەکان) بەرانبەر کورد نیشان دەدات. ئەمانە هەمووی پەیوەندی بە گۆشەنیگای کارەکتەرەکانەوە هەیە. بۆیەیش (پیرسی لۆبوك) پێداگری لەسەر گرنگی گۆشەنیگا دەکاتەوە و دەڵێت: ((بە بڕوای من سەرجەم بابەتە تێکچڕژاوەکەی ڕۆماننووس بە مەسەلەی گۆشەنیگاوە بەندە مەسەلەی ئەو پەیوەندییەی کە گێڕەوە مافی چیرۆکەکەی پێدەدات))[2]. پیشاندانی شێوازی هوشیاریی ئەفسەرێکی تورك بەرانبەر کورد، پیشاندانی ئەو ڕاستییەیە کە ئەورووپییەکان باشترن. عەقڵییەتی ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستی تورك بەرانبەر کورد بە شێوەیەکی ئاشکرا دیارە. دەربڕینی ئەم وشانە لەلایەن کارەکتەرەوە تەنیا دەربڕینێکی زارەکی نییە، بەڵکو هەروەك باختین ئاماژەی پێدەکات، ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و جیهانەکەیەتی. ((ئەم وشانە تەنیا وشەیەك نییە تایبەت بە ناخی کارەکتەر، یان ئەو ناوەندەی لێی دەدوێ، بەڵکو خستنە سەر جیهانەکەیەتی، ئەمە تەنیا مومارەسەی هوشیاریی نییە، بەڵکو خاوەنی ڕێبازێکی ئایدۆلۆجییە))[3]. شێوازی هوشیارییەکەی ئەفسەرە تورکەکە دەربڕی ئەو ئایدیۆلۆجیایە کە لەسەری

٢. چیرۆك و تایبەتمەندییەکانی، رست هیلز، و: سەلاح عومەر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، کتێبی گیرفان، ژ: ١٠، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٢.

٣. شعرية دیستویفسکی، میخائیل باختین، ت:د. جميل نصيف التكريتي، ص١١١.

پەروەردە کراوە، چونکە هەموو هوشیارییەك بیرێك، فیکرێك، ئایدیۆلۆجیایەکی لە پشتە.



## سێیەم:
## فرەیی لە دیدی گێڕانەوەدا

فرەیی لە دیدی گێڕانەوە، یەکێکە لە لایەنە ئێستاتیکییەکانی ڕۆمانی فرەدەنگی. ئەم لایەنە پشتی تەواو بە وەگێڕ دەبەستێت. واتا ئێستاتیکای فرەیی لە دیدی گێڕانەوە بەهۆی وەگێڕەکانی ناو ڕۆمانەکە دێتەکایەوە. بۆیەیش دەڵێین وەگێڕەکان، چونکە ئێمە باس لە ڕۆمانی فرەدەنگ دەکەین و ئەویش لە یەك وەگێڕ زیاتری تێدایە. دەزانین کە ڕۆماننووس لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا نابێتە وەگێڕ، بە واتایەکی دیکە ماوەیەك (المسافة) لەنێوان ڕۆماننووس و ئەوەی دەیگێڕێتەوە هەیە. ((ڕۆماننووس ناتوانێ وەهمی ڕاستی ئەوەی دەیگێڕێتەوە، بکات، یان مومارەسەیەکی هونەری بکات، ئەگەر ئەو ماوە (مسافة)یەی دانەنا))[1]. کەواتە بۆ ئەوەی قەناعەت بە خوێنەر بکات، دەبێت ئەوە ماوەیە بوونی هەبێت، چونکە بەبێ بوونی ئەو ماوەیە ئەوا ڕاستەوخۆ ڕۆماننووس دێتە ناو پرۆسەی گێڕانەوە و کارەکتەرەکان دەبن بە بووکەشووشەی دەستی.

لەگەڵ پێشکەوتنی هونەرەکانی ڕۆماندا، چەمکی وەگێڕیش پێشکەوت. لە بەشی یەکەمی ئەم نامەیەدا چەمکی وەگێڕمان باسکرد.

---

١. تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، د.يمنى العيد، دارالفارابي، بيروت، الطبعة الثالثة، ٢٠١٠، ص٢٦٣- ٢٦٤.

ئەوەی لەم بابەتە بۆ ئێمە سوودی دەبێت، گۆڕانی وەگێڕەکانە، بە واتایەکی دیکە دەستاوەدەستکردنی پرۆسەی گێڕانەوەیە. ئەم تەکنیکە لای (ماریۆ ڤارگاس یووسا) بە (گواستنەوەی شوێنی وەگێڕ) دەناسرێت. فرەیی لە دیدی گێڕانەوە بەهۆی ئەم گواستنەوەیە دروست دەبێت. گوێزانەوەکان لەوێوە ڕوودەدەن، کاتێك گۆشەنیگای دەرەوە دەبێتە گۆشەنیگای ناوەوە، واتە وەگێڕی هەمووشتزان کە لەسەرەوەی ڕۆمانەکە وەستاوە، بەشدار دەبێت و دێتە ناو ڕۆمانەکە. یان وەگێڕە جێناوەکان دەگۆڕێن و پرۆسەی گواستنەوە ڕوودەدات. ((دەکرێ گوێزانەوەکە کە هی شوێن یان زەمان یان لە ئاستی واقیعدا بێت، بەپێی ئە گۆڕانکاریانەی بەسەر یەکێك لەو سێ پێوەرەدا دەیێ: شوێن، زەمان، ئاستی واقیع))[1]. کەواتە هەر گواستنەوەیەك لەم سێ ئاستەدا ڕووبدات، ئەوا وەگێڕەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆ نموونە لە وەگێڕە جێناوەکان، لە وەگێڕی جێناوی نادیار، دەبێتە وەگێڕی جێناوی من، یان بۆ جێناوی کەسی (دووەم) گوێدێر، یان لە تاك وەگێڕی بۆ فرەوەگێڕی، ئەم دەستاوەدەستکردنەی پرۆسەی گێڕانەوە، لە ئەنجامی بوونی سەربەخۆیی بۆ هەر کارەکتەرێك لە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیەوە دەبێت.

ئەم گواستنەوانە دەبێتە هۆی فرەگۆشەنیگایی، جیاوازی تێڕوانینی گێڕانەوە، فرەیی لە جێناوەکان، ئەمەیش ئێستاتیکایەك بە دەقی ڕۆمانەکە دەبەخشێت لەبەر ئەوەی لێرەدا ((وەگێڕ وەکو کارەکتەرێکی تەوەرەیی بەشداری ڕووداوەکان دەکات. خاوەن هەڵوێست و دەنگی خۆیەتی

١. دوانزە نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو، ماریۆ ڤارگاس یوسا، و: شیرین.ك، ل١٠٦.



ئازادی ڕەخنە و ڕاڤەکردن بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت))[2]. کەواتە بەوهۆیەوە هەموو ئەو وەگێڕانە خاوەن بوونی خۆیانن، هەڵگری چیرۆك و ئایدیۆلۆجیای خۆیانن، لێرەدا فرەیی لە چیرۆك و ئایدیۆلۆجیا دروست دەبێت. شێوازی گێڕانەوەی جیاواز دروست دەبێت. فرەوەگێڕی دیاردەیەکی نوێیە لەنێو ڕۆماندا، بەتایبەت لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە هاتۆتەئاراوە. ئەو ڕۆمانانە ((هەندێجار چەند ڕاویەکی کەسێتی تێدایە وەکو لە ڕۆمانەکانی فۆکنەردا هەیە (کە ڕاکشابووم و گیانم دەدا)، هەندێجاری تریش لە یەك ڕۆماندا چەند ڕاویەکی هەمووشتزان و چەند ڕاویەکی کەسێتی هەیە وەکو لە ڕۆمانی (ئولسیس)ی جۆیسدا، هەموو جارێکیش گۆشەنیگای شوێنی چیرۆکەکە دەگۆڕێت لەبەر ئەوەی ڕاوی لە شوێنەکەی خۆی جولاوە، تێبینی ئەوە دەکەین ڕاناوی (ئەو-نادیار) دەبێت بە (من- قسەکەر)، یان لە (من)ەوە بۆ (ئەو) دەگۆڕێ یان هەر گوێزانەوەیەکی تر کە ڕەنگە لە شوێندا ڕووبدات گوێزانەوەکانیش لە هەندێ ڕۆماندا زۆرە و لە هەندێکی تردا کەمە))[3]. ئەم گواستنەوانە دەبێت بە شێوەیەکی زۆر هونەری ئەنجام بدرێت، کە خوێنەر سەرسام بکات، ئەگەر نا کاریگەری لەسەر بونیادی چیرۆکەکە دەبێت، لە ڕووی هونەرییەوە لاوازی دەکات. هەروەها کاریگەری لەسەر خوێنەریش دەبێت، خوێنەر لەوێدا تووشی سەرلێشێوان و ئالۆزی دەبێت، بەمەیش زوو دەستبەرداری خوێندنەوە دەبێت.

٢. بنية الخطاب الروائي، دراسة في روايات نجيب الكيلاني، د.الشريف حبيله، ص٣١٥.

٣. دوانزە نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو، ماریۆ ڤارگاس یوسا، و: شیرین.ك، ل١٠٧.

لە پرۆسەی گواستنەوەی وەگێڕەکان، نابێت لایەنگیری هەبێت، واتە وەگێڕ دەبێت بێلایەن بێت، ڕای خۆی لەسەر ئەو شتەی دەیگێڕێتەوە زاڵ نەکات، چونکە هەر لایەنگیرییەك دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە بکەوێتە ژێر ڕکێفی خۆی، لەبەر ئەوەی پرۆسەی دەستاودەستکردن هەیە، بۆیەیش نابێت وەگێڕ ئەم هەڵە بقۆزێتەوە و بیرودیدی خۆی بەسەر تەواوی ڕۆمانەکەدا بسەپێنێت، چونکە بەرەو گێڕانەوەیەکی تاکدەنگی دەچێت.

لە ڕۆمانی (پەناهەندە)[١]ی (ئەحمەدی مەلا)دا، لە ماوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا چەندجارێك وەگێڕ دەگۆڕێت. سەرەتای ڕۆمانەکە وەگێڕێکی هەمووشتزان خۆی دەناسێنێت و کە نووسەری ئەم ڕۆمانەیە، وەگێڕێکە بەشداری نێو ڕووداوەکان ناکات، تەنیا ئاگاداری هەموو شتێکە و لە دەرەوەی ڕۆمانەکە وەستاوە، وا خۆیمان پێ دەناسێنێت:

((من ئەم چیرۆکە دەگێڕمەوە، واتە نووسەری ئەم ڕۆمانە. هۆی سەرەکی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەش پەیوەندی بە دایکی کاکلەوە هەیە. کاکل لەوەتەی لە دەرەوەیە، ڕوونتر لەم دە دوانزە ساڵەی دوایی بەلایەن کەم دوو سێ ساڵ جارێك یان کاکل تەلەفۆنی بۆ کردووە، یان ئەو واتە دایکی و هەموو جارێکیش هەمان پرسیاری لێ کردووە، ئەویش بە نەبرەیەکی شیرین لێی پرسیوە: تخوا کوڕم چۆنی؟))[٢]

١. دوانزە نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو، ماریۆ ڤارگاس یوسا، و: شیرین.ك، ل١٠٧.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل٣.



ئەم وەگێڕە ئاگاداری هەموو شتێکە، دیالۆگەکان وەکو خۆی دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی بەشدارییان تێدا بکات. ئەم وەگێڕە بەردەوام دەبێت و لە هەموو ڕۆمانەکە ئامادەیی هەیە، بەڵام جارجارێك جڵەوی گێڕانەوە دەداتە دەست کارەکتەرەکان. لە لاپەڕە (١٩) جڵەوی گێڕانەوە بە کاکلی کارەکتەری سەرەکی دەدرێت، ئەویش بە شێوەی مەنەلۆگ بە جێناوی یەکەم کەسی تاك (م) دەپەیڤێت. لەم ڕێیەوە کۆمەڵێك زانیاریمان پێدەدات. ئەم دەستاودەستکردنە ڕۆڵی گرنگی وەگێڕمان بۆ بەدیاردەخات. ((بۆچوونێکی (تۆماس مان)ی نووسەری ئەڵمانی هەیە، کە دەڵێت: حیکایەتخوان ڕۆحی حیکایەتە، جا بە هەر شێوە و شێوازێك لە ڕۆماندا بەکارهێنرابێت، بینای گێڕانەوەی ڕۆمان و کارەکتەرسازی لە ڕۆماندا پشت بەو حیکایەتخوانە و ڕۆڵی ئەو دەبەستێت لە کاتی گێڕانەوەدا))[٣]. بەخشینی زانیاری و گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ئەستۆی وەگێڕدایە، ئەگەر ئەو وەگێڕە ڕۆحی زیندوو نەبێت، واتە سەربەخۆ نەبێت و نەتوانێت مومارەسەی ئەرکی خۆی بکات، ئەوا ڕۆمانەکە وەکو جەستەیەکی بێ ڕۆح دەبێت.

هەروەك پێشتر ئاماژەماندا، لە لاپەڕە (١٩) وەگێڕ دەبێتە جێناوی(م)ی یەکەم کەسی تاك.

((دەبێ ئەکتەر بن؟ بۆ شەش؟ بۆ پێکەوە هاتنە ژوورەوە و سڵاویان لێ نەکردم؟ بۆ وا سەریان ناوەتە سەریەك؟ ئایا موامەرە دەڕێسن یان باسی

٣. کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلی دا، د.نجم خالید ئەلوەنی، ل١٢٣.

سێکس دەکەن؟ یەکێکیان بە ژێر چاوەوە سەیرێکی کردم. شەش گوڵی ژاکاو بوون، گوڵی سیس بووەوە، بە قەدیسات دەکەن))[1].

وەگێڕی هەمووشتزان لێرەدا دەوەستێت تاکو باسی هاتنی شەش ژن بۆ نێو خیوەتگەی شانۆ لە ڕێی گۆشەنیگای کارکتەرەوە بکرێت، چونکە کارکتەرەکە خۆی لەنێو ڕووداوەکان بەشدارە، بەڵام وەگێڕ بەشداری تێدا ناکات، بۆیەیش جڵەوی گێڕانەوە دەدرێتەدەست وەگێڕی (م)، کە لە هەمان کاتدا کارەکتەری سەرەکیی ناو ڕۆمانەکەیە. هەر لەم ڕۆمانەدا چەندینجار ئەم گوێزانەوانە ڕوودەدەن بۆ نموونە هەر دوای ئەمە بە یەك لاپەڕە وەگێڕی هەمووشتزان دێتەوە، پاشان لە لاپەڕە (٤٨) دەبێتەوە بە (م)ی وەگێڕ. لێرەدا ئەوەی گرنگە لەنێوان دوو وەگێڕ ئەم گواستنەوەیە ڕوودەدات، لە وەگێڕی هەمووشتزانەوە بۆ وەگێڕی جێناوی (م) و بە پێچەوانەوەش.

ڕۆمانی (ماچی یەکەم)ی (کەریم کاکە)، بەهۆی فرەیی لە کارەکتەر گوێزانەوەی وەگێڕ هەمیشە بە درێژایی ڕۆمانەکە بوونی هەیە. ڕۆمانەکە لە (٢٤) بەش پێکهاتووە، هەر بەشەی ئەو کارەکتەرە دەبێتە وەگێڕی کە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە. هەموو ڕووداوەکان بە دوای کارەکتەرەکانەوەن، ئەمە ئەو جۆرە ڕۆمانەیە، کە (((ئیدوین مویر) بە (ڕۆمانی کارەکتەری) دەیناسێنێت، کە ڕووداوەکان ڕەدووی کارەکتەرەکان دەکەون))[2]. واتە ڕۆمانێکە کۆی بونیاد و پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەسەر

١. پەناهەندە، ئەحمەدی مەلا، ل١٩.

٢. النزوع الأسطوري في الرواية العربية المعاصرة، د.نضال الصالح، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص١٧٥.



کارەکتەرەکانە. لەم ڕۆمانەدا هەر بەشێك ناوی ئەو کارەکتەرەی لەسەر نووسراوە، کە ڕووداوەکانی ئەو بەشە دەگێڕێتەوە. بۆیەیش هەم فرەیی لە شێوازی گێڕانەوە و فرەیی لە دیدی گێڕانەوە دروست بووە، چونکە هەر کارەکتەرە لە دیدی خۆیەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. بەپێی ئەو شێوازەی کە لە ژینگەی خۆی هەڵگریەتی، بۆیەیش نموونە هێنانەوە لەم ڕۆمانە بۆ ئەم بابەتە هەندێك زەحمەتە، چونکە لەم (٢٤) بەشە، هەر بەشەی ئەو کارەکتەرە وەگێڕیەتی، کە ڕووداوەکانی تایبەت بەخۆی و پەیوەند بە ئەوانیدیکەوە دەگێڕێتەوە، واتە هەموویان دەبن بە وەگێڕی جێناوی (من) یەکەم کەسی تاك، بەڵام هەریەکەیان تایبەتمەندی کەسایەتی خۆیان لە گێڕانەوەدا هەیە. یەکێك لە جوانییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕییە، جا چ جێناوەکان یان کارەکتەرەکان بن، ئاستی گێڕانەوەکان بەرز و نزمیان تێدەکەوێت، واتە لە هەندێکیان ململانێ چڕ دەبێتەوە، بەڵام ڕەنگە لەویتریان شاش بێت. ((بەهۆی کەسانی تریش لە گێڕانەوەی وەسف و باسکردنی ئەو پاڵەوانە سەرەکییە بەشدارن و بەمجۆرە خوێنەر لە شێوازێکەوە دەگوازێتەوە شێوازێکی تری گێڕانەوە و پشووی هونەری پێ دەدرێ))[3].

ڕۆمانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك)ی (عەتا محەمەد)، ڕۆمانێکی فرەوەگێڕە. ئەم ڕۆمانەیش لە (١٧) بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم وەگێڕی هەمووشتزان ئامادەیی هەیە، ڕووداوی پەیکەرتاشەکە و چۆنییەتی مردنیمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەر لە هەمان لاپەڕە دوای دەسپێك،

٣. ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار، سابیر ڕەشید، بەشی یەکەم، ل٢١٦.

وەگێڕی هەمووشتزان (ئەو- نادیار)، جڵەوی گێڕانەوە دەداتە دەست (سلێمان- من) ئەویش بە شێوەی نووسین چیرۆکی خۆی و بنەماڵەکەی باس دەکات.

((پاش ئەوەی سلێمان بە قوڵی بیری لەم حیکایەتە کردەوە کە لەبارەی پەیوەندی نێوان خولقێنەر و خولقێندراوەوە بوو، قەڵەمی بە دەستەوە گرت و نووسی:

من سلێمان، وەجاخزادەی ئەو بنەماڵە پیر و کەنەفتەم کە خوا بۆ هەتا هەتایە لێیان زووير بووە و لەوپەڕی گۆشەگیری و تەنیاییەوە سەیری ژیان دەکات. ئاماژەکان پێیدەوتن کە ئێمە نەوەیەکی پەراوێزکراوی ئەوین و هەموو دەرگاکانی بە ڕووماندا داخستووە...))[1]. ڕێدانی وەگێڕی هەمووشتزان، یان گواستنەوەی شوێنی وەگێڕ بۆ دروستکردنی شێوازێکی دیکەی گێڕانەوەیە هەروەك لێرەدا دەیبینین، شێوازی یادنووسین هاتۆتە ناوەوە، کارەکتەر/سلێمان لە ڕێی شێوازی یادنووسینەوە هەوڵی زانیاری بەخشین لەسەر بنەماڵەکەی دەدات.

لە بەشی دووەمی هەمان ڕۆمان وەگێڕی هەمووشتزان جڵەوی گێڕانەوە دەگرێتەوەدەست. ئاگادارە بە هەموو شتەکانی کارەکتەر/ سلێمان، ئەمەیش لەپێناوی فرەکردنی شێواز، چونکە ئەو ڕێیەی وەگێڕ بۆ قەناعەتپێکردنی خوێنەر بەکاریدەهێنێت، کاریگەری گەورەی هەیە، لەوێوە توانای هونەری وەگێڕ بە دیاردەکەوێت، لێرەدا وەگێڕ پەنا بۆ هونەری دیکەی وەکو گرتەی سینەمایی، شەپۆلی هۆش، فلاشباك،

١. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك، عەتا محەمەد، ل١١ -١٢.



فرەدەنگی، مۆنتاژکردنی کات و شوێن، سوودوەرگرتن لە حیکایەتی کۆن و میللی دەبات. ئەمانە هەمووی لە خزمەتی ڕەوتی گێڕانەوەدا دەبن، ڕۆڵیان لە بە هونەریکردنی بونیادی ڕۆمانەکەدا هەیە.

لەم ڕۆمانەدا سێ وەگێڕ هەن. وەکو ناو دیارن نەك جێناو، ئەوانیش (وەگێڕی هەمووشتزان، سلێمان، باوکی سلێمان)، بەڵام زۆرجار وەگێڕەکانیش ڕێ بەکارەکتەرەکانیش دەدەن بۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن، بەبێ ئەوەی کاریگەری دەسەڵاتی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن.

لە ڕۆمانی (ئیلشا)ی (دیدار مەسیفی)دا سەرەتای ڕۆمانەکە وەگێڕی هەمووشتزان (ئەو- نادیار) بوونی هەیە و ڕووداوەکانی کارەکتەرێك بەناوی دڵشاد، کە لە ئەڵمانیا پەناهەندەیە دەگێڕێتەوە، ئەم وەگێڕە ئاگاداری ورد و درشتی ژیانی کارەکتەرە، بەم شێوەیە دەست بە گێڕانەوەی دەسپێکی ڕۆمانەکە دەکات:

((دڵشاد نەبی دەمێك بوو دەیزانی کەوا نەخۆشییەکی کوشندەی هەیە، بەڵام چ جاران ئەوەندەی ئەو ڕۆژە دڵپڕ لە گریان و پەشۆکاو نەبوو، کاتێك دکتۆرەکەی پێی گوت کەوا تەنها پێنج شەش ڕۆژێکی لە ژیان ماوە))[2].

ئەم وەگێڕە پێ بەپێی کارەکتەر دەڕوات، زانیاریمان لەسەر کارەکتەر و نەخۆشییەکەی دەداتێ، چۆنییەتی یەکتر ناسینی لەگەڵ خۆشەویستەکەی، کە کچێکی ئەڵمانییە. گوێزانەوەی شوێنی وەگێڕ زیاتر بۆ ڕەخساندنی زەمینەیە بۆ ئەوەی ڕۆمانەکە، ئێستاتیکا و بنەماکانی ڕۆمانی فرەدەنگی

٢. ئیلشا، دیدار مەسیفی، ل٧.

تێدا بێتە دی. ((ئەم هەڵسوکەوتەی گێڕانەوە بە تەنیا حەز بە گۆڕانکردن نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مەبەستی تەکنیکی و هونەری لە پشتە))[1]. کەواتە ئەمە هەروا لە خوتوخۆڕایی ناکرێت.

جڵەوی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا لە ڕێی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، وەگێڕ ڕێ بە هەردوو کارەکتەر (دڵشاد و سیفی) دەدات، کە چیرۆکی چۆنییەتی هاتنیان بە ڕێی قاچاغ بۆ ئەورووپا بگێڕنەوە. لە لاپەڕە (٤٢)دا سەیفی دەبێتە وەگێڕ و بە جێناوی سەربەخۆی یەکەم کەسی کۆ (ئێمە) ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. لەبەرئەوەی لە گێڕانەوەی سەیفیدا، کە هاتوون بۆ ئەورووپا سێ کەس بوون، ئەوانیش لە ڕێدا کوژراون، بۆیەیش وەگێڕ/سەیفی ڕووداوی ئەوانیتریش دەگێڕێتەوە، یان بە واتایەکی دیکە ئەوانی لەنێو خۆیدا تواندۆتەوە.

((ئێمە سێ هاوڕێ بووین، کاتێك لە فولکەی کۆتر یەکترمان ناسی و دەستمان خستە ناو دەستی یەکتر بۆ ئەوەی پێکەوە بە ڕێگای قاچاغ بچین بۆ تورکیا. سەرهەنگ کوڕێکی تورکمان بوو کە بەژنێکی باریك و سوکەڵەی هەبوو و هەردەم بزەیەك لەسەر لێوانی بوو. سمکۆ لە دارەتوو گەورە ببوو، بەڵام بە ئەسڵ خەڵکی دێیەکی خاپوورکراوی شارەزوور بوو))[2].

١. في نظرية الرواية وبحث في تقنيات السرد، عبدالملك مرتاض،، مجلة عالم المعرفة، كانون الأول، ١٩٩٨، ص١٩٤.

٢. ئیلشا، دیدار مەسیفی، ل٤٤.



گوێزانەوەکە هەمیشە بۆ بە جووڵە خستنی ڕەوتی گێڕانەوەیە، یەکێك لە لایەنە ئێستاتیکییەکانی ئەم تەکنیکەی فرەدەنگی گۆڕانە لە لایەنی چۆنایەتی ڕۆمانەکە، واتە لایەنی تەکنیکی و هونەری ڕۆمانەکە. ((لێرەدا سوود لە دیالێکتیکی هیگڵی وەردەگرین کە دەڵێ: کەڵەکە بوونی چەندایەتی دەبێتە هۆی (بازدانی چۆنایەتی) هەروەکو ئەو ئاوەی کە هەمووی کوڵا دەبێتە هەڵم، یان ئەگەر زۆر ساردکرایەوە دەبێتە بەفر، گێڕانەوەیش هەمان گۆڕانی بەسەردا دێت، کاتێك لە ئاستی واقیعدا پانتاییەك دەبێ بۆ ئەو گوێزانەوە بنەڕەتیانە بەمەش بازدێکی چۆنایەتی پێکدەهێنێ))[3]. ئەمە خاڵێکی زۆر جەوهەرییە، چونکە کاتێك یەك وەگێڕ ڕووداوەکان بەسەریەکەوە دەگێڕێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین چیرۆك و ڕووداوی ناو ڕۆمان کەڵەکەی سەر یەکتری بن، ئەمەیش بێزاریی لای خوێنەر دروست دەکات، بەڵام ئەگەر ناوەناوە بازدانێی تەکنیکی ڕوویدات، جا چ لەسەر ئاستی واقیع، یان شوێن و کاتدا بێت، بۆ نموونە کاتێك وەگێڕ دەگۆڕێت، خوێنەر هەست دەکات ئەوە کەسێکی دیکەیە، کە چیرۆکێکی دیکەی بۆ دەگێڕێتەوە، لەم ڕۆمانەیشدا ئەمە بەدی دەکرێت.

دوای ئەوەی وەگێڕ دەبێتە جێناوی یەکەم کەسی کۆ (ئێمە)، لە لاپەڕە (٨٤) وەگێڕ بۆ جێناوی یەکەم کەسی تاك (من) دەگۆڕێت، کە (ئیلشا-دڵشاد) ڕووداوی سەفەرکردنی بە ڕێی قاچاغ بۆ ئەورووپا دەگێڕێتەوە، بەڵام شێوازی گێڕانەوەی ئەم وەگێڕە لە هەردوو وەگێڕەکەی پێشتر جیاوازترە، گێڕانەوەی ئەم وەگێڕە لە ڕێی نووسینی نامیلکەوەیە، پێشتر

٣. دوانزە نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو، ماریۆ ڤارگاس یوسا، و: شیرین.ك، ل١٠٩.

دڵشاد ڕووداوەكانی سەفەری لەم نامیلكەیە تۆماركردووە. كاتێك (سەیفی) هاوڕێی بۆ وڵات دەگەڕێتەوە، لە ڕێدا ئەم نامیلكەیە دەخوێنێتەوە، بۆیەیش لەناو نامیلكەكەدا (دڵشاد) بە جێناوی یەكەم كەسی تاك (من) دەبێت بە وەگێڕ. ئەمەیش دەبێتە هاتنەناوەوەی فرەیی لە شێوازی گێڕانەوە، چونكە گێڕانەوەكە لە ڕێی خوێندنەوەی نامەوە دەبێت، تەنانەت شێوازی ئاخاوتن و زمانی گێڕانەوەی جیاواز پەیدا دەبن. ئێستاتیكای ئەم تەكنیكە ئەوەیە، هەموو كارەكتەرێك ڕێی پێدەدرێت ببێت بە وەگێڕ.



**چوارەم:**

**بونیادی ئاوێتەكردن**

بەهۆی پێشكەوتنی تیۆر و مێتۆدی ژانرە ئەدەبییەكان، گەلێك گۆڕانكاری لە بونیادی ژانرەكان ڕوویاندا. پێشتر دابەشكردنێك بۆ ئەدەب هەبوو، كە ئەدەب بەسەر دوو جۆر لە ژانر شیعر و پەخشان دابەش دەكرا. هەریەكەیان ڕێسا و یاسای تایبەتی خۆیان بۆ نووسین هەبوو، بەڵام بەهۆی زیادبوونی ژانرە ئەدەبییەكانەوە، سنووری نێوان ژانرەكان بەرەو كاڵبوونەوە و نەمان ڕۆیشت. هەموو ژانرەكان بۆ دەوڵەمەندكردن و بە هونەریكردنی بونیادی خۆیان سوودیان لە یەكتری وەرگرت. ڕۆمان و چیرۆك و شانۆ و شیعر و سینەما... تاد سوودیان لە بونیادی یەكتر وەرگرت. تەنانەت ئێستا جۆریك لە دەق پەیدابووە، وەكو (دەقی كراوە) دەناسرێت، هەرچەندە ئەم زاراوەیە تایبەتە بە (ئیمبەرتۆ ئیكۆ)، بە واتا ئیكۆیەكەی ئەو دەقەیە كە ڕاڤە و خوێندنەوەی جیاجیا بەپێی خوێنەرەكان هەڵدەگرێت، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەو واتایە ئیكۆییە نییە، بەڵكو مەبەستمان ئەو دەقەیە، بۆ نموونە لە شیعردا توخم و ڕەگەزی چیرۆك و ڕۆمان، شانۆ، گرتەی سینەما... تاد دەدۆزینەوە. (شێركۆ بێكەس) چەند دەقێكی لەمجۆرەی هەیە وەكو (كتێبی ملوانكە، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە).

بەڵام بۆ ڕۆمان، بونیادی ئاوێتەكردن یەكێكە لەلایەنە ئێستاتیكییەكانی تەكنیكی فرەدەنگی، كە ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت. مەبەست

لێی ئەوەیە ڕەگەزی دیکەی ئەدەبی بۆ نێو ڕۆمان بگوازینەوە، جا ڕەگەزی گەورە، یان ورد بێت، وەکو: حیکایەتی میللی و فۆلکلۆری، ئەفسانە، داستان، شیعر، پەندی پێشینان، شانۆگەری، سەفەرنامە، نامە، چیرۆکە هەواڵی نێو ڕۆژنامەکان... تاد. ئەم بونیادەیش پشت بە لێکدانی توخم و ڕەگەزی ژانرە ئەدەبییە لێکجیاوازەکان، لە چوارچێوەی گێڕانەوەیەکی تەواو، کە یەکێتیی بابەتی تێدا بێت دەبەستێت. کارلێککردنی ڕۆمان و ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی بە چەند شێوەیەك دەبێت. ((ئەو ڕەگەزانەی لەگەڵ دەقی گێڕانەوەیی کارلێك دەکەن و تێکەڵ دەبن لە بونیادی یەکتر زۆرن: کۆن و نوێ، زارەکی و نووسراو، بیستراو و خوێندراو، پەخشانی و شیعری، داهێنان و ڕەخنە))[1]. مەبەست لە کۆن و نوێ بۆ نموونە لە کۆن مێژوو بەگشتی وەکو ڕووداوە مێژووییەکان، کەسایەتییەکان، جەنگەکان... تاد، لە نوێ بۆ نموونە تەکنەلۆژیا. زارەکی مەبەست لێی ئەدەبی فۆلکلۆری بە هەموو بەشەکانییەوە، نووسراویش هەموو نووسراوە تۆمارکراوەکان.

هێنانەوەی ئەم ڕەگەزانە لەنێو دەقی ڕۆمان بە چەند شێوەیەك دەبێت، یان ئەوەتا ئاماژە بە ناوی نووسەرەکە، یان خاوەن دەقەکە دەکرێت، جا چ بەناوهێنانی بێت لەناو دەقەکە، یان لە پەراوێز و کۆتایی ڕۆمانەکە وەکو تێبینی، یان دێڕە شیعرێکی ناودار، دەقێکی ناسراو، پەند و قسەی نەستەق و جۆرەکانی فۆلکلۆر دەهێنێتەوە کە خەڵك دەیناسێت. زۆرجار

١. انفتاح النص الروائي، النص والسياق، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربي، المغرب، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٦، ص١٠٩.



سوود لە چیرۆکەکانی قورئان وەردەگیرێت و بە شێوەیەکی ئەدەبی دەستکارییان دەکرێت. هەموو ئەمانە ڕۆماننووس بە ئاگاییەوە دەیکات و مەبەست لێی بە ئێستاتیکاکردنی دەقەکەیە. ئەمە جیاوازە لە دەقئاوێزان، چونکە ڕەنگە لە دەقئاوێزان بە نائاگایی ڕووبدات، هەرچەندە ((باختین لەو بڕوایەدایە دەق بریتییە لە فرەدەنگی (پۆلیفۆنی) و دیالۆگیزم))[2].

بونیادی ڕۆمان بەهۆی ئەم ئاوێتەکردنەوەوە بەهێزتر دەبێت. ڕەگەزی ڕۆمان بە چەمکە فرەدەنگییەکەی، لە کۆمەڵێ ڕەگەز و جۆر و شێوازی لاوەکی، کە تێکەڵ بە ڕەگەزی سەرەکیی دەبن پێکهاتووە. بەمەیش خوێنەر تەنیا چاوی بە ڕووداوی ڕۆمان، یان بە واتایەکی تر یەك ڕەگەز ناکەوێت، بەڵکو لە زۆر شوێن شیعر دەبینێت و دەیخوێنێتەوە، چیرۆکێکی فۆلکلۆری دەخوێنێتەوە، پەندێك دەخوێنێتەوە، واتا ڕەنگاوڕەنگییەك هەیە، ئەمەیش هەم ئێستاتیکایەك بە دەقەکە دەبەخشێت، هەم ئارەزووی خوێندنەوە لەلای خوێنەر زیاتر دەکات.

زۆرجار ئێمە دەبینین ڕۆماننووس ئەفسانە و چیرۆکی میللی و فۆلکلۆری و چیرۆکە ئایینییەکان تێکەڵ بە ڕۆمانەکەی دەکات، ئەم مەزراندنە بە شێوەیەك دەبێت جیاوازە لە هێنانەوەی دێڕە شیعرێك، یان ڕەگەزێکی دیکەی ئەدەبی، چونکە لە مەزراندنی چیرۆك و حەکایەتی ئەفسانەی و ئایینی، ڕۆماننووس لەگەڵ خەیاڵ و فەنتازیای خۆی تێکەڵی دەکات، بەڵام بە شێوەیەك، کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە دەزانێت لە فلان

٢. فەرهەنگی زاراوەیی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل٨٠.

چیرۆکی ئەفسانەیی وەرگیراوە. ئەم مەزراندنە لە ئەمریکای لاتین لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو بە شێوەیەکی دیکە ئەنجامدرا، کە شێوازێکی لە رۆماننووسین هێناکایەوە بە (ریالیزمی جادوویی) ناسرا. ((مێژووی ئەدەبیات- حەقیقەت و درۆ، واقیعییەت و ئەفسانە بە شێوەیەك لەو دەقانەدا ئاوێتەی یەكتر بوون كە ناسینەوەیان زۆر سەختە زۆرجار سنوورە باریكەكەی نێوان ئەو دووە دەسڕێتەوە بە شێوەیەك كە هەردوو دنیا دەتوانن تانوپۆی تەواوكەری شكڵگیرییەك بن كە هەرچی نادیارترە، فریودەرترە، چونكە وا نیشان دەدات كە تێیدا ئەگەر و نائەگەر لەیەك گەوهەرن))[1].

بونیادی ئاوێتەکردن رۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی کاری رۆماندا دەگێرێت، چونکە دەبێتە پەیداکەری کەرەسەی دیکە بۆ رۆماننووسین. تاکو لەناو رۆمانەکە جیهانێکی رەنگاورەنگ بخولقێنێت. هەروەها بۆ کاری جوانکاریش لە شێوزای نووسین سوودی لێ وەردەگیرێت، چونکە ((دەق بە دوای داهێنان و جوانکاری و لایەنی هونەری بەخشیندا دەگەرێ و نووسەر دەتوانێ سوود لە هەموو بوارەکانی داهێنان وەربگرێ بۆ دەرهێنانی هونەری دەقەکە بۆ ئەوەی ئەم دەقە بە جوانترین شێوە خۆی بگەیەنێتە ناو دڵی خوێنەری بە سەلیقە، ئەم خوێنەرەی کە لە دەقی نوێدا لە نووسەر دانابڕێ))[2].

---

١. ئەدەبیات بۆ؟ ماریۆ بارگاس یۆسا، و: دڵشاد خۆشناو، ل٧٥.

٢. چیرۆکی کوردی، سابیر رەشید، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، چاپی یەکەم، ل٦٣- ٦٤.



کاتێك رۆماننووس هەوڵی مەزراندنی رەگەزە ئەدەبییەکان لەنێو رۆماندا دەدات، سەرەتا دەبێت شارەزای تەکنیك و هونەری رۆمان بێت، دواتر دەبێت ئاگاداری ئەو رەگەزانە بێت، کە بۆ رۆمانەکە سوودیان لێ وەردەگرێت، چونکە رۆماننووس هەر مەغزا و مەبەستێکی هەبێت، کە بیەوێت لە پشت ئەو رەگەزەوە بیشارێتەوە، یان لە رێی ئەو رەگەزەوە دەریببرێت، دەبێت زۆر هونەرییانە ئەم کارە بکات. رۆماننووس ((جاری وا هەبووە لە پەنای بەسەرهاتێکەوە مەغزایەکی خۆی دەربڕیوە کە رەنگە راستەوخۆ نەیتوانیبێ بیدرکێنێ و لە هەمان کاتیشدا وەك تەکنیك دەوڵەمەندییەك بە باڵای گێرانەوەکەی دەبڕێت))[3]. کەواتە مەزراندنەکە کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە شاردنەوەی مەبەستێك لە پشت هەر رەگەزێك وردی و هونەری دەوێت، بۆ نموونە دێرە شیعرێکی کلاسیك، چەند سەدساڵێك پێش ئێستا بەکارهاتووە، رۆماننووس چۆن ئەو دێرە شیعرە بەو ستایلە لەگەڵ مەغزایەکی ئێستایی دەیگونجێنێت.

رۆمانی کوردی (ئەو ماوەیەی ئێمە کاری لەسەر دەکەین)، بە شێوەیەك لە شێوەکان رۆماننووسان سوودیان لە رەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی وەرگرتووە، بۆ نموونە: حیکایەتی میللی و فۆلکلۆری، شیعر، پەندی پێشینان، رووداوی مێژووی... تاد بەکارهاتووە. هەندێکیان سەرکەوتووانە و هەندێکیان لاواز لە رووی هونەرییەوە ئەم مەزراندنەیان ئەنجامداوە.

---

٣. رۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار، سابیر رەشید، ل٨٩.

لە ئێستاتیکای بونیادی ئاوێتەکردن هەوڵدەدەم بەپێی جۆری ڕەگەزە ئەدەبییەکان پراکتیك بکەم، سەرەتا بۆ ژانری شیعر. شیعر یەکێکە لەو ژانرانەی، کە سنووری خۆی لەگەڵ ڕۆمان کاڵکردۆتەوە، ڕۆماننووسان گەلێکجار بۆ دەربڕینی مەبەستێك دێڕە شیعرێك، یان کۆپلەیەك لە شیعری شاعیران، یان شیعری میللی و فۆلکلۆری لە ڕۆمانەکانیان بەکاردەهێنن.

ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)ی (فەرهاد پیرباڵ)، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی بە شێوەیەکی ئێستاتیکییانە مامەڵەی لەگەڵ مەزراندنی شیعر کردووە. لە لاپەڕە (٣٢) چوارینەیەکی شاعیر (جەبار ئاغای کانی) هێناوەتەوە.

((تەماشام کرد لەسەرسەری مام موراد، تابلۆیەکی گەورەی قەدیفەیی ڕەش، لەناو چوارچێوەیەکی سوری جەرگیدا بە خەتێکی زێڕین ئەم چوار دێڕە شیعرەی (جەبار ئاغای کانی) لەسەر نووسرابوو... بە حاڵەحاڵ توانیم بیخوێنمەوە:

ساقی وەرە ئیمشۆکە لە بۆم تێکە پیاڵە
بۆ مەززەت لە ڕووت کافیە ئەم دانەیی خاڵە
هەرچەند بە شەرع بادە حەرامیشە وەلیّ من
بیّ تەقیە دەخۆم جۆری لە دەستی تۆ حەڵاڵە))[1]

هێنانەوەی ئەم چوارینەیە لە شوێنی خۆیەتی، چونکە چاخانە شوێنێکی گشتییە، هەروەها شوێنی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و

١. حیکایەتەکانی باوکم، فەرهاد پیرباڵ، ل٣٢.



هونەرمەندانە، ئەم چوارینەیە زمانی تایبەتی خۆی هەیە، لە ڕێی ئەمەوە ڕۆماننووس مەبەستێکی جوانیناسانەی لە ڕووی تەکنیکەوە لە پشت حەشارداوە، چونکە ((ڕێیەکانی نووسین ئاستی جوانی و قووڵی هونەرەکەی نرخی هونەری و داهێنان بە پلەی یەکەم دیاری دەکات))[2].

هێنانەوەی ئەم شیعرە زیاتر مەبەستێکی جوانی هەیە، لێرەدا خوێنەر پشوویەك لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە وەردەگرێت و ئەم شیعرە دەخوێنێتەوە، ئەمەیش وەکو هەناسەدانێکە بە جۆرێکی دیکە، کەواتە لایەنی جوانی ڕۆمانەکە لە ڕووی ڕووخسارەوە پێویستە گرنگی پێبدرێت.

لە لاپەڕە (١٢١) بە هەمان شێوە شیعرێکی (فایەق بێکەس) هێنراوەتەوە، ئەوەی ئەم هێنانەوەیە لەوەی پێشتر جودا دەکاتەوە، لێرەدا بۆ خزمەتی تێمەی ڕۆمانەکەیە لەو بەشەدا.

((ئەمە شاعیرێکە ناوی فایەق بێکەسە لە سلێمانییەوە دەعوەتیان کردووە، بە بۆنەی کرانەوەی یانەی فەرمانبەرانی هەولێر کەوتە سەر خوێندنەوەی شیعرێك بە بیرم دێت ئاوها دەستی پیّ کرد:

بە نووری عەدل و ئاسایش منەوەر بوو هەموو هەولێر
لەژێر کابووسی غەم دەرچوو خەلایق شاد و خەندانە
تووڵووعی فەیزبەخشی تۆ شەوی دەیجووری والاکرد
لە هەر لایەك تەماشای جلوو و بەزم و سەیرانە
لە سایەی هیممەت و لوتفی پیاوانی عەدالەتخواز

٢. قضايا الرواية العربية، الوجود والحدود، سعيد يقطين، دار العربية للعلوم ناشرون و منشورات الأختلاف، الجزائر، الطبعة الأولى، ٢٠١٢، ص٢١٥.

وەکو فیردەوسە ئەم شارە بە دایم ڕوو لە عیمرانە))[1]

ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی شیعرەکە بکەین، بۆ بۆنەیەك گوتراوە، بە بۆنەی کردنەوەی یانەی فەرمانبەران لە هەولێر. شیعرەکە باس لەو خۆشیی و شادییەی کە لە شاری هەولێر هەیە، دەکات. خەڵك لەژێر سایەی دادپەروەری و ئاسایش ژیان بەسەر دەبەن، چونکە ئەم یانەیە دەبوو بە شوێنی کۆبوونەوەی منەوەران و ڕۆشنبیران. دەبینین ڕۆماننووس بۆ ئەم ڕووداوە سوودێکی زۆری لە مێژوو وەرگرتووە، مێژووی وەکو کەرەسەیەکی خاو بۆ تێمەی ڕۆمان وەرگرتووە. ((ئەگەر سەیری پلەی پابەندبوونی ڕۆماننووس بە پێشکەشکردنی ورد بۆ ئەو قۆناغە مێژووییەی بابەتەکەی لێ وەرگرتووە بکەین، ئەو شوێنە بۆ کارەکتەرەکان فراوان دەکات، بۆیەیش پاشەکەوتکردنی کەرەسە خاوە مێژووییەکە هەنگاوی یەکەمە بۆ نووسینی ئەم شێوە ڕۆمانانە))[2]. هەرچەندە ئەو ڕووداوەی ڕۆماننووس لێرەدا بە شیعرەکەوە باسی دەکات، لە مێژوودا بوونی هەیە، بەڵام ڕۆماننووس بە شێوەیەکی وا مەزراندوویەتی، بەرگە مێژووییەکەی لەبەر داماڵیوە، بەرگێکی گێڕانەوەیی بە بەردا کردووە.

هەر لەم ڕۆمانەدا لە لاپەڕە (۱۲۷) چوار دێڕییەکی (فزووڵی) هێنراوەتەوە، لە لاپەڕە (۱۵۹) شیعرێکی (عەلی کەمال باپیر) هەیە، لە لاپەڕە (۲۰۳) شیعرێکی مەحوی هێنراوەتەوە. ئەم شیعرانە هەم بۆ لایەنی

۱. حیکایەتەکانی باوکم، فەرهاد پیربال، ل۱۲۱.

۲. قبل نجيب محفوظ و بعده، دراسات في الرواية العربية، فخري صالح، ص۷۱.



جوانیناسی و هەم بۆ تێمەی دەقە مەزرێندراون. هێنانەوەی ژانری شیعر و مەزراندنی لەنێو ڕۆماندا لە ڕۆمانی دیکەشدا نموونەمان هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی تووشی پاتەبوونەوە نەبین، مشتێکمان لە خەروارێك هێناوە.

ڕەگەزێکی دیکە بۆ بونیادی ئاوێتەکردن، کە ڕۆماننووسان سوودیان لێ وەرگرتووە، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆرییە بە هەموو جۆرەکانییەوە، بە ئەفسانە، گۆرانی، پەندی پێشینان، مەتەڵ، حەکایەتی میللی... تاد. بۆ مەزراندنی ئەفسانە و چیرۆکە ئەفسانەییەکان، ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی (عەتا نەهایی) زۆر بە هونەرییانە حەکایەتی فۆلکلۆری (میرخوناوك و کلاوزێڕ)ی ئاوێتەی نێو چیرۆکی ڕۆمانەکە کردووە. لە ئەفسانەکەدا میرخوناوك دەچێت بۆ کردنەوەی سەرچاوەی ئاو، کە لەلایەن دێوەکانەوە گیراوەتەوە، بەڵام میرخوناوك بە دیل دەگیرێت. ئەمەی تێکەڵی نێو ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی هونەری کردووە. (حەمەڕەشید ئاغا) کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکەیە، کاتێك لەسەر کاری سیاسی لەلایەن دەسەڵاتەوە زیندانی دەکرێت، دایکی ئەم گیرانەی ناوبراو تێکەڵ بە حیکایەتەکە دەکات و بۆ منداڵەکانی (حەمەڕەشید ئاغا)ی بەتایبەتی (هەڵاڵە) دەگێڕێتەوە.

((میرخوناوك خەڵکی شارێك بوو لە شارەکانی هەقایەت، شارێك بە کۆمەڵێك ماڵ و خانووی گەورە و بچووکەوە، خەڵکێکی میهرەبان لەو ماڵ و خانووانەدا دەژیان، خەڵکێکی ئاسوودە و بەختیار ئەگەر دێوە نەگریس و ناپاکەکان بیانهێشتایە. دێوەکان-دایە گەورە دەیگوت- چاوی بینینی ئاسوودەیی و بەختیاری خەڵکی هیچ شار و وڵاتێکیان نەبووە ماوەیەك بوو

لە کێوەکەی تەنیشتی شار دەستیان بەسەر تاقەکانی شارەکەدا گرتبوو))[١].

کاتێك میرخوناوك دەچێتە شەڕی دێوان، بە دیل دەگیرێت، لێرەدا ئەم چیرۆکە بە چیرۆکی گیرانی (حەمەڕەشید ئاغا) پەیوەند دەکرێت. کارەکتەر کەسێکی خەباتکارە بۆ ئاسوودەیی خەڵك تێدەکۆشێت، ڕۆمانووس هەوڵیداوە لە ڕێی ئاوێتەکردنی ئەم چیرۆکەوە، چیرۆکێکی نوێ و فەزایەکی نوێ بخوڵقێنێت. مەغزای داپڵۆسین و دڕندەیی دەسەڵاتی لە پشت ئەم چیرۆکەوە حەشارداوە، چونکە ئەگەر ڕاستەوخۆ باسی ئەم بابەتەی کردبا، ئەوا ڕەنگە واقیعییەتێکی تەواوی پێوە دیاربووایە، کاریگەری لەسەر لایەنی هونەری دەقەکە دەبوو.

هەر لەم ڕۆمانەدا، ڕۆمانووس سوودی لە چیرۆکی فۆلکلۆری (برایمۆك و پەری) وەرگرتووە، چیرۆکێکی نوێی لێ خولقاندووە. لە حەکایەتەکە (برایمۆك) چەندین ساڵ خزمەتی ئاغا نەخۆشەکەی دەکات، لەپێناو مارەکردنی خوشکەکەی ئاغا (پەری)، بەڵام ئاغا دوای چاکبوونەوە لە بەڵێنەکەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە. هەرئەوەندە نا، بەڵکو برایمۆك دەردەکات، برایمۆکیش بەناو ڕەهێڵە و بەفروباران بە کێواندا بەرەو ماڵی براکەی دەچێت.

ڕۆماننووس لەم چیرۆکەوە چیرۆکی خۆشەویستی (برایمۆك و هەلالە) لەنێو ڕۆمانەکە دەخولقێنێت. برایمۆك یەکێکە لە پێشمەرگەکانی (حەمەڕەشید ئاغا)ی باوکی (هەلالە) و لە ئێزگەی حیزب کاردەکات.

١. گرەوی بەختی هەلالە، عەتا نەهایی، ل٢٢.



هەلالەیش لەوێ کاردەکات، یەکتریان خۆشدەوێت. کاتێك چیرۆکی بەیەکەوە دانیشتنی هەلالە و برایمۆك لەسەر کانی ئاشقان بڵاودەبێتەوە. (حەمەڕەشید ئاغا) لەپێناو دوورخستنەوەی برایمۆك، بە بیانووی کاری حیزبی دەینێرێت بۆ شوێنێکی دیکە، برایمۆك لە ڕێدا لەناو بەفردا دەمرێت و تەرمەکەی دێننەوە. ڕۆماننووس لەگەڵ هەندێك سووکە دەستکاری، ئەم چیرۆکەی ئاوێتەی ناو ڕۆمانەکە کردووە. ئەمەیش ئێستاتیکایەك بە ڕۆمانەك دەبەخشێت، چونکە لێرەدا فەزایەکی تری دروستکردووە.

لە ڕۆمانی (ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە)ی (عەبدوڵڵا سەراج)دا، کاری زۆری لەسەر بە ئەفسانەکردنی ڕووداوەکان کردووە. لە لاپەڕە (٨٢)دا لە دیالۆگی نێوان (سەلیم، عەلی، یەشار) ئەفسانەی (نینۆس)ی یۆنانی تێکەڵ بە ڕۆمانەکە دەکات.

((- مامەگیان لە ئوستورەی ئەوان بەرچاڤم کەتییە، کە (نینۆس)ی زۆرداری زەبر وەشێن، جێگەیەکی چێکردبوو، کۆڵان لەنێو کۆڵانێکی تێهەڵکێش وابوو. موتڵەقەن ئەوانەی بەر سزا و غەزەبی دەکەوتن، لێوەی قوتار نابوون: سەرەڕای ئەوەش (میناتۆر)ێکی برسیی لەوێندەر ڕاگرتبوو، لەگەڵ تاریکی شەقدا پەلاماری نێچیرەکەی دەدا ئێسك و پرووسکی پێکڤە دەکرۆشتن، هێشتا تێرنابوو!! ئەم ئوستورەیە بە شێوەی دیکەش ڕەوایەتی دەکەن،

- خوب، ئیترا؟ مامەلی دەمی گەشکەی بڕییە سەلیم.

– وێ دەم، (ئاریان) کیژی نینۆسی زوڵمکار، ئەڤیندار (تیزیۆس) بوو، باوکی بۆ گۆڕەوشار و دەفنکردن ئەڤینەکەیان، بە چاوبەستی دەیهاوێتە ونگەکەوە...))[١].

دوو مەبەست لە پشت ئاوێتەکردنی ئەم ئەفسانەیەوە هەیە. یەکیان لەپێناو زیاتر بە هونەریکردنی ڕۆمانەکەیە، ئەویتریان بۆ ڕوونکردنەوەی واتای وشەی (ونگە)یە. (ونگە) نۆڤلێتێکی پێشتری ڕۆماننووسە، پێداگری لەسەر ئەم وشەیە، واتای ئەوەیە هەرسێ نووسەرەکە (سەلیم و عەلی و یەشار)، کە مەبەست لێیان (سەلیم بەرەکات و عەلی ئەشرەف و یەشار کەمال)ن، کە کوردن و بە زمانی بێگانە دەنووسن، بەمەیش هەرچی بۆ کوردی دەکەن ئەوا لە ونگەدا دەشاردرێتەوە، چونکە بە کوردی نانووسن.

لە ڕۆمانی (ماچی یەکەم)ی (کەریم کاکە)، لە لاپەڕە (٤٢) حیکایەتێکی ئەفسانەیی ئاوێتەی ڕۆمانەکەی دەکات. ئەویش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە خاڵی گەردنە. بنەڕەتی دروستبوونی خاڵ لە گەردن لە کوێوە هاتووە؟

((لەبارەی خاڵی گەردنەوە قومری دەیگوت کوڕی کەشخە سەرهاتێك دەگێڕێتەوە:

فریشتەیەکی ئاسمانی بە دزی خوداوە، عەشقی پەری زەوی دەبێت، نازانێت چۆن بیگاتێ شەوێك بۆ یەکەمجار و دواجار خودا سەرخەوێك دەشکێنێت، فریشتەی عاشق هەل لە دەست نادات، لە ئاسمانەوە

١. ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە، عەبدوڵڵا سەڕاج، ل٨٢.



دادەبەزێتە زەوی و دەچێتە سەرجێی پەری و بەوە ڕادەگا کە ماچێك لە گەردنی بکات، جێگەی ماچەکە دەبێتە خاڵ، ئەو خاڵەی دنیای سەرگەردان کردووە))[٢]. لێرەدا ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە لە خزمەتی تێمەی ڕۆمانەکە، کە ماچە هاتووە. ئاوێتەکردنەکە دەبێت هەمیشە کاریگەری لەسەر داهێنانی دەقدا هەبێت، بۆیەیش دەبێت بە شێوەیەك ئاوێتە بکرێت، کە گونجاو بێت، چونکە چەندە تێمەکەی گرنگ بێت، ئەوەندەیش چۆنییەتی ئاوێتەکردنەکە گرنگە، لەبەر ئەوەی لەم ڕێیەوە شێوازی نوێ، شێوازی دیکە بۆ دەربڕین دێتەکایەوە، چونکە ((داهێنانی ڕاستەقینە هەمیشە خۆی نوێ دەکاتەوە، شێوازی نوێ دادەهێنێ))[٣].

لایەنێکی دیکەی بونیادی ئاوێتەکردن، ئاوێتەکردنی گۆرانی و داستان و پەندی پێشینان و مەتەڵ و گوتەی ناودارانە. دیارە ئەمانەیش کاریگەرییان لەسەر لایەنی هونەری دەقە دەبێت، هەروەها گوتاری جیاواز بەرهەم دێنێت. ئەمانە کاریگەرییەکی باشیان لەسەر جوولاندنی بیرکردنەوەی خوێنەر هەیە، چونکە دەبێت هەم بیر لەوە بکاتەوە، ئەو گۆرانییە، پەندە، گوتەیە بۆ لەوێدا هاتووە؟ هەمیش دەبێت لە مەغزای پشتی ئەو ڕەگەزە وردبێتەوە.

لە ڕۆمانی (زیندە خەو)ی (فەتاح ئەمیری)دا گوتەیەکی (ئولبرێخت)، لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکیی (ئازاد) هێنراوەتەوە.

٢. ماچی یەکەم، کەریم کاکە، ل٤٢.

٣. بحث في علم الجمال، جان برتليمي، ت: د.انور عبدالعزيز، دار النهضة، القاهرة، ١٩٧٠، ص١٤.

((ئولبرێخت دەڵێ:

(حەسوودی بۆ بونیادەم تاریکترین زیندانە))[1].

لایەنێکی ئاوێتەکردنی ئەم گوتەیە، نیشاندانی ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری کارەکتەرە. رۆماننووس لە رێی ئەم گوتەیەوە چەمك و واتای ئێرەیی شیدەکاتەوە. هەر لەم رۆمانەدا لە لاپەڕەکانی (١٦١- ١٦٣) بەیتی داستانی (خەج و سیامەند) دەهێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەی، ئاوێتەکردنی شێوازێکی دیکەی دەربڕینە وەکو بەیت، دواتر ئەمە وا لە خوێنەر دەکات، بەدوای ئەو وێنەیەشدا کە ئەم بەیتە دەیداتێ بگەڕێت. ئەمەیش بۆ خزمەتکردنی تێمەی عەشقی (ئازاد و مەلی) هەردوو کارەکتەری رۆمانەکەیە. ئەم فرەییە لە رەگەزی ئەدەبی لەنێو رۆماندا هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ئێستاتیکای رۆمانی نوێ، چونکە ((لە رۆمانی نوێدا بابەت گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە فۆرم و ستایلە کە ژیان دەکاتە بەر ئەم بابەتە بەوەی بگوێزرێتەوە بۆ خوێنەر))[2]. هەرچەندە ئاوێتەکردنی ئەم رەگەزانە لە خزمەتکردن بە تێمەی رۆمان بێبەری نابن، بەڵام مەبەستی سەرەکی بۆ بە هونەریکردن و دروستکردنی ئێستاتیکای رۆمانە.

ئاوێتەکردنی گۆرانی یەکێکی دیکەیە لەو رێیانەی بۆ بونیادی ئاوێتەکردن پەیرەو دەکرێت. رۆمانی (مندالّباز)ی (فەرهاد پیربال)، ئەم هونەری تێدا بەدی دەکرێت.

---

١. زیندەخەو، فەتاح ئەمیری، ل٥٤.

٢. من بەلزاکم کوشت، کۆمەڵێ وتووێژ، و: مستەفا زاهیدی، ل١٧٧.



((گۆرانییەکەی فازل عەواد لە تەلیفزیۆنە رەش و سپییەکەوە دادەرژایە ناو تەقەتەقی قاپ و کەوچك و قسەکانیانەوە:

لا خەبەر لا

چەفییە لا

حامز حلوو لا شەربەت...))[3].

مەبەستی سەرەکی رۆماننووس تەنیا بۆ قەناعەتپێکردنی خوێنەرە. واتا بۆ دروستکردنی واقیعێك لەنێو رۆمانەکەدا، تاکو خوێنەر هەست بکات ئەو واقیعەی دیتووە، چونکە ئەو گۆرانیبێژە، ناوادارە و خەڵك دەیناسێت. هەوڵدان بۆ قەناعەتپێکردنی خوێنەر لە رێی بونیادی ئاوێتەکردنەوە، یارمەتییەکی باشە بۆ رۆماننووس، هەروەها خوێنەریش لەو هونەرە بێبەش نابێت. لێرەدا خوێنەر کاتێك دەگاتە ئەم گۆرانییەی (عەواد)، رەنگە بە فلاشباك چەندین یادگاری و بیرەوەری خۆی بیربکەوێتەوە. -هەروەها لە رۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم) لەبەر ئەوەی باسی مێژووی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی شاری هەولێر دەکات، زۆر لە گۆرانییەکانی (شەهابە)ی هەولێری هێناوەتەوە، چونکە (شەهابە)یش یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان. لە لاپەڕەکانی (١٢٢، ١٤٩، ١٥٠، ٢٤٨، ٣٩٠) نموونەی گۆرانی و قۆریاتەکانی بە کوردی و تورکمانی هێناوەتەوە. لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر لەسەر یەك هەوا و ستایل دەقەکە نەخوێنێتەوە، جارناجارێکیش بە هەوا و ستایلێکی دیکە دەقەکە بخوێنێتەوە. دەتوانین هەریەك لەو رەگەزانە بە وێستگەیەك بچوێنین، کە

---

٣. مندالّباز، فەرهاد پیربال، ل٤١.

خوێنەر تیایـدا بـۆ ماوەیـەکی کـورت پشـوو دەدات بـۆ ئـەوەی تووشـی پاڵەپەستۆی زۆری ڕووداوەکان نەبێت.



## پێنجەم:
## فەزای جێکات (کرۆنۆتۆپ- chronotope)

یەکێك لەو کارە گرنگانەی، کە ڕۆماننووس لەناو ڕۆمانەکەیدا دەبێت بە شێوەیەکی هونەریی کاری لەسەر بکات، فەزایە. هەر ڕۆماننووسێك لە دروستکردنی فەزای ڕۆمانەکەی، فەزا بەگشتی، یان فـەزای هـەر تـوخم و ڕەگەزێك بێت، سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا ڕۆمانەکەی لـە ڕووی هونەرییـەوە لاواز دەبێت.

فـەزای جێکـات (کرۆنۆتـۆپ- chronrtope) یەکێکـە لـەو زاراوانەی باختین بۆ نێو ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی گواسـتییەوە. ئەم زاراوەیە لە زانستی بیرکاریدا هەیـە. پێشـتر (ئەنشـتاین) لـە تیـۆری ڕێـژەیی خـۆی بـەکاریهێناوە. بـاختین ((وا دەڕوانیتـە کرۆنۆتـۆپ، کـە یەکەیەکی هونەرییە بۆ کاری ئـەدەب لـە پەیوەنـدی بـە واقیعـەوە))[1]. ئەمەیش لە ڕێی لێکدانی کات و شوێنەوە دەبێت.

کەواتە کرۆنۆتۆپ وەکو شێوەیەکە لە ئەدەب، چونکە لێرەدا شـوێن و کات لەیەکدەدرێن بۆ شتە بەرجەستەکان بۆ دروستکردنی شێوەیەکی جیا، فۆرمێکی جیا، کات لێـرەدا خەسـت و چـڕ دەبێتـەوە، تـاکو شـێوەیەکی هونەری لێ دروست دەبێت، بەڵام شوێن بەهۆی ڕۆڵە بەهێزەکەیـەوە بـەرەو کات تا پلەی زامنکراو دەڕوات. نیشانەکانی کـات لـەم حاڵەتـەدا لـەنێو

---

١. میخائیل باختین و دراسات أخری عن الروایة، د.زهیر شلیبة، ص١٥.

شوێندا خۆیان دەردەخەن. کەواتە جێکات لە کاری ئەدەبی و هونەرییدا بە ئامادەیی کۆمەڵێك نیشانەی کات و شوێن دێتەئەنجام. هەروەها جێکات ((جێگرە، هەروەك لە تیۆری ڕێژەییدا هەیە، کە دەربڕی لێکجیانەبوونەوەی کات و شوێنە))[1]. مەبەست لە لێکجیانەبوونەوەی کات و شوێن ئەوەیە، هەردووکیان بەیەکەوە دەتوانن ئەو فەزایە دروست بکەن، ڕاستە کات و شوێن بە شێوەیەك لەیەکتر نزیکن، زۆرجار بە یەك توخم هەژمار دەکرێن، بەڵام لێرەدا ئەو فەزایەی ڕۆمانەکەی لەسەر بونیاد دەنرێت، جێکاتە، لەبەر ئەوەی هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری ڕاستەوخۆ بە جێکات بە قەبارە و شێوە و پلە جیاوازەکانەوە پڕە. باختین لە درێژەی توێژینەوەکان زیاتر ئەم زاراوەیەی بەرانبەر جۆری ئەدەبی دادەنا، واتا دوو وشەی هاوواتان (جێکات و جۆری ئەدەبی). باختین تەنیا بە ڕێکخستنی کات و شوێن نەوەستا، بەڵکو ڕایگەیان ئەو زاراوەیە هێندەی جیهان فراوانە. ((ئەوەی بڵاوکردەوە، کە جیهان خودی کرۆنۆتۆپە، لەبەر ئەوەی کات و شوێن دوو گوتەی بنەڕەتین بۆ هەر جیهانێکی خەیاڵی))[2]. ئەو جیهانەی ڕۆماننووس هەوڵی خوڵقاندنی دەدات، ئەو فۆرمەیە، یان ئەو شێوەیەیە، کە ڕۆماننووس بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی بەکاری دەهێنێت. فەزای جێکات

١. الفضاء الروائي في الرواية المغربية الحديثة، محمد منيب البوريمي، منشورات كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعة محمدالأول، وجدة، رقم:٥٢، سلسلة بحوث و دراسات، رقم:١٥، ص٤٠.

٢. مبدأ الحوارى، دراسة في الفكر ميخائيل باختين، تزفيتان تودوروف، ت: فخري صالح، ص١٠٩.



بە حوکمی ئەوەی لەنێو مۆسیقاشدا بوونی هەیە، لەم مەیدانەدا کرۆنۆتۆپ دەبێتە فرەیی لە دەنگ و ئاواز، چونکە بە لێکدانی کات و شوێن بۆ دروستکردنی یەك فەزا، یان یەك جۆر و شێوە، هەموو دەنگ و ئاوازەکان لە بۆتەی یەك میلۆدیدا دەژەندرێن، کاتێك ئەمە بۆ نێو ڕەخنەی ئەدەبی دەگوازینەوە دەبێتە هۆی فرەیی لە کارەکتەر و پێشکەشکردنی ئایدیۆلۆجیاکان و زمان و شێواز... تاد.

باختین لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی (کێشەی کات و کرۆنۆتۆپ لە ڕۆماندا) لەنێوان ساڵانی (١٩٣٧- ١٩٣٨)دا ئەم باسەی بەرباس دا. لە ساڵی (١٩٧٤) چەند بەشێکی لێ بڵاوکردەوە. لەم توێژینەوەیەدا باختین چەند جۆرێکی لە کرۆنۆتۆپ دیاریکردووە. هەریەك لەم جۆرانەیش لەناو ڕۆماندا گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە، جۆرەکانی وەکو ((کرۆنۆتۆپی بەیەکگەیشتن، کرۆنۆتۆپی ڕێ، کرۆنۆتۆپی لێکترازان، کرۆنۆتۆپی کەرنەڤاڵی، کرۆنۆتۆپی ماڵئاوایی))[3]. هەریەك لەم جۆرانەیش خاسییەتی تایبەتی خۆیان هەیە.

جێکاتی (کرۆنۆتۆپ) بەیەکگەیشتن جۆرێکی کاتە بە ئاستێکی بەرزی سۆزداری، بۆ نموونە کارەکتەر کاتێك لە نیشتمان دوور دەکەوێتەوە، یان دادەبڕێت، کە دەکەوێتە بیرکردنەوە لە نیشتمان ئەوەندە سۆزی دەجووڵێت، لەم ڕێیەوە هەوڵی گەیشتن بە نیشتمان دەدات، بۆ ئەم مەبەستەیش کات و شوێنەکە لێکدەدات، کاتی ڕابردوو و شوێن، لەگەڵ کاتی ئێستای گێڕانەوەی ڕۆمان لێك دەدرێت بۆ دروستکردنی ئەم فەزایە.

٣. ميخائيل باختين و دراسات أخرى في الرواية، د.زهير شليبة، ص١٦.

بەڵام هەرچی کرۆنۆتۆپی ڕێیە، ((هەموو ئەو بە یەککگەیشتنانەی لە ڕێیەك، یان شوێنێك، کە زۆربەیان بەسەرچوونە، یان بەیەککگەیشتنە بە ڕێککەوتەکان (لەناکاوەکان)، وەکو بەیەککگەیشتنی نەتەوە و ڕەگەزە جیاوازەکان لە چەقی ڕێدا))[1]. ئەمە هەموو بەیەککگەیشتنێکی نێوان هاوڕێکان، یان هەر کەسێکی دیکە، کە ماوەیەکی زۆر لە یەکتری دابڕاون، دەگرێتەوە.

لێرەدا شوێن دەبێتە شانۆیەك بۆ ئەنجامدانی پرۆسێسەی بەیەککگەیشتن، ئەویش لە کاتی ئێستاییدا، بێگومان ئەمەیش دوو جۆر ڕێ دەگرێتەوە، ڕێی بەرجەستە وەکو شەقام و شوێنە گشتییەکان... تاد، کە مرۆڤەکان/ کارەکتەرەکان بە ڕێکەوت دوای دابڕانێکی زۆر بە یەکتری دەگەنەوە. ڕێیەکی ڕۆحیمان هەیە، وەکو ئەو ڕێیانەی پیاوە ئاینییەکان، سۆفییەکان بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و خودا دەیگرنەبەر. ((ئەمەیش ئاماژەیە بۆ ئەو فەزا کاتی و شوێنییەی هەوڵی ڕێکخستنی ئێستا بە ڕابردوو دەدات))[2].

کرۆنۆتۆپی لێکترازان (جیابوونەوە، ماڵئاوایی)، پەیوەندی بە گیروگرفت و نارەحەتییە دەروونییەکان و لەناوچوونی خەونەکانەوە هەیە. هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە کارەکتەرە لە کاتێك لە کاتەکان تێیدا شکستی هێناوە، یان تووشی کێشەیەکی ناخۆش بووە، بە گەیشتنی

١. سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢. الزمن في الرواية الحديث، امينهة رشيد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٨، ص١٣.



کارەکتەر بۆ ئەو شوێنە، کاتی بەسەرچووی (کاتی شکستخواردن لەو شوێنە) لەگەڵ ئەو شوێنە بەیەك دەگەن و فەزایەکی دروونی لای کارەکتەر دروست دەبێت.

ئەم فەزای جێکاتە بە شێوەیەکی خێرا و لەناکاو دێتە پێش، بۆ نموونە کارەکتەرێك لە شوێنێکی گشتی لەناکاو ڕێکەوتی هاوڕێیەکی منداڵی دەکات، یان بەهۆی لەناکاو بینینی شوێنێك، کاتێکی ڕابردووی بیردەکەوێتەوە... واتە خێرایی و ڕێکەوت دوو بنەمای سەرەکیی فەزای جێکاتن. باختین جیاوازی نێوان ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی و تۆڵستۆی لە خولقاندنی فەزای جێکاتدا دەبینێتەوە. ((تۆڵستۆی گرنگی بە کرۆنۆتۆپی ژیاننامەیی دەدا، وەکو ژیاننامەی خانەدانەکان لەنێو کۆشکی گەورە و فراوان و باخچە و گۆڕانییەکانیان. هەروەها پێیوایە تۆڵستۆی گرنگی بە ڕوودانی خێرا و لەناکاو نەداوە. بە پێچەوانەی دیستۆیفسکی، هەروەها تۆڵستۆی ڕووداوەکانی هێواش و زۆرن، لە سێبەر و ژێر دار و دارستان و باخچەکان ڕوودەدەن. بە پێچەوانەی جیهانی دیستۆیفسکی، ڕووداوەکان خێرا و لەناکاو ڕوودەدەن))[3].

خێرایی لە ڕوودان کاریگەری لەسەر کاتی گێڕانەوە دەبێت. بەرەو کورتی و چڕی دەبات، هەوڵدەدات پەیوەندییەك لەنێوان کاتی ڕابردوو و کاتی ئێستای ڕۆمان دروست بکات، بەڵام لە ڕوودانی هێواش و ژیاننامەیی، کات بە شێوەیەکی زنجیرەیی دەڕوات، وەسف زۆر دەبینرێت، ئەمانەیش هەموو کاردەکەنە سەر فەزای ڕۆمانەکە، چونکە لەو کاتەدا

٣. میخائیل باختین و دراسات أخری عن الروایة، د.زهیر شلیبة، ص١٧- ١٨.

یەك فەزا بوونی دەبێت، بەڵام لە كرۆنۆتۆپ كارەكتەرەكان بە لێكدانی كات و شوێن فەزا دروست دەكەن، كە دەبێتە هۆی فرەیی لە كارەكتەر، شێوازی گێڕانەوە، زمان.

ڕۆماننووسانی كورد بەتایبەت دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)، هەوڵی خۆ نوێكردنەوەیان داوە. بۆیەیش زیاتر پشتیان بە ڕووداوی خێرا و لەناكاو بەست، هەروەها بایەخیان بە كارەكتەر و تاكی نێو ڕۆماندا، خۆیان لە وەسفكردنی درێژ بەدووركرتووە. بەمەیش لە تەكنیك و شێوازی نوێی ڕۆماننووسین نزیكبوونەوە. فەزای كرۆنۆتۆپ سەرشار بە تەكنیك و هونەرە، چونكە ڕۆماننووس دەبێت هەوڵی بە یەكەوە گرێدانی دوو كات و شوێن، بدات، بۆ ئەمەیش پێویستی بە تەكنیكی فلاشباكە، بەڵام لە هەمان كاتدا دەبێت كاتی ئێستای ڕۆمانەكەیش ئامادەیی هەبێت، واتە پێیەكی لە ڕابردوو و پێیەكی لە ئێستادا بێت.

لە ڕۆمانی (ئیلشا)ی (دیدار مەسیفی)دا لە زۆر شوێندا بەر فەزای جێكات دەكەوین. بە حوكمی ئەوەی كارەكتەر وەكو پەناهەندەیەك لە ئەڵمانیا دەژیەت و دوورە لە نیشتمان و یادگارییەكانی. بۆیەیش هەر شوێنێك، یان بیرهاتنەوەی قسەیەك بۆ ڕابردوو و نیشتمانی دەگەڕێنێتەوە.

((پاش خۆ شووشتن، دڵشاد خەریكی ئامادەكردنی قاوەڵتی دەبێت، سەر مێزەكە بە زەیتون و پەنیر و هەنگوین لەگەڵ كولێرەی بە كونجی توركی دەڕازێنێتەوە. بەدەم خواردنەوە بیر لە نەخۆشییەكەی دەكاتەوە و ئەو قسەیەی خوشكە تاقانەكە بیردێتەوە كە وەك پیرپندۆك هەردەم بە



گوێیەكانی دەیچرپاند (برای شیرینم، ئەگەر مرۆڤ پارەكەی نەدات بە خۆراكی چاك، ١٠٠٪ ڕۆژی دوایی دەبێ بیدات بە دەرمان).

دەیگوت: (دڵەگیان كە سەفەرت كرد ئەم قسەیەی من لە بیرنەكەیت، نەكەیت لە خەمی ئێمە خۆت برسی و نەخۆش بكەیت).

دڵشاد چاوەكانی پڕ ببوون لە ئاو و زوو ئەو خەیاڵانەی لە مێشكدا وێڵكرد. بیری لە دوێنێكە دەكردەوە كاتێك هەستی كردبوو ئەو خۆشحاڵترین مرۆڤی سەر رووی زەمینە، پاش ئەوەی بۆ یەكەمجار لەوەتەی شار و وڵاتی بە جێهێشتووە گوێی لە دەنگی خوشكە تاقانەكەی بێت))[1].

ئەگەر سەیری ئەم پەرەگرافەی سەرەوە بكەین، فەزای جێكات لە جۆری بەیەككگەیشتن دەبینین، چونكە كارەكتەر لە ڕێی ئەو خواردنانەی لەسەر مێزەكەی دایناون قسەكانی خوشكی بیردەكەوێتەوە، هەر لەنێو كاتی ئێستای گێڕانەوەیش قسەكانی خوشكی (كە لە ڕابردوو كردوونی) تێكەڵ بە گێڕانەوەی ئێستا دەكات. كاتی ڕابردوو لەگەڵ شوێنی ئێستای ناو ڕۆمانەكە لێكداوە بۆ دروستكردنی فەزایەكی نوێی گێڕانەوە. لەناكاو و خێرا ئەمە ڕوویدا، پێشتر هیچ خۆئامادەكردنێكی بۆ ئەم بیركەوتنەوەیەی نەبووە. بەڵكو بەهۆی دیتنی خواردنەكانی سەر مێزەكە ئەوەی بیركەوتۆتەوە. هەروەها بەهۆی ئەم بیركەوتنەوەیە سۆزی كارەكتەر بۆ پلەیەكی بەرز هەڵچووە، تا ئاستی فرمێسك هاتنە خوارەوە، لەم ڕێیەوە هەوڵدانە بۆ گەیشتنی بە خوشكەكەی، هەرچەندە لە ڕێی خەیاڵەوە بێت.

---

١. ئیلشا، دیدار مەسیفی، ل١٩.

لێرەوە ((پەیوەندی کات و شوێن لە چوارچێوەی بەردەوام و فرەییەکان بە ڕەگەزەکانی دیکەی گێڕانەوە بە دیاردەکەوێت، بەتایبەت کارەکتەر))[1].

کارەکتەری ئەم ڕۆمانە بەهۆی ئەوەی وادەی مردنیان بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە پێ گوتووە، بە بینینی هەر شتێك بۆ ڕۆژانی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. لە لاپەڕە (٣٩) کاتێك حەمام دەکات و خۆی دەشوات، ئەو ڕۆژانەی دێتەوە یاد کە لە ئەستەنبوڵ لە چێشتخانەیەك کاری کردووە و لەگەڵ کچی خاوەن چێشتخانەکە لە بەیانییەکەوە تا ئێوارە بۆ بازار چوونە. ئەم گەڕانەوەیە هەمیشە حەزکردنە بە ژیان، لەلایەکی دیکە ڕۆماننووس لە ڕێی ئەم فلاش باکانەوە فەزای جێکات دروست دەکات. کاریگەری لەسەر فرەیی لە چیرۆك و ڕوودا و کارەکتەر دەبێت، چونکە کاتێك لە ڕێی لێکدانی کات و شوێن فەزایەك دروست دەکات، کارەکتەر بۆ چیرۆکێك، بەسەرهاتێکی، بیرەوەرییەکی خۆی دەگەڕێتەوە، بەمەیش چیرۆکێکی دیکە دێتە ناوەوە، کارەکتەر لە ڕووی دەروونییەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، چونکە ئازارە کپبووەکانی ئەو کاتانەی بیردەکەوێتەوە. لێرەوە هەوڵدەدات ئەو ڕووداوانە زیندوو بکاتەوە، تاکو نەمریی پێ ببەخشێت.

لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی (عەتا نەهایی)دا، لەسەرەتای ڕۆمانەکە ڕۆماننووس لە زۆر شوێن پەنا بۆ فەزای جێکات دەبات. لەپێناو

١. زمكانية النكبة في رواية ( صيادون في شارع ضيق) لجبرا ابراهيم جبرا، د.وليد غنور، الموقع:
www.iugazaedu.ps/ar/colgupload/decuments/arts/%d8%a7



ئەوەی بۆ ڕابردووی (هەڵاڵە) و بنەماڵەی بگەڕێتەوە. هەموو ئەم گەڕانەوانەیش لە ڕێی کارەکتەر (هەڵاڵە)وە دەبێت. کاتی ڕابردوو لەگەڵ شوێن و کاتی ئێستای گێڕانەوە ئاوێتە دەکات، فەزایەکی هەنووکەیی لێ دروست دەکات.

((هەڵاڵە تروسکەی شادی چاوەکانی دایکی لەبیر نەبوو، فرمێسکەکانی لەبیر بوو، لەو ڕۆژەوە کە یەکەم دڵۆپ لە گۆشەی چاوی دایکییەوە ڕژابووە سەر گۆنای بچووکی، تا ئەو ڕۆژە کە بانگی کردبوو، گوتبووی (وەرە کچەکەم، وەرە خۆت حازر بکە، دەبێ بڕۆین).

ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێك بوو؟ چ ڕەنگێك بوو؟ زەرد، سەوز، شین یان سوور؟ یادەوەرییەکانی هەڵاڵە ڕەنگین بوون، وەك خەونەکانی. لە خەون و یادەوەرییەکەشیدا هەمیشە ڕەنگێك ڕەنگی زاڵ بوو. زەرد، سەوز، شین، سوور، قاوەیی...

هەموویان بۆ ڕەقنە و ژەنگاوی ، هەموویان کۆن، وەك مژێکی ڕەنگیی کە هەموو شتەکان و کەسەکانی لە خۆ گرتبێت. وەك تەنکە تەمێکی ژەنگاوی کە بەسەر ڕەسمە کۆنەکاندا دەکشێت))[2].

(هەڵاڵە)ی کارەکتەر لە کاتی ئێستای گێڕانەوە لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە، وەگێڕ لە ڕێی بیرکردنەوەی (هەڵاڵە) بۆ ژیان ڕابردووی هەوڵی خستنە ڕووی ژیانی منداڵی (هەڵاڵە) و بنەماڵەکەی دەدات. لەبەرئەوەی کارەکتەر لە ئێستادا لەگەڵ مێردەکەی لە کێشەدایە، بۆیەیش هەمیشە هەوڵی ڕاکردن لە کاتی ئێستا بۆ کاتی ڕابردوو دەدات، ئەو یادەوەرییانەی

٢. گرەوی بەختی هەڵاڵە، عەتا نەهایی، ل٤٤.

لەوێدا هەیەتی چێژ و خۆشی پێدەبەخشن. کاتی ڕابردووی کارەکتەر بەهۆی یادوەرییەکانییەوە لەگەڵ شوێنی ئێستای کارەکتەر لە یەکتری جیا نەبوونەتەوە، واتە کاتەکە بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی کارەکتەرە، بۆ هەر شوێنێك بڕوات لەگەڵیەتی، تەنیا ئاماژەیەك، یان شوێنێك کە بتوانێت ئەو یادوەرییانە بجووڵێنێت، بەسە. لێرەوە سەرتاپای ژیانی منداڵی و بنەماڵەی کارەکتەر دەگێڕدرێتەوە. واتە وەگێڕ لە ڕێی فەزای جێکاتەوە، بە شێوەیەکی هونەری ژیانی منداڵی ئەو کارەکتەرەمان بۆ باس دەکات.

لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)ی (بەختیار عەلی)دا، کاتێك (عەتار) بۆ مامۆستایەکی خەیاڵ بۆ (مەهناز مارۆ) دەگەڕێت. (تریفە یابەحری) و (غەزەلنووس) دەبینێتەوە. کاتێك ئەم دووانە بە ڕێککەوت و لەناکاو لە ماڵی (سەیفەددین مارۆ) یەکتری دەبینن، (تریفە) هەست بە نزیکایەتییەك لەگەڵ (غەزەلنووس) دەکات. ئەمە لە شوێنیکی وەکو ماڵی (سەیفەددین مارۆ) لەناکاو و خێرا ڕوودەدات، دروستکردنی ئەم فەزایەش زەمینەسازییە بۆ ڕووداوی دیکە.

((لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بڵێم کە تریفە لەگەڵ شەوی یەکەمەوە هەستی بە جۆرە نزیکایەتییەکی ڕۆح و خزمایەتی دڵ لەگەڵ غەزەلنووسدا کرد. نا غەزەلنووس بەو قژە لوولەیەوە، بەو چاویلکە بچووکەیەوە، لەو کوڕانە نەبوو لە نیگای یەکەمەوە حەیرانیان بێت، بەڵام شتێکی تێدا بوو، نیگایەکی تایبەتی، سیحرێك کە لە مرۆڤە ناوازە و تایبەتییەکاندا هەیە، جۆرە جەزبێکە پەیوەندی بە جوانییەوە نییە، بەڵکو هەندێجا لە جوانی بەهێزترە...



کە گەڕایەوە بۆ کارخانەی مافوورەکە بەدرێژایی شەو دەیویست غەزەلنووس لە خەیاڵی خۆی دەربکات، دەیویست بیری لێ نەکاتەوە، بەڵام نەیتوانی، جۆرە ئامادەگی و سەیرکردن و وەستانێکی هەبوو تریفە یابەحری بۆی فەرامۆش نەدەکرا. ڕووخسار و قسەکردن و نیگاکردنی ئەو کوڕە بەجۆرێك بەسەریدا زاڵبوو، وەخت هەمان شەو تەلەفۆن بۆ عەتار بکات و ناونیشانی ماڵەکەیان بپرسێت))[1].

ئەم فەزایە لە جۆری جێکاتی ڕێیە، چونکە تریفە لەناکاو و خێرا لە شوێنێك غەزەلنووس دەبینێت، هەست دەکات نزیکایەتییەکی لەگەڵدا هەیە، بەڵام لێرەدا ڕوون نەکراوەتەوە. ئەگەر خوێنەر بۆ بەشەکانی سەرەتای ڕۆمانەکە بگەڕێتەوە، ئەوا بۆی بەدیار دەکەوێت هەردووکیان بەرهەمی خەیاڵن، واتە دایکی (تریفە)، لە ئێرەیی بردن بە براژنەکەی، کە منداڵی بەزگ کەوتووە، خەیاڵ دەکات و (تریفە)ی بە زگ دەکەوێت. باوکی (غەزەلنووس)یش عاشقی ژنێکە، بە خەیاڵ لەگەڵی دەخەوێ و (غەزەلنووس) دێتە بوون. ئەم دیدارە کاریگەری لەسەر دەروونی (تریفە یابەحری) بە شێوەیەکە، تەنانەت ناتوانێت شێوەی (غەزەلنووس) لە بیرخۆی بەرێتەوە. ماڵەکە بووە بە شانۆی ئەم یەکتر بینینە، ئەمە زەمینەسازییە بۆ دروستکردنی چیرۆکی دیکە، لێرەوە وەگێڕ بە خوێنەر دەڵێت لە پشت ئەم یەکتر بینینە چیرۆکێك خۆی حەشارداوە.

ئێستاتیکای فەزای کرۆنۆتۆپ لەوەدایە، جگە لەوەی فرەیی لە چیرۆك و کارەکتەر دێتە ناوەوە، چیرۆکەکە بەسەر ڕابردوو و ئێستادا دەکرێتەوە،

١. غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، بەختیار عەلی، ل١٤٦.

گواستنەوەیەك ڕوودەدات، کە هیچ سنوورێك و نێوانێك لەنێوانیاندا نامێنێت، لێرەدا کات سفر دەبێتەوە. زۆرجار فەزای کرۆنۆتۆپ بەهۆی کاتەوە دەبێتە چیرۆکی سەمەرە بەرهەمدێنێت. بۆیەیش باختین هەمیشە پێداگری لەسەر ئەم فەزایە دەکات و دەڵێت: ((کرۆنۆتۆپ هاوشێوەبوونی تایبەتمەندی کات و شوێن لەنێو هەموو ڕەگەزێکی ئەدەبی))[1]، بەڵام لێرەدا نابێت ڕۆڵی شوێن و کارەکتەر لەبیر بکرێت، چونکە ئەمانیش دوو پێکهاتەی سەرەکیی فەزای کرۆنۆتۆپن. ئەگەر کارەکتەرمان نەبێت، یادوەریی کێ بۆ کاتی ڕابردوو بگەڕێتەوە؟ کاریگەرییە دەروونییەکان تەنیا لەسەر کارەکتەر بە دیاردەکەون. لێرەدا ((وەگێڕ ڕووی ناوەوە و دەروون و فیکری کارەکتەرمان بەرانبەر دیمەنی دەرەوە بۆ بە دیاردەخات، ئازادی وێناکردن بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ))[2]. لە ڕێی دروستکردنی ئەم فەزایەوە خوێنەر ئاگادار و شارەزای دەروون و ڕووخساری کارەکتەر دەبێت. هەروەها شوێنیش ڕۆڵی خۆی هەیە، ئەویش لە دانانی کاریگەری لەسەر دەروونی کارەکتەر، یان بەیەکگەیشتنی بە ڕێککەوت، لێرەدا شوێن دەبێتە شانۆیەك بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و لێکدانی کاتی ئێستا و ڕابردوو بۆ دروستکردنی فەزای کرۆنۆتۆپ.

١. مكونات السرد الفنتاستيكي، شعيب حيلمي، مجلة فصول، العدد:٤، مصر، ١٩٩٣، ص٨٦.

٢. الهجائي في المخيال السردي في الف ليلة و ليلة، سميرة بن جامع، رسالة ماجستر في الأردن العربي، كلية الأداب والعلوم الانسانية، جامعه الحاج لخضر، باتنة، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ص٧١.




**شەشەم:**

**فەزای دەروازە (فضاء العتبة)**

ئاشکرایە ڕۆمانی فرەدەنگی لەسەر ململانێی کارەکتەرەکان وەستاوە. هەمیشە لە ڕۆمانی فرەدەنگدا بەریەککەوتن و کێشە و ململانێ بە بەردەوامی بوونی هەیە. ئەم ململانێ و بەریەککەوتنانە پێویستی بە دەروازەیەك هەیە. هیچ ڕۆمانێکی فرەدەنگ بێ دەروازەی هونەری نابێت. مەبەست لە دەروازە تەنیا دەسپێك نییە، بەڵکو مەبەستمان لەو شوێنانەیە، کە کارەکتەر تێیدا دەژیەت، یان ئەو شوێنانەی شوێنی دوژمنایەتی و دوودڵی و مردنن. ئەو ((شوێنانەن وەکو دەروازەی چوونە ژوورەوە، ڕاڕەو، دەرگاکان، ئەو پەنجەرانەی دەڕواننە سەر شەقام، هەروەها ئەو فەزایانەی وەکو بانەکان، کوخ، کەندوڕ، پاپۆڕ، ئۆتۆمۆبیل، شەمەندەفەر، بە گوتەیەکی دیکە فەزای دەروازەیی- هەروەك باختین دەیبینێ- دەربڕی هەڵوێست و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانە لەو شوێنانەی ناوەناوە لێی دەژین، کات لەوێدا کاتی ململانێ و بەریەککەوتنە، لەبەر ئەوەی بارگاوییە بە ڕاڕایی و دوودڵی و بەریەککەوتن و کردنی پرسیارە جەوهەرییەکان))[3]. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکەین بوونی پەیوەندی و ڕایەڵەیە لەنێوان توخمەکانی (کارەکتەر، شوێن، کات)، بەهۆی لێکدانی

٣. الفضاء الروائي في الغربة، الأطار والدلالة، محمد منيب البوريمي، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٣، ص٢٢- ٢٣.

ئەم سێ توخمە و بەریەککەوتنیان ململانێ دروست دەبێت، وەکو لەم هێڵکارییەدا ڕوون دەبێتەوە:




لە ئەنجامی بەریەککەوتنی هەموویان فەزایەك دروست دەبێت.

ڕۆماننووس دەبێت زۆر هونەرییانە کار بۆ لێکدانی ئەم سێ توخمە بکات، بەمەبەستی دروستکردنی فەزایەك، بۆ ئەوەی خوێنەر لەوێوە بچێتە ژوورەوە، هەروەها کارەکتەرەکانیش لەو دەروازانە دەڕواننە دەرەوە و فەزایەك لە بیرومێشکیان دروست دەکەن.

فەزایەکان زۆرجار کراوەن وەکو: ڕاڕەوەکان، مەیدانەکان، یان دەروازە ناوەندەکان، کە ژوورەوە و دەرەوە لە یەکتری جیا دەکەنەوە وەکو دەرگا. لەگەڵ ئەم فەزایانە و ڕوانین لێیان بۆ دەرەوە، کارەکتەر بیرکردنەوەیەکی بەرانبەر جیهان لەلا دروست دەبێت، چارەنووسی لەژێر ڕۆشنایی چارەنووسی ئەوانی ترە، کە لە هەمان جیهان و ژینگە لەگەڵی دەژین، دیاری دەکات.

لێرەدا شوێن گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە هەموو فەزاکان لە شوێنێکدا دروست دەبن. ((فەزا یان ڤالاّیی دەق کە پەیوەندییەکی پتەوی بە شوێنەوە هەیە چەند فراوانتر و کراوەتر بێت ئەوا شوێنیش بایەخدارتر



دەکات و ڕەهەندەکانی جوانتر دەبێت))[1]. ئەم شوێنانە لەگەڵ ئەو کاتەی کارەکتەر بە دەروونێکی پڕ لە دوودڵی و ململانێ تێپەڕ دەبێت تێکەڵ دەبن و فەزای دەروازەیی دروست دەبێت.

فەزای دەروازەیی بەسەر دووجۆردا دابەش دەبێت، فەزای کراوە و فەزی داخراو. فەزای کراوە، هەندە خۆی بە سنوور و چوارچێوەوە خەریك ناکات، بە واتایەکی دیکە سنووردار و داخراو نییە، نموونەی وەکو: کۆمەڵگە، سرووشت... تاد، بەڵام فەزای داخراو، ئەو فەزایەیە کە سنوورێکی هەیە، چوارچێوەیەکی هەیە، ((دەتوانرێت تا ڕادەیەك دەست بەسەر ئەدگارە دەورووبەرەکەیدا بگیرێت، ئەگەرچی مانایەکی قووڵیشی لەنێو خۆیدا حەشاردابێ، وەکو: پانتایی، خانوو، گۆڕەپان، باخچە، قوتابخانە، گۆڕستان... تاد))[2]. زۆرجار ئەم دوو فەزایە بەنێو یەکدا ڕۆدەچن و تێکەڵی یەکتر دەبن، ئەم تێکەڵبوونە نیشانەی لە یەکتر نزیکی ئەو دوو فەزایەیە، بۆ نموونە فەزایەکی کراوەی وەکو کۆمەڵگە کاتی وا دەبێت مرۆڤ لە دەست زوڵمێك، واقیعێکی نێو کۆمەڵگە هەڵبێت و خۆی لە ژوورێك، یان خانوویەك (فەزایەکی داخراو) بەند بکات. لێرەدا پرۆسێسەی گواستنەوە ڕوودەدات، چونکە کارەکتەر ناتوانێت لەنێو فەزا کراوەکەدا پرۆسێسەی بیرکردنەوە و ژیان ئەنجام بدات، ناچار پەنا بۆ فەزایەکی داخراو

١. چیرۆکی کوردی، سابیر ڕەشید، ل٢٦.

٢. فۆرمەلەبوونی فەزای کراوە لەنێو فەزای داخراو، سیامەند هادی، www.chrakan.com/jimare-610.html .

دەبات، لە پەنجەرەیەکەوە، لە دەلاقەیەکەوە سەیری دەرەوە دەکات و فەزایەك بۆ خۆی دەخولقێنێت.

یان بە پێچەوانەوە کارەکتەر لە فەزایەکی داخراو/ ناوەوە بەرەو فەزایەکی کراوە/دەرەوە دەچێت. لێرەدا کارەکتەر هەست بە کراوەیی و بیرکردنەوەیەکی ئەرێی سەبارەت بە دەرەوە واقیع دەکات، باختین ڕای وایە کارەکتەر بە شێوەی ئەرێی کارلێك لەگەڵ فەزای کراوەدا دەکات، چونکە هەموو دەروازەکانی بیرکردنەوەی لەبەردەمدا کراوەن. هەرچەندە زۆر لە توێژەران فەزای دەروازە بە جۆری داخراو دەبەستنەوە، کە تێیدا کارەکتەر لە ململانێ و دوودڵیدا بێت. باختین لەبارەی شوێنی فەزاوە ((چوارجۆر شوێن دیاری دەکات، هەریەکەیان بەگوێرەی ئەو ڕۆڵەی لە ڕۆماندا دەیگێڕێت، ناوێکی لێ دەنێت. ئەوانیش شوێنی ناوەوە، شوێنی دەرەوە، شوێنی دژیەك، چوارەمیان ناوی فەزای دەروازە (فضاء العتبة)ی لێ دەنێت، وەکو ڕاڕەوێك کارەکتەر هاتوچۆی تێدا دەکات وەکو: دەرگا، پەنجەرە، بارهەڵگر، ئۆتۆمۆبێل و پاپۆڕ.. تاد))[1]. ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد (فەزای کراوە و داخراو) دەکەوێتە بەشی فەزای دەروازەوە.

فەزا ڕۆڵێکی گەورە لە بە ئێستاتیکاکردنی دەق دەگێڕێت، چونکە ((شێوەی گێڕانەوە، تێهەڵکێشکردنی دەق و بیروڕای نووسەر لەسەر ڕووداو- ئاستەنگ- گەردوون- کەسەکان، ئەمانە بەشێکن لە فەزای

١. بنية النص السردي من منظور النقد الأدبي، د.حميد الحمداني، المركز الثقافي العربي، ١٩٩١، ص٦٣.



ڕۆمانی نوێ))[2]. واتە فەزا فرەییەك لەمانە دروست دەکات. کۆکردنەوەی هەموو ئەو توخم و ڕەگەز و ئایدیۆلۆجیایانە لەژێر چەتری فەزادا دەبێت. ئەو جوانییەی فەزای دەروازە دەیبەخشێت، بوونی ئەو دوودڵی و ململانێییەیە، کە چیرۆکێك، ڕووداوێك، بیرکردنەوەیەکی لە پشت خۆی حەشارداوە. ئەو دوودڵی و ململانێیانە بەرەو فەزا دروستکردن پاڵ بەکارەکتەرەوە دەنێن.

ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)[3]ی (جەبار جەمال غەریب)، ڕۆمانێکە، کارەکتەرەکانی هەمیشە لە دوودڵی و ململانێدان. (کاکۆ)ی کارەکتەر کاتێك بۆ ماڵی پووری لە دێیەك لەسەر سنوور دەچێت، ڕۆماننووس لە ڕێی فەزای دەروازەوە باسی ژوورێکمان بۆ دەکات، ئەو ژوورە بۆ کارەکتەر دەروازەیەکە.

((دایکم بزەیەکی پڕ فەرامۆشی بۆ دەکرد و ئەویش هەر بە پەلە دەچووە ژوورەکەی پشتەوە، ئەو ژوورەی کەوتبووە پشت ژووری نووستنی دایکییەوە، کاکۆ دواتر زانی ئەوێ هەر تەنها ژوورێك نییە لە ماڵێکدا، ئەوی تەنها ژوورێکە لە وڵاتێکی ئەورووپیدا، نا ئەوێ مەیدان و کاروان سەرایە، ئەوێ شوێنی کۆچ و کۆچباری ئەرمەنییەکانە، ئەوێ شوێنی

٢. فۆرمەلەکردنی فەزای کراوە لەنێو فەزای داخراو، سیامەند هادی، ئەویش وەریگرتووە ئاماژەی بە ناوی گوتار و نووسەرەکە نەکردووە تەنیا ئاماژەی بە سەرچاوەکە کردووە: گۆڤاری کاروان، خولی ڕاپەڕین، ژمارە: ١٢، ١٩٩٤.

٣. پێنجەمین کتێب، جەبار جەمال غەریب، ڕۆمان، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩.

نیگای پڕ ترسی ژنان و کچە ئەتککراوەکانە، شوێنی کوژرانی ئەو منـاڵ و پیر و پەککەوتانەیە نەیانتوانی بڕۆن و بەجێیان بێڵن))[1].

لێرەدا فەزایەکی داخراو بوونی هەیە، ژوورێکە لەوێوە دەروازەیەکە بۆ دیتنی دەیان کارەسات و ڕووداو و ململانێ، دەیان بەرزی و نزمی و دوودڵی کارەکتەر دەبیندرێت. فەزایەکە، دەروازەیەکە کارەکتەر دەتوانێت هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر ئەرمەنییەکان و کوژرانی منداڵ و پیر و پەککەوتە و ئەتککردنی کچانی تێدا ببینێت. لە ڕێی ئەو دەروازەیەوە کارەساتێکی گەورەمان بۆ باس دەکات فەزایەکی وای دروستکردووە، خوێنەر دەتوانێت دیمەنەکان، کوشتارەکان وێنا بکات، فەزا یارمەتی خوێنەر دەدات، چونکە ناکرێت ڕۆماننووس هەر ڕووداوێك بگێڕێتەوە، ورد و درشتی باس بکات، بەڵکو لە ڕێی دروستکردنی فەزاوە، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، واتە هەندێکی باس دەکات و هەندێکی لە ڕێی فەزاوە بە خوێنەر دەدات ،کە خۆی وێنای بکات.

ڕۆمانی (دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان)[2]ی (یووسف عزەددین)دا، لە پەنجەرەیەکەوە کارەکتەر فەزایەکمان نیشان دەدات، کە دەروونی پڕە لە ڕاڕایی و دوودڵی.

((کە ڕوانیمە دەستە ڕاستی کۆڵانەکە کچێکی لا سووتاو لەبەر پەنجەرەیەکی بە نایلۆن گیراوم بینی، گەرچی لێو و قوڕگ و زاری

١. سەرچاوەی پێشوو. ل٨٤.

٢. دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان، یوسف عزەددین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.



نەدەبزواند، بەڵام پێدەچوو ئاوازەکە لە قووڵایی ناخی ئەوەوە بێتەدەر، دەنگی تەقینەوەی بۆمبایەك کەمێك ڕایچڵەکاندم، تەماشای (نەوا)م کرد، کە کەمێك لە سەرووی باڵەخانەکەوە چاوەڕێی دەکردم کە بۆ دووەمجار ڕوانیمە پەنجەرەکە کچەکەم نەبینییەوە. دەنگێکی هێندە کاریگەر بوو، کە لەوەو بەدوا نەدەکرا لە مێشکی خۆمی بسڕمەوە و لە یادی خۆمی بەرمەوە. هەر کاتێکیش زۆر خەمبار بوومایە لەبەرخۆمەوە دەکەوتمە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگەی کە پێدەچوو بەسەرهاتی وڵاتێکی دابەشکراو و سەرگوزەشتەی شارێکی خاپوورکراو و حەکایەتی هەموو مرۆڤێکی داماو و کڵۆڵ بگێڕێتەوە))[3].

فەزای دەروازە لێرەدا کراوەیە، وەگێڕ/ کارەکتەر لە کۆڵانێکە، لە هەمان کاتدا فەزایەکی داخراویشمان هەیە، کە کچێکە لەودیو پەنجەرەیەکی بە نایلۆن گیراو لەو دەڕوانێت. ئەگەر سەیری دەروونی کارەکتەر لە ڕێی قسەکانییەوە بکەین، لە کەسێکی دەروون ئاڵۆز و پڕ کێشە و ململانێ دەچێت. لێرەدا هەست بە کاریگەری شوێن دەکەین، چونکە ((جەستەی مرۆڤ بۆ شوێن دەکشێ، بەپێی یاساکانی چێوە دەگرێ، لێرەدا ئاسان نییە هێڵێك دیاری بکەین، کە جەستە لە چێوەی شوێن جیابکەینەوە))[4]. ململانێی بیرکردنەوەکانی کارەکتەر بە ڕوونی دیارە، دەیەوێت لە ڕێی ئەم دەنگەوە وێنای کۆی حەکایەتی شارە خاپوورکراوەکان

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

٤. شعرية المكان في الرواية الجديدة، خالد حسين حسين، مؤسسه اليمامه الصحفية، الرياض، ٢٠٠٠، ص ٦٤.

بکات، سەیرکردنی پەنجەرەکە و بینینی کچێك لەوێ، کاریگەری بۆ سەر بیرکردنەوەی کارەکتەر/وەگێڕ دەبێت، دەنگی تەقینەوەی بۆمبا، ئەویش نیشانەی ئەو فەزا ئاڵۆزە و ململانێییەیە، کە ئەو کاریگەرییەیان دروستکردووە.

لە (غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ)ی (بەختیار عەلی)دا، وەگێڕ/کارەکتەر یانەیەکی شەوانە باس دەکات، هەموو ئەو کەسانەی کە پێشتر پیاویان بۆ حیزبەکان دەکوشت لەوێ شەوان کۆدەبنەوە، ئەو یانەیە فەزایەکی دەروازییە بۆ سەرهەڵدانەوەی ئازارەکانی ڕابردووی کارەکتەر.

((شوێنەکە یانەیەکی گەورەی خواردنەوە بوو، سەر بە ئوتێلێکی گەورە لە قەراغ شار، شوفێرێکی پیر لە تاکسیەکی کۆندا منی گەیاندە ئەوێ. لە ساڵۆنێکی ئوتێلەکەدا گارسۆنێکی ئەسمەری بچکۆلانە، کە خاڵێکی زۆر گەورە لەسەر لووتی بوو، پێشمکەوت و بردمی بۆ ژوورێکی دی کە دەکەوتە دەستەچەپی ساڵۆنێکی خواردنەوە. یەکەمین کەس لەوێ بینیم، فازیل قەندیل بوو، کە بە خۆی و پەرداخێکی پڕ لە بیرەوە پێشوازی لێکردم، پێشتر شوێنی وەها سەیرم لە ژیانمدا نەبینیوە، هۆڵێکی گەورە پڕ بوو لەو کەسانەی لە ئیغتیلاتدا چالاك بوون))[1].

کاریگەری شوێن لەسەر دەروونی کارەکتەر بە ئاشکرا دیارە، کارەکتەر بە سەرسامییەوە وەسفی شوێنەکەمان بۆ دەکات، لەبەرئەوەی کارەکتەر/وەگێڕ پێشتر پیاوکوژ بووە و ئێستا شەش ساڵە وازی هێناوە و

١. غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، بەختیار عەلی، ل١٦٠.



بەهۆی دیتنی ئەو هاوڕێیانەی وەبیری دێتەوە، ئەمە وەکو دەروازەیەکە، ئەو، ئەو کەسەی جاران نەماوە، لەوێدا دەروونی کارەکتەر دەشڵەژێت.

((ژاوەژاوێك دەچووە سەرمەوە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵدەبوو، ئیتر هیچم نەدەبیست سەرم پڕ دەبوو لە دەنگی تەقەی کۆن، لە یادگاری ئەو ناڵە و شریخانەی شەش ساڵ لە یادەوەریمدا کپکردبوون، هەناسەم پڕ دەبوو لە بۆنی باروت، باروتی ئەو فیشەکانەی ئێمە تەقاندبوومان، سەیری دەستی خۆمم دەکرد و یەکە یەکە سەیری دەستی ئەوانیدیشم دەکرد، هەڵمی زەمانێکی مردوو و هاڵاوی قەرنێکی خوێناویم لەنێوان پەنجەکانیاندا دەبینی، دەستم دەگرت بە لێواری مێزەکەوە و هەڵدەستام، ئاگام لە تونچی و قەندیل نەدەما... لەناکاو ئەو بۆن گولاوە دەهات بەسەرمدا... ئەو بۆن گولاوەی پیزۆ لە دەرەوە بانگی دەکردم و دەیبردم، بونێك بوو منی ڕادەکێشا))[2].

سەرەتا لەم فەزایەدا کارەکتەر لە حاڵەتێکی دەروونی زۆر ئاڵۆزدایە، ئەویش بەهۆی بینینی هاوڕێکانی سەردەمی ئیغتیالات، یانەکە دەبێتە دەروازەیەك، کە هەموو ئەو ڕووداو و کردەوانەی بیربێتەوە کە ئەنجامی داون و لێیان پەشیمانە. چونکە کارەکتەر/وەگێڕ بۆ ئەوەی بیێ بە کەسێکی دیکە شەش ساڵ زیاترە وازی لەم کارانە هێناوە، دواتر لەگەڵ دایکی گولاویان دروستکردووە. دنیای مرۆڤکوشتن و دنیای گولاو دروستکردن، پێچەوانەی یەکترن. ڕۆماننووس بە شێوەیەکی سیمبولی کاری گولاو دروستکردنی داناوە، تێمەی پشت ئەمە ئەوەیە، کە هیچ مرۆڤێك

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

سەرتاپای خەراپە نییە، دەکرێت ببێت بە جوانترین مـرۆڤ، بـە سـوودترین مرۆڤ.

هیچ سنوور و هێڵێك لەنێوان ئەو حاڵەتـەی کارەکتـەر تێیدایـەتی و دەروازەکە (یانەکە)دا نییە، چونکە لەناو ئەو فەزای دەروازەیەدا کارەکتـەر هەموو سەردەمە ناخۆش و کارە خەراپەکانی خۆی بیردێتەوە، بۆیـەیش لـە هۆش خۆی دەچێت. ئەو فەزایە (یانەکـە و ئـەو کەسـانەی کـە تیایـدان) هەڵگری هەندێك بیرەوەری تایبەت بە کارەکتەرن، چونکە بەهۆی ئەوانـەوە کارەکتەر سەردەمی دڕندەیی بیرکەوتۆتەوە.

## ئەنجام

**ئەنجام:**

**کۆبەندی ئەم خاڵانە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمانە:**

**یەکەم:** فرەدەنگیی وەکو تەکنیکێکی نوێی ڕۆمان، سەرەتای دەرکەوتنی وەکو تەکنیکی ڕۆمان بۆ باختین دەگەڕێتەوە و لەنێو ڕۆمانەکانی دیستۆیفسکی پراکتیکی کرد، بەڵام بنەڕەت و مێژووی ئەم تەکنیکە وەکو چەمك بۆ کەرنەڤاڵەکانی سەدەی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، دواتر باختین بۆ نێو ئەدەب گواستییەوە، لەوێوە لێکۆڵینەوە لە ڕۆمان چووە قۆناغێکی دیکەوە.

**دووەم:** لە ڕۆمانی کوردی (بەتایبەت ئەو ماوەیەی ئێمە کارمان لەسەر کردووە) ڕۆمانێکمان بەرچاو نەکەوتووە، کە تەواوی گێڕانەوەکەی لەسەر نامەنووسین بێت. هەروەها ئەو شێوازی نامەنووسینانەی لە ڕۆمانی کوردی بەکارهاتوون، تەنیا ئەو شێوازە هەیە، کە لە شوێنێك لەناو ڕۆمانەکە، لە ڕێی نامەوە چیرۆکێك گێڕدراوەتەوە، یان ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی ڕووداوێکەوە دراوە.

**سێیەم:** گێڕانەوەی تاکدەنگی و فرەدەنگیی جیاوازی زۆریان هەیە، لە تاکدەنگی تەنیا یەك دەنگ بەسەر تەواوی فەزا و ڕەوتی گێڕانەوەدا زاڵە، هەروەها یەك شێوازی گێڕانەوە بوونی هەیە، بەڵام لە ڕۆمانی فرەدەنگییدا



هەر کارەکتەرە خاوەن بیر و ئایدیۆلۆجیای خۆیەتی، خاوەن دەنگی خۆیەتی، بۆیەیش فرەیی لە هەموو بونیادەکان ڕوودەدات.

**چوارەم:** تەکنیکی فرەدەنگی و دیالۆگ پەیوەندییەکی پتەو بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەم دووانە تەواوکەری یەکترن، ئەگەر دیالۆگ هەبێت، فرەدەنگیی جوانتر و هونەریتر خۆی دەنوێنێت.

**پێنجەم:** تەکنیکی فرەدەنگی کاریگەری لەسەر کۆی توخم و ڕەگەزەکانی ڕۆمان هەیە. فرەیی لە هەریەکێکیان دروست دەکات. بەهۆی ئەم تەکنیکەوە شێوازی نووسینی زنجیرەیی و گێڕانەوەی زنجیرەیی ڕووداوەکان تێکشکێنرا. هەروەها فرەیی لە کارەکتەر و زمانی گێڕانەوەدا هێناکایەوە. ئەمانەیش هەمووی کاریگەری لە بە هونەریکردنی ڕۆماندا هەبوو.

**شەشەم:** ڕۆمانەکانی ئەو ماوەیە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیانن، کە لە ڕۆمانی قۆناغەکانی پێشتر جودان. بەهۆی کرانەوە و سوود وەرگرتنی زیاتری ئەدەبیاتی کوردی لەگەڵ ئەدەبیاتی میللەتانی تر، لەنێو ئەدەبیاتیش ژانری ڕۆمان لەڕووی نوێکردنەوەی تەکنیکەوە، زۆربەی ڕۆماننووسانی بۆ نووسینی ڕۆمان سوودیان لەم کرانەوەیە وەرگرت.

**حەوتەم:** لە ڕۆمانی فرەدەنگدا دەنگی ڕۆماننووس ناتوانێت دەنگێکی زاڵ بێت، وەکو لە ڕۆمانی تاکدەنگدا بوونی هەیە، بەڵکو هەر کارەکتەرێك دەتوانێت چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە، بەمەیش سەربەخۆیی

بەخشین بە کارەکتەرەکان وا دەکات هەر کارەکتەرە بەشێك لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بکەوێتە سەرشان، کەواتە لەوێدا هەموویان لە یەك کاتدا وەگێڕ و کارەکتەرن.

**هەشتەم:** تەکنیکی فرەدەنگیی خاوەن ئێستاتیکای خۆیەتی. هەر لە فرەیی لە پێشکەشکردنی ئایدیۆلۆجیاکان و شێوازی هوشیاری کارەکتەر و فرەیی لە دیدی گێڕانەوە... تاد هەموویان لە ڕێی سەربەخۆیی بەخشین بە کارەکتەر دێنەکایەوە. ئەمانەیش لە ڕێی شکاندنی ئەو فۆرمەی گێڕانەوەیە بوو کە پێشتر بە شێوەی زنجیرەیی ڕووداوەکانی دەگێڕایەوە، واتا خولقاندنی واقیعێکی دیکەیە.

**نۆیەم:** بەهۆی کاڵبوونەوەی سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان، ڕۆمانی فرەدەنگ سوودێکی زۆری لە ژانر و ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبیی وەرگرت. ئەمەیش لەپێناو خزمەتکردنی لایەنی هونەری و ئێستاتیکی ڕۆمانە، چونکە بەهۆی ئەمەوە ڕەنگاوڕەنگییەك بە دەقەکە دەبەخشێت.

**دەیەم:** بەهۆی تەکنیکی فرەنگییەوە فەزای هونەری لەنێو ڕۆماندا دروست دەبێت. دروستکردنی فەزایش بە لێکدانی کات و شوێن، کە باختین ناوی دەنێت (کرۆنۆتۆپ) دروست دەبێت. ئەمە دەبێتە زەمینەخۆشکردنێك بۆ ئەوەی کارەکتەر لە ڕێی تەکنیکی فلاشباکەوە بۆ ڕووداوەکانی پێشتر بگەڕێتەوە، هەروەها فەزا وا دەکات ڕۆماننووس بەشێك



لە دیمەنێك باس بکات ئەوەی دیکەی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت تاکو تەواوی بکات.

**یازدەیەم:** ڕۆماننووسانی ئەو ماوەیە، زۆربەیان پەنایان بۆ تەکنیکی فرەدەنگیی بردووە، ئەمەیش نیشانەی ئاشنابوونیانە بە تەکنیك و هونەری نوێی ڕۆمان، سوودیان لەو تەکنیك و هونەرانە وەرگرتووە بۆ نووسینی ڕۆمان، ئەمەیشمان لە ئەنجامی پراکتیکدا بۆ بەدیارکەوت.

# سەرچاوەکان

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**

**زمانی کوردی:**


-ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك، عەتا محەمەد، ڕۆمان، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

-ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

-ئەفسانەی ڕەنگستان یان ڕەنگستانی ئەفسانە، عەبدوڵڵا سەڕاج، ڕۆمان، بەڕێوەبەرێتی بلاوکردنەوەی هەولێر، ٢٠١٠.

-ئێستاتیکای دەقی شیعریی کوردی، کوردستانی عێراق١٩٥٠-١٩٧٠، جەبار ئەحمەد حوسێن، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

-ئیلشا، دیدار مەسیفی، ڕۆمان، بەڕێوەبەرایەتی بلاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر، ٢٠١٠.

-ئەدەبیات بۆ؟ ماریۆ بارگاس یۆسا، و: دڵشاد خۆشناو، ماسی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١١.

-باڵندەکانی دەم با، عەتا نەهایی، ڕۆمان، نەشری ژیار، تاران، ١٣٨١.





-بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی-دا، سەنگەر قادر شێخ محەمەدحاجی، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩.

-بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکانی، عەبدوڵڵا سەراج، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

-بەفر، کەمانچە ڕەشەکە، هەنگوین، ماکسێنس فێرمن، ڕۆمان، و: ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

-بونیاد، زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا، ژانی گەل وەکو نموونە، محەمەد نوری ئەحمەد، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٤

-بونیادی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

-پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بابەك ئەحمەدی، و: مەسعوود بابایی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری نما، کتێبی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

-پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بابەك ئەحمەدی، و: مەسعوود بابایی، کتێبی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥.

-پەناهەندە، ئەحمەدی مەلا، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

-پێنجەمین کێب، جەبار جەمال غەریب، ڕۆمان، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٩.

-تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارە پەروانە)ی بەختیارعەلی-دا، جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

-توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، ڕاجێر وێبستێر، و: عەبدولخالیق یەعقووبی، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٦.

-جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، بەختیار عەلی، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٠.

-چیرۆکی کوردی، سابیر ڕەشید، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.

-چیرۆك و تایبەتمەندییەکانی، رست هیلز، و: سەلاح عومەر، وەزارەتی ڕۆشنبیری،کتێبی گیرفان، ژ:١٠، هەولێر، ٢٠٠٥.

-حیکایەتەکانی باوکم، فەرهاد پیربال، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی بەدرخان، هەولێر، ٢٠٠٧.

-خواجە نەسرەدین لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت، عەتا محەمەد، ڕۆمان، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

-دەرکەوتنی دڵخوازەی مەرگ، سەعید سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.

-دەروازەیەك بۆ مێتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، د.بەسام قطوس، و:د. محەمەد تاتانی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی،٢٠١١.

-دوانزە نامە بۆ ڕۆماننوسێکی لاو، ماریۆ ڤارگاس یوسا، و: شیرین.ك، بڵاوکراوەی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٦.



-دیالۆگ، خەندە، ئازادی، میخاییل باختین، و: هادی محەمەدی، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

-دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان، یوسف عزەددین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

-ڕۆمانی کوردی، خوێندنەوە و پرسیار، سابیر رەشید، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧.

-ڕۆمانی کوردی، پەرتبوونی ڕووداو و نازیندەیی شاکەس، جەلیل کاکەوەیس، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٥.

-ڕۆمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، سەلاح عومەر، دەزگای موکریان، هەولێر، چاپی یەکەم،٢٠١٠.

-زیندەخەون، فەتاح ئەمیری، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

-سەودای وتووێژ، میخاییل باختین، وەرگێڕانی: بەختیار سەجادی، دەزگای موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨.

-سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، د.نەجم ئەڵوەنی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

-سفرەی کاغەز یان گەمەی پیاوێك، نەجات نووری، ڕۆمان، دەزگای سەردەم، سلێمانی،٢٠١٠.

-شاری مۆسیقارە سپیەکان، بەختیار عەلی، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.

-شەڕی زمان لەپێناو تەئویلکردنی دەقدا، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

-شوێن لە دوو ڕۆمانی کوردیدا، تانیا ئەسعەد محەمەد صالح، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

-غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ، بەختیار عەلی، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

-فەرهەنگی زاراوەیی ئەدەبی و رەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی،٢٠١١.

-فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی (کوردی- ئینگلیزی)، بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، ب١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

-کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلی-دا، د.نجم خالد ئەلوەنی، زنجیرە کتێبی دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد، هەلێر، ٢٠٠٩.

-گرەوی بەختی هەلالە، عەتا نەهایی، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠٠٧.

-گێلاسی خوێن، عەتا محەمەد، ڕۆمان، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

-گەڕانەوە بۆ مەرگ، عەبدولکەریم فەتاح، ڕۆمان، چاپخانەی نەوا، سلێمانی، ٢٠٠٩.

-لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم، حەمەسەعید حەسەن، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.





-لەسەر باران دەنووسم، جەبار جەمال غەریب، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

-ماچی یەکەم، کەریم کاکە، ڕۆمان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر،٢٠١٠.

-ماڵە گەورەکە، ئەلڤارۆ سیپیدا سامۆدیۆ، ڕۆمان، و: تارا شێخ عوسمان، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

-من بەلزاکم کوشت، وتووێژ، و: مستەفا زاهیدی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.

-مندالباز، فەرهاد پیربال، ڕۆمان، یانەی قەڵەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦. چاپی یەکەمی: ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی، ٢٠٠٣.

-هونەری ڕۆمان، میلان کۆندێرا، و: کەریم پەڕەنگ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

-هونەری شیعر، ئەرستۆ، و: عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤.

-هوتێل ئەورووپا، فەرهاد پیربال، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

**زمانی عەرەبی:**


-اساليب السرد في الرواية العربية، د.صلاح فضل، دار المدى، الطبعة الثانية، ٢٠٠٣.

-اسلوبية الرواية، مدخل نظري، د. حميد الحمداني، منشوارات دراسات سال، الطبعة الأولى، ١٩٨٩.

-اسلوبية الروايه العربية، د.سمر روحي الفيصل، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠١١.

-انفتاح النص الروائي، سعيد يقطين، المركز الثاقفي العربي، المغرب، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٦.

-الحوار القصصي، تقنياتة و علاقتة السردية، فاتح عبدالسلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١، ١٩٩٩.

-الصوت الأخر، فاضل ثامر، دار الشؤن والثقفة العامة، بغداد، ١٩٩٢.

-التجريب في القصة والرواية، سليمان البكري، الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٠.

-الادب و الدلالة، تودوروف، ترجمة: محمد نديم خفشة، مركز الاتحاد الحضاري، ط١، ١٩٩٦.

-البناء الفنى لرواية الحرب في العراق، عبدالله ابراهيم، دار الشؤون والثقافهة العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٨.





-الكلمة في الرواية، ميخائيل باختين، ترجمه: يوسف حلاق، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨٨.

-النزوع الاسطوري في الرواية العربية المعاصرة، د.نضال الصالح، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.

-الزمن في الرواية الحديث، امينه رشيد، الهيئه المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٨.

-الفضاء الروائي في الغربة، الأطار والدلالة، محمد منيب البوريمي، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٣.

-البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم العاني، دار الشوؤن والثقافة العامة، بغداد، ٢٠٠٠.

-الرواي، الموقع و الشكل، يمني العيد، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٦.

-الرواية والتحليل النصي، حسن المودن، دار الامان- منشورات الاختلاف- دار العربية للعلوم، ط١، الجزائر، ٢٠٠٩.

-المبدأ الحواري، دراسة في فكر ميخائيل باختين، تزيفتان تودوروف، ترجمة: فخري صالح، دار الشؤون والثقامة العامة، بغداد، ١٩٩٢.

-الموسيقى والحضارة، هوجو لايختنتريت، ت: احمد حمدي محمود، القاهرة، ١٩٦٤.

-بنية النص السردي من منظور النقد الأدبي، د.حميد الحمداني، المركز الثقافي العربي، ١٩٩١.

-بنية الخطاب الروائي، دراسة في روايات نجيب الكيلاني، د.شريف حبيله، عالم الكتب الحديث، الأردن، ٢٠١٠.

-بحث في علم الجمال، جان برتليمي، ت: د.انور عبدالعزيز، دار النهضة، القاهرة، ١٩٧٠.

-بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، د.سيزا احمد قاسم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٤.

-تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ترجمة: د. محمود الربيعي، مكتبة الشباب، القاهرة، ١٩٨٤.

-تحليل الخطاب الروائي، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربي، المغرب، الطبعة الأولى، ٢٠٠٥.

-تحليل خطاب (الزمن/ السرد/ التبئير)، سعيد يقطين، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط١، ١٩٨٩.

-تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، د.يمنى العيد، دارالفارابي، بيروت، الطبعة الثالثة، ٢٠١٠.

-جماليات التشكيل الروائي، د.محمد صابر عبيد و د.سوسن البياتي، دار الحوار، ط١، سوريا، ٢٠٠٨.

-خطاب الحكاية، بحث في المنهج، جيرار جينيت، ت: محمد معتصم، عبدالجليل الازدي، عمر حلي، ط١، ١٩٩٧.

-دراسات في علم الجمال، مجاهد عدالمنعم مجاهد، دار عالم الكتب، الطبعهة الثاني، بيروت، ١٩٨٦.



-دراسة في النقد الرواية، طه الوادي، دارالمعارف، الطبعة الثالثة، القاهرة، ١٩٩٤.

-دراسة البناء في الخماسيه(مدن الملح)، د.حسين حمزة الجبوري، دار الشوؤن والثقافة العامة، بغداد، ٢٠٠٤.

-شعرية التأليف، بوريس ئوسبنسكي، ترجمة: سعيد الغانمي و ناصر حلاوي، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، ١٩٩٩.

-شعرية ديستويفسكي، ميخائيل باختين، ترجمة:د. جميل نصيف التكريتي، دار توبقال للنشر، دار البيضاء، المغرب، ط١، ١٩٨٦.

-شعرية المكان في الرواية الجديدة، خالد حسين حسين، مؤسسة اليمامة الصحفية، الرياض، ٢٠٠٠.

-صنعة الرواية، بيرس لوبوك، ت: عبدالستار جواد، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١.

-فضاء النص الروائي، محمد عزام، مقارنة بنيوية تكوينية في ادب نبيل سليمان، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، سوريا، ط١، ١٩٩٦.

-فلسفه في الفكر المعاصر، د.زكريا ابراهيم، دار المصر للطباعة، القاهرة، ؟.

-في السرد الروائي، عادل ضرغام، منشورات الأختلاف، دار العربية للعلم وناشرون، الجزائر، ٢٠١٠.

-فن القصة القصيرة، د.رشاد رشدى، مكتب انجلو المصرية، مصر، ١٩٧٠.

-في مشكلات السرد الروائي، د.جهاد عطا نعيسه، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.

-قضايا فن الابداعي عند ديستويفسكي، م.ب.باختين، ترجمة: د.جميل نصيف التكريتي، وزارة الاعلام، بغداد، ١٩٨٦.

-قراءة الرواية، مدخل الي تقنيات التفسير، روجر.ب.هينكل، ت:صلاح رزق، دار الغريب للطباعة والنشر والتوزيع. القاهرة، ٢٠٠٥.

-قبل نجيب محفوظ و بعده، فخرى صالح، منشورات الاختلاف و الدار العربية للعلوم ناشرون، الطبعة الاولى، جزائر، ٢٠١٠.

-قضايا الرواية العربية، الوجود والحدود، سعيد يقطين، دار العربية للعلوم ناشرون و منشورات الأختلاف، الجزائر، الطبعة الأولى، ٢٠١٢.

-مفهوم الأيديولوجية، عبدالله العروي، المركز الثقافي العربي، الطبعة الخامسة، ١٩٩٣.

-مقالات في الاسلوبية، د.منذر عباسي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٠.

-ميخائيل باختين و دراسات أخرى عن الرواية، د.زهير شليبة، دار حوران، دمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠١.

-وجهه النظر في روايات الاصوات العربية، د.محمد نجيب التلاوي، منشورات كتاب العرب، ٢٠٠٠.



**زمانی فارسی:**

-داستان این قرار بود، حسین صافی، ناشر رخ داد نو، چاپ اول، تهران، ١٣٨٨.

-دانش نامه‌ی نظریه‌های ادبی معاصر، ایرنا ریما مکاریك، ترجمه: مهران مهاجر و محمد نبوی، مؤسسه انتشارات اگاه، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٨.

-زبان شناسی و رمان، راجر فاولر، ترجمه: محمد غفاری، نشر نی، تهران، ١٣٩٠.

-عناصر داستان، جمال میرصادقی، انتشارات سخن، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٠.

-فن رمان نویسی، داین دات فایر، ترجمه: محمد جواد فیروزی، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٨.

-نامه‌های به یك نویسنده جوان، ماریو بارگاس یوسا، ت: رامین مولایی، انتشارات مروارید، تهران، چاپ دوم، ١٣٨٩.

-نقد ادبی در قرن بیستم، ژان ایو تادیه، ترجمه: مهشید نونهالی، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم، تهران، ١٣٩٠.

-واژه‌نامه هنر داستان نویسی، جمال میرصادقی و میمنت میرصادقی، کتاب مهناز، چاپ دوم، ١٣٨٨.

-هنر داستان نویسی، ابراهیم یونسی، انتشارات نیگاه، چاپ هفتم، ١٣٨٢.

**زمانی ئینگلیزی:**

-Mikhail bakhtin، creation of prosaics، By: Gary Saul Morson، Caryl Emerson، California، 1990.

-On literature and art، Anatoly Lunacharsky، Moscow، 1965.

**بڵاوکراوەکان:**

**زمانی کوردی:**

-بینای ڕووداو لە چیرۆکدا، محەمەد ئەحمەد حەسەن، گۆڤاری ڕامان، ژمارە: ١١٥، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦.

-تەوەرەی چیرۆکی کوردی، گێڕانەوەی کارەساتەکان، ئا: ئیدریس عەلی، گۆڤاری ئایندە، ژمارە: ٧٤، ئەیلولی ٢٠٠٧.

-تەوەرەیەك دەربارەی کاریگەری کارەسات و ڕووداوەکان، ئا: ئیدریس عەلی، گۆڤاری ئایندە.

-دەروازەیەك بۆ ئەدەبیاتی داستان، جەمال میرسادقی، و: شەریف فەلاح، گۆڤاری هەنار، ژ: ٦١، سلێمانی، فێبرایەری ٢٠١١.

-چاوپێکەوتنی بەختیار عەلی، سازدانی: پێشەوا محەمەد، بروا بەرزنجی، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ژ: ٣١٨، دووشەممە ١٨/٦/٢٠١٢.





-زەمەنی گێڕانەوە، زەمەنی وتار، ئاکۆ کەریم مەعرووف، پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە: ٥٧٥٦، ڕێکەوتی: ١٩/٤/٢٠١٢.

-ڕۆمان لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیاوە، عەلی عوسمان یاقووب، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە: ٥٤، کانوونی دووەمی ٢٠١٢.

-کاردانەوەی فیکر لە ڕۆمانی کوردیدا، سۆران ئازاد، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە: ٥٥، ئازاری ٢٠١٢.

-گێڕانەوەی نوێکارانە و پێکهاتەی هونەری لە ڕۆمانی کوردیدا (گرەوی بەختی هەڵاڵەی عەتا نەهایی)، د.بەختیار سەجادی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە: ٥٣، تشرینی یەکەم ٢٠١١.

-نهێنییەکانی چیرۆکنووسین، حوسێن عارف، گۆڤاری ڕۆشار، ژمارە: ٢٧ تایبەت بە حوسێن عارف.

**زمانی عەرەبی:**

-الخطاب داخل الحياة والخطاب داخل الشعر: مساهمة في الشعرية السوسيولوجية، فولوشينوف/ باختين، ترجمة: قمري البشير، مجلة افاق المغرب، العدد: ١، ١٩٨٤.

-باختين والمسألة الأيديولوجية، فلاديمير كريزنسكي، ت: عبدالحميد عقار و حسن بحراوي، علامات المغربي، عدد: ٦، ١٩٩٦.

-دلالة الزمن في الرواية الحديثة، د.نعيم عطية، مجلة مجلة، العدد: ١٧، فبراير ١٩٧١.

-في نظرية الرواية وبحث في تقنيات السرد، عبدالملك مرتاض، مجلة عالم المعرفة، كانون الأول، ١٩٩٨.

-لوكاش و بختين، دراسة اجتماعية للرواية، برابها كراجها، مجلة: ديوجين، القاهرة، العدد: ٧٣، ١٩٨٦.

-مقولات الحكاية الادبية، تزيفطيان تودوروف، ترجمة: عبدالعزيز شبيل، مجلة الفكر العربي، عدد:٠ و١، ربيع ١٩٩٠.

-مكونات السرد الفنتاستيكي، شعيب حيلمي، مجلة فصول، العدد: ٤، مصر، ١٩٩٣.

**نامەی ئەکادیمی:**

**زمانی کوردی:**

-پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا، ساڵانی ١٩٩٥- ٢٠٠٥، بوشرا قادر کاکەمحەمەد، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

-تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراجدا، ڕێزان ڕەحمان خدر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧.

-سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی (١٩٩١- ٢٠٠٠)، کارزان موحسین قادر، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩.



**زمانی عەرەبی:**

-الراوي في القصة العربية، يوسف السباعي نموذجا، د.محمد كمال سرحان، رسالة دكتورا، جامعة الامام محمد بن سعد الاسلامية، ٢٠١١.

-الراوي في روايات فتحي غانم، د.جيهان عبدالخالق، رسالة دكتورا، كلية الاداب، جامعة القاهرة، ١٩٩٩.

-الفضاء الروائي في الرواية المغربية الحديثة، منيب بوريمي، منشورات كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعه محمدالاول، وجدة، رقم٥٢، سلسله بحوث و دراسات، رقم ١٥، ص٤٢.

-الهجائي في المخيال السردي في الف ليلة و ليلة، سميرة بن جامع، رسالة ماجستر في الأردن العربي، كلية الأداب والعلوم الانسانية، جامعه الحاج لخضر، باتنة، ٢٠٠٩- ٢٠١٠.

**پێگەی ئینتەرنێت:**

-گۆشەنیگای زانای گشتی لە گۆشەنیگای ترەوە، ڕەهبەر مەحموودزادە، وێبلاگی ئەنجومەنی ئەدەبی شنۆ:
http://e-shino.blogfn.com/post-21.aspx

-فۆرمەلەبوونی فەزای کراوە لەنێو فەزای داخراو، سیامەند هادی،
www.chrakan.com/jimare-610.html

-لە دەستنووسەوە بۆ ئازارەکانی مرۆڤ، ئارام سدیق،
www.dengekan.info/dengekan/6/5775.html

-الراوي بوصفه مكونا سرديا، د.سعد العنابى:

http://almolltaqa.com/vb/archive/index.php/t-29488.html

-الرواية البوليفونية او الراية المتعددة الاصوات، د. جميل حمداوي، وارگەی الالوكه:

http://www.alukah.net/Literature_Language/0/39038

-زمكانية النكبة في رواية (صيادون في شارع ضيق) لجبرا ابراهيم جبرا، د.وليد غنور، الموقع:

www.iugazaedu.ps/ar/colgupload/decuments/arts/%d8%a7

-چند صدایی، وارگەی ویکیپیدیا،

www.fa.wikipedia.org/wiki

-چند صدایی، باختین، کارناول، خنده: مجتبی دهقان:

http://deadpoet.persianblog.ir/post/28




## خلاصة البحث

يستخدم الروائي تعدد الأصوات كتقنية فنية ليجعل روايته أكثر فنية. ان بداية ظهور هذه التقنية تعود الى دراسات الناقد الروسي ميخائيل باختين حول روايات دوستويفسكي، لكن أساس هذا المصطلح ومفهومه يعود الى الكرنفال الذي كان يجرى في القرون الوسطى، كان ثمة سخرية تجاه الملك، وعبر هذه التقنية استطاعت شخصيات الرواية ان تخرج من سيطرة الراوي العليم وتحررت، وبدأت التعددية تظهر في جميع عناصر الرواية.

ان هذه الرسالة المعنونة ب(تقنية تعدد الأصوات في الرواية الكردية (٢٠٠٠-٢٠١٠) عبارة عن الغوص في تفاصيل هذه التقنية الفنية ومن ثم تطبيقها في روايات المدة التي حددناها في العنوان الرئيسي.

تتكون الدراسة من مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة، فضلا عن الاشارة الى المصادر المثبتة في لائحة المصادر والمراجع، مع ملخص البحث باللغتين العربية والانجليزية.

تناولنا في المقدمة أهمية هذا الموضوع وسبب اختيارنا له في رسالة اكاديمية، مع الصعوبات التي واجهتنا اثناء كتابة البحث.

وفي الفصل الأول الذي عنون ب(مقدمة في تقنية تعدد الأصوات) سلطنا الضوء في مفهوم هذا المصطلح وتاريخ استخدامه في مجال النقد الادبي، وتوقفنا على نحو خاص عند باختين، لانه هو الذي قدم تنظيراً وافياً لهذه التقنية.

في الفصل الثاني (علاقة عناصر الرواية بتعدد الأصوات) تناولنا تأثير تعدد الأصوات في أهم عناصر الرواية كالحدث والزمان والمكان والشخصية ولغة الحوار وأساليب السرد، ومن ثم تطبيقها في روايات تعدد الأصوات في تلك المدة المذكورة في العنوان.

أما في الفصل الثالث (جمالية تعدد الأصوات في الرواية الكردية) فتناولنا الخصائص الجمالية لتقنية تعدد الأصوات في الروايات الكردية المحددة، كالتعددية في تقديم الأيديولوجيات المختلفة، والتعددية من المنظور السردي او تعدد الرواة، والتعددية في الفضاء الزمكاني...الخ.

وفي الخاتمة لخصنا نتائج البحث في عدة نقاط.



## Abstract

Polyphony is a technique used by novelists for featuring the narratives. This technique was introduced by Mikhail Bakhtin، in researching Dostoevsky’s novels، although its origin as a concept emerged from carnivals in the middle age history، where ironic approaches against the Kings existed. This influenced on novels’ characters gaining their independency from the narrator of holistic and created variety of elements.

This research (techniques of polyphony in Kurdish novels 2000- 2010) is investigating and applying this technique in the novels in that period.

This research contains introduction، three chapters، and conclusion. Also the bibliography of books used in this research، and a summery in both Arabic and English languages.

The introduction is to illustrate the importance of the subject and the reasons for choosing it، and also to indicate the problems rose during undertaking the research. Although in the first chapter of this research (an introduction of polyphony techniques) terms، concepts and historical origins of polyphony is discussed، the main part is to consider Bakhtin as the theory is introduced by him.

The second chapter is to illustrate (the interconnection between polyphony and the elements of a novel). The influence of polyphony on the elements of novels (event،

time، place، character، language and narrative) is examined and put in to practice with the polyphonic novels written during 2000-2010.

The third chapter (Aesthetics of polyphony in Kurdish novels) is to illustrate the features of polyphony techniques in certain novels، such us holistic in ideologies، narratives and chronotope sphere… etc.

In the conclusion the research results summarised in few points.